بارزان

و

مێژووی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان

سەروۆ قادر

بارزان

و

مێژووی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان

(هەڵکۆڵینی ڕیشەی مێژوویی بیری کۆمەڵایەتی و سیاسیی
بزووتنەوەی بارزان)

سەرۆ قادر

saro.qadir@gmail.com

ناوی کتێب: بارزان و مێژووی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان
نووسەر: سەرۆ قادر saro.qadir@gmail.com
نەخشەی بەرگ: باسم الرسام
دیزاین: عەلی سمکۆ
تیراژ: ١٠٠٠ دانە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان
بروار: ٢٠٢٠زاینی

دەروازە

ئەم کتێبەی بە تەمـای بیخوێنیتەوە، بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و مەیدانی من کە ماوەی چوار ســاڵ بەردەوام کارم لەســەر کردووە. هەڵبەت هەوڵ و تەقەللام بۆ کار کردن لەســەر باســەکانی ئەم نووسینە بۆ ساڵی ١٩٨٠ دەگەڕێتەوە.

لێرەدا ئامانجم ڕوونکردنەوەی مێژووی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردســتان و باری دینیی کۆمەڵگای کوردســتان و ڕێچکەبەســتنی ئەم کاروانە و گۆڕانکارییانەکانییەتی. لە ناوەندی باســەکەمدا جەختم لەســەر بزووتنەوەی بـارزان کردووە. ئەو بزووتنەوەیە چۆن دروســـت بووە، باوەڕەکانی لە کوێ وەرگرتوە؟ کەسایەتییە کاریگەرەکانی کامانەن؟ ئەو بزووتنەوەیە چۆن بووەتە هەڵگری بـاوەڕی ڕزگـاریخوازی و لە پـاڵ چاکسازی کۆمەڵایەتیدا ڕابەرایەتی نەتەوەییشی وەرگرتووە؟ کەسایەتی مســتەفا بارزانی چۆن و لە کوێ دروســت بوو؟ مســتەفا بارزانی چی

نوێی خســـتە نــاو بــاوەڕی بــارزان و بزووتنەوەی ڕزگــاریخوازی کوردستان؟

بۆ وەڵامی ئەو پرســـیارانە ســـەردانێکی مێژووی دینی و فکریی ســـەرزەمینی ســـاســـانی و ئێرانم کردووە و بزووتنەوە کاریگەرەکانیانم بەســـەر کردۆتەوە. هەروەها بە دیققەتێکی زیاتر لەســـەر مێژووی ئەو ســـەرزەمینە دوای هاتنی دینی ئیســـلام وەســـتاوم. ئەم هەوڵە متەوازعەی من دەکەوێتە ناو ئەو بەشە لە مێژووی فەرهەنگیی سەرزەمینەکەمان کە پێویســـتە زیاتر لێی بکۆڵدرێتەوە و ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکانی زیاتر ســـاغ بکرێنەوە.

بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بــارزان بە ڕابەری شـــێخەکــانی تەکیەی بارزان دروســـت کراوە. ئەو بزووتنەوەیە بەرهەمی ڕامان و جموجۆڵی عێرفــانی و فکری شـــێخەکــانی بنەمــاڵەی بــارزانە. ئــامــانجەکــانی ئەو بزووتنەوەیە لە پلەیەکی بەرزی ئینســـــانی دایە وبەشـــێکی گرنــگ و چارەنووسسازی مێژووی وڵاتەکەمانە، هەروەها داینەمۆیەکی مێژوویيە بۆ نیشـــانیدانی توانایی فەرهەنگی کوردســـتان لە گۆڕانکاری بنەڕەتیدا. مەبەســـتی من لەو لێکۆڵینەوەیە نیشـــاندان و ســـەلماندنی ئەم تواناییەیە. هەروەک لە کۆتایی ئەم کتێبەدا دەبینن فەرهەنگی کوردستان ئامادەییەکی شـــایانی باســـی هەیە بۆ چاکســـازی کێشـــەکان و گۆڕانکاری کردن لە

سیستەمی باوەڕی و فەرهەنگی و نیزامی سیاسیدا. بۆیە ڕادەی باوەڕ بەخۆ بوونی کورد بۆ دەرچوون لە کێشەکان زیاتر دەکات.

لەو کارەمدا ناکرێ بە سوپاسەوە باسی ئەو دانیشتن و زانیارییە سیاسی و مێژووییانە نەکەم کە جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی لە بیست ساڵی ڕابردوو و لە چەندین دانیشتندا، بە سەخاوەتەوە لەبارەی مێژووی سیاسی و چەکداری بارزان بۆی باس کردووم. بە هەمان شێوە لە منەتی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دەرناچم کە دەرفەتی بۆ ڕەخساندم تا هەموو زانیارییەکم دەست بکەوێت و بەردەوام وەڵامی پرسیارەکانمی لەم بیست ساڵەدا داوەتەوە.

بە پێویستی دەزانم زۆر سوپاسی ئەم بەڕێزانە بکەم کە بە شێوەی جیاواز و لە گفتوگۆی دوورودرێژدا، زانیاری بە نرخیان داومەتێ و بیروڕامان گۆڕیوەتەوە: بەڕێز شێخ وەحید بارزانی، بەڕێز شێخ ئەدهەم بارزانی، بەڕێز عارف تەیفور، بەڕێز حەمە ڕەزای سەرگەڵو، بەڕێز شێخ مەحمودی شەدەڵە و بەڕێز ڕەزا خالید.

لەم کتێبەدا هەمووهەڵێنجانێکی فکری و مێژووی خۆم خاوەن و بەرپرسیارم و هیچ بەڕێزێک لەوانەی ناویان هاتووە ناگرێتەوە.

لە کۆتاییدا سوپاسی هاوکارانم لە ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپیدان-کوردستان دەکەم کە لە دارشتنەوەی ئەم نووسینەدا یارمەتییان داوم، بەتایبەتی بەڕێزان دکتۆر نارین ئاکرەیی کە لە ڕێکخستنەوەی ناوەرۆکی

کتێبەکە و تەنزیم کردنی سـەرچاوەکان هاوکارم بوو و حوسـێنی کوردنەژاد لە هەڵێنجانی کۆتاییدا بیرۆکەی شیاوی پێداوم.

سـوپاسـی هەردوو هاوکارم عەلی سـمکۆ و هێما نیازی دەکەم کە دەقەکانیان بۆ نووسـیومەتەوە. بەبێ گورجوگۆڵی ئەو دوو گەنجە، ئەم کتێبەم بەم خێراییە بۆ تەواو نەدەکرا.

لە کۆتاییدا منەتباری بەڕێز بەڕۆژ ئاکرەییم کە بە نووسـینەکەمدا چووەوە و لە دارشتنی زمانەوانی و ئاسانفەهمتر کردنی باسەکەدا زۆر هاوکاری کردم.

بەشی یەکەم

مەزدەیەسنا و پێشینەیەکی مێژوویی

بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ئایینییانەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لە کوردستان سەریان هەڵدا، پێویستە سەرنجێک لە مێژووی بزووتنەوەکانی جوغزی فەرهەنگیی ئیمپراتۆریی ساسانی و سەرچاوە فکرییەکانیان لە دوو بواری ئایینی و کۆمەڵایەتی بدەین. ئەو پێداچوونەوەیە مێژووی فکری و کۆمەڵایەتی کوردستانیش دەگرێتەوە. کوردستان بەشێک بووە لە سەرزەمینی ئارییایەکان کە لە دوای ڕوخانی ئیمپراتۆریی ماد وئەشکانی و هەخامەنشینەکان ئینجا ساسانییەکان فەرمانڕەواییان کردووە. سەرزەمینی کۆنی ئارییایەکان بە مانای مێژووی تایبەتی ئێرانی ئێستا نییە، بەڵکو مێژووی ئەفغانستان، پاکستان، تاجیکستان، ئازەربایجان، تورکەمەنستان، ئەرمەنستان، ئێران، کوردستان و عێراق دەگرێتەوە.

هەروەها ژمارەیەکی زۆری ئەو کۆمەڵگایانەی ئێستا لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا نیین دەگرێتە خۆی کە هەموویان مێژووی فکری و کۆمەڵایەتی و ئایینییان لەو ناوچەیە سەرچاوەی گرتووە. هەڵبەت بە پێی تایبەتمەندی هەریەک لەو کۆمەڵگایانە لەوانەیە گۆڕانکاری تایبەت بە خۆیان تێکەوتبێت.

دەتوانین بڵێین هیچ یەک لەو بزووتنەوانەی لەم نووسینەی مندا ئاماژەیان پێکراوە، لە خۆڕا دروست نەبوون هەروەها زادەی بیری هیچ یەک لە شێخەکان بەتاقی تەنیا نیین. هەموو ئەو بیروڕایانە لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە بڵاوبوونەتەوە، هەندێ لە شێخ و عارفەکان بە شێوەی تایبەتی وەریانگرتووە و تێیگەیشتوون. لەگەڵ هەبوونی زەمینەی گونجاو بۆ بزووتنەوەیەکی نوێ، توانیویانە جارێکی تر بیکەنە پەیڕەوی ژیانی ئەو ناوچانەی لەژێر قەلەمڕەوی خۆیاندا بووە. هەروەها بەپێی بارودۆخی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی ئەو ناوچانەش زیاد و کەمیان لە وردەکاری بیروباوەڕەکاندا کردووە.

دەمەوێ ئیستێک لەسەر ئەو ئایین و بزووتنەوانە بکەم کە بە درێژایی مێژوو چوونەتە ناو هەموو جموجۆڵەکانی فکری و ئایینی پاشماوەی ساسان و بەتایبەتی کوردستان.هەندێک لەو باوەڕانە خزاونەتە ناو ئایینی ئیسلامیشەوە. ئەو حەساسیەتەی کەوا ئایینی ئیسلام بەرامبەر مەجوس و ئایینە کۆنەکانی ساسانی، بەتایبەتی بەرامبەر

بەدینی زەردەشتی هەیەتی ، بۆ قووەتی ئەو بیروباوەڕانە دەگرێتەوە کە هاتوونەتە ناو ئایینی ئیسلام. هەڵبەت دەگەڕێینەوە سەر ئەو مێژووە کە ئەو توڕاسە دینییە لە دواییدا چۆن بووە سەرچاوە بۆ بزووتنەوەی نوێ.(لویس، ١٣٦٢ ه. ش)

یەکەمین ئایین کە لەم ناوچەیە سەری هەڵداوە ئایینی زەردەشتە. هەموو سەرچاوەکان ئاماژە دەکەن کە هەزار ساڵ پێش زایین ئەو ئایینە هەبووە. پێش ئەویش بە دوو هەزار ساڵ بەڵگە هەیە کەوا ئەو سەرچاوانەی ئایینی زەردەشت پشتی پێبەستووە، بێ ئەوەی خودی زەردەشت وەک پێغەمبەر هاتبێتە مەیدان هەبوون ئەویش ئایینە سەرەتاکانی ئاریاییەکان بوو کە بریتی بووە لە پەرستنی مەزدە یەسنا و ئایینی میترایی. ئەوپرۆسەیە سەرەتای بیروباوەڕی 'ئاهورامەزدایە'. ئایینی مەزدەیەسنا لەگەڵ باوەڕی دانیشتوانی هیندستاندا هاوبەشی هەیە، هەروەک لە ئاڤێستادا ئەو گەواهییە دراوە. لە ئاڤێستادا بەشێکی تایبەت بە مێژووی ئایینی مەزدە یەسنا هەیە. بەشێکی دیکەی گاتاکانن کە تایبەتە بە بیروڕاکانی زەردەشت کە درێژکراوەی هەمان بیروباوەڕی کۆنی ئاریاییەکانە.

دوای قۆناغی باوەڕی ئایینی مەزدەیەسنا کە زۆر سادە و سەرەتایی بوو، ئاینی میترایی داهات کە زۆر بە خێرایی بە ناو هۆزە ئاریاییەکاندا بڵاوبووەوە و بووە ئاینی سەرەکییان. ئەو ئایینە لەسەر بنەمای پەرستنی

مەزدەیەســـنا دروســـت بووە و ئەفســـانە و ئوســـتورە پیرۆزەکانی ڕەنگدەرەوەی قۆنـاغی ڕاوچێتی هۆزەکـانی ئـاریـاییە. میترایی ئـایینی بەرەنگاربوونەوەی دیاردە سامناکەکانی سروشت و سەرکەوتنی مرۆڤی جەنگاوەر و ڕاوچی بووە. ئاینی شـادی و سـەرکەوتن و خۆشـەویسـتی نێوان مرۆڤەکان بووە. ئەو ئایینە زۆر بەخێرایی بە جیهاندا بڵاوبووەوە و جیـا لە هۆزە ئـاریـاییەکـان، ڕۆژهەڵاتی نـاوەراســـت و ئەوروپـا و باشـوری ڕۆژهەڵاتی ئاسـیا و بەشـێکی ئەفریقای گرتەوە. دوای هاتنی دینی مەســـیح ڕۆمییەکان فەرمانی هەڵگەڕانەوە لە میتراییان دەرکرد و کەوتنە قەڵاچۆ کردنی پەیڕەوەکانی. بە هاتنی دینی زەردەشت، زۆربەی میتراییەکان تێکەڵی ئەو دینە نوێیە بوو. هەڵبەت لە زۆر ناوچەی ئاسیادا پەیڕەوەکانی بە شێوەی سـەربەخۆ لەسـەر باوەڕەکانیان بەردەوام بوون. تا پێنج سـەد سـاڵ لەمەوبەر گروپی باوەڕدارانی میترایی لە کوردسـتان مابوون. میتراییەکانی کوردسـتان تێکەڵی دینەکانی ئێزیدی و یارسـان و تەریقەتە عیرفانییەکان بوون. بۆیە بە شێوەی سەربەخۆ نەمانەوە.

ئایینی زەردەشـت سـەرچاوەی هەموو ئەو بزووتنەوانەیە کە دواتر سـەریان هەڵداوە، چونکە وێڕای هەبوونی خواسـتی ئاسـمانی لە ناخی خۆیدا ئایینێکی زەمینییە. مەبەسـت لە ئایینی زەمینی ئەوەیە کە ڕووی ڕاســـپاردە و بـاوەڕەکـانی لە خەڵـک و ژیـانی ڕۆژانەی ئەوان بووە. ڕامانەکانی زەردەشـت تێکڕا بۆ ڕۆشـنکردنەوەی کۆمەڵگای ئەو کاتە بووە. لە ئایینی زەردەشـت و دەقەکانی مەزدە یەســنادا کە ئاریاییەکان

دوو هەزار ساڵ بەر لە زەردەشتیش پەرستوویانە، هیچ باسێک لە ئایینێکی ئاسمانی نییە. دواتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە لێوارەکانی دیجلە و فورات سێ ئایین هاتنە مەیدان؛ ئایینی یەهود، مەسیحی و ئیسلام، هەرسێکیان بە پلەی جیاواز ئاسمانیین چونکە سەرنج و هۆشی مرۆڤ لە زەمینەوە بەرەو ئاسمان ڕادەکێشن. ئەوەش وا دەکات کە تیپێکی دینی تایبەتی لە مێژووی مرۆڤدا دروست ببێت. (ڕئیس نیا،١٣٥٨ ه. ش)

ئایینی زەردەشت ئایینێکی فرەخوداییە. ئایینە فرەخوداییەکان بە هیچ شێوەیەک ئایینی یەگانە (توحیدی) و خاوەن یاسای ئاسمانی نیین. بۆ نموونە ئاماژە بەم ئەیزەدانە دەکەم کە لە دینی زەردەشتدا هەیە: ئاهوڕامەزدا، ئەهریمەن،ئەناهیتا،ڕەشنا،میهر،گوشوروان و ڕام ئەیزەدی. هەڵبەت لە یەشتەکاندا باسی هەموو ئەیزەدەکان و ئەرکەکانیان کراوە. بە گشتی ئاینی زەردەشت ئایینێکی زەمینییە و ئامۆژگارییەکانی لە مامۆستاکەیەوە دێت کە کۆکەرەوە و داهێنەری فیکرەکانە. زەردەشت زیاتر مامۆستا و کەمتر پێغەمبەر بووە و کەم پڕوپاگەندی پێغەمبەرایەتی کردوە. ئەو ئایینە زیاتر درێژەی ئایینەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیایە لە بابەتی بودا و کۆنفسیۆس. بیروباوەڕی زەردەشت لە سەرزەمینی ئاریاییەکاندا زۆر بە قووڵی تێکەڵی جۆری ژیان و جوگرافیای دانیشتوانی ناوچەکان بووە. لە هەمان کاتدا مێژووی دروستبوون و پەرەسەندن و خۆگونجاندنی خەڵکی ئەو ناوچانە بووە،

لەو پرۆسەیەدا دروست بوونی بیروباوەڕەکانیان بۆ ناسینی دونیا، زاڵبوون بەسەر دیاردە زیانمەندەکانی سروشت، هێزبەخۆدان، دروستکردنی کۆمەڵگای مرۆیی و هەنگاونان بەرەو پێشەوە ئامانج بووە. (ارمسترانگ،١٣٨٥ ه. ش)

دووەمین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە دوای ئایینی زەردەشت ئایینی مانەوییە. ئایینی مانەوی پێکهاتەیەکە لە ئایینی زەردەشت و یەهوود و مەسیحیەت. مانی سەردانی هیندستان و ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای کردووە، بیروباوەڕەکانی ئەوێشی بەسەر ئایینەکەی خۆیدا زیاد کردووە. ئایینی مانەوی بە قسەی خودی مانی ئایینی ئاسان کردنی ژیان و ئاشناکردنی کۆمەڵگاکانە بە یەکتر. ئایینێکی فرە زمانە چونکە هیچ زمان و میللەتێکی تایبەتی نییە، لەگەڵ هەموو زمانەکان و میللەتاندا دەگونجێ و بیروباوەڕە چەسپاوەکانی مانی بە زمانی ئەوان و بەپێ مێژوو و جوگرافیای ئەوان دووبارە دەکەنەوە.(پرمون، ٢٠١٣ م)

سێیەمین شەپۆلی هەوڵی دینی و کۆمەڵایەتی، بزووتنەوەی چاکسازی مەزدەکییە. ئەو بزووتنەوەیە لە نیوەی یەکەمی سەدەی پێنجەمی زایینداە لە ئیمپراتۆریی ساسانیدا سەری هەڵدا. ڕووی لە چاککردنی کەموکوڕیەکانی دینی زەردەشت بوو کە دینی ڕەسمی ئیمپراتۆری ساسانی بووە. ئامانجی بزووتنەوەکە نەهێشتنی جیاوازی

چینایەتی و پێداگری بوو لەسەر بەرابەری و پێشکەوتن و ئازادی لە کۆمەڵگای ئەو کاتەدا. بۆیە بزووتنەوەی مەزدەکی بە بزووتنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی چاکخواز لە ئایینی زەردەشت دا حیساب دەکرێ. هەڵبەت مەزدەکییەکان حاشا لە زەردەشتیبوونی خۆیان ناکەن، بەڵام مەزدەک پێی وابوو ئایینی زەردەشت چاک دەکات و سەرلەنوێ ڕێکی دەخاتەوە و بەو شێوەیە کۆمەڵگای ساسانی لە تەنگوچەڵەمە دەرباز دەکات و قۆناغێکی نوێ لە بیروباوەڕی کۆمەڵایەتیدا دەستپێدەکات. بزووتنەوەی مەزدەک ئایینی زەردەشتیی بە هەنگاوێکی گەورە هێنایە ناو دونیای مادی و دووری خستەوە لە گرایشی داماویی.

بزووتنەوەی مەزدەک بیروڕاکانی لەلایەن خودی مەزدەک و هاوکارەکانییەوە دادەڕێژران. ئەو داڕشتنە ڕەگوڕیشەی لە مێژووی ئەفسانەکانی ئاریاییدا هەبوو. مەزەک لەناو ئایینی زەردەشتدا بەدوای چارەسەریدا دەگەڕا، لەو شوێنەیش کەوا زەردەشت کەموکوڕی هەبوو چاکسازیی تێدا دەکرد. بزووتنەوەی مەزدەک کە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی- ئایینییە زۆر بە قوڵی کاری کردە سەر باوەڕەکانی کۆمەڵگای ئارییایی. هەر لەو کاتەدا بوو کە بابەتی عەدالەت و بەرابەری بە فراوانی بڵاوبووەوە و زۆر بە قوڵی جێی خۆی لە ویژدان و باوەڕی دانیشتوانی ناوچەکەدا کردەوە.

چوارەمین بزووتنەوە کە دوای هاتنی ئایینی ئیســـلام و داگیرکردنی بەشـــێکی هەرە زۆری ســـەرزەمینی کۆنی ســـاســـانی پەیدا بوو، بزووتنەوەی" ئەبوموسـلیمی خوراسـانی"یە کە لە سـاڵی ٧٥٥ زایینی ســـەری هەڵـدا و بووە هۆی ڕووخـانی دەوڵەتی ئەمەوی و هێنـانە سەرکاری عەباسییەکان. ئەبوموسلیمی خوراسانی لە بیروباوەڕەکانیدا مەزدەکـی بـووە، هەربۆیەش زۆر بە خێرایی لە عەبـاســـییەکـان هەڵگەڕایەوە و سەرەنجامیش بە دەستی ئەوان کوژرا.

پێنجەمین بزووتنەوەی کـاریگەر لە نـاو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی-ئـایینییەکـانـدا "موقەنەع" بوو. ئەو یەکێـک لە یـار و هـاوکـارەکـانی ئەبوموسلیمی خوراسانی بووە. موقەنەع دواتر گۆڕانکارییەکی ڕێژەیی لە بیروباوەڕەکانی مەزدەکییانەی پەیڕەوانی ئەبوموسلیمی خوراسـانیدا کرد. دواتر دەگەڕێمەوە سەر ئەو باسە.

شەشەمین بزووتنەوەی مەزدەکی ، بزووتینەوەی بابەکی خورەمدینە. بابەکی خوررەمدین یان بابەکی خورەمی، بزووتنەوەکەی خۆی بەناوی خوررەم خـانـی خێزانـی مەزدەک کرد. نـاوەڕۆکـی بیروبـاوەڕی خوررەمدین یان بزووتنەوەی خوررەمی، مەزدەکییە، بەڵام دووســـەد ساڵ دوای هاتنی ئایینی ئیسلام بووە کە دوای ئەبوموسلیمی خوراسانی و موقەنەع، دەکاتە سەدەی نۆیەمی زایینی.

حەوتەمین بزووتنەوە، بزووتنەوەی قەرمەتییەکـانە. قەرمەتییەکـان هەمـان بیروبـاوەری مەزدەکییـان هەبوو بەڵام لە چوارچێوەی ئـایینی ئیسلامدا. ئەو بزووتنەوەیە لقێکی بزووتنەوەی ئیسماعیلی بوو.

هەشـتەمین بزووتنەوەی ئایینی و فکری و کۆمەڵایەتی شـێوازێکی نوێیە بە ناوی عیرفان و تەسەووف. عیرفان و تەسەووف جۆرێک ڕێو ڕەسـمی بەردەوامبوون لەسـەر بزووتنەوەی مەزدەکی، خوررەمی و قەرمەتییە بەڵام لەنـاو زاهیری دینی ئیسـلام و تێکەڵبوون لەگەڵ کێشـەکانی ئەو دینەدا. هەروەها هەوڵێک بوو بۆ خۆشـاردنەوە لە ژێرناوی ئیسـلامدا و لە باتیندا بەردەوام بوون لەسـەر مەزدەکێتی خۆیان. جیا لەوەی بەشـێکی زۆر لە عارف و سـۆفییەکان لە وانەیە لە وردەکاری بیروباوەڕدا هەندێکیان لە زەردەشتییەکان و هێندێکی تریان لە مانەوییەکان نزیک کەتبنەوە، بەڵام تێکڕای جەوهەری عیرفان و تەسەووف بریتییە لە بیروباوەڕی مەزدەکی.

دواتر لەناوعارفەکانیشـدا لقی تازە پەیدابوون و ئایینی تازەیان لێ دروسـت بوو بەتایبەتی لە کۆمەڵگای کوردسـتاندا. وەك هەردوو دینی ئێزیدی و یارسـان کە سـەرچاوەی زەردەشـتییان هەیە و کەمتر مەزدەکیین. جیا لە لقەکانی عەلەوی ناو کوردسـتان وەک بەکتاشـی و شەبەک .(میر فطروس، ش ه ١٣٥٦)

نۆیەمین هۆکاری کاریگەر لەو ڕێڕەوە مێژووییەدا مەوجی عیرفانی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمییە لەگەڵ شەمسی تەبریزی کە کاریگەریەکی زۆری لە بوارەکانی عیرفان و فەلسەفە و دین لەناو بزووتنەوەکانی دوای خۆی داناوە.

دەیەمین بزووتنەوە پۆتانسیەلی فەرهەنگی ئاریاییە لە چوارچێوەی فکری مەزدەکی دا . ئەدیب و فەیلەسوف و نووسەرە کۆنەکانی ئەو جوغزە فەرهەنگییە کە بەزمانی فارسی و عەرەبی نوسیوویانە، لە ساغکردنەوە و دەوڵەمەندکردنی مەعریفە و باوەڕی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆلی سەرەکییان بینیوە. دەکرێ نموونەیان بە ئیبن سینا، ڕودەکی، ڕازی، سەعدی، حافز و خەیام و ژمارەیەکی دیکە بێنینەوە. نووسین و بیرکردنەوە و مەجلیسەکانی ئەوانە گۆڕێکی تریان بە بیرکردنەوەی قوڵ و درێژەپێدانی زیاتر بە مەزدەکییەت دەبەخشی. بەشێک لەو ڕۆشنگەرانە لە ژێر کاریگەری فکری یۆنانیدا بوون، هەندێکیشیان بە فکری مەسیحیەت و ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ ڕۆمییەکان هەیانبوو دڵبەند بوون. ئەوانە فەلسەفەیان هێنایە ناو چالاکی فکری خۆیان، بۆیە کاریگەرییە تایبەتیەکەیان تا ئێستاش بەردەوامە.

یازدەهەمین قۆناغی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان بزووتنەوەی ئیسماعیلییە. دوای پەیدابوونی ناکۆکی لەنێوان لایەنگرانی بنەماڵەی عەلی کە بە شیعە دەناسران لەگەڵ لایەنگرانی ئەمەوی و عەباسی و

دوایی ئیمپراتۆریەکانی دیکە تا دەگاتە عوسمانی، ڕۆلی خۆیان هەبوو. ئیسماعیلییەکان لەسەر بەرگریکردن لە بنەماڵەی عەلی بەردەوام بوون. (صابری،١٣٨٨ ه.ش)

دوازدەهەمین قۆناغ بزووتنەوەی حروفییەیە. ئەو بزووتنەوەیە بزووتنەوەیەکی مەزدەکی تایبەتییە کە لە ناو فەلسەفە و هەندێکیش لێکدانەوەی پیتەکان (حروف) و کاریگەرییەتی لەسەر قووڵایی بیرکردنەوەی لایەنگرەکانیان دروست بوو. لەوانەیە ئەو ڕوانگایە ڕاست بێ کە دەڵێن بەکارهێنانی حروف زیاتر بۆ خۆشاردەنەوە و پتر ئاڵۆزکردن و تەم هاویشتنە سەر حەقیقەتی مەزدەکییانەی خۆیان بووە. هەر لە بزووتنەوەی حروفییەوە بزووتنەوەی نوقتەوییەش دروست بوو کە بیروباوەڕەکانیان لەگەڵ حروفییە وەک یەکن، بەڵام بە کەمێک جیاوازی لە شەخسیەتەکانیاندا لێکدی جیا دەکرێنەوە.(اژند، ١٣٦٩ ه.ش)

سێزدەهەمین بزووتنەوە "شێخییە"یە کە لە لێوارەکانی کەنداوی فارسەوە دەستپێکرد و گەیشتە ئاسیای ناوەڕاست، واتا عێراق، ئێران، ئەفغانستان و تاجیکستانی ئێستا. بیروباوەڕەکانی شێخ ئەحمەدی ئیحسایی بنەمای فکری ئەو بزووتنەوە بوو کە دواترسەید کازمی ڕەشتی سەرکردایەتی دەکرد. بزووتنەوەی شێخییە قۆناغێکی نوێی زیندووکردنەوە و پەرەپێدانی مەزدەکییەتی دەست پێکرد. هەروەها

جورئەتی ڕەخنەگرتن لە شـــەریعەتی ئیســـلامی بەخۆی دا بەڵام بە هێشتنەوەی ناوی ئیسلام لەسەر خۆی.(فلاحتی، ١٣٨٩ ه.ش)

چواردەهەمین بزووتنەوەی چاکسازی دینی و کۆمەڵایەتی "بابییە"یە، کە لە لایەن مەلا عەلی محەمەدی شـــیرازی ناســـراو بە "باب" (لە دایکبووی١٨١٧ زایینی) لە شـــیراز ســـەری هەڵدا. باب خۆی بە بیروڕای جیاواز نیشـــان دەدا. ســـەرەتا بە ڕەخنەگرتن لە شـــەریعەت دەســـتی پێ کرد و دواتر گوتی من مەهدیم. دوایی لەوەش تێپەڕاند و ســـیفەتی خودایی و موتڵەقیەتی بەخۆی دەدا. بـــاب بزووتنەوەیەکی دروســـت کرد بەناوی "بابییە". ئەم بزووتنەوەیە لە ماوەی کەمتر لە دە ساڵ سەرتاسەری ئێرانی گرتەوە و بووە هەڕەشەیەکی جیددی لەسەر حکومەتی قاجار و لە زۆربەی شـــارەکانی ئێراندا شـــەڕی ناوخۆی لێ کەوتەوە. ســـەرەنجام باب گیرا و لە تەبرێز تیرباران کرا.(چهاردهی، ١٣٦٣ ه. ش)

یەکێک لە کەســـایەتیە کاریگەرەکانی بزووتنەوەی بابی بەهائوڵڵایە کە ســـەرەنجام دینی بەهایی دروســـت کرد. دوای دوورخرانەوەی بۆ عێراق، سەرەتا لە بەغدا گیرسایەوە و پاشان سەری هەڵگرت و هاتە سلێمانی و لەدواییدا ڕووی لە گوندی سەرگەڵو کرد. دوای چوار ســـاڵ کوردســـتـــانی بەجێهێشـــت و گەڕایەوە بەغـدا و دینێکی نوێی ڕایگەیاند.(ایمانی، ٢٠٠٦م)

پـازدەهەمـیـن قـۆنـاغـی ئەو بـزووتـنەوە کـۆمەڵایەتـیـیـانە تەریقەتی"نەقشـبەنـدی نوێ"یە کە بە خـالیـدی کوردی موجەددی ناسـراوە. نەقشـبەندی خالیدی پەیوەندی بە بیروڕاکانی مەولانا خالیدی نەقشـبەندییەوە هەیە کە مەولانا خالیدی شـارەزووریشـی پێ دەگوترێ. باوەڕەکانی مەولانا خالیدی شـارەزووری تەنیا بریتی نەبوون لە نەقشـبەندیی کۆن. تەریقەتی نەقشـبەندی نوێ بەم جۆرەی باسـی دەکەم سەری هەڵدا: دوای ئەوەی مەولانا خالید سەفەرێکی دوورودرێژی بە دنیای عەرەبیدا کرد، هەر لە شـامەوە تا دەگاتە قودس و مەکە، دوایی گەڕایەوە بەغـدا. بڕیـاری دا بۆ زیـاتر زانین سـەردانی ئێران و هیندسـتان بکات. مەولانا خالید ماوەی دوو سـاڵ لەو سـەفەرەدا بوو کە زۆربەی لە ئێران بەسـەر برد. ئەو مـاوەیە کە لە ئێرانـدا مـایەوە سـەروبەندی کۆتایی بزووتنەوەی شـێخییە و هاتنی بزووتنەوەی بابییە بوو. مەولانا خالید زیاتر لە سـاڵێک لە ئێران مایەوە ، لە هەموو شارەکاندا لەگەڵ مەلا و عارفەکان دیداری فکری ئەنجام دەدا و لە زۆر گفتوگۆدا بەشـدار دەبوو. لەو سـەردەمەدا زۆربەی عارف و هەندێک لە مەلا و کەسـایەتییە ڕۆشـنگەرەکان ڕووی ڕەخنەیان لە ئەنجامەکانی شەریعەتی ئیسلام بوو، هەڵبەت بە مانەوەی گشتی لە چوارچێوەی دینی ئیسلامدا.

مەولانـا خـالیـد لەو سـەفەرەیـدا کەوتۆتە ژێر کـاریگەری ئەو گفتوگۆیانە. هەروەها بەشـداری هەندێک لەو گفتوگۆیانەی کردوە.

سـەردانی تەبریز و شـیراز و ڕەشـتی کرد وئینجا بەرەو تاران و مازەندەران چووە و سـەردانی شـاری توسـی کردوە. توس شـاری مێژوویی مەزدەکی و عـارفە یـاغییەکـانە. لەوێ زیـارەتی گۆڕی بایەزیدی بەسـتامی کردوە[1] مەولانا خالید چەند شـیعر و نووسـینی تایبەتی هەیە کە لەسـەر گۆڕی بایەزیدی بەسـتامی خوێندویەتییەوە. ئەمەش دەردەخات کە چەند لە ژێر کاریگەری بایەزیدی بەستامیدا بووە. دوای ئەویش سـەردانی نەیشـابوری کردوە. لەوێ بەشـداری ئەو دیوەخانانەی کردوە کە فکری شـێخییە و بابییەیان تێدا بڵاودەکرایەوە و بەو جۆرە زیاتر ئاشـنای ئەو بیروباوەڕانە بووە. دوای ئەو گۆڕانە فکرییانە سـەردانی هیندسـتانی کردوە، ئینجا گەڕاوەتەوە کوردسـتان. مەولانا خالید بزووتنەوە تازەکەی خۆی بەناوی نەقشـبەندی خالیدی موجەددی ناوناوە کە هەرنەقشـەبەندی خالیدی پێدەگوترێ. ئەو باوەڕە نوییە بووە دەروازەیەک بۆ دروسـتبوونی دوو بزووتنەوەی تر لە کوردسـتاندا کە بریتین لە بزووتنەوەی چاکسـازی لەدەڤەری بارزان و بزووتنەوەی هەقە لە ناوچەی دوکان.

ئەو ڕووداوانە پێویسـتە بە پوختی دیراسـە بکرێن تـا بزانین بزووتنەوەی بارزان و بزووتنەوەی هەقە چۆن دروسـت بوون، چ ڕەگوڕیشـەیەکیان هەیە، لە کام کەناڵەوە هاتوون، بۆچی ڕەسـەنن و

---

[1] عارفی یاخی، مانەوی و مەزدەکی بەناوبانگی سەدەی دووەمی ئیسلامی و هەشتەمی زایینی

چۆن کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان هەبووە؟ بەتایبەتی بزووتنەوەی بارزان چۆن توانی چاکسازی لە کۆمەڵگادا بکات و لە هەمان کاتدا ببێتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند و بەهێز لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و دروستبوونی ناسیۆنالیزمی نوێی کوردی؟ دەبێ بزانین بیروباوەڕەکانی ئەو بزووتنەوەیە چیین و چۆن گواستراونەتەوە ناو بزووتنەوەی سیاسی؟ بۆچی بیروباوەڕەکانی بزووتنەوەی بارزان لە قۆناخی دوای ١٩٩١ لە حکومەتی کوردستاندا لە یاسا چاکسازییەکانی حکومەتدا خۆی دەرخست و بووە هەوێنی مەتڵەبی چاکسازی لە کۆمەڵگای کوردستان؟

وەڵامی ئەم پرسیارانەی سەرەوە لە بەشەکانی داهاتوو کاری لەسەر دەکەم.

بەشی دووەم

ئایینی میترایی

ئـایینی میترایی یەکێکە لە بـاوەڕە دێرینەکـانی ســـەرزەمینی کۆنی ئاریایی و هیندسـتان. ئایینی میترایی بەشـێکی هەرەکۆنی باوەڕدارانی مەزدا یەســـنایە، واتە ئەو خەڵک و ســـەرزەمینە پان و بەرینە ی کە بـــاوەڕیـــان بە ئـــایینی مەزدایی هەبوو. ئـــایینی مەزدایی ئەو ئـــایینە سەرەتاییەیە کە پەیڕەوانی خۆی لەسەر بنەمای خێر و شەڕ ڕادەهێنا.

ئایینی میترایی لە ڕووی مێژووییەوە بۆ زیاتر لە دوو هەزار ســـاڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە و بە ئـــایینـــی "میـهری"ش نـــاســـــراوە و "میترائیزم"یشـــــی پێ دەڵێن. ئەو ئایینە جیا لە ســـــەرزەمینی ئێران و هیندســـــتان بە زۆربەی ئاســـــیا و ئەورووپادا بڵاوبووەوە و لە ڕێی ئیمپراتۆریی ڕۆمەوە ســـــەراســـــەری ئەورووپای گرتەوە. هەروەها

یۆنانییەکان بە شـێوەیەکی بەرفراوان بیروباوەڕی مەزداییان دیراسـە کردووەوە و لە باوەڕە ئەفسانەیی و فەلسەفییەکانی خۆیاندا لێی دواون و لە هەندێک شوێندا لەژێر کاریگەری باوەڕی میترایی دان.

ئـایینی میترایی تـا ڕادەیەکی زۆر جیهـانگی.ئەو ئـایینە لە نێوان سـەرزەمینی ئاریاکان و هیندسـتاندا هاوبەشـە بەڵام ئارییاییەکان و هۆزەکـانی دراوسـێیـان کە بـاوەڕیـان پێی هەبوو، هەریەکە بەپێی تایبەتمەندی ناوچەی خۆیان بەکاریاندەهێنا و لێیان کەم و زیاد دەکرد.

ئـایینی میترایی بەرەنگـاری ئەهریمەنەکـانی هینـدی دەبووەوە کە هەوڵیان تەنیا خەراپکاری بووە. بە گوێرەی بەراوردی دەقە کۆنەکان پێدەچێ ئایینی میترایی لەهەر یەک لە دوو سـەرزەمینی هیندسـتان و ئاریاکاندا جۆرێک لە بەرەنگابوونەوەی یەکدیشیان هەبووبێت.

ناوەرۆکی ئایینی میترا زیاتر ستاییشی خۆر و دیاردەکانی سروشتە. لە زۆر شـوێن بە ئایینی خۆرپەرسـتی ناسـراوە. لە ڕاسـتیدا شـتێک بە ناوی پەرستنی خۆر نەبووە، بەڵکو ڕێزگرتن لە تیشـکی خۆر بووە کە ژیانبەخشی مرۆڤ و گیانداران وگشت گیا و درەختەکانە. سروشت بە تیشـکی خۆرەوە بەردەوامی هەبووە، هەروەک ئێسـتاش تا ئەبەد هەر وایە. خودی میترا فەرمانی بە خۆر و مانگ و ئەستێرەکان دەدا تا بە درەوشـاوەیی بمێننەوە و بەرەکەت و فراوانی و خۆشـی خۆیان بەسـەر سروشتدا ببارێنن.

قۆناغی دووەمی ئایینی میترایی، خواوەندی میهرە کە باران دەبارێنی و خۆر ڕادەگرێ و خۆشی و میهرەبانی و هاوکاری دەبەشێتەوە. هەروەها مرۆڤەکان فێر دەکات چۆن بەرەنگاری خراپکاری و کارە دزێوەکان ببنەوە کە زیانبەخشن. بەپێی ئایینی میترا دێوەکان کە ئەهریمەنەکانن و مرۆڤ بەرەو خراپکاری و کوشتن و پەلاماردانی یەکتر و بیرکردنەوەی زیانمەند دەبەن، بۆیە ئایین و خواوەندەکانی میترا بەردەوام لەگەڵ خواوەندەکانی ئەهریمەن و دێوەکان لە شەڕ و بەرەنگاربوونەوەدا بوون.

ئایینی میترا باوەڕی ئوستورەیی سەرەتاکانی دروستبوونی مرۆڤە. خودی میترا لە ئەشکەوتێکی تاریکدا لەناخی ڕەوەزێکی بەردیندا سەر هەڵدێنێ، ڕاوچی و حەکیم و خێرەومەند و پیاوچاکێکی جوامێری لێ هەڵ دەکەوێ. ئەو پەسندەشی لەلایەن خوداوەند ئاهوارامەزداوە پێیدراوە. ئەو خوداوەندەی هیچ تەعریفێکی نییە و ڕوخساریشی دیار نییە، ئەو هێز و توانایەی پێدەبەخشێت کە خۆی دەوری خواوەندی سەرزەمین ببینێ. ئایینی میترایی هیچ پێغەمبەرێکی نییە، بەڵکو ژمارەیەک خواوەندی هەیە و ئایینێکی فرەخواییە.

زیاتر لەبارەی ڕاسپاردە و بیروباوەڕەکانی میتراییەوە نانووسم چونکە لەو بارەوە کتێبی زۆر لەبەردەستدا هەیە (نهێنیەکانی ئاینی میترایی، فرانتس کۆمۆن). تەنیا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە میترایی

ئایینی خۆشـڕابواردنی مرۆڤەکان بووە. ئەوەی کە لە میترا بە جێماوە ئەو ڕاوە ئەفســـــانەییەیە کە کردوویەتی، بە تیروکەوان بەهێزترین کەڵەگای لە پەلوپۆ خستووە و بە خەنجەر ملی پەڕاندوە. وەک لە وێنە کۆنەکانی ســەر دیوار و هەندێک ئەشــکەوتەکاندا دەردەکەوێ کە بە شــێوەیەکی فراوان لە ئەوروپا، ئاســیا، هیندســتان و کوردســتاندا دۆزراونەتەوە و لە مۆزەخانەکاندا پارێزراون ئەو دیمەنەمان بۆ وێنا دەکات .

بەرزەفتکردنی گا و خواردنی گۆشتەکەی، زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر سروشت و دیاردەکانیدا دەسەلمێنێ. لە ئەشکەوتەکاندا ئاگر بە ڕۆشەنی ڕادەگیرا، ئەویش لەبەر پێویســتی ئاگر بووە کە وەک ڕێورەســمێکی ئــایینی فێری بــاوەڕدارانی میترایی کراوە. لە لایەکی دیکەشـــەوە ئاگردانەکان هەم بۆ مانەوەی ئاگر و هەم بۆ ســتایش و ڕێزگرتن لەو ئاگرە و لەو خۆرەی کە ژیان دەبەخشێتە مرۆڤ، بە پیرۆزی ڕادەگیران. کەواتە ئایینی میترایی پتر ڕاسپاردە و پەیڕەوی ژیان دروستکردن و ژیان خۆشکردن و زاڵبوون بووە بەسەر دیاردەکانی تری سروشتدا.ئەو ئایینە هەوڵێک بووە بۆ تێگەیشــتن لە ســروشــت و بەرزەفتکردنی و بەکــارهــێــنــانــی بــۆ بەرژەوەنــدی مــرۆڤ. ئەوەش لە کــاتــی هەر ســەرکەوتنێک یان ڕاوکردن یان خۆپاراستندا بووە لەدەست هێرشــی دوژمنەکانیان یان لە دەســت ئاژەڵە دڕندەکان. بۆیە لە ئەشــکەوتەکانی خۆیاندا جەژنیان گرتووە و شــەرابیان خواردووەتەوە، بە هەڵپەڕکێ و

مۆســـیقا کە یەکێـک لە داب و نەرێـت وبـاوەڕەکـانیـان بووە، وزە و ســـێبورییـان داوەتە خۆیـان. ئەوەیە بـاوەڕی ئـایینی میترایی.(کۆمۆن، ٢٠٠٨ز)

ئەو کـات ژیـان لە ئەشـــکەوتەکـان بووە، بۆ چنینەوەی بەری درەختەکان و ڕاوکردنی ئاژەڵان بەتایبەتی ئاژەڵی کێوی کە ڕامکردن و ڕاوکردنی ئاســـان نەبووە بەڵام گۆشـــتێکی زۆری هەبووە، جەژنیان گرتووە. جەژنی خواردن و سـەرکەوتن و زانینی پێگوتراوە. بەم پێیە دەتوانین بڵێین ئایینی میترایی باوەڕێکی ڕۆحانی و ئاســمانی نەبووە، بەڵکو ئایینی ڕاسپاردەکانی ژیانی سەر زەوی بووە.

ئایینەکان لە بەشێکی زۆری دونیادا بریتین لە نیشاندانی ڕێوشوێن بە پەیڕەوەکـانیـان. واتە ئەو پرێنســـیپـانەی کە دەبێ پەیڕەوی لێکەن و ئەوکارانەیش کە نابێ بیکەن. ئەو پرێنســـیپانە وەک ڕاســـپاردە پێیان دەدرا بەبێ ئەوەی کە پەرســـتن و ئەفســـانەیەکی قووڵی لەگەڵدابێ، هەروەها بەبێ ئەوەی لێپرســـینەوەی ڕۆژی قیامەت و بەهەشـــت و دۆزەخی تێدابێ. ئەوە پێچەاونەی ئەو بـاوەڕ و پرێنســـیپانەیە کە لە ئایینی ئیســـلام و مەســـیحییەت و بەشـــێوەی هەرە کۆنیش لە ئایینی یەهوودییەتدا هەیە.(مینگ، ستریک من، ڕینۆڵ،(١٣٨٨ه.ش)

جیا لەو سێ ئایینە ئاسمانییە ئیبڕاهیمییەی لە سەر لێوارەکانی دیجلە و فورات دەرکەوتن، واتە یەهوودییەت، مەسـیحییەت، و ئیسـلام، هیچ

ئایینێکی دیکە نییە کاروباری مرۆڤ لە سەرزەمینەوە هەڵکێشێ بۆ ئاسمان، ئەو شوێنەی کە مرۆڤ نایگاتێ و تەنیا دەبێ لە بەرامبەریدا خۆی بەدەستەوە بدا. ئایینی میترایی بە پێچەوانەی ئەو ئایینە ئاسمانییانە ،ئایینی ڕاسپاردەی ڕۆژانە و ئەوفرمانانەیە کە دەبێ بکرێن یان ئەو کردارانەی نەدەبوا بکرێن. ئەوەش دەرخەری ئەو هاوبەشییەیە کە لە ڕووی کولتورییەوە لە نێوان هۆزەکانی ئاریایی و هۆزەکانی هیندیدا هەبووە. لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە هیندستانەوە ئایینەکانی هیندۆسی دەستی پێکردووە لەبابەتی ئایینی بودایی، شینتۆ وکۆنفۆسیۆس کە لە هیندستانەوە تا ژاپۆن و چین و هەموو وڵاتانی ئەو ناوچانە و میللەتەکانیان بەشێوەی جیاجیا پەیڕەوی دەکەن. ئەو ئایینانە هەموویان زەمینین واتە خودایەکیان لە ئاسمان نییە. بە پێچەوانەی ئایینە ئاسمانییەکان دونیایەکی دیکەیان نییە و بەهەشت و دۆزەخیشیان نییە، بەڵکو زیاتر ڕاسپاردە و نیشاندانی ئەو ڕێوشوێنەن کە دەدرانە پەیرەوەکانیان . هەروەها مامۆستا گەورەکانیان لە ئاستی پێغەمبەرە گەورەکانی ئایینە ئاسمانییەکان دان وەک کۆنفۆسیۆس و بودا.(امسترانگ، ١٣٩٢ ه.ش)

لە ئایینی میترادا هەندێک هێمای ژیان هەبوون لەبابەتی مار کە نیشانەی بەردەوامی ژیان بووە. لە هەموو نەخشەکانی سەربەرد یان لە خشتە بەجێماوەکان لە پاڵ میترادا مارێک دەبیندرێ. هەڵبەتە کەڵەشێر و دووپشک و سەری شێریش دەبیندرێن کە هەر یەکەیان هێمای

تایبەتی خۆیان هەیە. بۆ نموونە ئەگەر مار مایەی ژیان و زانایی بێ ئەوا باڵەکان چوارن و هێمان بۆ چوار وەرزی ساڵ. سەری شێر بەسەر مرۆڤەوە نیشانەی هێز و باوەڕبەخۆبوونە و ئامادەییە بۆ جەنگ. ئەو تیروکەوانەی کە بەدەست میتراوەیە نیشانەی جەنگاوەری و ڕاوچێتییە. بۆیەش ئایینی میترایی زیاتر ئایینی جەنگاوەران بووە. بۆیە جەنگاوەرانی ئێرانی و ڕۆمی و هیندی و یۆنانی بەو دینە ئاشنابوون زوو باوەڕیان پێهێنا و لەگەڵ خۆیان بۆ وڵاتەکانیان بردیان.(ور مازرن،١٣٨٣ ه.ش)

یەکێک لە ڕێگاکانی پەرەسندنی ئایینی میترا بە هەموو دنیادا لە ڕێی جەنگاوەرەکان و فەرماندەکانیان بوو، ئەگینا لەو سەردەمەدا ئاریاییەکان ئیمپراتۆرییێکی ئەوتۆیان نەبووە کە زاڵ بێت بەسەر هەموو دنیادا و ئایینەکەی خۆی بیسەپێنێ. هێزی ئایینی میترایی ئەو سەردەمە لەوەدا بووە کە بە کەڵکی ژیان هاتووە، جەنگاوەرێتی و هونەری جەنگاوەری و سەرکەوتن و خۆپاراستن بەشێک لە بیروباوەڕەکانی میترایی بووە.

لە ئایینی میترایيدا هەر ناوچەیەک ئەنجوومەنی تایبەتی خۆی هەبووە. ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنە کەسانی ڕیش سپی و زانا و جەنگاوەر و بە دەسەڵات بوون، ئەوانە بڕیاریان لە کاروباری ناوچەکەیان دەدا. ئایینی میترایی ئایینێکی کۆنە و ڕەگوڕیشەی لە بیروباوەڕی مێژوویی کوردستان و پێکهاتەکانیدا هەیە. کورد و فارس

و ئازەری و هیندی و نەتەوەکانی ئێران، عێراق، سوریا، ئەرمەنستان، ئازەربایجان و وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست وەک تورکیا و تاجیکستان و ئەفغانستان و پاکستان لەو میتۆلۆژیایەدا هاوبەشن.

لە ساڵی ٣١٢ی زایینیدا، کاتێک کە مەسیحیەت لە ئیمپراتۆریی ڕۆمیدا پەرەی سەند، کۆنستانتینی یەکەم ئیمپراتۆڕی ڕۆم دینی مەسیحی کردە ئایینی ڕەسمی و ئیدی بڕیاری دا کۆتایی بە پەیڕەوێتی ئایینی میترایی بهێنرێت وڕێگا لە ڕی و ڕەسمی پەرستنی بگیرێت. فەرمانی دا شوێنی پەرستن و نزاکردنی میتراییەکان کە میهرابی پێدەگوترا دابخرێن و پەرستگا و ئاگردانەکانیان کوێر بکرێنەوە. لە سەردەمی ئەو ئیمپراتۆرەی ڕۆمدا پەیڕەوانی دینی میترا ناچارکران ئایینی خۆیان بگۆڕن بۆ مەسیحییەت، هەر کەسێک نەچووبایە سەر ئایینی مەسیحییەت دەکوژرا. بەو پێیە قەڵاچۆکردنی پەیرەوانی ئایینی میترایی لە ئەورووپا دەستیپێکرد. دواتر لە سەردەمی هەخامەنشینیاندا کە زەردەشت ئایینێکی دیکەی هێنا، لە ڕووی ڕاسپاردەکانی ڕۆژانەوە جیاواز و لە هەندێک ڕووەوە لە ئایینی میترا کاملتر بوو.

ئایینی زەردەشتی کە درێژکراوەی ئایینی مەزدا یەسنا بوو، ئایینی میترای بە بەشێک لەخۆی دانا بەڵام دەستکاری کرد. کۆتایی بە فەرمانڕەوایی باوەڕی میترایی هێنا و ئایینی میترای خستە ناو ڕاسپاردەکانی ئایینی زەردەشتەوە. ئەرک و شوێنی میترا و میهری

کەمکردەوە بۆ خواوەندێکی ناو خواوەندەکانی ئایینی زەردەشـــت. بەوپێیە لەهەخامەنشینانداا لەسەر دەستی ئاشو زەردەشت پێغەمبەری زەردەشتییەکان، کۆتایی بە ئایینی میترایی وەک ئایینی سەردەست و هەمەگیر هێنرا. ســـەربـاری ئەوەش میهر پەرســـتی لە دوای زەردەشـــتیەتیشـــدا لەناو دینەکەدا هەر مایەوە. هەروەها لە دەرەوەی ئایینی زەردەشتی بە سەربەخۆیی و تێکەڵاوی بە شێوەیەک بەردەوام بوو تا هاتنی ئایینی ئیسلام. میهرییەکان یان میتراییەکان لە دوای ئایینی ئیسلام بە چەند سەد ساڵێک بەردەوام بوون.

ئایینی میترایی بەوشـــێوەیە کۆتایی هات و وەک کولتور کەوتە ناو مێژووی زانیـاری ئـایینی و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ئێمە و گەلانی هاوبەشمان لەو پرۆسە مێژووییەدا.

بەشی سێیەم

ئایینی زەردەشتی

بۆ تێگەیشـــتن لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ئـایینییەکـانی ســـەدەی ڕابردووی کوردسـتان تێگەیشـتن لە ئایینی زەردەشـت زۆر پێویسـتە، چونکە پەیوەندییەکی مێژوویی دیاریکراویان پێکەوە هەیە.

ئـایینی زەردەشـــتی وەك ئـایینێکی کۆن و ســـەرەکی لە مێژووی سـەرزەمینی ئاریاکاندا کە کوردسـتانیش بەشـێکی ئەو سـەرزەمینە بووە، بڵاوبووەوە. پێویســـتە لە تێگەیشـــتنی بنەماکانی ئاینی زەردەشـــتییەوە بزانین کە ئەم ئایینە دوای ڕوخانی ئیمپراتۆریی ساسانی و هاتنی ئایینی ئیســـلام، بە شـــێوەیەکی مەنەزەم کار بۆ لەناوبردنی کرا و دواخرا. پرســـیار ئەوەیە تا چ ڕادەیەك ئەو ئایینە کاریگەری لەســـەر ئایین و بیروباوەڕەکانی دوای خۆی بەجێهێشتوە.

ئایینی زەردەشتی لەسەر بنەمای ئایینی مەزداپەرستی بنیاد نراوە. مەزدا پەرستی ئایینێکە دوو هەزار ساڵ پێش زایین لە هیندستان و سەرزەمینی ئاریاکاندا برەوی هەبووە. زۆربەی تیرە و هۆزەکانی ئاریایی و نائاریاییەکانی ئەوکات بە هیندستانیشەوە باوەڕیان بە مەزداپەرستی بووە . زەردەشت پێنج سەد ساڵ پێش زایین لەدایکبووە. زەردەشت یان زەرتوشت کە مامۆستا و داهێنەر و بڵاوکەرەوەی ئایینییەکەیە، لە لێوارەکانی دەریای قەزوین و لە ناوەڕاستی ئێرانی ئەمڕۆدا لە دایك بووە و ئایینی مەزدایی وەرگرتووە. ئەو بە چاوێکی چاکسازی و ڕەخنەگرانەوە سەرلەنوێ کەوتووەتە داڕشتنەوەی ئایینەکە، ئەویش بە ئامانجی کۆتایی هێنان بە شەڕ و پێکدادانی هۆز و نەتەوەکانی ناوچەکە، کۆتایی هێنان بە شەڕی ئایینی و کۆمەڵایەتیی نێوان ئاریاییەکانی خۆجێی و ئاریاییەکانی کۆچکردو بەرەو هیندستان (ئاریاییە هیندییەکان) کە هەمان بیروباوەڕی مەزداییان هەبووە بەڵام هەمیشە لە شەڕدا بوونە.

زەردەشت بە مانای" پیاوە خاوەن حوشترە زەردەکە" دێت. هەندێکیش بە مانای کوڕی "ئەستێرەی زەرد" مانای لێکدەدەنەوە و لە ناوەڕاستی سەرزەمینی ئاریاکاندا دەست دەکات بە بڵاوکردنەوەی ئایینی زەردەشتی. دواتر لە تاو فشار ناچار دەکرێت ئەو ناوچەیە بەرەو ناوەڕاستی ئاسیا بەجێبهێڵێت و لە شاری بەلخ بگیرسێتەوە. ناوی ڕاستەقینەی ئەو پەیامبەرە "زەردەشت ئوشترا کوڕی ئەسپیتامە".

بیروباوەڕە سەرەکییەکانی بنەمای سەرەکی ئەو ئایینە پێکدێنن.

بنەمای ئەو ئایینە لە گاتا یان هاتا یان گاتاکان یان هاتاکان و لەبەشی یەکەمی ئاڤێستادا هاتووە، ئەویش بریتییە لە گوفتار و ئامۆژگارییەکانی ڕاستەوخۆی زەردەشت کە لە ئایینی مەزدا هەڵێنجراون .خودی ئاڤێستا لە شەش بەش پێك دێت کە بریتین لە گاتاکان، یەشتاکان، یەسناکان ، ویسپەرد، وردەئاڤێستا و ڤێندیداد. لە ناو پەیڕەوانی ئایینی زەردەشتیدا کە لەسەرانسەری دونیادا پەرت و بڵاون، ئاراستەی مەزهەبی جیاجیا هەیە بەڵام بەگشتی کتێبی ئاڤێستایان قبوڵە. ئاڤێستا لە زەمانی ساسانییەکان دوای زەردەشت کۆکراوەتەوە. خودی زەردەشت تەنیا خاوەنی ئەو ئامۆژگاریانەیە کە لە گاتاکاندا هەیە، بۆیە بەشێك لە زەردەشتییەکان کە پێیاندەگوترێ زەردەشتییە خاڵسەکان تەنیا گاتاکانیان قبوڵە.پێویستە بزانین لە کردەوەدا هەموو زەردەشتییەکان هەموو ئاڤێستایان قبوڵە و پێیانوایە ئایینەکەیان پێی دەوڵەمەندتر دەبێت.(انصاری، ١٣٦٨ ه.ش)

لە شەڕی ئایینیی نێوان هۆزەکاندا کە شەڕی خوداکانیان بووە، هەر هۆزە خودای خۆی هەبووە، کارە باشەکانیان بەناوی ئاهورامەزدا و کارە خراپەکانیشیان بە ناوی ئەهریمەن دادەنا .زەردەشت هەڵگری پەیام و ئامانجەکانی ئاهورامەزدا بوو کە لە سێ چەمکدا کۆی کردبوەوە: هزری باش ، گوفتاری باش ، ڕەفتاری باش. بڕوای زەردەشت

وابووئەو بنەمایانە مرۆڤ دەگەیەنێتە ئاقاری ئاسـایش و ئاشـتی و خۆشـەویسـتی، لە ئاهورامەزدا نزیکی دەکاتەوە . ئەو کەسـەی بەو ڕێنماییانەوە پابەند بێت لە دونیادا ئاشـتیخواز دەبێت، بەرابەری دەوێت، شـەڕی ناوێت و بەردەوام دەبێ لە ڕەتکردنەوەی بیروباوەڕە خراپەکان.

بنەمـاکـانی ئـایینی زەردەشـت بریتییە لە: بەرابەری، ئـازادی، داپەروەری و خۆشـەویستی. زەردەشت هەموو ئەو ڕێوڕەسمانەی ڕەت کردەوە کە لەسـەر بنەمـای خورافە ڕۆنـدرابوون و ئـازاری مرۆڤیـان دەدا. هەنـدێك لەو کردارانەی قەدەی کردن بریتی بوون لە قوربـانیکردنی ئـاژەڵ و مرۆڤ، خواردنەوەی شـەراب لە کـاتی ڕێوڕەسـمی ئایینیدا قەدەغە کرد، چونکە پێی وا بوو توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە و هۆزەکان پتر ڕووبەڕووی یەکدی دەبنەوە. زەردەشـت پێیوابوو مرۆڤ لە سـروشـتی خۆیـدا خولقـاوێکی بـاشـە، ئەوە ئەهریمەنەکانن کە بیروباوەڕی خراپی خۆیان دەخەنە مێشـکیەوە و تووشـی شـەڕ و ئازاردانی مرۆڤەکانی دیکەی دەکەن. لەسـەر ئەو بنەمایەش ئایینی زەردەشت لەڕووی شـەریعەتەوە لە سێ بەش پێکدێت کە بریتین لە: یەکتـاپەرسـتی، ئـازادی، لێپێچـانەوە. مەبەسـتی لە یەکتاپەرستی ئەوەیە خەڵك باوەڕ بە ئاهورامەزدا بێنن و لە باوەڕەکانی دیکە دوورکەونەوە و نـاکۆکی ئـایینی لە نێوانیـانـدا نەمێنێـت. ئینجـا مرۆڤەکان ئازادن لە پەیڕەوکردنی بنەماکانی بیروباوەڕی ئاهورامەزدا.

مرۆڤ ئازاده له پەیڕەوکردنی باشـه یان خراپه بەڵام دەبێ بزانێت که لێپێچینەوەیەك هەیه ئەویش خراپەکـار لەو دونیـادا یـان له دونیـای مەعنەویدا بەرەوڕووی ئەهریمەن دەبێتەوه. ئەهریمەن هەمان دێوەکانن که خراپەکارن و جگه له ئازار هیچی دیکه ناکەن. ئەوانەی کاری باش دەکەن له ئاسـایش و خۆشـیی ئاهورامەزدا نزیك دەکەونەوه و له کۆتاییشـــدا لەنێو هەمان خۆشـــی و ئارامشـــی ئاهورامەزدادا دەژین. زەردەشـــت پێیوا بوو به پەیڕەوکردنی بیروباوەڕەکانی ئاهورامەزدا دەکرێ ئەو ئاسـایش و ئارامش و ئاشـتییه له ژیانی مرۆڤدا دروسـت بکرێت.

له ئایینی زەردەشـتدا خۆشـەویسـتی بۆ مرۆڤ بنەمایه و پێویسـته هەموو ئینسانەکان یەکتریان خۆش بوێت و خێری ئەوانی تریان بوێت، هـاوکـاری له نێوانیـانـدا هەبێـت و له هیچ دۆخێکدا پەلامـاری یەکدی نەدەن. پێویسته ئاژەڵ بپارێزرێت چونکه خۆشویستن پاراستنی ئاژەڵ بەشـێکه له بەردەوامی ژیان. هەروەها جەنگەڵ و دارسـتان و گیاکان دەبێ خزمەت بکرێن و لەناو نەبردرێن. هەموو گوند و شـارەکان دەبێ به چاوی خۆشـەویسـتییەوه سـەیربکرێن و بیر له پەلاماردان و تاڵان و سـووتاندنیان نەکرێتەوه. ئامانجی کۆتایی ئایینی زەردەشـت ئاسـایش و ئـارامییه که مرۆڤ پێی دەگـات. ئەوەش زۆر نزیکه لەو ئـارامش و هێمنییەی که له ئایینی بودا بەناوی "نێرڤانا" هەیه.

زەردەشت لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا لە شاری بەلخ، بەدەستی هۆزێکی پەلامارەری دژە زەردەشتی کوژرا. ئەو توانی لە ماوەی ژیانی خۆیدا لە بەلخ لەگەڵ ئیمپراتۆریی ئەوکاتی هەخامەنشـی یەکبگرێتەوە و وای لێبکات باوەڕ بە ئایینی زەردەشـت بهێنێ و بکاتە ئایینی سـەرەکی ئیمپراتۆریی هەخامەنشـی. هەندێک سـەرچاوە دەڵێن زەردەشـت لە تەمەنی سـی سـاڵیدا لە شـاری خوارزم لە ناوچەی خوراسـان دەسـتی کردووە بە بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی کە دواتر تەنگی پێهەڵچنراوە و بەرەو بەلخ ڕۆیشتووە و لەوێ ماوەتەوە. "گشتاسپ" کە فەرمانڕەوای دەوڵەتی کیانی بوو، باوەڕی بە دینی زەردەشت هێنا و لە سەرزەمینی ژێر فەرمانڕەوایی گشتاسپدا ئایینەکەی بووە ئایینی سەرەکی.

ئایینی زەردەشت خۆی لە چوارچێوەی سیستەمی چینایەتی سەردەمی سـاسـانی گونجاند بوو. سـیسـتەمی چینایەتی سـاسـانی لە چوار چین پێکهـاتبوو کە بریتی بوون لە: جەنگـاوەران، پیـاوانی ئـایینی یـان ئیمانپەروەران(موبەدەکان)، پیشـەکاران و جوتیاران. ڕێنماییەکانی ئایینی زەردەشـت لە کەناڵی ئەو چوار چینەوە دەڕۆیشـت، ئەوەش وای کرد ئـایینەکە تێکەڵی نەرێنییەکـانی چینـایەتی نـاو کۆمەڵگـا ببێـت، لە ئاکامدا کاردانەوەی نەرێنی خۆی هەبوو. شـەریعەتی زەردەشـت بەرامبەر بە ژنان لەسـەرەتادا بریتی بوو لە بەرابەری ژن و پیاو و هەردووکیان لە بەرامبەر ئاهورامەزدا یەکسـان بوون، لە ئیمانهێنان و لێپێچینەوەدا بەرابەر بوون. لە سیستەمی چینایەتی ساسانیدا ژن کەوتە

دواوەی پیاو و مافی پێشێل دەکرا. هەندێك لە بیروباوەڕی خورافی کە لەو سەردەمەدا و لە ئایینی زەردەشتدا هەبوون، بەتایبەتی بەرامبەر بە ژنانێك کە لە سووڕی مانگانەدابوون لە ماڵ و کۆمەڵگە دووردەخرانەوە تا لەو دۆخە تەواو دەبوون. هەروەها ئەو ژنانەی منداڵیان لە بار دەچوو یان ئەوانەی کچیان دەبوو، هەموویان لە سیستەمی چینایەتی و ئایینیی زەردەشتیدا مافیان پێشێل دەکرا. لێ بەگشتی ژن لە ڕووی خاوەنداری و میرات و دادگا و گەواهی و ماڵ و پرسی بەشوودان لەگەڵ پیاو یەکسان بووە. لە شەش فریشتەی ئایینی زەردەشتدا سێیان ژنن. بە گشتی ئایینی زەردەشت ئایینی یەکسانی و خۆشەویستی بووە، هەر بۆیە بنەمای ئەو ئایینە بە پتەوی داڕێژراوە.هەڵبەت لە سەردەمی بزووتنەوەی چاکسازیی مەزدەکدا دەسکاری باشتر کردنی تێداکراوە. ئیمپراتۆریی ساسانی لەسەردەستی فاتیحەکانی ئیسلام لەنێو بردرا بەڵام کۆتایی بە کارلێکەرییەکانی ئایینی زەردەشت نەهات و خودی ئایینەکە وەك کەمایەتییەك لە ئێران و هیندستاندا مایەوە.

لەم ڕۆژگارەدا تێکڕای زەدرەشتییەکانی دونیا بە دە ملیۆن پەیڕەو مەزندە دەکرێن. لە ئێراندا لە چەند سەد هەزار کەسێك تێناپەڕن. پیاوانی ئایینی زەردەشتی پێیان دەگوترێ "موبەد". بە درێژایی مێژووی ئایینی زەردەشت گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە و کەشێکی کراوە لەناو ئایینەکەدا بەرامبەر بە مافی ژنان و ژینگە و

هاوکاریی مرۆڤ لە سەر رووی زەوی دروست بووە. کاربەدەستانی دینی زەردەشـــتی چاکســـازی زۆریان لە دینەکەیاندا کردوە و گەلێک باوەڕی نوێیان خستووەتە ناو چوارچێوەی ئایینەکەیان. بۆیە زۆر کەس دەڵێن ئەم ئایینەی ئێستا، ئەوە دینە نییە کە چەند هەزار ساڵ پێش ئێستا هەبووە. هەڵبەت ڕاستییەك هەیە بناغەی ئەو گەشەسەندن و کرانەوەیە لەسەرەتادا لە ئایینی زەردەشتدا هەبووە.

پاش ڕوخانی ئیمپراتۆریی ســاســانی، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە هەندێ ناوچەدا زیاتر لە پێنج سـەد سـاڵ لایەنگرانی ئایینی زەردەشـت مابوونەوە. ئەوکات سەرباری ئەوەی ناوچەکە وەك قەڵەمڕەوی ئیسلام دەژمێردرا بەڵام دەسەڵاتی ئیسلام بە شێوەیەک نەبوو کە گوند بە گوند و شــار بە شــار هەموو ناوچەکان بپشــکنێ تا بزانێت کێ بەتەواوی نەبووەتە مسوڵمان و سزای بدات. هەر بۆیە ئەگەر ئایینی زەردەشت بە هاتنی ئیســـلام لە ڕواڵەتدا کۆتـایی هـاتبێت، ئەوا لە زۆر نـاوچەی سـەرزەمینی سـاسـان و کوردسـتاندا بەردەوام هەبووە و بووەتە مایەی دروستبوونی بیروباوەڕ و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی زۆر و زەبەند. ئەو ناوچانە لە بەرامبەر شـــەریعەتی ئیســـلامدا بەرگرییەکی مەنتقییان لە خۆیان کردووە. لەڕووی ســـوپایی و حکومەتی و زۆرینەوە ئایینەکە تێکشکا بەڵام لەڕووی بیروباوەڕی زەردەشتییەوە لەناو مێشکی خەڵکی کوردستان و ساسانیدا مایەوە. ئەوانەی بە یەکجاری بوونە مسوڵمان، مســـوڵمانێتییەکەیان تێکەڵاوی باوەڕی زەردەشـــتی بوو . هەر بۆیە

کۆمەڵگەی ئێرانی، ئەفغان، تاجیکستان، ئازەربایجان و کوردستان تێکڕا مسوڵمانن بەڵام جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ کۆمەڵگەی مسوڵمانی عەرەبیدا هەیە کە لەسەر بنەمای شەریعەتی بەدەوی بنیاد نراوە.

ئەوەی من باسی دەکەم توانایی بەردەوامی ئەو ئایینەیە کە شۆڕبووتەوە ناوئایینی ئیسلام و کاریگەری لەسەر پەیڕەوانی ئەو دینە لە سەرزەمینی ساسان و بەتایبەتی لە کوردستان داناوە. خۆلکاندنی ئایینی زەردەشتی بە باوەڕی پەیڕەوە تازەکانی ئیسلام بووە هۆی دروستبوونی بزووتنەوەی نوێ ولەسەر بنەمای بیروباوەڕی تەسەووف و عیرفان. ئەو دۆخە ئاڵۆزە بووە مایەی درێژبوونەوەیەك کە بزووتنەوە لە دوای بزووتنەوەی لێ دروست بێت. وەک دەبیندرێ تا ئەم ڕۆژگارەی ئێستامان بیروباوەڕەکانی زەردەشت چ لە چوارچێوەی دینی زەردەشتیدا بێ یان لە چوارچێوەی دینی ئیسلامدا یان لە چوارچێوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و عیرفانییەکانی دیکەدا بەردەوام بووە و بڕستی مانەوەی هەبووە. دواتر ژمارەیەکی زۆر بزووتنەوە بە بیروباوەڕی دیکە درووستبوون کە ڕەگوڕیشەی هەموویان لە ئایینی زەردەشتیدا بووە. ئەوتایبەتمەندییە مێژووییەی ئایینی زەردەشت بۆ تێگەیشتن لە فەرهەنگی کۆمەڵگە و بیروباوەڕەکانی ئەمڕۆی کوردستان، بە تایبەتی لە بارەی بزووتنەوەی هەقە و بارزان زۆر پێویستە.

بەشی چوارەم

ئایینی مانی

ئایینی مانی چوارەمین ئایینی مێژووی سەرزەمینی ساسانییە کە دوای مەزدە یەسنا، میترایی و زەردەشتی دێت. ئایینی مانی لە زمانی عەرەبی و فارسیدا بە ئایینی مانەوی یان مانیان ناسراوە. ئەوە ئایینێکە لە دوای ئایینی زەردەشت لە سەدەی سێیەمی زایینیدا هاتووە. ئەو ئایینە لە بنەما گشتییەکانی خۆیدا لە کەشوهەوای کۆمەڵگەی زەردەشتیدایە، هەر بۆیە بەشێوەی گشتی بە جۆرێکی تری پەرەپێدانی ئایینی زەردەشتی دادەندرێت.ئایینی مانی جیا لە کەلەپوری زەردەشتی، کاریگەرییەکی زۆری ئایینی یەهوود و مەسیحییەتی بەسەرەوە بووە. دوای بڵاوبوونەوەی ئاینەکە مانی سەردانی هیندستان و چینی کردوە بۆیەش ئەو ئایینە کاریگەریی بودیزم و کۆنفۆسیۆنیزم و ئایینەکانی دیکەی هیندۆسی بەسەرەوە بووە.

"مانی کوڕی پاتەك" لە ســــەدەی ســـێیەمی زایینی لە دەوروبەرێکی سریانیی گنوسـی لە شـاری تیسفون لە باشـوری ئێسـتای عێراق لە دایك بووە. بیروباوەڕەکانی مانی ئاوێتەیەک بوو لە ئایینەکانی مەســـیحی و یەهوودی و زەردەشتی و بودایی و گنوسی. باوکی مانی پیاوێکی چالاك و بایەخدەر بووە بە فەلســـەفەی یۆنانی و باوەڕی گنوســـی و ناســـینی ئایینەکانی دیکە. کوڕەکەی خۆی لەو ڕووەوە چاك پەروەردە کردبوو. لەڕووی ڕەچەڵەکەوە مانی یەکێك لە شـــازادەکانی ئاریاییە و بنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەشکانییەکان.(پرمون،٢٠١٣ م)

مانی لە منداڵییدا هەموو دەورە ئایینی و فەلســـەفییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتی تێپەڕاند بوو. جار جار خۆی گوتویەتی: من یەکێك لەو پێغەمبەرانەم کە چـاوەڕوان دەکرێـت، واتە "پێغەمبەری مەوعودم". بۆئەو مەبەســـتەش دەیگوت: لە ئینجیلـدا "فـارقلیط" هەیە، من ئەو فارقلیطەم و ئەو پەیامە جێبەجێ دەکەم کە لە مێژووی ئایینەکاندا هاتووە. دواتـر مـانـی کەوتە بـڵاوکـردنەوەی بـیـروبـاوەڕەکـانـی خـۆی. لە بیروباوەڕەکانیدا چەمکی نزیك لە مانای بەهەشـــت و دۆزەخی ئایینە ئاسمانییەکان نییە بەڵام بۆچوون و وێناکردنەکانی لە ئاسمانییەوە نزیکن، لێ بە هەمان ناو نا. مانی بۆ بیروباوەڕەکانی خۆی شەش کتێبی نووسیوە کە بریتین لە : شـاپورگان، ئەرژەنگ، ئینجیلی زیندو، گەنجینەی ژیان، کردەوە (کە بە کتێبی پراگماتیکیا دادەندرێ)، ڕاز و دێو. مانی پیاوێکی هونەرمەند بووە و بیروباوەڕەکانی خۆی لە ڕێی نەخشاندن و وێناکردنی

هونەرییەوە گەیاندوەتە پەیڕەوەکانی. بڕوای بە ئاهورامەزدا و خودای شـــەڕ و خودای ئاشـــتی هەبوو . پێی وا بوو لەلایەن ئاهورامەزداوە ڕاســـپێردراوە و پەیامەکەی جێبەجێ دەکات. مانی بڕوای بە ڕوانگەی دۆنـاودون (تنـاســـخ الارواح) هەبووە. گوتـاربێژێکی هەڵکەوتە و لەبیروباوەڕیشـدا لێبوردە بووە و بۆچوونی بەرامبەرەکەی قبوڵ کردووە و گوتوویەتی ئـایینی من پێویســـتی بە زمـانێکی تـایبەت نییە، کتێب و پەیامەکانم تێکەڵ بە هەموو فەرهەنگێك دەبن و هەر کۆمەڵگەیەک بەپێی مێژووی خۆی سەرلەنوێ شین دەبێتەوە و پەیامی خۆی بە زمانی ئەوێ و مێژووی ئەوێ تەواو دەکات. هەر لەبەر ئەوەشـــە، بە ئاســـانی، ئایینی مانی هەر لە چینەوە تا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشێکی زۆری ئەورووپا بڵاو بوبووەوە.

مانی بەردەوام لە سـەفەردا بووە، لە چینەوە تا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەڕاوە. ئەو لە ناو هەموو فەرهەنگەکان زیاتر بایەخی بە فەرهەنگی ســـاســـانی داوە. لە ئایینی مانییدا کەلەپورێکی زەردەشـــتی هەیە، ئەویش نیزامی چینـایەتی لە ئـایینەکەیـدا ڕەنگی داوەتەوە. لە ئـایینی مـانییـدا پەیوەندی نێوان ژن و پیاو (ســـێکس) بە کارێکی قێزەون دادەندرێت. هەربۆیە ســـێکســـی لە چینی یەکەمی پیاوانی ئایینی قەدەغە کردبوو، کە پێیان دەگوترا "ئامۆژگاران". مانی جگە لە چین و هیندســتان، ســەفەری میســـری کردووە. لە میســـری قیبتی ئەوکاتدا، کاریگەرییەکی زۆری هەبووە و لە گەڕانەوەیدا هەتا ناوچەکانی مەککە و مەدینە چووە، بەڵام

لە میسردا پەیڕەوی یەکجار زۆر بوونە. لە ئایینی مانیدا خواوەند زۆرن ، خودایەک بە ناوی "خودابانو" هەیە واتا خودای ژن. سەرزەمینی ڕۆشنایی و خێر کە بە "مینۆ' ناوی دەبات، سەرزەمینی ئاسایش و داسەکنان و برایەتی و یەکترقبوڵ کردنە کە ماناکەی نزیکە لە چەمکی بەهەشت. بۆیە لەم زەمانەشدا وشەی مینۆ وەکو چەمکی بەهەشت یان فیردەوس دادەندرێت. بەڵام سەرزەمینی خراپە سەرزەمینی ئەهریمەنەکانە کە تاریکە و لەوێدا تەنیا شەهوەت زاڵە و ستەم فەرمانڕەوایە کە ئەمەشیان هاوشێوەی چەمکی دۆزەخە. ئەفسانەی ئادەم و حەوا بەشێوەی تایبەتی خۆی لە ئایینی مانییدا جارێکی تر گێڕدراوەتەوە. دێوێك و ئیزەد (واتا خودا) دونیا دروست دەکەن. حەوا وەك ژنێکی هەڵەکار، لەوێشدا، دووبارە دەبێتەوە زینا لەگەڵ دێواندا دەکات و قابیل و هابیل لەو دەبن. بابەتی بێدادی و شەڕ و ستەم لەوێوە دەست پێ دەکات.

لە ئایینی مانییدا ئاژەڵ و دارودرەخت پیرۆزە و پێویستە بپارێزرێن. گۆشتخواردن لە پیاوە ئایینییەکان قەدەغەیە و بۆ تێکڕای پەیڕەوەکانی خواردنی پەسند ناکرێ. بۆ پەیڕەوانیشی وا پەسندترە گۆشت نەخۆن. هەربۆیە پەیڕەوانی مانی لە کاتی خۆیدا ئاژەڵ و پەلەوەریان سەر نەدەبڕی. کاتێکیش کە دەکەوتنە بەر پەلامار و خۆیان دەشاردەوە، بەوە دەناسرانەوە کە فەرمانی سەربڕینی پەلەوەرێکیان پێ دەدرا، ملیان نەدەدا و ئاشکرا دەبوو کە پەیڕەوانی مانین و سزا دەدران. لە ئایینی

مانییدا تاکهاوسەری هەیە، واتا فرەژنی قەدەغەیە. ژنان لە دوای مانییش لە پێگە و کاری ئایینیدا ڕێیان پێدراوە؛ بۆیە کەمێك لە ئایینی زەردەشتی کراوەترە.

مانی هاوشێوەی زەردەشت لە فەرمانڕەواکانی ساسانی نزیك کەوتەوە. چونکە دەیزانی گەر ئیمپراتۆر نەبێتە پەیڕەوی ئایینەکەی، ئەوا ئایینەکە بڵاونابێتەوە. بۆیە لە شاپوری یەکەم نزیك کەوتەوە و کتێبی یەکەمی خۆی بە ناوی "شاپورگان" پێشکەشی ئەوکرد. شاپور بووە مانەوی و ئایینەکەی لە سەرانسەری قەلەمڕەوی خۆیدا بڵاو کردەوە. ئەوەش وای کرد کە موبدەکانی زەردەشتی لێی بکەونە دوژمنایەتی و لە دەرباری شاپور و بەهرامدا بە خراپە باسی بکەن و بەرەیەك لە دژی پێکبێنن. وایان بڵاوکردەوە کە ئەو ئایینە خراپە، ئەوەی مانی دەیڵێت ڕاست نییە و ناتوانێت حەقیقەت بسەلمێنێ. سەرەنجام لە سەردەمی بەهرامدا، ئەنجوومەنێکی ئایینییان لە پیاوانی زەردەشتی و مانەوی پێکهێنا و مانییان بانگ کرد. مانی لەو گفتوگۆیەدا گوایە نەیتوانیوە حەقیقەتی خۆی بسەلمێنێ. بۆیە بەدەستی بەهرام زیندانی کراوە و دواجار لە زیندانداا مردووە، هەندێك دەڵێن لەوێدا کوشتویانە.

بەهرام پادشای ساسانی لە زەمانی خۆیدا دەستی بە لەناوبردنی پەیڕەوانی مانی کرد. بەڵام لایەنگرانی مانی لە شوێنەکانی دەرەوەی ئێمپراتۆریی ساسانی پەرەیان دەسەند. لە هیندستان، ئەرمەنستان، چین،

عێراقی ئێســـتا، ئەوروپا و زۆر شـــوێنی تر، پەیڕەوی بۆ پەیدا بوون. دواتر لە هەموو لایەکەوە پەلامار دران، هەم لەلایەن ئیمپراتۆریی ڕۆم و هەم ئیمپراتۆریی ئیسلامەوە. فەرمانڕەواکانی ئیسلام کە بۆ لەناوبردنی مانەوییەکان هاتبوون، وەك زەندیق یان مەجووس حیســـابیان دەکردن و بە ئایینێکی ســـەربەخۆ دانەندرا. ئەو قەڵاچۆکردنە بەردەوامە وای کرد ورده ورده لایەنگرانی مانی لە کەمی بدەن. ســـەرباری ئەوەش تا پێنج ســەد ســاڵ، هەندێك دەڵێن زیاتریش، دوای فەرمانڕەوایی ئیسلام بەســەر ساسانییاندا، لایەنگرانی مانی لە زۆر ناوچەدا مابوونەوە.

پڕۆســەی بە ئیســلامکردنی کۆمەڵگەی ســاســانی و کوردســتانی و ئەوانەی ئێســـتا پێیان دەگوترێت جیهانی ئیســـلام، پڕۆســـەیەکی چەند ســەدســاڵە بوو و بەرەبەرە ئایینی ئیســلامیان بەســەر ناوچەدا ســەپاند. جار جار لە هەندێ ناوچەدا کە فاتیحەکان بەجێیان دەهێشـــت، ئایینە ڕەســـەنەکان ســـەرلەنوێ شـــین دەبوونەوە. موســـڵمانیش دواتر کە دەگەڕانەوە ســەریان، باج و جزییەیان لێ دەســەندن و هەندێک جاریش قڕیان دەکردن. سەرەنجام لایەنگرانی مانی ناچاربوون خۆیان بشارنەوە و بە مســوڵمان خۆیان نیشـــان بدەن تا باوەڕەکانی خۆیان بپارێزن. ئەوە هەر ئەو قۆناغەیە کە "تەقییە" واتا خۆپاراســتن دەســتی پێ کرد. ورده ورده لایەنگرانی مانی و پیاوە دینییەکان و سەرکردەکانیان هەوڵیان دەدا لەنــاو کۆمەڵگەی ئیســـلامیدا بەرەیەك بکەنەوە. لەو بەرەیەدا خۆیــان بپارێزن و بەردەوامی بە بیروباوڕەکانی خۆیان بدەن. ئەوە بوو ورده

ورده له ناكۆكی نێوان بنەماڵەی عەلی و خەلیفەكانی ڕاشدین لای بنەماڵەی عەلییان گرت. ئەوەش ئاماژە نەبوو بۆ قبووڵكردنی ئایینەكە بەڵكو بۆ ئەوە بوو لەو بەرەیەدا جێگەیەك بۆ خۆیان بكەنەوە و لە بزووتنەوە كۆمەڵایەتییەكاندا حزوریان هەبێت. كاتێك كە مانی لە زیندانی بەهرامی ساسانیدا لەتەمەنی ٦٠ ساڵیدا كوژرا، هەموو ئایینەكانی ناوچەی ساسانی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دژی ئایینی مانەوی وەستابوون. بە تایبەتی پەیڕەوانی زەردەشتی، پیاوانی ئایینی ئیسلام، قەشەكانی مەسیحی و ئایینزای كاتۆلیكی، بە هەموویان ئەو ئایینەیان كوفراند و زۆر دڵڕەقانە كوشتاریان كردن. لە مێژوونوسەكانی دوو سەد ساڵ دوای ئیسلامدا، باس لە كوشتنی بەكۆمەڵی دوو سەد هەزار كەس لە هەڵمەتێكی كوشتنی مانەوییەكان كراوە.(ابن الندیم ، ١٩٩٤)

باوەڕدارانی مانەوی پێیان وابوو لەشی مرۆڤ ماددەیە و ماددە بریتییە لە بەدی و تاریكی و بۆ دونیای دێوەكان دەگەڕێتەوە، بەڵام ڕوح ڕۆشنایی باشە و ئێزەدییە. بۆیە مرۆڤ دەتوانێ پشتیوانی جیهانی ڕۆحی بێت و بەسەر بەدی و تاریكیدا زاڵ بێت. ڕوح تیشكی نورە كە هەمیشە تاریكایی لەناو دەبات و دەیكات بە ڕۆشنایی. سەرەنجامی نور باشەیە كە خۆی لە هونەر، دادپەروەری، گەشەسەندنی تواناكانی مرۆڤ، خۆشەویستی و بەرابەریدا دەخاتەڕوو و ئەمانەش تێكڕا عیبادەتن. ئەم نەبەردی نور و زوڵمەتە تا كۆتایی جیهان بەردەوام دەبێت. سەرەنجام

ڕۆشنایی سەردەکەوێ و دنیای ماددی و لەشی مرۆڤ کۆتاییان دێت و نور بە نەمری و جاویدانی دەمێنێتەوە. ئەوسا ڕوح لە زیندانی لەش ڕزگار دەبێت و ڕۆژی ڕزگاربوونی یەکجارەکی (کە بۆچوونێکی نزیکە لە بەهەشت) دەست پێ دەکات.(مفتخری، ١٣٨٦ ه.ش)

دینی مانەوی بەشێوەیەکی ڕەسمی کۆتایی پێهات بەڵام باوەڕەکانی خزانە نێو لایەنەکانی ئایینی ئیسلام، زەردەشتی، مەسیحی و یەهوودییەت. بەتایبەت لە ئایینی ئیسلامدا شەپۆلێکی نوێ سەری هەڵدا، کە دواتر مەزدەکییەکانیش هاتنە پاڵی و بە قۆناغی عیرفان و تەسەووف ناوی دەرکرد. ئەو عیرفانە بریتی بوو لەو ئیشراق و باوەڕە کە نور لە ناو مێشك و دڵی مرۆڤەوە دەتوانێت حەقیقەتی خۆی و دونیا و خودا بناسێنێت. لە حەقیقەتدا ئەم باوەڕە ڕەگوڕیشەی زەردەشتی هەیە. زەردەشتیش ڕەگوڕیشەی یەزدامەسنایی هەیە. بەو پێیە وردە وردە قۆناغی عیرفان و تەسەووف هاتە دی. دەروێشی و سۆفیایەتی دواتر بە تەریقەتی جیاجیا و کاریگەری جیاجیا، بە پێی هەر ناوچەیەك و تایبەتمەندی مێژوویی ڕۆشنبیریی تەریقەتەکانی عیرفان و تەسووف، شتیان لێ زیاد و کەم دەکرا. بەڵام بە گشتی لەسەر هێڵە باریکەکانی بەردەوام بوون کە پاراستنی بیروباوەڕی مانی بە ڕیشە مێژووییەکەیەوە بوو. (دکتر حسین مفتخری، هەمان سەرچاوە؛ ریس نیا ١٣٥٨ ،ه .ش)

ئەرك و ئامانجەكانی مانەویان لە هونەر و كتێب و شـــێوەكاری و جواننووســـی و مۆســـیقادا ڕەنگی دەدایەوە. بۆیە ئایینی مانی ئایینێكی دونیـایی و پەروەردەییە. هـانـدانی مرۆڤە بۆ زانســـت و هونەر و قبووڵكردنی یەكتری لەپێناو پازدان بەســـەر تاككولتوری و یەكزمانی و یەكمیللەتیدا. ئایینی مانی خاوەنی هێزێكی بەوەجی جیهانی بوو، ئەویش پەیامی نێو باوەڕەكانی ئایینی مانی بوو.

پەیڕەوانی مانی پێیان دەگوترا "دیناوەر"، واتا ئایینهێنەر. ئەوان دوو چین بوون، چینی یەكەم بژاردەكـان، كە بە فـارســـی پێیـانـدەگوترا "گزیدگان" كاریان گەڕان و بڵاوكردنەوەی باوەڕی مانی بوو. ئەم چینە دەبوو هاوســەرگیری نەكەن و گۆشـت نەخۆن. دووەمیان پێیان دەگوترا "نیوشـــایان" واتا چینی گشـــتی. ئەوانە دەیانتوانی جارێك ژن بێنن و گۆشـت بخۆن بەڵام گەر نەیانخواردبا باشـتر دەبوو. بە مەرجێك خۆیان ئاژەڵ سـەرنەبڕن و خەریكی بڵاوكردنەوەی باوەڕەكانی خۆیان بن. ئەو دۆخە پڕۆســـەیەكی داهێنا، كە ســـەرەنجام هێڵی مانەوەی بوو لە نێو ئایینەكانی دیكەی ســـاســـانی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســـتدا. ئەمەش لەو زمـانـانەدا پەیڕەو و كـاریگەری خۆیـان هەبوو. ئەو چەنـدزمـانی و چەنـدكولتووری و نەتەوەییەی مـانی دەیگوت هـاتەدی. نموونەكەی زمانەكانی سـریانی، پارسـیی ناوەند، پەهلەویی ئەشـكانی، سـەغەدی، تورکی ئیغۆری، چینی، قیبتی و یۆنـانی بوو. لەهەموو ئەو زمـانـانەدا ئایینی مانی بڵاو بووەتەوە و كتێبەكانیشـــی لە شـــوێنەوار و مۆزەخانە

مێژووییەکاندا هەن. مانەوییەکان زمانی خۆیان بە خەت لەسەر چەرم و پاپیرۆس دەنووسییەوە و بە ڕەنگداڕشتن و ڕەنگاندن دەیانڕازاندەوە. کتێبی مانی کە هەمووی شێوەکاری بوو، کتێبی "ئەرژەنگ" بوو. نزیکترینی ئەو ئایینانەی لەم سەردەمەدا ماون و بە پاشماوەی ئایینی مانی دەژمێردرێن ئایینی "مەندایی و سابیئەیە" کە لە باشوری عێراق و باشوری ئێران و هەندێ ناوچەی کەنداوی فارسدا ماون. ئێزدی و یارسان لە کوردستاندا بە پاشماوی مانەوی حساب دەکرێن(کیست٢٠٠٦). هەروەها لە ئایینی بەهایی و بابییدا بە هەمان شێوەیە. لەو ئایینانەدا کاریگەری مانەوی زۆر بەدی دەکرێت. ئەو ئایینە لەسەردەمی ساسانییەکان، شاپوری یەکەم و هورمزدا زۆر بە فراوانی بڵاوبۆوە. مانی لە زەمانی ئەردەشێری بابەکان و لە ئێرانەوە چووەتە هیندستان و بیروباوەڕەکانی خۆی بڵاوکردوونەتەوە. دواتر گەڕاوەتەوە ساسان و باوەڕەکانی خۆی لە بارەگای شاپوردا سەلماندووە و ڕێگای پێ دراوە ئایینەکەی بڵاوبکاتەوە. لە زەمانی هورمزدا کە خۆی مانەویی بووە ئایینەکە زۆر بڵاوبوەتەوە. بەڵام لەسەردەمی بەهرامدا، ڕێ لە مانی دەگیرێت، دەستگیردەکرێت و دەکوژرێت. لەبەر ئەو گوشار و کوشتارەی لە ناوچەدا هەبووە، پەیڕەوانی مانی کۆچ دەکەن بۆ سەرزەمینە دوورەکانی هیندستان و چین. بەوەش چوونەتە نێو قۆناغێکی نوێی جیهانگیرییەوە. لە چین بە تایبەتی لە دەوڵەتی ئۆغیریستانی چیندا، ئایینەکە بڵاوبووەوە و بووە ئایینی ڕەسمی. ئەو ئایینە لە ساڵی ٢٧٣ ی

زایینی و لەو سەر زەمینەدا، کە ئێستا پێی دەگوترێ ئێران، بڵاوبووەوە. دوای ئەوەش بەرەو شـــارســـتانییەکانی دیکەش ڕۆیشـــت. مانی پیاوێکی زۆر خاکی و عیرفانی بووە. خۆی بە چوارچێوەی زەمینێکەوە پەیوەست نەکردووە. دەیگوت من فارقلیطم. "فارقلیط" لە ئایینی مەســـیحییەتدا چەمکێکە لە ئینجیلدا هەیە کە دەتوانێ لە هەموو فەرهەنـگ و زمـان و شـــوێنێکدا بڵاو ببێتەوە. ئەوەش وایکرد جێی خۆی بکاتەوە. مانی دەڵێ ئایینی من بە دە هۆکار لە ئایینەکانی پێش خۆم باشترە. ئایینەکانی پێشوو بۆ یەك شـــار و یەك زمان بوون، بەڵام ئایینی من وایە کە بچێتە هەر شارێك و لە نێو هەموو زمانێکدا دەگونجێت، بۆیە تا دوورترین وڵاتانیش دەڕوات. ئەو ئایینە لە ناوچەی وادی الرافدین -میزۆپۆتامیا- لە شـــاری مەداین پەیدابوو. باوکی مانی پەیڕەوێکی مەندایی و لە تیرەی گنوســـی ئەلخەســـایی بوو. مانی ڕێبازێکی تایبەت بەخۆی هەبوو و دەیگوت من ئیلهام لە فریشـتەیەك وەردەگرم بە ناوی هەمزادتوم. گۆشـت ناخۆم، ژن ناهێنم، سێکس ناکەم و شەراب ناخۆمەوە. دوایی بەرەو سەرزەمینەکانی تر ڕۆیشـــت و لەو ســـەفەرەدا کە گەڕایەوە باوەڕی "دۆناودۆنی" لە هیندستانەوە هێنا و خستییە سەر ئایینەکەی خۆی. مانەوییەکان چووبانە هەر ناوچەیەك، باوەڕەکانی خۆیان بڵاو دەکردەوە، ناوەکانی خودا و ئەیزەدان و ئەهریمەنیان لەگەڵ ئەفسانەکانی ئەو ناوچانەدا تێکەڵ دەکرد. بۆیە خەڵکی ناوچەکە بە ئاسانی ئەو باوەڕەیان وەردەگرت. ئەفسانەکانی مانەوی لە ســەرچاوەکانی ســاســانی، بابلی، هیندی، زمانەکانی ســامی

وگنوسی وەرگیراون. هەر بۆیەش لە ناوچەکانی مەسیحی و زەردەشتی و بوداییدا زۆر پەرەیسەند.

لە بیروباوەڕی مانییدا ئاژەڵ ناکوژرێ و ئازار نادرێ. سەرچاوەکانی ئاو پیس و شـێلو ناکرێن و درەخت دەپارێزرێت. کۆیلایەتی قەدەغەیە و کەنیزە نـابێ هەبێ. ئـایینەکە دە بنەمـای هەیە کە بریتین لە : ١-بـاوەڕ بوون بە ئەیزەد، ٢-چوار مەزن کە بریتین لە ڕۆشـنایی، توانایی، پاکی، مەعریفەت، ٣-دۆسـتایەتی، ٤-خۆڕاگری، ٥-عەقڵ، ٦-ڕاسـتگۆیی، ٧-ئاشتی، ٨-شادی، ٩-میهرەبانی، ١٠-بەڕەوشتبوون و پاکداوێنی.

ئەمە پوختەیەکی خێرای باوەڕەکان و بۆچوونەکانی مانی بوو کە وەك قۆناغێکی گرنگ لەمێژووی پەیدابوونی ئایین و باوەڕ و ڕۆشـــنبیریی گەلانی کوردســتاندا هەیە. خۆمان بەشــێکین لە میللەتانی ســەرزەمینی کۆنی ســـاســـانی کە ئیمپراتۆرییەکانی هەر وەک چۆن مێژووی فارس بووە، بە هەمــان شـــێوە مڵکی مێژوویی کورد و گەلانی دیکەی ناوچەکەمانە و لەو بیروباوەڕانەدا هاوبەشــین. کوردســتان ناوچەیەکی شـــاخاوی ســـەخت بووە و شـــوێنی بەرژەوەندی و دانانی پایتەختی ئیمپراتۆرییەکان نەبووە. شـــاری گەورەی تێدا نەبووە. بۆیە ئایینی مانی وەك زۆربەی ئایینەکانی دیکە، هەروەها لە توێی تەریقەتەکانی عیرفانی و تەســەووف بە ڕەگوڕیشــەی قوڵ مایەوە. ئایینەکانی یارســان و ئێزدی لەســەر بنەمای بەردەوامیی ئەو باوەڕانە و عەقیدەکانی مانی و مەزدەك

و زەردەشـــت هاتوونەتە دی. کەواتە دەتوانین بڵێین بەو تایبەتمەندییانەی کوردســتان هەیەتی، هیچ کاتێك ئیمپراتۆریی ئیســلام و فەرمانڕەواکانی دیکە نەیانتوانیوە ڕەگوڕیشـــەی ئەو ئایینانە لە کوردســـتان هەڵکێشـــن. مــانەوییەت بە قووڵی لەگەڵ بــاوەڕەکــانی عیرفــان و تەســـەووف، لەخوارەوەتر لەگەڵ ئـایینی ئیســـلام تێکەڵاوییەکی پەیـدا کردووە. ئەو هۆکـارە بووە ســـەرچـاوەی ئەو بزووتنەوانەی لە نـاوچەدا بە نیـازی چاکســـازی ئایینی، چ بەرامبەر ئیســـلام یان ئایینی زەردەشـــتی، لە ناو کوردان زۆر بە ئاسانی درووست بن و بە ئاسانیش قبووڵ کران.

بەشی پێنجەم

مەزدەکی بامدادان

داهێنەری عەقیدەی چاکسازی.

مەزدەک دەکـاتە پێنجەمین قۆنـاخ لە بیروبـاوەڕی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئایینی لە سـەرزەمینی کۆنی سـاسـانی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت. ئەو دوای مەزدەیەسـنا، میترا، زەردەشـت و مانی دێت. مەزدەک کاریگەرییەکی زۆری لەسـەر مێژووی فکری ناوچەماندا هەیە. مەزدەک کوڕی بامدادان لە ٤٥٦ی زایینی و لە نەیشـابوور و هەندێکیش دەڵێن لە تیسفۆن لە دایک بووە. (م. پرمون، ٢٠١٣م)

بیرباوەڕی زەردەشـتی و ئیشـراقی و عیرفانی لەو دەورووبەرەی مەزدەکی تێدا دەژیا، زۆر بەربڵاوبوون. مەزدەک هەر لە منداڵییەوە خرایە بەر خوێندن و زۆر بە خێرایی لەسـەر ئەو بنەمایە گۆش کرا و

فرچکی پێوەگرت. کاتێک گەورەبوو، بووە کەسێکی عەدالەتخواز و بە دیققەت و زانستپەرست. لە هەمان کاتدا پیاوێکی خاکی و دادپەروەر بوو کە زۆر پابەندی گۆشەگیری و قانیع بوون بە ئاستی هەرە نزمی ژیان بوو. لایەنگری هەژاران و دژی خاوەن زەوی و سیستەمی سیاسی و ئابووری ساسانی بوو. لەو زەماندا سیستەمێکی چینایەتی زاڵمانە هەبوو، هەروەها مۆبدان و پیاوانی ئایینی زەردەشتی لە خزمەتی ئەو سیستەمەدا بوون. ئایینەکە خۆی لەگەڵ ئەو چینانە گونجاندبوو و زیاتریش لەگەڵ بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی و مالی موبدەکان و ستەم و زۆرداری و فەسادی ساسانیدا ڕێکخستبوو.

لە مێژوودا ئەو قۆناغە بە ناوبانگە کە ئیمپراتۆریی ساسانی لە خراپترین بارودۆخدا بوو؛ جوتیاران، پیشەوەری شار، جەنگاوەران و خەڵک بە گشتی لەژێر چەوساندنەوەیەکی وەهادا بوون کە بواری بەردەوامبوونی ژیان زۆر کەم بووە. گرانی و قاتوقڕی هەموو گوند و شارەکانی گرتبوو و برسێتی بڵاوبووەوە. لە هەمان کاتدا خورافاتپەرستی لە هەموو کات زیاتر بوو. کاربەدەستان و دەستەڵاتدارانی ساسانی لەگەڵ موبدەکان، لە گەندەڵیدا ڕۆچووبوون. لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە فەساد گەیشتبووە ئەوپەڕی خۆی. وەک دەگێڕنەوە شیرازەی ناو خێزانەکان و مرۆڤەکان لێکترازابوو، بە جۆرێک دروستکردنی خێزان و هاوسەرگیری کارێکی زۆر سەخت بوو. بەڵام لە بەرامبەر ئەوەدا، کاربەدەستان و فەرمانڕەوا و

مۆبیدەکان، لە ژیانێکی خۆشدا بوون. حەرەمسەرایان هەبوو[3].

لەو بارودۆخەدا مەزدەکی گەنج، هاتە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی و ئایینی و فکری. یەکێک لە مامۆستاکانی مەزدەک ناوی "زەرتوشتی خورگان" بوو. کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ڕۆم بوو. ئەو مامۆستایە زۆر پابەندی کتێبی کۆماری ئەفڵاتوون بووە. ئەو کتێبەی وەک دەرس دەدایە مەزدەک. زەردەشتی خورگان مامۆستای مەزدەکی بامدادان، بایەخێکی زۆری بە زانستی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەدا، مەزدەکی لەسەر تێگەیاندن و ڕاهێنان و هێنانەدی ئەو ئاواتانە ڕادەهێنا. لەلایەکی دیکەوە مەزدەک زۆر هۆگری بیروباوەڕەکانی مانی بوو، پێی وابوو دەبێ ئەوەش بەشێک بێت لە بیروباوەڕەکانی خۆی. بەڵام مەزدەک بە پێچەوانەی مانی، وەک زەردەشتی مایەوە و خۆی بە پێغەمبەر نەدەزانی. پێی وابوو دەبێ چاکسازی لە ئایینی زەردەشتیدا بکرێ. ئایینی ئەسڵی کە بریتییە لە هەمیشە بەرەنگاربوونەوەی ڕۆشنایی لە دژی تاریکی ، خێر لە دژی شەڕ، ئاهورامەزدا لە دژی ئەهریمەنەکان، هەروەها ئاسایش و خۆشی خەڵک لە بەرامبەر زوڵم و ستەمی داگیرکاراندا پشتیوانی بکرێت.(رحیم ڕئیس نیا، ١٣٥٨ ه. ش)

مەزدەک زۆر بە قوڵی و بە ڕەخنەگرانە تەماشای سیستەمی چینایەتی ساسانی و پێکهاتەی چینایەتی ناو دینی زەردەشتی دەکرد. پێی

[3] حەرەم سەرا واتە دیوان و ماڵێکی گەورە کە پرە لە ژن، ئینجا ژمارەی ژنەکان بەپێی دەستەڵاتی کەسەکە زۆر و کەم دەکرا، ئەو پیاوەش هەموو ژنەکانی وەک جاریەی خۆی بەکاردەهێنا

وابوو ئەوە ســـەرچاوەی ئەو هەموو خەراپە و ئێش و ئازارەیە کە خەڵــک تێیــدا دەژیــا. بۆیە ملی لەوە گیر کردبوو کە دەبێ ئــایینی زەردەشــتی چاک بکات، واتە چاکســازی تێدا بکات. مەزدەک زۆر بەجدی پەیڕەوەکانی خۆی بە گۆشەگیری و زوهد و خاکەڕێیی داچاندا. پاراســتنی ژیانی ئاژەڵان و ســروشــت و ژینگەی بە باوەڕی پیرۆزی خۆی دەزانی. مەزدەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی عەدالەتخوازانەی داهێنا کە بەرابەری و یەکســانی کردە ئامانج. ئامانجەکانیان لە ســێ بواردا وەک دروشــم دەکردە ناونیشــانی باوەڕەکانی خۆیان کە بریتی بوون لە :" ســـامان و زەوی و ژن"، (معلوف١٩٣٩م). بەو مانـایە سامان یان ماڵ مڵکی هەمووانە چونکە میللەت یان دانیشتوان بەرهەمی دەهێنن. زەوی دەبێ موڵکی هەمووان بێــت و بە عەدالەتەوە دابەش بکرێ. خواســت و ئارەزووی خەڵک دەبێ بهێندرێتە دی و ژنانیش دەبێ لە حەرەمسەرا و کۆیلەیی ڕزگاربکرێن. مەزدەک پێی وابوو هەر پیاوێک دەبێ بۆ یەکجار هاوســەرگیری بکات و یەک ژنی هەبێ. فرە ژنی قەدەغە کردبوو و بـاوەڕیشـــی پێی نەبوو. لە بیروبـاوەڕەکـانی خۆیــدا، جێی بۆ کردبووەوە کە نــابێ لە یەک ژن زیــاتر هەبێ. مەزدەکیش وەك مانی پکەوە بوونە هەوێنی تەســـەووف و عیرفان لە قۆناغەکانی دواییدا.

مەزدەک کتێبێکی دانـا، بیروبـاوەڕەکـانی خۆی تێـدا کۆکردبووەوە بەناوی "دیسنا". ئەو کتێبەی پێشکەش بە قوبادی ساسانی کرد. ئەوەبوو قوباد پاش ماوەیەک بووە مەزدەکی و لە ئیمپراتۆریی ساسانیدا دەستی بە چاکسازی کرد.

مەزدەک بڕوای بە توندوتیژی نەبوو. بـاوەڕی بە بزووتنەوەیەک هەبوو لەسەر بنەمای ئاشتی و ئارامی. پێی وابوو ئەو چاکسازییە دەبێ لە ڕێگەی باوەڕپێهێنان و قەناعەت دروستکردن بێت تا لەژێر فشاری کۆمەڵایەتیدا بە ئەنجامەکانی خۆی بگات. هەڵبەت دەڵێن لە هەندێک شوێندا کە بزووتنەوەکە پەرەیسەند، لە کرداردا توندوتیژی لێ کەوتەوە، چونکە سەروەت و سامانی فەرمانڕەواکان و موبدەکانی زەردەشتی ، خاوەن زەوییەکان و ئاغاکان بە زۆری داگیر دەکرا و بەسـەر خەڵکدا دابەش دەکرا. ئەوەش جۆرێک لە توندوتیژی لێکەوتەوە کە دوورە لە بیروباوەڕە نووسراوەکانی مەزدەک. ئەوەیان جۆرێکە لە زەبروزەنگی شۆشگێڕانە کە بزووتنەوەی جەماوەری عەدالەتخواز، کاتێک کە دێتە مەیدان پەیڕەوی لە هیچ بڕیارێکی پێشـەکی ناکات و بنەما کردەییەکانی خۆی فەرامۆش دەکات.

دوای ئەوەی قوبـادی سـاسـانی بـاوەڕی بە مەزدەک هێنـا و ئیمپراتۆریی سـاسـانی ناچارکرد ئەو باوەڕانە وەربگرێ و چاکسـازی

دەســت پێ بکات، ئەو ڕۆژگارە بوو بیروباوەڕەکانی مەزدەک هەموو ئیمپراتۆریی ساسانی تەنییەوە. ناوچەکانی میزۆپۆتامیای گرتەوە و بە لێوارەکانی کەنداوی فارس (یان عەرەبی)دا بڵاوبووبووەوە. هەربۆیە بیروباوەڕی مەزدەکی لە هەموو کەنداودا بە سعودیەشەوە ،بیروباوەڕێک بوو کە خەڵک دەیبیست و باوەڕیان پێکدەهێنا. سەرەنجام کێشەیەکی زۆر لە نێوان موبیدەکانی زەردەشتی و مەزدەکییەکان دروست بوو. هەروەها پیاوانی ئایینی مەسیحی و یەهوودی، بەتایبەتی مەسیحییەکان زیاتر کەوتنە دژایەتیکردنی بیروباوەڕی مەزدەک. هەموو ئەوانە لە دەوری موبدەکان و سەردارەکانی سوپایی کۆبوونەوە و هەندێک لە بنەماڵەی قوباد وەک کوڕەکانی و خزمەکانیشی لەگەڵ خۆیانیان بردن و کێشەیەکی گەورە بۆ مەزدەک دروست بوو. پیاوانی ئایینی مەزدەکیان بە زەندیق لە قەڵەم دا.

مەزدەک بیروباوەڕە چاکسازییەکانی خۆی بە دروستدینی (بهدینی)، واتە بە ئایینی باش ناودەبرد. هەر بەوەشەوە خۆی دەناساند. پێی وابوو ئایینی مەزدەیەسنا کە بنەمای ئایینی زەردەشتییە، شێوێندراوە و دەبێ بگەڕێتەوە سەر ڕێچکەی ئەسڵی خۆی و چاکسازیشی تێدا بکرێت و حەرەمسەراکان دەبێ تێکبدرێن و ئەو باج و خەراجەی کە لە خەڵک دەستێندرا لاببرێت و زەوی بەسەر خەڵکدا دابەشبکرێ و ژن ئازاد بکرێت و پیاوان تەنیا مافیان هەبێ یەک ژن بێنن. هەروەها پاراستنی

ژینگە بە دار و دروخت و هەموو گیاندارانیەوە بوونە درێژکراوەی ئایینی زەردەشتی و مانی.

مەزدەک پێی وابوو مرۆڤ پیرۆزە، دەبێ لە ئـاشـــتی، ئـارامی، بەرابەری و عەدالەتدا بژیت. گیانداران، ئـاژەڵ و بـاڵندە و تەنـانەت مێشـــولەکـانیش پیرۆزن و مـافی ژیـانیـان هەیە و دەبێ بپـارێزرێن. دارودرەخت و گژوگیا تا ئەندازەی پێویسـت سـوودیان لێ وەربگیرێ، دوای ئەوە دەبێ بپارێزرێن. مەزدەک بۆخۆی گۆشتی نەدەخوارد و پێی وابوو پەیرەوانی ئەویش نابێ گۆشـــت بخۆن. بەو پێیە، نابێ هیچ کام لەو گیاندارانە ســەرببڕدرێن. جیا لەوەش مەزدەک پێی وابوو پێویســتە ڕەفتار و کردار و گوفتاری پەیڕەوانی ئەو لەســـەر بنەمای ئارامی، هێمنی و لەسەرخۆیی بێت.

مەزدەک زۆر بە لێبڕاوی دژی کۆیلایەتی بوو. پشـــتیوانی مافی جوتیاران بوو، بۆ ئەوەی هەم ئازاد بکرێن و هەم زەوییان پێبدرێ. پێی وابوو دەبێ نیزامێک دروسـت بکرێ کە ئایینی زەردەشـتی چاککراو تێیدا بنەما بێت و لەســـەر بنەمای یۆتۆپیا دابمەزرێت. یۆتۆپیاش ئەو دەرسانەبوون کە مامۆستاکەی واتا زەرتوشتی خورگان لەسەر بنەمای فەلسـەفەی ئەفلاتون فێری کردبوو و هەموو کتێبی کۆماری ئەفلاتونی بە مەزدەک دەرس دابوو.

لە ناو بنەماڵەی پادشـــای ســـاســـانیدا کێشـــەیەکی گەورە لەســـەر فەرمـانرەوایی و پـاشـــایەتی هەبوو. بۆ مـاوەیەک قوبـاد لا درا و بە پشتیوانیکردنی مەزدەک پادشا گەڕایەوە سەر تەختی فەرمانڕەوایی. لە دواییدا کوڕی قوباد کە خوسرۆ ئەنوشێروانی پێدەڵێن، هاتە سەرکار و ملی بۆ فشـــاری موبد و موغ و محافیزەکارانی ئایینی زەردەشـــتی و فەرماندەکانی ســوپا و ئاغا و خاوەنزەوییەکان شـــۆڕکرد. بۆیە کەوتە دژایەتیکردنی مەزدەک و مەزدەکییەکان. پادشـا وردە وردە لەگەڵ ئەو بـالۆرە خۆی گونجـاند کەدەیگووت مەزدەک زەنـدیقە، واتە لایداوە و دەقی ئەڤێســتا بە هەڵە لێکدەداتەوە. ئەو لێکدانەوە هەڵەیەی ئاڤێســتاش دواجار کارەســاتی ترسـناك بۆ ئیمپراتوریی سـاسـانی لێ دەکەوێتەوە. هەروەها موبد و موغەکان مەزدەکیان تاوانبار دەکرد کە مانەوییە و لە ئـایینی زەردەشـــــت دوورکەوتووەتەوە و پیـاوکی خەتەرە. مەزدەک هەمیشـــە بنەماکانی ئایینی زەردەشـــتی لەســـەر بنچینەی باوەڕی ئاهورامەزدا و بەرنگاربوونەوەی ئەهریمەن دووپات دەکردەوە، کە لە ڕکابەری نێوان ڕووناکی و تاریکی ، خێر و شـــەڕدا ســـەرەنجام ڕووناکی بەسەر تاریکیدا زاڵ دەبێ و خێر شەڕ دەبەزێنێ و ئاسایش و خۆشـــی کۆتایی بە چەوســاندنەوە و ســتەم و نەداری دێنێت. بەردەوام مەزدەک دەیگوت؛ خەڵک بە یەکســانی لەدایک دەبن، کەس لە زاتی خۆیـدا لە ســـەرەتـاوە بە دەوڵەمەنـدی لە دایـک نـابێ. ئەوەی کە دەوڵەمەندیی پێ دەبڕێ، بەس زوڵم و ستەم و داگیرکارییە و هیچی تر.

بەو پێە بیروباوەڕی مەزدەک ئیشتراکی(سۆسیالیستی) بوو بەڵام نەک بەوشـــێوەیەی کە کۆمۆنیســـتەکـان پێیـان وابوو مەزدەک یەکەمین کۆمۆنیستی مێژووە. ئیشتراکی بوون و بەرابەری مەزدەکییانە، لەگەڵ فکری کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم لە سەدەی بیستەمدا، ئاواتی هاوبەشیان هەیە کە ئەویش عەدالەتە. مەزدەک خۆی مرۆڤێکی زۆر خـاکەڕا بووە، دەڵێن بەردەوام جلوبەرگی زبر و زووری دەپۆشـــی. ئەو جلوبەرگە دوایی بووە جلوبەرگی(خیرقە) سـۆفی و عارفەکان. ناوی سـۆفی یان "صـوفی" کە بە جۆری جلەکانیانەوە ناودێر بووە و مانای خوریيە، هەر لەوەوە هاتوە. هەندێکیش دەڵێن تەســەوف لە صـــافی و دڵسـافی و بیرسـافی و تێڕوانینی ڕوونی ڕۆشـەنگەرانە هاتوە. هەندێکی تر دەڵێن گەڕانەوەیە بۆ ڕۆشنایی و ئاهورامەزدا کە ئەوە ڕێی تێدەچێ.

مەزدەک لەگەڵ شـەهوەت و ئازاردانی ژناندا نەبوو، ئەوەش زۆر لەگەڵ گۆشـــەگیرییەکەیدا دەگونجا. لە ژیانی خۆیدا بەهیچ شـــێوەیەک ڕێگەی بە قەرەباڵغی و فەوزای سێکسی نەدەدا و باوەڕی پێ نەبوو. بە هیچ شـــێوەیەک بیروباوەڕەکانی مەزدەک بۆ ئازادی ژنان بە مانای تێکـدانی خێزان و هـاوســـەرگیری نەکردن نەبوو. بە پێچەوانەوە، مەزدەک زۆر بە جدی دەیویســـت هەر پیاوێک یەک ژنی هەبێ و خێزانێکی زۆر تۆکمە پێکبهێنێ.

مەزدەک لە ڕێنوێنییەکانی خۆیدا هەمیشە دەیگوت ماڵی دەوڵەمەندان ئی هەژارانە و لێیان سەندراوە. بۆیە ڕاستیەکەی ئەوەیە کە دەبێ بۆ خاوەنەکەی کە خەڵکی هەژار و ئیشکەرن بگەڕێندرێتەوە.(اختە،١٣٩٧ ه. ش)

مەزدەک لە ڕووی بیروباوەڕی فەلسەفییەوە پیاوێکی دووئالیست بوو. واتە وەک مانی و زەردەشت بڕوای بە نور و تاریکی، خێر و شەڕ هەبووە. لە بیروبڕوای مەزدەکدا خوای تاک و تەنیا هیچ کاتێک نە بیری لێ کرابووەوە و نە هەبوو. مەزدەک سەرچاوەی بیروباوەڕی خۆی، جیا لە ئایینی زەردەشت، لە مانی و یۆنانییەکان بەتایبەتی ڕەواقی و مەرقییەکان و بیروباوەڕی گنوسی یان گنوسیزم وەرگرتبوو. هەروەها بیروباوەڕی بەردیسیان و ئەو بیروباوەڕانەی کە لە یۆنان و ڕۆمی کۆندا هەبوون، کاریگەریان لەسەر مەزدەک هەبووە. ئەو هەوڵی دەدا لە ڕێی کەسانی دەورووبەری باوکییەوە دەرس وەربگرێ، بۆیە بیروباوەڕ و بەهاکانی مەزدەک پەروباڵی لە ئەندێشەی ئایینی زەردەشتی زیاتربوو.

لە دواییدا ورده ورده مەزدەک بووە نمونەیەکی باش و ئیدۆلۆگێکی گەورەی ناوچەکە. بەشێکی زۆر لە سەرداران و ڕابەرانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو کەسانەی ئایینی زەردەشتیان وەک نموونەی بەرزی خۆیان وەرگرتبوو، پەیڕەوییان لە ئاڕمانی مەزدەک دەکرد.

پاش ئەوەی خوسرەوی یەکەمی ساسانی، کە بە ئەنۆشیروانی عادل ناوی دەبەن مەزدەکی گرت و بەشێوەیەکی نامرۆڤانە لەناوی برد ، پەلاماری پەیرەوەکانی دا، سەدان هەزاری لێ کوشتوبڕ کردن. هەروەها فەرمانی دەرکرد لە هەرشوێنێک مەزدەکی هەبن بیانکوژن.

دوای کوژرانی مەزدەک، هاوسەری مەزدەک کە ناوی خورەمی کچی فاو بوو و (خەرمەک)یشیان پێدەگوت، لە شاری مەداین ڕای کرد و خۆی گەیاندە شاری ڕەی کە بەشێک لە تارانی ئێستایە، بۆ ئەوەی بتوانێ سەرکردایەتی بیروباوەڕی مەزدەکی هاوسەری بکات. لە ڕەی دەستی کرد بە بەرەنگاربوونەوە و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی مەزدەکی، بۆیە بیروباوەڕەکەی مەزدەک لەو قۆناغەدا ناوی لێندرا بیروباوەڕی خورەمدینی. لەراستیدا هەمان بیروباوەڕی مەزدەکی بوو. خورەمدینییەکەش لەسەر ناوی خورەمخانی خێزانی مەزدەک بووە . لەناوچە جیاجیاکانی ساسانیدا، سەرکردە و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دروست بوون و پەیوەندیان بە خورەمی فاوەوە دەکرد.

کوژرانی مەزدەک هاوکات بوو لەگەڵ نەمانی ئیمپراتۆریی ساسانی و داگیرکردنی سەرزەمینی ساسانی لەلایەن خەلافەتی ئیسلامییەوە. بۆیە درێژکراوەی ئاڕمانی مەزدەک هاتە ناو ئایینی ئیسلامیشەوە. کاتێک ئیسلام دەستی بەسەر سەرزەمینی ساسانیدا گرت، کوردستانیش وەک بەشێک لەو ناوچەیە بوو، بزووتنەوەی مەزدەکی بەرفراوان تر

بوو. بەگوێرەی ئەو سەردەمەی کە باسمان کرد، یەکێک لە سەردارەکان ناوی سەندباد بوو. سەندباد لەناو خەلافەتی عەباسیدا کە تازە هاتبووە سەرکار، بۆ تۆڵە سەندنەوەی خوێنی ئەبوموسلیمی خوراسانی ڕاپەڕی. ئەبوموسلیم یەکێک لە مەزدەکییەکانی ناو ئیمپراتۆریی ئەوکاتی عەباسی بوو کە لە زاهیردا خۆی بە موسڵمان دەناساند. لە بەشەکانی داهاتوودا باسی دەکەم کە چۆن زەردەشتی و مەزدەکی و مانەوی ناچاردەبوون، بۆئەوەی خۆیان بپارێزن و نەکوژرێن، بە زاهیر بڵێن موسڵمانین بەڵام لە باتیندا هەر مەزدەکی یان مانەوی یان زەردەشتی دەمانەوە.

سەندباد سەردارێکی بەناوبانگ بوو، لە ئەسڵدا ناوی پیرۆزی کوڕی ئەسپەند بوو، بەڵام ناوی لەخۆی نابوو سەندباد. لە ساڵی ١٣٧ی کۆچی کە دەکاتە کۆتایی سەدەی هەشتەمی زایینی ژیاوە. سەندباد سەرەتا بۆ پشتیوانیکردنی ئەبوموسلیمی خراسانی، دوایی بۆ سەندنەوەی خوێنی ئەو، مەزدەکییەکانی ناوچەکەی لەخۆی کۆکردنەوە. دەڵێن بە هاوکاری مەزدەکییەکانی شاخاوی (کوردستانی ئێستا) توانی خەڵکێکی زۆر کۆبکاتەوە و پەرە بە تێکۆشانی خۆی بَدات دژی موعتەسەم خەلیفەی عەباسی. خەلیفەی عەباسی، سەردارێکی خۆی بەناوی ئەبوجەعفەری جهودی بن حەراری عجلی نارد، تا بەهەر شێوەیەک بێ بزووتنەوەی

[٤] ناوی دەرکردبوو هاوسەری مەزدەک خوررەمخانی لەسەر ناوی

سـەندباد لەناو ببات. دوای دوو سـاڵ قەڵای مەزدەکیەکانیان لەنێوان شـاری هەمەدان و ڕەیدا داگیرکرد. ئەبوجەعفەری جهودی شـەسـت هەزار کەسی لە لایەنگرانی سەندباد کوشتوبڕ کرد.

دوای کوژرانی سـەندباد، پاش ماوەیەک بابەکی خوررەمدینی هات. ئایینی خوررەمی ١ بە ئایینی خۆی دەزانێ. بابەک ناوی ڕاسـتەقینەی "پاپەک"ە. بەشێکی زۆر لەو سەرزەمین و شوێنانەی کە بابەک شەڕی تێدا دەکردن، پەیڕەوەکانی لە کوردسـتانەوە بوون، لە مەزدەکییەکانی ناوچە شـاخاوییەکانی ئێسـتا کە پێی دەگوترێ کوردسـتانی عێراق و ئێران. هەروەها یەکێک لە سەرکردەکانی بابەکی چوو لە کوردستان بە سـی و پێنج هەزار کەسـەوە لە ناو مەزدەکییەکانی شـاخاویدا مایەوە، نـاوی عەلی مەزدەک بوو کە خەڵکی ئیسـفەهـان بووە(ریس نیـا، ١٣٥٨).

لەوکـاتەدا سـەردەمی خەلیفە موعتەسـەمی عەبـاسـی بوو. خەلیفە سـەردارێکی دانابوو تا سـەرکوتکردنی بابەک بگرێتە ئەسـتۆ ئەویش خەیفە بن تاوس بوو و نازناوی ئەفشـین بوو. خەلیفە ئەفشـینی نارده شـەڕی بابەکییەکان و دوای دووسـاڵ ، دژبود قەڵای بابەکیەکانی داگیرکرد. لە ڕاسـتیدا بە فێڵ داگیری کرد؛ خەلیفە نامەیەکی بۆ بابەک نووسـی بوو کە گفتی پێدابوو لەگەڵی ئاشـی بێتەوە و بیبەخشـێت. بابەک

بەرەو بەغدا ڕۆیشـــت و لە ســـامەڕا گرتیان و بەشـــێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە کوشتیان.

بزووتنەوەی بـابەکی تـا ســـــاڵی ٣٠٠ی کۆچی بەردەوام بوو. پاشماوەکانی شەڕیان دەکرد، هەروەها شەڕەکانیشیان لە پێناو پاراستنی بیروباوەڕی مەزدەک و دژ بە موسڵمانانی عەرەب بوو.

ئەوەی من باسـی دەکەم گێڕانەوەی مێژوو نییە، دەمەوێ نیشـانی بدەم کە بزووتنەوەی مەزدەکی بووە پردی هـاوبەش لەنێوان ســـەرزەمینی سـاسـانی کۆن وسـاسـانی موسـوڵمان کراودا، واتا لە نێوان کوردسـتانی کۆن و کوردســـتانی موســـڵماندا، لەنێوان ئیمپراتۆریی ســـاســـانی و خەلافەتی ئیسلامیدا بە ئەمەوی و عەباسییەوە. ئەو دیققەتەم بۆ ئەوەیە لە ڕووی مێژووییەوە ڕێچکەکە دەســـتنیشـــان بکەم کە چۆن بیروباوەڕی مەزدەکی توانی هەموو بیروباوەڕەکانی کۆن لەناوخۆیدا کۆبکاتەوە و ئینجا چاکســـازیی تێدا بکات و بیگوازێتەوە بۆ قۆناغی نوێ. لەوێوە چۆن قۆنـاغی نوێ دەســـتیپێکرد؟ لە بەردەوامی بیروبـاوەڕی کۆنـی کۆمەڵگای کوردســتان و کۆمەڵگاکانی کۆن، چۆن ســەرەنجام لە ژێر زەبروزەنگ و ســەرکوتی خەلافەتی ئیســلامیدا ناچاربوون ناســنامەی خۆیان بە شـــیوازی"تەقییە" یان خۆپاراســـتن بشـــارنەوە و پەرە بە بیروباوەڕەکانی خۆیان بدەن؟ لە هەمانکاتدا نەوە دوای نەوە گۆڕانیان بەســـەردا دەهات. چونکە ئەوکات خوێندەواری و نووســـین کەم بوو،

بیروباوەڕ سینگ بە سینگ دەگوازرایەوە. ئەو باوڕانە لەهەر ناوچەیەک دەمایەوە، بەپێی تایبەتمەندی ئەوێ گۆڕانکاری تێدا دەکرا، تێکەڵ دەبوو لەگەڵ ئەزموونی شەڕ و ئاشتی و باوەڕی سەردارانی ئەو ناوچەیە وبیروباوەڕی ئایینی دیکە. ئەوەی کە لە ناوچەکە ڕووی دەدا، دەبووە مایەی زیاد و کەمی لە بیروباوەڕەکاندا. ون کردنی ڕەچەی بزووتنەوەکانیش ئاسایی بووە چونکە سەردەمی نووسین وئەرشیفی کاغەز نەبووە . ئەوەی لە سەرچاوە مێژووییەکاندا ماوەتەوە تەنیا چەند مێژوونووسێکی ئیسلامییە کە دوو سەد ساڵ دوای هاتنی ئیسلام هەوڵیان داوە مێژووەکە بنووسنەوە. لە هەندێک لەو نووسینانەدا هەوڵی ناشیرن کردن و دەسکاری کردنی باوەڕی کۆنی پێووە دیارە، بەڵام ئەو نووسینانە هەر وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی وەردەگیرێن و دەشکرێ بژار بکرێن. جیا لەوانە مێژوونووسی دیکەی ڕۆمی و یۆنانی هەن کە نزیک بوون لەو سەردەمە و لەلای خۆیانەوە مێژووەکەیان تۆمارکردووە. ئێستاش ئێمە بە لێکدانەوەی هەموو ئەوانە، دەتوانین ڕێچکەی مێژوویی لە بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی و ئایینی کۆمەڵگاکەی خۆمان بدۆزینەوە و لێی بکۆڵینەوە. پێ بە پێ بچین تا دەگەینە ئەم ڕۆژگارە مان. بۆ ئەوەی تێبگەین واقیعی بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی و ئایینی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان لەسەر چ بنەمایەک دروست بوون.

بەشی شەشەم

سەرزەمینی ساسانی

لە سەد ساڵەی یەکەمی فەرمانڕەوایی ئیسلامدا

دوای هاتنی فەرمانڕەوایی ئیسلام بۆ سەرزەمینی ساسانی لە سەرەتای دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکە لە لایەن فاتیحانی ئیسلامەوە و ڕووخاندنی ئیمپراتۆرییەکە و ڕاکردن و گیرانی دوایین پاشای ساسانی، ئیدی کۆتایی بە فەرمانڕەواییەک هات کە بەرگری لە ساسان بەهەموو مێژوو و ئایین و فەرهەنگ و پێکهاتەکانییەوە دەکرد. دۆخی خراپی ئیمپراتۆریی ساسانی لە سەد ساڵەی کۆتایی تەمەنی خۆیدا، بریتی بوو لە بێزاری خەڵك و سیستەمی چینایەتی لەسەر بنەمای دابەشکردنی کۆمەڵگا لە شێوەی چینی لێکجیاواز کە بەرژەوەندییەکانیان لێکجیاواز و پەیوەندی لەنێواندا لەسەر بنەمای ستەم و زوڵم بووە. هەروەها

خۆگونجاندنی ئایینی زەردەشتی لەگەڵ چینە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە سیستەمی ساسانیدا، هۆکارێکی تری ئەو بارە خراپە بوو. هاوکاریکردنی ئایینی زەردەشتی بۆ بەردەوامی ئەو بارودۆخە خراپە، بووە مایەی سەرکوتکردنی هەموو بزووتنەوە چاکسازیخوازەکانی سەد ساڵەی کۆتایی فەرمانڕەوایی ساسانی.

ئەو بزووتنەوە بەرفراوانانەی داوای چاکسازییان دەکرد، بەتایبەتی مانییەکان ومەزدەکییەکان بەبێ ئەنجام مابوونەوە و جێی متمانەی خەڵک بوون. سەرەنجام ئەو ئیمپراتۆرییە، بەو لاوازییەوە کەوتە بەر پەلاماری خەلافەت و فاتیحانی ئیسلامی. هەڵبەت بە ئایینێکی نوێ لە سەرزەمینی بیابانی تەواو جیاواز لە بارودۆخی جوگرافیایی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ساسان زەمین. ئایینێك کە لە ناوەندی کۆمەڵایەتی خێڵە دەشتەکییەکانی عەرەبیدا سەری هەڵدابوو، بەهەمان ڕوانگە و چەمك و تێگەیشتنی دونیا کە تەواو جیاواز بوو لە کۆمەڵگەی ساسانی، توانی بەسەر ئیمپراتۆریی ساسانیدا زاڵ بێ. هەرچی پێیدەگوترا شوێنەوار لە مێژووی ئەو ئەقلیمە فراوانەدا، تێکدرا، لە نووسین و شوێنەواری بیناسازییەوە بگرە تا مرۆڤەکان. بەشێکی زۆری ئەو مێژووەی سنگ بە سنگ دەگوازرێتەوە، کاتێك لە نەوەیەکدا دەفەوتێ، ئیدی زۆر بە زەحمەت تەواوی ئەو کەلەپورە دەتوانێت بگوازرێتەوە بۆ نەوەی دوای خۆی. بۆیە جۆرێك لە ونبوون و سەرلێشێواوی و خۆبەدەستەوەدان لە ئاست هێرشی نوێدا تووشی کۆمەڵگەی ساسانی هات. مێژوویەکی هێندە

ورد لە سەد ساڵەی یەکەمی دوای ئیسلامدا نییە، جگە لە کۆمەڵگەیەکی خۆبەدەســـتداو و قەتڵوعامکراوی زەوتکراو. کۆمەڵگاکان لەو دۆخەدا سەرلێشێواون و لێرە و لەوێ بەرگری دەکەن و هەندێک جاریش تەواو تەسلیم دەبن. دیاردەی تریش لەوانەیە سەریان هەڵدابێت کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد هەیە.

بەو شێوەیە سەد ساڵەی یەکەم دەستی پێ کرد. کۆمەڵگەی ساسانی لەڕووکەشـــدا بووە مســـوڵمان بەڵام پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی بەهیچ شـــێوەیەك ئایینی ئیســـلامیان وەرنەگرت. پانتایی فراوان لەڕووی مرۆییەوە هەبوون، کە پابەندبوون بە ئایینی زەردەشتی یان بیروباوەڕی مانی یان مەزدەکی. ئەوانە لە جموجۆڵی بچووکی ناوچەییدا بوون. مێژوو ئەو جموجۆڵانەی تۆمارکردووە کە لەم نووســـینەدا شـــوێنی باسکردنیان نییە. بۆیە دەبینین لە سەد ساڵەی یەکەمدا، بەشێکی زۆر لە سەرکردە سەربازی و ئیداری و سیاسییەکانی ئیمپراتۆریی ئیسلامی کە بەخەلافەتی ئەمەوی و دواتر بە خەلافەتی عەباسی ناسراوە، لە کەسانی ســـاســـانی پێکدەهاتن کە هەموو تواناکانی خۆیان بۆ ڕێکخســـتنەوەی دامودەزگا ســـەربازی و ئیداری و کۆمەڵایەتیی خەلافەتی ئیســـلامی تەرخان کرد. هەڵبەت ئەوەش ئاشـــکرایە لە زەمانی عومەری کوڕی خەتتابەوە، ســـوودیان لە ئەزموونی بیرۆکراســـی و خۆبەڕێوەبەریی حکوومی و سەربازی و ئابووریی سیستەمی ساسانییەکان وەرگرتوە.

ئەوەی زۆر جێی سەرنجە، یەکەمین سەرهەڵدانی بەناو مسوڵمان و بە حەقیقەت مەزدەکی ئەو سەرکردە سەربازییەیە کە لەخوراسان ڕاپەڕی و بووە مایەی ڕووخانی خەلافەتی ئەمەوی و هاتنەسەرکاری عەباسییەکان کە دوای چەند ساڵێک خۆیشی لە عەباسییەکان هەڵگەڕایەوە ئەویش ئەبوموسلیمی خوراسانییە. ئەبوموسلیمی خوراسانی، کە ناوی ڕەسەنی "بەهزادان کوڕی بەندیداد"ە، لەشاری مەرڤ لەسەد ساڵەی یەکەمی کۆچیدا کە دەکاتە سەدەی حەوتەمی زایین، لە دایک بووە. کاتێك بەناچاری بووەتە مسوڵمان ناوی لە خۆی ناوە ئیبراهیم بن عوسمان. باوکی ناوی بەندیدادی هورمز بووە، پێشتر مەجووسی- زەردەشتی بووە. هەڵبەت دوای ئەوەی ئەبو موسلیم لە گەنجیدا و لە ناوچەی خوراسانەوە بەرەو کوفە بەڕێ کەوت، لەوێ لەگەڵ لایەنگرانی خێزانی عەلی کوڕی ئەبی تالیب هاوسۆز بووە. ئەوکات ئەوان غەدریان لێ دەکرا و دووردەخرانەوە، هەندێک جار لێشیان دەکوژرا. دەگوترێ ئەبوموسلیم گەنجێکی زۆر زیرەك، خوێندەوار، زانا و ئیدارییەکی باش بووە. لە کوفە خۆی لە لایەنگرانی بنەماڵەی عەلی نزیك دەکاتەوە. ئیمام جەعفەری سادق[٥] تێدەگات کە ئەبوموسلیم لەڕاستیدا مەبەستی ئیسلام نییە بەڵکو زیاتر قۆستنەوەی ئەو کێشەیەیە کە لە ناچەکەدا هەیە. بۆیە بە ئەبوموسلیمی گوتووە: نە تۆ

[٥] ئیمامی شەشەمی پەیڕەوانی مەزهەبی شیعە

یاری منی، نە زەمانەش زەمانی هەردووکمانە. واتە ڕۆژگار نە یارمەتی تۆ دەدات کە تۆ ســـاســـانی کۆن بگێڕییەوە نە یارمەتی منیش دەدات تا ئەمەوییەکان بەلاوە بنێم و بنەماڵەی عەلی بێتەوە سەر دەسەڵات.

ئەبوموســـلیم دوای ئەوە لەگەڵ جموجۆڵی دوژمنەکـانی ئەمەویـیـان تێکەڵ بوو، بڕیـاریـدا لە چـالاکی بەردەوام بێـت و کەوتە هـاریکـاری کردنیان. بە ئامادەکارییەوە بەشـــێویەکی جددی گەڕایەوە خوراســـان. لەوێ دەستیکرد بە ڕێکسـختن و کۆکردنەوەی لایەنگرانی عەباسـییەکان و ئەوانەی خـۆیـان بە بـنەمـاڵەی پـێـغەمـبەر دەزانـن. بەرەیەکـی لەبەرامبەرئەمەوییەکان دروســـت کرد و بەوتوانایەی هەیبوو خەڵکێکی زۆری لەدەوری خۆی کۆکردەوە. لایەنگرەکانی جلی ڕەشیان دەپۆشـی، بۆیە پێیان دەگوترا ڕەشـــپۆشـــەکان "ســـیاهجامەگان". لە گەڕانەوە بۆ خوراسـان ناوی خۆی کردە عەبدولرەحمانی بن موسـلیم، بەڵام بەگشـتی هەر بە ئەبوموسلیمی خوراسانی ناسراوە.

ئەبو موســـلیم ســـوپایەکی گەورەی درووســـت کرد و کەوتە جەنگین دژی سوپای ئەمەوی و توانی کوفەی پایتەختی ئەمەوییەکان داگیر بکات و خەلافەتەکەیان بڕوخێنێت. ئینجا خەلافەتی دایە دەسـتی عەباسـییەکان. دواتر زوو لەگەڵ عەباسییەکان کەوتە کێشـە، چونکە ئەبوموسلیم نیازی هەبووە لەو کێشەیەدا خۆی خەلافەت وەرگرێت و ئەو مێژوو و پیرۆزی و شانازییە بگێڕێتەوە بۆ ساسانی کۆن، کە کەوتبوە دەست ئیمپراتۆریی

ئیسلامی. ئەوە بوو هەر زوو لەگەڵ یەکەم خەلیفەی عەباسی کێشەی لێ پەیدا بوو و کەوتە شـــەڕ بۆ ڕوخـانـدنی. ســـوپـای خەلیفە نەیتوانی ئەبوموسلیم دەستبەسەر بکات. دوای چەند شەڕێك لە دەوروبەری کوفە و ناوچەکانی کەنداو بڕیاریدا بگەڕێتەوە خوراســـان. خەلیفە دەیزانی ئەگەر ئەبوموســـلیم بگاتەوە خوراســـان، بەو پەســـند و ناوەی هەیەتی هێزێکی زۆرتر کۆدەکاتەوە و چارەنووســـی یەکەم خەلیفەی عەباســـی لە ئاخرین خەلیفەی لەناوچووی ئەمەوی باشـــترنابێت و دەیڕوخێنێت. بۆیە بۆخۆی نامەیەکی بۆ ئەبوموسلیم نووسـی و بانگهێشـتی کرد بۆ بارەگای خۆی گوایە دەیەوێ ڕێزێکی زۆری لێ بگرێت. ئەبوموسـلیم باوەڕی بە پەیامەکەی خەلیفەی عەبباســـی کرد بەڵام خەلیفە خیانەتی لێ کرد و دوای دەستگیر کردن فەرمانی کوشتنی بۆ دەرکرد.

کوژرانی ئەبوموسـلیم ئیدی ناوچەی خوراسـانی تەقاندەوە. دەرکەوت ئەوخەڵکەی یار و هاوکاری ئەبوموســـلیم بوون، هەموویان بە باوەڕ مەزدەکی بوون. یان هەڵگری بیروباوەڕی کۆنی ساسـانین کە لەو سـەد ساڵەدا هەندێك تێکەڵاوی لە نێوان لقەکانی ئایینی زەردەشـتی ڕوویداوە. جا چ ئەوانەی وەك زەردەشتی پشتیوانی ئیمپراتۆریی ساسانییان دەکرد یـان ئەوانەی داوای چـاکســـازییـان دەکرد، جۆرە نزیکبوونەوەیەکیـان لەنێوانـدا درووســـت بووبوو. لقێکی گەورەش بەنـاوی ئـایینی زەردەشـــتییەکان هەر مابوو کە خۆیان لە مەزدەکییەکان و مانەوییەکان نزیك نەدەخســـتەوە. لەلایەکی ترەوە ئەو ڕوحی چاکســـازیخوازییەی لە

بزووتنەوەی مەزدەك و مانییدا هەبوو بووە داینەمۆی بەرەنگاربوونەوەی عەرەب. زۆر بە فراونی لە دژی عەرەبی مسوڵمان تێدەكۆشان و خەڵكیان لە دژیان هان دەدا. خەڵكیش لەدەست زوڵم و زۆری فاتیحانی عەرەب بێزار بووبوون و ئامادەی قۆستنەوەی هەر جۆرە دەرفەتێك بوون بۆ ئەوەی لەخۆیان دووریان بخەنەوە.

كاتێك ئەبو موسلیم لەساڵی ١٣٧ی كۆچیدا كوژرا، كچەكەی (فاتیمە) ماوەیەك بووە ناوەندی گرنگییێدانی لایەنگرانی ئەبوموسلیم. فاتیمە سەركردایەتی تۆڵەسەندنەوەی باوكی دەكرد. بەڵام بەخێرایی یەكێكی تر لەفەرماندە سەربازییەكانی ئەبوموسلیمی خوراسانی سەری هەڵدا، ئەویش ناوی "موقەننەع" بوو. ناوی ڕاستی ئەو فەرماندەیە حەكیم كوڕی هاشم بوو. ئەویش هەر لە دایكبووی شاری مەرڤ بوو و هاوتەمەنی ئەبوموسلیمی خوراسانی بوو. هەر لەسەرەتاوە موقەننەع زۆر مەزدەكی بوو، لە هەمان كاتدا زۆردژی عەرەب و فەرمانڕەوایی ئیسلام بوو. موقەننەع سوپایەكی پێكهێنا و بۆ سەندنەوەی تۆڵەی ئەبوموسلیمی خوراسانی كەوتە شەڕ. لەگەڵ ئەوەدا بیروباوەڕەكانی خۆی ئاشكراكرد. ڕایگەیاند لەسەر بیروباوەڕی كۆنی مەزدەكییە، بەڵام لە هەمانكاتدا ئەو مەهدییە. دواتر گوتی نەخێر من سیفەتی خوداییم هەیە. پاش ماوەیەكی كەم لە بەرگری، بەو كاریگەرییەی كە هەیبوو، لایەنگرەكانی باوەڕیان پێی كرد. ئەو لە بیروباوەڕەكانی مەزدەكی هیچی نەگۆڕیبوو، تەنیا ئەوە نەبێ كە بۆ سەپاندنی بانگەشەی خۆی

هەندێک ڕێوشـــوێن و ئەفســانەی دەهۆنینەوە. وەك دەگوترێ، لەوبارەدا تەڕدەست، خوێندەوار، قسەزان، مێژووزان و کەمێکیش سیحرباز بووە. پیاوێکی یەکچاو بووە بۆیە هەمیشـە ڕووخسـاری خۆی بە پارچەیەك یان مێزەرێك دادەپۆشـــی. خەلیفە لە بەغدا تەنگاو بوو کە لەوانەیە موقەننەع لە دژی خەلافەتی عەبـاســـی خەڵـک تەیـار بکـات و خەلافەت بکەوێتە مەترسییەوە. بۆیە مەهدی خەلیفەی دووەمی عەباسی کوڕی خۆی نارده نەیشاپور بۆ ئەوەی بەرەنگاری موقەننەع ببێتەوە.

موقەننەع نەفیرعامی (بانگی شـەڕی) لەدژی عەباسـییەکان ڕاگەیاند. خێڵە تورکەکانی باکوری ئێران کە جارێ بەباشی نەبووبوونە مسوڵمان، هانیدان پەلاماری دامودەزگای خەلافەتی عەباســـی بدەن. تورکەکان کەوتنە هـاریکـاریکردنی لایەنگرانی موقەننەع و دەســـتیـان بە ســـەر دامودەزگاکانی خەلافەت لە ناوچەی خوراســان و ئەسـفەهانەوە تا نزیك کوفە داگرت. هەموو هەوڵ و تەقەللای خەلیفەی عەبـاســـی ئەوەبوو، ســـەرکردە ســـەربازییەکان کۆ بکاتەوە و کارێکی وا بکات کە درزێک بکەوێتە نـاو دەوروبەری موقەننەع، بۆ ئەوەی دەســـت بەســـەر ئەو ناوچانەدا بگرێت کە موقەننەع لەوێیە.

لە ساڵی ١٥٩ی کۆچی کە دەکاتە سەدەی هەشتەمی زایینی، موقەننەع کە لە قەڵای نەشـــەخ ســـەنگەری گرتبوو گەمارۆدرا. پاش ماوەیەکی درێژ، دەست بەسەر قەڵاکەدا گیرا و موقەننەع خۆی بەدەستەوە نەدا.

لەوبـارەیەوە دوو گێڕانەوە هەیە، یەکێـك دەڵێـت خۆی لە گۆمێکی تێزابدا خنکاند و ئەوی تریشـیان دەڵێ خۆی خسـتە ناو تەندوری ئاگر و خۆی سـوتاند. لە هەر بارێکدا بووبێت نەیهێشـت بکەوێتە بەردەسـتی سـوپای خەلافەتی عەباسـی. لەوکاتدا هەموو ئەو کەسـانەی بەجۆرێك باوەڕیان بە بیروباوەڕە ئایینی و کۆمەڵایەتییە کۆنەکانی سـاسـانی هەبوو پێیاندەگوتن مەزدەکی یان خوررەمی. خوررەمی بەوناوە کە پاشـماوەی مەزدەکین. لەو کاتدا بوو کە ئەبوموسـلیمی خوراسـانی و موقەننەع کوژران، ئیدی قۆناغی نوێی بەرگری دەستیپێکرد کە دوای ئەوە بابەکی خوررەمی وەک سەرکردە هاتە مەیدان.

بەشی حەوتەم

بابەکی خوررەمدین

بابەکی خوررەمدین هاورۆژگاری ئەبوموسـلیمی خوراسـانییە. هەرچەنـدە بەتەمەن لەو بچووکتر بووە. بـابەک یەکێـک بووە لەو مەزدەکییەکانەی لە سەد ساڵی یەکەمی ئیمپراتۆریی خەلافەتی ئیسلامیدا هەوڵیانداوە بیروباوەڕە ئایینیەکانیان بپارێزن. بابەک لەو مەزدەکییانە بوو کە بە شێوەیەکی پەرتوبڵاو و تەپەسـەری و ژێردەسـتەیی ژیاون و هەمیشـە هەوڵیانداوە خۆیان لە زەبر و زۆر و ژێردەسـتەیی ڕزگار بکەن.

تایبەتمەندییەک بۆ دوای فەرمانڕەوایی ئیسلام دروست بوو، ئەویش بەو شـێوەیە بوو؛ لە نێوان ئایینە کۆن و لێکنزیکەکانی سـاسـانییدا جۆرێـک نزیکی وهـاوکـاری هـاتەدی و هەموویـان لە دەوری ئـایینی

زەردەشـــتی کۆدەبوونەوە، وەک: میترایی، مانی، مەزدەکی و خودی زەردەشـــتی. ئەوانە هەموویان دوای هاتنی ئیســـلام لە پێناو مانەوەدا دەســتی یەکتریان گرت. ئەگەر لە ســەردەمی ئیمپراتۆریی ســاســانییدا بەرەنگاری یەکدی دەبوونەوە، ئەوا لە ســەردەمی خەلافەتی ئیسـلامییدا هاوکاری یەکتریان دەکرد. هەربۆیە دەســـتیان لە ململانێ هەڵگرت و زیاتر بوونە تەریقەتی لێکنزیک هەڵبەت بە جیاوازییەکی زۆر کەمەوە. پێدەچێ هەر ئەو هۆکارەش وای کردبێ دوای ئەوەی تەریقەتەکانی عیرفان و تەســـەووف دروســـت بوون، خەڵک دەیتوانی زیاتر لە تەریقەتێک یان هەموو تەریقەتەکان وەربگرێ. مەبەســـتم ئەوەیە کە هەموو مانەوییەکان و مەزدەکییەکان وجۆرێک لە زەردەشـتییەکانیش، بە نـــاوی مەزدەکـــی یـــان بە نـــاوی خـــوررەمـــی نـــاودەبـــران. (پرمون١٣٥٤ه.ش)

بابەک کە ناوی ئەســـڵی خۆی 'پاپەک' کوڕی میرداس بوو و لە گوندی بیلالئابادی سەر بە ئەردەبیل لە دایک بووە. میرداسیش خۆی لە تیســـفونەوە هاتبوو. بابەک وەک هەر مەزدەکییەکی تر زانیارییەکی زۆری لەســـەر بیروباوەڕی کۆنی ســـەرزەمینی ســـاســـانی هەبوو. بە شێوەیەکی سەرەکی لایەنگری بیروباوەڕی مەزدەکی بوو. لە ڕاپەڕینی ئەبوموســـلیمی خوراســـانیدا ناوێکی دیار نەبوو بەڵام لە دوورەوە لایەنگری ئەبوموسلیم بوو. دوای کوژرانی ئەبوموسلیمی خوراسانی، بابەکی خوررەمدین لە ناوچەی ئازەربایجان ڕاپەڕی.

ســـەرهەڵدانی بزووتنەوەی بابەکی لە بارودۆخێکی تایبەتیدا بوو. دوای کوژرانی ئەبوموسـلیم زۆربەی ئەو سـەرزەمینانەی بە ڕواڵەت موسڵمان بوون، بەڵام لە باتیندا مەزدەکی و زەردەشتی و مانەوی بوون (هەڵبەت ئایین وتەریقەتی دیکەش هەبوون). قۆناغێک دەستیپێکردبوو کە بە سـەختی لێکدی جیادەکرایەوە کێ مەزدەکی و کێ موسـڵمانە. چونکە مەزدەکییەکـانیش بە زاهیر دەیـانگوت موسـڵمـانین بەڵام شـەریعەتی ئیسلامیان بەگوێرەی بەرژەوەندیی خۆیان تەفسیر دەکرد و لەگەڵ بیروباوەڕەکانی خۆیان دەیانگونجاند. ئایەتەکانی قورئـان و فەرمودەکانی محەمەد پێغەمبەریان لە شـوێنێکی تایبەتی تەفسیر دەکرد کە دەرگایەکی بچووک بۆ مانەوەی خۆیان بکاتەوە. ئەوەش وای کرد لە سـاسـانی کۆندا تەفسـیر و لێکدانەوە و دواتر دروسـتکردنی عەقیدە لەسـەر بنەمای ئەو تەفسیرانە ببێتە باوی ڕۆژگار و دەرگایەک بێت بۆ مانەوەی پێکهاتەکانی غەیرە موسـڵمان. وردە وردە موسـڵمانەکانی سـاسـانیش تایبەتمەندی خۆیان لێ دروسـت بوو کە جیابوون لە موسڵمانەکانی عەرەبی بەدو.

موسـڵمانەکانی عەرەبی بەدو باوەڕی تەواویان بە عەقیدەی دینی و کولتوورە بەدەوییەکەی خۆیـان هەبوو. ئەو کولتوورەیـان بەسـەر دانیشتوانی ساسان و غەیرە ساسانیشدا دەسەپاند. عەرەبەکان خۆیان بە سەروەر و سەید دەزانی و دانیشتوانی ئەو ناوچانەیان بە پەیڕەوان یان موالی حسـاب دەکرد. فەرماندە و فەرماندار و سـەرکردەکان دەبوو

هەمیشـــە لە عەرەب و ســـەید و ســـەروەرەکان بن و ئەوانی تر کە ســاســانییەکان بوون، پەیرەوکار(موالی) بوون و دەبوا لە ژێر دەســتی ســـەیدەکاندا بن. ئەو فەرق و جیاوازییە لە نێوان عەرەبی ئەســـڵی لە کۆمەڵگای موســڵمانی نوێی ســاســانییدا، لەگەڵ زۆربەی دانیشــتوانی ڕەســەنی ئەو ســەرزەمینە کە لە هۆز و نەتەوەکانی ئاریایی بوون بووە باو. ئەو تەریقەتە ئایینیانەی باســم کردن، دژایەتییەکی توندیان لەگەڵ موسڵمانە عەرەبەکان دەستپێکرد. هەوڵدان بۆ دورخستنەوە و کوشتنی موســوڵمانە عەرەبەکان وەک بەشــێک لە عەقیدەی ســاســانییەکانی لێ هاتبوو. ســەرهەڵدان و پەلاماردانی عەرەبەکان لە زۆر ناوچەدا ڕووی دەدا. ئەو سەرهەڵدانانە لە مێژوودا تۆمارکراون. ئەوانە کاریگەرییەکی زۆریان لەســـەر مانەوەی باوەڕدارانی کۆن لەســـەر عەقیدەکانیان هەبووە. ئەو عەقیــدەیەی پەیڕەویــان لــێ کردوە درێژکراوەیەکی فەرهەنگی ســاســانی بووە و کاریگەری هەبووە لەســەر مانەوەی ئەو بیروباوەڕە لەناو کۆمەڵگەدا. بابەکی خوررەمدین وەک یەکێک لەو زنجیرەدا دێت.

بابەک دوای ئەبوموسلیمی خوراسانی و موقەننەع بیروباوەڕەکانی خۆی بە ئاشــکرا ڕاگەیاند و خۆی لە ئایینی ئیســلام دوورخســتەوە و لایەنگرەکانیشـــی بە ئاشـــکرا پشـــتیوانییان لێدەکرد. پرۆســـەکە وردە وردە گەیشــتە ڕادەیەک کە فەرمانرەوایانی ئەو ناوچانەی بابەکییەکانی لێبوون، نەتوانن دەستدرێژیی بکەنە سەریان . تا دۆخەکە وای لێ هات

بابەکییەکان خۆیان داوای فەرمانڕەوایی ناوچەکە بکەن.

بابەک بزووتنەوەکەی بە شێوەیەک ڕێکخست تا وەک ئەبوموسلیمی خوراسانی پەلاماری کوفە بدات و ئەو ناوچانە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی کە خەلافەتی عەباسی تێیدا باڵادەست بووە، ئینجا دەوڵەتێکی مەزدەکی ڕابگەیەنێت.

خورەمییەکان ناوی جیاجیایان هەبووە. جیا لەوەی پێیاندەگوتن مەزدەکی، خورەمی ، مەحەمەرەشیان پێدەگوتن کە بە فارسیەکەی پێیان دەگوترا "سرخ جامگان" یان سوورپۆشەکان. چونکە جلوبەرگی سووریان دەپۆشی. ناوێکی تریان هەبوو پێیاندەگوتن "جاڤدانی" واتە جاویدانی یان نەمر. بابەکی و مازیاریشیان پێدەگوتن. لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێک ناوچە بەخۆیان دەگوت" بێهدینی" ۆاتە باشدینی یان باشتردینی، زەردەشتی، هەروەها دروستدینیشیان پێدەگوتن. دروستدینی مەزدەکی دواین ناویان خورەمدینییە. کەواتە ئەو ناوانە لە ڕووی مێژووییەوە و بەپێی ناوچە و ڕۆژگار دەگۆڕدران. بەڵام بیروباوەڕەکان هەر یەک بوون و وەک خۆیان دەمانەوە.

بابەک ئایینی مەزدەکی ڕاگەیاندبوو بەڵام ڕێزی ئایینەکانی دیکەی دەگرت و باوەڕیش وابوو هەموو ئایینەکان بەرابەرن و بەهیچ

---

٦ من بە دووری نازانم ناوی دەڤەری بادینان بۆ بێهدینی خورەمییەکان بگەڕێتەوە نەک بۆ ناوی بەهائەددینی کوڕی سەیفەددین. بادینان وەک ناوچەیەکی پاشماوەی زەردەشتی نشین تا درەنگانێکی مێژوو مابوەوە.
لە دواییدا دروستبوونی ئاینی ئێزیدی لەسەر ئەو زەمینەیە بووە.

شێوەیەک نابێ ئایینێک بەسەر ئەوی تردا زاڵ بکرێت. بابەک باوەڕی بە هەمووعەقیدەی پێشوو کە لە بیروباوەڕی مەزدەکدا ڕاگەیەندرابوون، هەبوو و پەیڕەوی لێ دەکردن. لە سەرەتادا باوەڕی بە توندوتیژی نەبوو و خۆی لێ دەپاراست. زیاتر بە گفتوگۆ و میهرەبانی لەگەڵ فەرمانڕەوا و کۆمەڵگای دراوسێیان کە موسڵمان بوون، دەجووڵایەوە. تەنانەت ئەو دیلانەی کەوتبوونە دەست بابەک، دوای کوژرانی بابەک بۆی دەگریان چونکە لە کاتی دیلیدا زۆر لەگەڵیان باش بووە و مامەڵەی دیلایەتی لەگەڵ نەکردون.(نفیسی، ١٣٨٤ ه.ش)

بابەک پایگا سەرەکییەکەی خۆی لە ناوچەی ئەردەبیلی ئازەربایجان دانابوو. زۆر بە خێرایی، وەک سەرچاوە مێژوویەکان باسی دەکەن، پەڕیوەتە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان و زنجیرە چیاکانی زاگرۆس. بەشێکی زۆر لە جەنگاوەرەکانی بابەک لە کوردستان بوون و لایەنگری زۆری هەبوون.(ڕئیس نیا،١٣٥٨ه.ش)

بابەکی خوررەمدینی باوەڕێکی دیکەی لە ناو ئایینی مەزدەکییدا ژیاندەوە کە لە زەمانی مەزدەکدا لەبەر گۆشەگیری و زوهد و دەروێش سیفەتی بە لاوە نرابوو. ئەوکات زیاتر دەروێشی و زوهد و گۆشەگیری برەوی هەبوو. بابەک شادمانی لە ئایینی مەزدەکییدا کردە باوەڕێکی سەرەکی ئەوەش باوەڕێکی میترایی بوو کە لە دینی زەردەشتیدا وەرگیراوە. لەو کاتەدا وشە عەرەبییەکەیان کە "سرور" ە

بەکاردەهێنا و دەیانبەســتەوە بە مانای خوررەمی. لە ڕووی زمانییەوە خوررەم بەمانای خۆشـــحاڵ دێت. بۆیە ئەو باوەڕە نوێیە کە بابەک دایهێنـا، بەنـاوی خوررەمییەوە نـاوبـانگی دەرکرد. دەڵێن بـابەک لە ئەنجامی ئاشـنابوون و خوێندنەوەی ئەو بیروباوەڕانەی لە ئیمپراتۆریی ڕۆمانییەوە دەگەیشـتنە ئەو ناوچەیە، باوەڕی شـادمانی یان بەختەوەری یان خوررەمی لە لا چەسپا و کردیە باوەڕێکی سەرەکی.

بـابەکی خوررەمـدینی زۆر بـاوەڕی بە ئـازادی مرۆڤ بووە، لە قەناعەتی ئایینییەوە تا دەگاتە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی. بابەک زۆر بە جدی هەموو ئەو دیـاردانەی لەنـاوچەکەی خۆی قەلاچۆدەکرد کە لە ئەنجامی فەرمانەکانی ئایینی ئیسلام، لە کۆمەڵگەی بەدەوییەوە هاتبوون. وەک بە لاوەنانی ژنان و زوڵملیکردنیان، کۆیلەداری و سـەندنی باج و سـەرانە لە خەڵک، دانانی دانیشـتوانی ئەسـڵی بە موالی یان پەیڕەو. لە بەرامبەر ئەوەدا بابەک بابەتی ئازادیی کردە بابەتێکی سـەرەکی، کە لە باوەڕی مەزدەکییدا هەبوو و ڕەگوڕیشـــەی دەگەیشـــتەوە ســـەر ئایینی زەردەشتی ، بەڵام ئەو ئاشکراتر و گەشتر ڕوونی دەکردەوە.

بـابەک زۆر بە جدی ئـازادی و خوررەمی(شـــادمـانی) بەیەکەوە بەســـتەوە. هەر بۆیە هەموو ئەو داب و نەریتـانەی ژیـانـدەوە کە لە ئیمپراتۆریی ســـاســـانی بەر لە خەلافەتی ئیســـلامی لە کۆمەڵگاکاندا هەبوون. چ وەک فەرهەنگ یان وەک باوەڕی ئایینی کە هەموویان

پەیوەندییان بە ژیانی ئەم دنیایەوە هەبووە. ئاسان کردنی چارەسەری بۆ کێشە و گرفتەکان، هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە ژیان و سروشت و خودی مرۆڤ لە باوەڕە نوییەکانی بابەک بوون. ئامانجی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی ئارام بوو کە ئاسایشی تێدابێت و مرۆڤەکان بتوانن لە بەختەوەری و ئازادیدا بژین. ئەمە کرۆکی بیروباوەڕی نوێی مەزدەکییە لەسەردەمی بابەکی خورەمیدیندا.

شۆڕشی مەزدەکییەکان بە درێژایی سەد و چەند ساڵ بەردەوام بووە و نەکوژاوەتەوە. ئەو ڕاپەڕینانەی کە زۆر بەناوبانگن، وەک ئەبوموسلیم و فاتیمەی کچی، سەمبادیە، ڕەزامیە، سپیدجامگان، سرخ جامگان لەناو زهن حزوریان هەیە ئەگینا ناوی دیکەی لەو بابەتە زۆرن کە دەکرێ ئاماژەیان پێ بکرێ و هەمووی مێژووی بەرەنگارین کە لەسەر زەمینی ساسانیدا پەیدابوون. ئەو بەردەواملیە وای کرد کەلەپورێکی دەوڵەمەندی ئایینی و تەجرەبەی ڕاپەڕین و مانەوە بۆ مەزدەکی و زەردەشتی و مانەوییەکان لە ساساندا دروست ببێت.

کاتێک ئەبوموسلیمی خوراسانی لە ساڵی١٣٧ی کۆچیدا (سەرەتای سەدەی نۆیەمی زایینی) کوژرا، موقەنەع ڕاپەڕی و ئەویش سەرکوت کرا. ئینجا لە ساڵی ١٣٩دا بابەکی خورەمدین ڕاپەڕی. لە نێوان ساڵانی ١٣٧ - ١٣٩دا سەردارێکی تر بەناوی سەندباد و یەکێکی دیکە بەناوی خەداش، هەریەکە و لە ناوچەیەکی فراواندا تەنگیان بە

خەلافەتی ئیسلامی هەڵچنی. هەموو ئەوانە دوای کوژرانی ئەبوموسلیم، باوەڕیان نەدەکرد کە ئەبوموسلیم مردبێ. بۆیە باوەڕێک بەناو دانیشتوانی ساساندا بڵاوبووەوە کە ئەبوموسلیم نەکوژراوە وڕۆژگارێک دەگەڕێتەوە. بەو پێیە وردە وردە سیفەی خوداییان بە ئەبوموسلیمی خوراسانی دەدا. ئەو دۆخە نەفسییە- کۆمەڵایەتییە داپنگاوە وای کرد جاویدانی ئەبوموسلیم مانا و تێگەیشتنی "مەهدەوی" یان فریادرەس وەربگرێت کە دواتر بوو بە بەشێک لە مەزهەبی شیعە. مەبەست لە مەهدەوییەت زیاتر چەمکەکە بوو نەک ڕەگوڕیشە مێژووییەکەی. ڕەگی مێژوویی مەهدەوییەت دەگەڕێتەوە بۆ ماڵباتی عەلی کوڕی ئەبوتالیب و نەوەکانی پێغەمبەر بەڵام لە ئایینی زەردەشتی و مەزدەکی و خوررەمیدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوی کوژرانی ئەبوموسلیمی خوراسانی. کاتێک ئەبوموسلیم ون بوو، جیا لە کچەکەی کوڕەکەشی ئەبولغەرا کران بە "خودان" و مەولا و سەروەر.

بە پێویستی دەزانم ئاماژە بکەم کە شۆرش و ڕاپەرینی بەردەوامی مەزدەکییەکان، جگە لە جوغزی ئیمپراتۆریی کۆنی ساسانی، لە کوردستانیشدا ئەو ڕاپەرینانە لە شوێنی جیاجیا بەردەوام هەبوون. بۆ نموونە شۆرشی عەمروی کوڕی محەمەدی عەمرەکی کە بە زەندیق ناوبراوە (لە سەردەمی هارونە ڕەشید) هەموو کوردستانی لەژێر

فەرمـانـدا بوو. هـارون ڕەشـــیـد خۆی بەرەو نەیشـــاپور چوو تـا سـەرکردایەتی دامرکاندنەوەی شـۆڕشـی عەمروی کوڕی محەمەدی عەمرەکی بکات.

ئەو شۆرشانە لە ساڵی ١٩٢ کۆچیدا ناوچە شاخاوییەکانیشی گرتەوە. ناوچە شاخاوییەکان لە لورستانەوە تا کوردستانی ئێستای سەر بە ئێران و عێراق و بەشێکی تورکیا دەگرێتەوە. هارونە ڕەشید لەو سەردەمەدا، کوڕی خۆی کە نـاوی محەمەد ئەمین بوو، لەگەل عەبـدوڵڵای بن مـالیـک و ئەبو دلفنی عجلی بۆ ســەرکوتکردنی ئەو ڕاپەڕینەی کوردســتان ناردبوو. لەو ڕۆژگاردا لە خوراســانەوە تا گورگان، ئیسـفەهان، لورسـتان، کوردسـتان و ئازەربایجان بەردەوام شـۆرش هەبووە. ئەوەش وای دەکرد، کە هەمیشـــە یـاغییەکـانی مەزدەکی و خوررەمی ڕوو لەو ناوچە شـاخاوییانە بکەن. هەروەها ڕازی ئەوەی کە کوردستان دواتر بوو بە سەرزەمینی باوەڕە جیاجیاکانی زەردەشتی وعیرفـان و تەســـەووف بۆ ئەو مێژووە دەگەڕێتەوە. خەلیفە هـارونە ڕەشـید فەرمانی دەرکرد هەموو پیاوەکان بکوژرێن و ژنەکانیش بکەن بە سەبایە و بیانفرۆشن. هارونە ڕەشید لەو سەروبەندەدا شوێنی خۆی بۆ فەرماندەیی کردن بەردەوام دەگۆڕی و لەو کاتەدا هاتبووە کرماشـان. کرماشانیش یەکێک لەو ناوچانەبووە کە مەکۆی زۆرترین شۆڕشەکان بووە. هۆی ئەوەی کە پەیڕەوانی یارسان ئێستاش لە ناوچەی کرماشان و لوڕستاندا زۆرن، بۆ ئەو مێژووە دەگەڕێتەوە.

ڕاپەڕینی بابەک لە ســەردەمی مەئموندا دەســتی پێ کردووە و تا ســەردەمی موعتەســەم خەلیفەی عەباســی بەردەوام بووە. ڕاپەڕینێکی دوورودرێژ بووە کە زیاتر لە ٢٠ ســاڵی خایاندووە. هەموو گرووپە مەزدەکی و مانەوی و تەنانەت زەردەشتییەکانیش پشتیوان و پاڵپشتی بزووتنەوەکەی بابەک بوون و تێکڕای ئەوانەش کە ئەبوموسلیمیان بە زیندوو دەزانی بوون بە بابەکی.

ئەو کۆیلانەی لە شــوێنە جیاجیاکان و لە دەســت ســەید و ســەروەرەکانی عەرەبی ڕایان دەکرد، دەبوون بە خوررەمی و جەنگاوەری کارایان لێ دەردەچوو. خوررەمییەکان لەو ســەردەمەدا کۆیلە فرۆشــییان قەدەغە کردبوو و ئەوەش بووبوو بە هاندەرێک کە کۆیلەکان لە هەموو شــوێنێک ڕابکەن و خۆیان بگەیەننە بزووتنەوەی خوررەمی. یەکێک لەو فەرماندانەی کە باســمان کرد عەلی مەزدەک بوو، کە لە ســاڵی ٢١٨ کۆچیدا لە ئەسفەهانەوە بەخۆی و ســێ هەزار جەنگاوەرەوە ڕووی لە کوردســتان و ئازەربایجان کرد و بە هانای بابەکی خوررەمدینەوە چووبوو.(ریس نیا، هەمان سەرچاوە)

بابەک لەدایکبووی ٧٩٥ی زایینییە وســاڵی کوژرانیشــی ٨٣٨ی زایینییە. دوای نەمانی بابەک بزووتنەوەکەی پارچە پارچە بوو، هەر پــارچەیەک لە شــوێنێــک نیشــتەوە و بۆ ئەوەی خۆیــان بپــارێزن پاشەکشەیان کرد. هەڵبەت لێرە و لەوێ سەرهەڵدان بەردەوام بوون.

دوای کوژرانی بابەک، کوشـــتوبڕی بابەکییەکان دەســـتی پێ کرد. ســـەربڕینیان بوو بە بڕیاری ڕۆژانە، لە هەر شـــوێنێک بابەکییەکیان دەست کەوتبا سەریان دەبڕی و ماڵ و موڵکیشیان بە تاڵان دەبرد. وای لێ هاتبوو گونـدە موســـوڵمانشـــینەکان هان دەدران بزانن لە کوێ خوررەمـدینییەک هەیە بیکوژن یـان بە بەرچـاوی خەڵکەوە ســـەری بپەڕێنرێ. لێرەدا دەکرێ بەراورد بکەین ئەو درنـدەییەی داعش لە شەنگال و ناوچەکانی دیکەی دەوروبەری کوردستان کردی، پێش ئەوە لە ڕەفتاری خەلیفەکانی عەباســی، ئەمەوی، ڕاشـدیندا شـێوازی زۆر ئاسایی و ڕۆژانەبووە بۆ فەرمانرەوایی کردن.

دوای دامرکـانـدنەوەی بزووتنەوەی خوررەمـدینی، لە واقیعـدا پارچە پارچە بوون و ئەوەش وای کرد سـەرهەڵدانی بچووک لە ناوچە جیاجیاکاندا ببێتە باو و تەریقەتی لێکدی جیاواز دروست ببن. بۆ نموونە لە ٢٩٥ی کۆچییدا قەرمەتییەکان پەیدابوون. هەر لە قەرمەتییەکانەوە فاتمییەکانی ئیسماعیلی هاتنە پێشـەوە. ئەو ڕاپەرینانە چەند سـەد سـاڵێک بەردەوام بوون. تا ساڵی ٥٣٦ کۆچی ژمارەیەکی زۆر لەو ڕاپەڕینانە، کە هەموویان ناوچەیی و بچوک بوون، تۆمارکراون. هەندێکیان وردە وردە شـێوازی نوێی تەقییە و خۆشـاردنەوەیان بۆ مانەوە گرتە بەر. لە ئەنجامی هەسـتکردن بە شـکسـت و بەردەوامبوونی زوڵم و سـتەم، لایەنی خۆشاردنەوە و زوهد و گۆشەگیری پەرەیسەند. لە هەمان کاتدا هەوڵیان دەدا باوەڕەکانی خۆیان لەگەڵ تێگەیشـتن و مانای شـەریعەتی

ئیسلامیدا بگونجێنن. ئیتر بەوشێوەیە عیرفان و تەسەووف ورده ورده سەری هەڵدا و عارف پەیدابوون و تەریقەتەکانی سۆفیایەتی دەستیان پێ کرد. بۆیە عیرفان و تەسەووف، لە تێکۆشان و تەقەلای مەزدەکییەکان و مانەوییەکاندا، قۆناغی دوای بابەکی خوررەمدینییە بۆ سـرینەوەی ئاسەواری توندی و خشونەتی کۆمەڵگای خەلافەتی ئیسلامی.

عارف و سۆفییەکان ورده ورده ڕێگایان بۆ شیعر و فەلسەفە کردەوە و لە پەنجەرەی ئازادی و خۆشـبەختی و سـەروەری مرۆڤەوە، کە لە ئایینی مەزدەکییدا هەیە، ڕێیان بە هەموو جۆرە فەلسـەفە و گفتوگۆیەک دەدا کە لە دیوان و خانەقاکانیاندا بخرێنە بەر باس و گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێ. دەرگای خانەقاکان بەسـەر هەموو مەزهەبەکانی دینی ئیسـلامدا کرانەوە بە تـایبەتی بۆ ئەوانەی پشـتگیریـان لە مـاڵبـاتی محەمەدی پێغەمبەر و عەلی کوڕی ئەبوتالیب دەکرد و دژی ئەو کوشـتارە بوون کە دەرهەق بە مـاڵبـاتی عەلی دەکرا. هەر لەوێوە بزووتنەوەیەک بە ناوی شیعە پەیدا بوو. مەزهەبی شیعە دواتر چەندین مەدرەسە و لقی لێ بووەوە، لە هەموو مەدرەسـە و لقەکـانی خوررەمیـدا، بەپێی ئەو جۆگرافیایەی مەزدەکییەکان لەوێ بوون دەچوونە ناو ئەو بزووتنەوانەی مۆرکی شـیعەییان هەبوو. سـەرەنجام بزووتنەوەی پشـتیوانانی ئالی عەلییان تێکەڵ بە بیروباوەڕەکانی خۆیان کرد. ئەفسـانە و ئوسـتورەی نوێیان پێ زیاد کرد و کارێکیان کرد کە ناوی عەلی، حوسێن، مەهدی و ژمارەیەک لەوانەی لە مێژووی فیقهی شیعەدا گرنگن، بخزێنرێنە ناو

بیروباوەڕی مەزدەکی وبە ئەفسانە و مێژووی زەردەشتی و مانەوییەکان موتوربە بکرێت.

داموددەزگـای خەلافەت کـاردانەوەی توندی دەنوانـد و عیرفـان و تەســەووف و لقەکانی شــیعەی تێکڕا بە مونافیق و مەجووس تۆمەتبار دەکردن و لە ناوی دەبردن. مەلا دەســتڕۆیشــتوەکانیان بە کار دەهێنا تا عیرفان و تەسەووف لە ئیسلامی محەمەدی جیابکەنەوە. چونکە ئیسلام برتییە لەو دابونەریتەی لە دوڕگەی عەرەب و لە نــاو خێڵەکــانی بەدووەوە هاتووە.هەڵبەت عارفەکانیش لە لای خۆیانەوە دابونەریت و باوەرە کۆنەکانی ئایینە جیاکانی کۆنی ساسانییان دەپاراست. ئیدی لەوەوە ناکۆکی کەوتە نێوان مەلا و عارفەکان. بۆ نموونە کاتێک لە ناوچەی ئەلەموت بزووتنەوەی ئیسماعیلی دەسەڵاتدار بوو، مەزدەکییەکان تێکڕا چوونە ناو ئەو بزووتنەوەیە و ئیســماعیلییەکان بوون بە تێکەڵەیەک لە باوەڕی مەزدەکی و مانەوی و ئیســـلام. پەیرەوەکان لە زاهیردا خۆیان بە موسڵمان نیشان دەدا بەڵام لە باتیندا مەزدەکی، خورەمی یان مانەوی بوون. زەردەشـــتییەکـان هەرچەنـد کەمینە بوون بەڵام کەمتر خۆیـان دەدایە ناو ئەو بزووتنەوانە و ئایینی خۆیان دەپاراست.

مەزدەکییەکان لە ناوچەی مەراغا بۆ یەکەم جار ڕەســـم و چەمکی شـــێخایەتیان داهێنا. بەو هەنگاوە قۆناغێکی نوێیان لە کاری عیرفان و تەسەووفدا داهێنا، ئەویش ڕێورەسمی شێخایەتی و دامەزراندنی تەکییە

و خـانەقـا و پەروەردەکردنی پەیرەو و دەروێش بوو. ئەو شـــێخـانە پارێزراو بوون لە ســەروەت و ســامان و بیروباوەڕەکانیان. لەناویاندا دوو شێخ بە ناوبانگن: پیر یەعقوبی باغەبانی و شێخ حەبیبە. ئەوان لە کردەوەی باتیندا پەرەیان بە ئایینی خۆیان دەدا کە مەزدەکی بوو، لە بوارەکەی تردا کە زاهیر بوولە کۆمەڵگادا شـــێخی هەمووان بوون. دواجار ئەوانە ڕاپەڕینێکیان دروســت کرد. هەربۆیەش دوای ئەوە لە مێژوودا زۆربەی ڕاپەڕینەکان شـــێخ و عارفەکان ســـەرکردایەتیان دەکرد.(ڕئیس نیا. هەمان سەرچاوە)

ڕاپەڕینی شـێخ یان پیر یەعقوبی باغەبانی ســاڵی ٧٣٠ کۆچی بوو. هەر لەو ســاڵەدا گیرا و کوژرا. کەواتە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ڕەگوڕیشـــە مێژووییەکەی ســەرکردایەتیی شـــێخەکان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا لە کوێوە دێت. دیاردەی شـێخایەتی ئاوها دروســت بوو. لەراستیدا ئەوە دیاردەیەکی عەرەبی ئیسـلامی بەدەوی نییە، بەڵکو تەواو ساسانییە.

دواییـن بەڵگەنامەی مێژوویی کە بۆســاڵی ٩٢٧ کۆچی دەگەڕێتەوە، لە باکوری ئێرانی ئەمڕۆ و لە ناوچەی تاڵیش خەڵک زۆر بەفراوانی دەبوونە مەزدەکی و وازیان لە ئایینی ئیسلام دەهێنا. ئەویش لە ئەنجامی زۆربوونی ئەو شـــێخ و پیرانە بوو کە لەو قۆنـاغە نوێیەدا دەوریـان

هەبوو و قسەیان لە کۆمەڵگادا دەڕۆیشت. وەک دیارە تا ساڵی ١٩٥٠ی میلادی لە کوردستان، سەرکردایەتی کردنی ئایینی و کۆمەڵایەتی لە تەکیە و خانەقا لە دەست شێخەکاندا بووە. هیچ حکوومەت و ئیمپراتۆرییەک، نەیتوانیوە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا بگۆڕێت. تەنانەت ئیمپراتۆریی سەفەوی و قاجاری و عوسمانیش ناچاربوون لە سیستەمی ئیداری خۆیاندا، جێگەی تایبەتی بۆ شێخ و پیر و سۆفییەکان بکەنەوە.(وان برنسن،١٣٨٣ه.ش)

ئەو تەریقەتانە لەسەر بنەمای فەتواکانی شێخی ناوچەی خۆیان دروست دەبوون. هەروەها هەندێک تایبەتمەندی خودی شێخ لەناو تەریقەتەکەیدا دەمایەوە بەڵام لەناوەڕۆکدا هەموو تەریقەت و پیر و شێخەکان خوررەمی یان مەزدەکی بوون. شێخەکان لە هەر شوێنیک دەبوون، زۆر بە ئاسانی هاوکاری یەکتریان دەکرد، لە یەکدی حاڵی دەبوون و بیروباوەڕیان دەگۆرییەوە. سەفەری شێخەکان بۆ لای یەکتر و دەرس خوێندنیان لە لای یەکدی و پاراستنی نهێنی و پەیڕەوکردنی باوەڕی تەقییە، دروستکردنی ئەنجوومەنی تایبەتی بووە زەرورەتی ڕۆژگار. تەنیا لەو ئەنجوومەنانەدا بە ئازادی و ئاسانی قسە کراوە و ئەمەش بووبوو بە ڕەسمێکی ڕێپێدراوی عارفەکان. ئەوان کە لە ئەنجوومەن و دیوان دەهاتنە دەرەوە، دەبوونەوە هاوڕەنگی کۆمەڵگای ئیماندار بە شێوازی بەدەوی. داخران و زۆردارییەکەی کۆمەڵگای بەدەوییڕوا، پاڵی بە لایەنی دەروونی عارفەکانەوە دەنا کە بایەخێکی

بێسنور بە ئەدەبیات بدەن. بە تایبەتی شیعر و پەخشان و شەتەحات. کەسانی وەک مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی، خەییام، حافز و مەلای جەزیری نموونەی بەرزی باڵاگرتن و سەبلیمەیشنە دەروونییەکەی مرۆڤی ئابڵۆقەدراوی چەوساوەن.

پەرەسەندنی ئەو دۆخە کۆمەڵایەتییە بەردەوامە، لە بەشێکی زۆری کۆمەڵگای موسوڵماندا بووە هۆی ئەوەی شێخ و پیر و عارف وزاناکان و ئەوانەی چالاکڤانی خوررەمی و مەزدەکی بوون، بخزێنە ناو دامودەزگەی ئایینی. ئەوانە توانییان دەستکارییەکی بەرچاو لە جۆری تێگەیشتنی ئایینیدا بکەن. خوررەمییەکان ئەو بیروباوەڕەیان بڵاوکردەوە کە هەموو پێغەمبەرەکان، سەرەڕای جیاوازی شەریعەتیان (کە پێگە و ئایینی جیاوازیان هەبووە) یەک گیان و یەک ئامانجیان هەبووە. بۆیە پێویستە ڕێزی هەموویان بگیردرێت و تێکڕاش بەرابەرن. خوررەمییەکان هەموو ئایینەکانیان بە باش و شایانی ڕێزگرتن دەزانی.(جنیدی.١٣٥٩ه.ش)

خوررەمییەکان، سەبارەت بە خۆیان، پەیرەوانی هەموو ئایینەکانیان بە باش دەزانی تا ئەوکاتەی کە پەلامارەدران. هەرکاتێک پەلامار درابان، ئەوا بەرگریکردن لە خۆیان بە ڕەوا دەزانی. لێرەوە دەردەکەوێ باوەڕی لێبووردەیی و یەکترقبووڵکردن کە لە مێژووی تەسەووف و ڕێنومایی شێخ و پیرەکاندا هەبووە هەربۆ ئەو ڕابردووە دەگەڕێتەوە.

ئەو باوەڕە ڕەگوڕیشــەیەکی قوڵی کۆمەڵایەتی هەیە بەرهەمی ژیانە لە سەرزەمینی کۆنی ساسانیدا.

ورده ورده دوای دوو سەدە پەرستنی ئەبوموسلیمی خوراسانی بووە یەکێـک لە هێمـا دیـارەکـانی نـاو مەزدەکییەت یـان خورەمییەکـان. لە ئەنجامی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵی خوررەمییەکان کە لە ناوچەی جیاجیادا دەژیان، لە ناویاندا دامودەزگای تایبەتی سەریان هەڵدا. ئەو دەزگایانە بۆ ئەوە بوون ناوەندێکیان هەبێ تا زانا و عارفیان بۆ پەروەردە بکات بۆ ئەوەی بتوانن فتوا بدەن و ڕابەرایەتی بزووتنەوە و باوەڕی مەزدەکی بکەن. ئەوە دامودەزگا فکرییە نوێیانە چەمکە دینییەکانیان دەســـکاری کرد.ئەوانە ژمارەیەکی زۆر ئیمامیان بۆ خۆیان دروســـت کردن. لە هەندێک شـــوێن پێاندەگوترێ ســـەید ، ئیمام ،عارف. هەروەها ناوی دیکەشـیان هەیە. لە ناو عەلەوییەکان و تەریقەتەکانی دیکەی عیرفاندا ناوەکان دەگۆڕدرێن، بەڵام ناوەرۆک و کار و ئامانجیان یەکە. هەندێک لە کۆمەڵگاکانی مەزدەکی جۆرێک لە پێغەمبەریان بۆخۆیان دروســت دەکردن کە مەبەست پەیامهێنەر بوو نەک ڕەسولەکەی ئیسلام.ئەو ئیمام و پێغەمبەرانە وەک تەتەر دەبوا بەنــاو کۆمەڵگـاکـانی مەزدەکی و خوررەمیـدا بگەڕێن و بۆئەوەی کـاروبـاری ڕۆژانەیـان چ ئـایینی چ کۆمەڵایەتی بێ ڕاپەڕێنن و خەڵکی لەسەر پەروەردە بکەن.

لێرەدا پێویســـت بە ئاماژەیە کە لەو گەڕۆک و پەیامبەرانە، لەناو

بزووتنەوەی هەقە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە کوردستانی باشوور هەبووە. ئەوانە لای پەیرەوەکان هەندە خۆشەویست بوون پێیان دەگوتن فریشتە. هەروەها بە جۆرێکی دیکە لەناو ئایینی ئێزیدی و یارساندا، لەو گەڕۆکانە هەن کە هەر کامێک ناوی تایبەتی خۆی هەیە.(کیست. ٢٠١٠)

مەزدەکییە خوررەمییەکان لە ڕێورەسمی شادیی خۆیاندا، شەرابیان حەڵاڵ کردووە و بە پیرۆزیان دەزانی. بەتایبەتی لە ڕێورەسمی ئایینی و لە جەژنەکان و لەوکاتانەدا کەوا هێمایەک لە هێماکانی خۆیان بۆ مانەوە دەخەنە بەرچاو، شەراب دەخورێتەوە. چەمکی شەراب لە شیعر و ئەدەبی کلاسیکی ئێرانی و کوردیدا، بۆ ئەو مێژووە دەگەڕێتەوە وەگینا لە ئایینی ئیسلامدا شەراب بە هیچ شێوەیەک جێگەی نەبووە. هەروەها ئەوەی کە شێخ و پیر و شاعیر و فەیلەسوفەکانی پاشماوەی ساسانی بە کورد و فارس و میللەتەکانی دیکەوە دەریان بڕیوە، لە کولتوری بەدەوی عەرەبدا نابیندرێ.

بە گشتی بڕوا بە ڕۆشنایی و هیواداربوون بە ڕەوینەوەی تاریکی، باوەڕی سەرەکی هەموو شێخ و پیر و پەیامهێنەرەکانی تەریقەتە جیاوازەکانی مەزدەکی، خوررەمی، بابەکی و بزووتنەوەکانی دیکەی هاوشێوەیان بووە. ئەو باوەڕانە تایبەت بە مرۆڤی زۆر پاک و دروستکار و میهرەبان و خۆشڕو بوون. لە بزووتنەوەکانی پاشماوەی

بابەکی و مەزدەکییدا ئازادی ژنان وەک پێشوو دەپارێزرا و دەربڕینی شـــادی و خۆشـــگوزەرانی بە مـافی مرۆڤ و کۆمەڵگـاکـان دادەنرا هـەروەهـا زیـان نەگەیـانـدن بە خەڵکی دیکە، بووبووە یەکێـک لە بیروباوەڕە سەرەکییەکانیان.

لە دامودەزگای خەلافەت و ناوەندەکانی شـــەریعەت بە مەزدەکی و پەیرەوانی شـــێخ و پیرەکان دەگوترا موڕتەد و ئیباحی. هەروەها پێیان دەگووتن مـافی ژن دەبێتە مـایەی بەرەڵایی جنســـی و لە کردەوەدا ژن دەبێتە مڵکی هەموو پیاوان و خێزان نامێنێ. لە ڕاســتیدا ئەوە ی لەلای دەزگاکانی شەریعەتەوە دەگووترا بوختانکردن و سوکایەتی پێکردن بوو بەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە مێژوویانە. ئەگینا ناوەرۆکی باوەڕی ئەو بزووتنەوانە ئەوەیە کە پشـتر ئاماژەم پێیکردووە. سـەرباری پابەرجایی ئەو بیروبـاوەڕانەی مەزدەکییەکـان و خورەمییەکـانی لە مەلاکـان جیـا دەکردەوە، کە دوایی لە کاراکتەری شێخ و عارف و پیرەکان دەرکەوتن، ئەوانە دەچوونە مزگەوت بەڵام ڕابەرایەتی مزگەوتەکانیان بە شـێواز و تەفسیری خۆیان دەکرد. قورئانیان دەخوێند بەڵام قورئانیان وەك خۆیان تەفســـیـــر دەکـــرد. هەنـــدێـــک لەوانە لە دروســـــتـــکـــردنـــی مزگەوتەکاندا دەورێکی ســـەرەکیان هەبووە. هەر بۆیەش برەویان بە هونەری تەلارسازی مزگەوتەکان دەدا.

پەیوەندی بیروباوەڕ لە نێوان خوررەمدینی، قەرمەتی و ئیسماعیلیدا

هەبووە. ئەوسێیانە بە فراوانی لە کۆمەڵگەی موسڵماندا بڵاوبوونەوە و بزووتنەوەی جیاجیا لەسەر بنەمای ئەو سێ بیروباوەڕە دروست بوون. پەیوەندی لەنێوان ئەو سێ باڵەدا لەسەر بنەمای وەک یەکبوونی بیروباوەڕەکانیان بووە، وەک هاوبەش بوون لە بیروباوەڕی مەزدەکی بە ڕەگوڕیشەی زەردەشتی هەروەها هەبوونی هەندێک جیاوازی کە بە درێژایی مێژوو بەسەر تەریقەتەکاندا هاتووە و خۆی نیشان داوە.

هەندێک عارف و زانای بواری ڕۆشنبیری و ئایینی کە خوررەمی بوون، مانای باتین و زاهریان بۆ قورئان دادەنا. بۆ هەندێک لە ئایەتەکانی قورئان دەیانگوت لە زاهیردا جۆرێکە بەڵام لە باتیندا مانایەکی تر دەگەیەنێ. بۆئەوەی خۆیان بپارێزن و بتوانن بمێننەوە مانا باتینییەکەیان لەگەڵ بیروباوەڕی مەزدەکیدا دەگونجاند. تێز و بیروباوەڕی باتینی لەوێوە هاتوە. عارف و سۆفییەکان، پیر و شێخەکان کە تەفسیر و پەروەردەکردنی ئایینی ئیسلامیشیان بە کاری خۆیان دەزانی بۆیە زۆر بە ئاسایی دەچوونە مزگەوت و نوێژیان دەکرد. ئەوانە مزگەوتیشیان دروست دەکردن بەڵام نوێژکردنیان بە ناتقی دین واتە دەربڕی ئایین دادەنا و لێکدانەوەی تایبەتییان بۆ دەکرد. لێکدانەوەکەیان زۆر جیاواز بوو لەو تەفسیرەی کە خەلافەتی ئیسلامی دایهێنابوو. مەلا و فەرماندەکانی ئیسلامی لە کوردستان و دەرەوەی کوردستانیش ئەوەیان دەزانی. کوردستان پڕ بوو لە ناوچەی باوەڕی جیاجیای زەردەشتی و مەزدەکی. وەک سەرچاوە مێژووییەکان

دەیســـەلمێنن تا کۆتایی ماوەی فەرمانڕەوایی عوســـمانی و قاجاری کوردستان بە گشتی نەبووبووە موسوڵمان. هەربۆیە لە کۆنەوە ناحەزی و دژبەیەکبوون لە نێوان مەلاکـان و شـــێخەکـانـدا هەیە. هەروەهـا دامودەزگاکانی ئایینی لە خەلافەتی عەباســـی، ســـەفەوی، قاجاری و عوسمانیدا، هەرکاتێک نفوزی شێخ یان پیرێک پەرەی زۆری سەندبێ، بە درێژایی مێژوو پەلامـار دراون و کوژراون.(کریمی زنجـانی اصل،١٣٨٣ ه.ش)

لە کوردسـتاندا هەمیشـە شـێخ و پیر و عارفەکان، بە دەسـەڵات و دامودەزگای خۆیان ناوچەکانیان بەڕێوەبردووە و خۆیان پاراسـتوە. بە لێکۆڵینەوە سەلمێندراوە تا ساڵی ١٩٥٠ کوردستان لە لایەن شێخ و پیر و عارفەکانەوە بەڕێوە چووە (وان برنسن١٣٨٣). هەر بۆیە مەلاکانی کوردســـتـــان کە بەردەوام کەمینە و لاوازبوونە، شـــێخ و پیر و عارفەکانیان بە مەجووس و مانەوی و مەزدەکی و دووڕوو(منافق) ناو بردووە. دەیانگوت ئەوانە خۆیان لە بەرگی ئیسلامدا شاردووەتەوە. پیر و شـێخ و عارەفەکان لە قۆناخی دوای بابەکی و مەزدەکییەوە تا دەگاتە ســـەدەی بیســـتەم، باوەڕەکانی مانی و مەزدەکیان لەســـەر ڕۆشـــنایی و تاریکی، باش و خەراپ، ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکان لێک داوەتەوە. واتـا تەفســـیریـان دەکردن و لەگەڵ حەدیس و ئـایەتەکـانی قورئـان و مێژووی ئیســـلامـدا تێکەڵیـان دەکردن و ئەنجـامی تـایبەتییـان لێ هەڵدەهێنجان. ئەوانەش بریتیبوون لە لێبووردەیی و پێکەوە هەڵکردنی

پێکهاتە عەقیدەییەکان. مێژووی لێبووردەیی لە کوردستان و ڕۆژهەڵات بۆ ئەو بزووتنەوە ئایینی و کۆمەڵایەتی و فکری و ئەدەبییە دەگەڕێتەوە.

ئەم دوو چەمکەی ئیشراق و عیرفان کە سەرچاوەی تەسەووف و لێکدانەوەی زۆربەی ئەو ئایینانەیە کە لە بزووتنەوە عیرفانییەکانەوە هاتوون، دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگوڕیشە زەردەشتییەکەی ئەو بیروباوەڕانە. ژمارەیەک لەو عارف و شێخانە لە هەندێک ناوچە لەگەڵ بزووتنەوەکانی ناو کۆمەڵگای ئیسلامی تێکەڵ دەبوون. ئەوانەی کە پێیان دەگوتن غەلوکەران یان غالیان (زیادەڕۆیان) واتە ئەوانەی زیادەڕۆیی دەکەن لە تەفسیرکردن و گرنگیدان بە دەوری ئیمام عەلی و کوڕەکانی و نەوەکانی. هەندێک جار ئەوانەیان تا پلەی خودایی هەڵدەکێشا، یان دەوری پێغەمبەرایەتییان دەدانێ یان پێگەی فرشتەیان پێدەدان. هەروەها مێژووی لە دایکبوونیان دەگواستنەوە بۆ ئەزەل (سەرەتا) لە مێژوودا. ئەو حاڵەتە تێکهەڵکێشییە لە هەندێک ئایینی عیرفانی کوردستان و تەریقەتەکانی سۆفیایەتی ئەنادۆڵ و تورکیای ئەمڕۆ و ئێرانیشدا هەیە. ئەو حاڵەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بزووتنەوە فکرییە ئایینییە کۆمەڵایەتییە سیاسییانەی کە دوای بابەکی خورەمدینی لە کۆمەڵگای تەپەسەرکراو و تێکشکێندراوی مەزدەکی و مانییدا هەبوو. ئەوانە دەستەوەستان نەبوون و خۆیان بەدەستەوە نەدا، بەڵکو لە ڕێگەی دیکەوە پەرەیان بە بوونی خۆیان دەدا. بۆیە ئێستاش لە زۆربەی تەریقەت و بیروباوەڕەکانی موسڵماندا بڕوا بە دونادون

(تناسخ)هەیە. ڕۆژی قیامەت و لێپرسینەوەیان تێکەڵ بە تناسخ کردووە و لە هەندێ عەقیدەدا سیناریۆی بەهەشت و جەهەننەم و لێپرسینەوەیان هەڵوەشـــاندووەتەوە و کردویانە بە بیروباوەڕێکی مانەوی یان زەردەشـــتی کە ژیان تەنێ بریتییە لەم دونیایە. ڕەفتاری خراپ لەم دونیایە دا بە جۆرێکی تر بە ســزا دێتەوە ڕێگات بەڵام کرداری چاک دەبێتە مایەی بەردەوامی لە ژیانی خۆش و بەختەوەری هەر لەم دونیایە.(صابری.١٣٨٨ ه.ش)

مەزدەکییەکان بەختەوەربوونی مرۆڤ بۆ دوای ژیانیش دەگوازنەوە. ئەو کەســەی چاکەکار بێت، گیانی دەگوازرێتەوە بۆ مرۆڤێکی تری شاد و بەختەوەر و سەرکەوتو. کە ئەو بەختەوەرییە لە باشــێکەوە بۆ باشــێکی ترهەتاهەتا بەردەوام دەبێت. لێ ئەوکەســەی خراپەکار بێت، بەپێچەوانەی باشــەکان، گیانی دەگوازرێتەوە بۆ ناو کەسێک یان ئاژەڵێک یان بەردێک کە جیا لە ناخۆشی و سزاخواردن و ئازار دیتن هیچی دیکە ی بۆ ناهێنێ.

مانەوییەکان و مەزدەکییەکان و خورەمییەکان یەک زنجیرە بوون کە وەک میرات و توڕاس بۆ شێخ و عارف و پیرەکان مایەوە. ئەوانە لە گفتوگۆی ئایینیدا دوای چەند ســەدەیەک بەکارهێنانی ئەومیرات و توراسەیان بۆ لێکدانەوەی شەریعەتی ئیسلام و تێکەڵکردنی بە باوەڕی مەزدەکی و زەردەشـــتی بەکاردەهێنا و هەندێک لەو پیر و عارف و

شـــێخانە بە پەیڕەوەکانی خۆیان دەگوت جیا لەم دنیایە هیچ دنیایەکی دیکە نییە. واتە گیان کە لە جەسـتەی مرۆڤ دەردەچێ و دەگوازێتەوە ناو بوونێکی ترکە لەوانەیە بۆ چاکەکار و باشەکان نسیبیان بە مرۆڤێکی بـاش بگـات ،بەڵام بۆ مرۆڤی خراپکـار لەوانەیە بەردەوامی ژیـان لە شـــێوەی ئـاژەڵ یـان بەرد و داریـان بەربکەوێ. ئەوەش وادەگەیەنێ ئەگەرمرۆڤ باش بێ خۆشـــی دەبینێ، ئەگەر خراپکار بوو خراپەی دێتەوە ڕێگـای. بەهەشـــــت و دۆزەخ هەر ئەوەنـدەیە و هیچی دیکە نییە.(فلاحتی. ١٣٨٩ ه.ش)

لە ناو بەشـــێکی زۆر لە پەیڕەوانی خوررەمی و هەندێک تەریقەتی دیکەدا باوەڕیان وایە ئەبوموسلیمی خوراسانی و فاتیمەی کچی، ئەوانە دوای مردنیان جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە ئەم دونیایە و پڕی دەکەن لە یەکسـانی و بەرابەری. ئەم باوەڕەیان لە هەندێک مەزهەب و تەریقەتی دیکە بە "مەهـدەوییەت" نـاو دەبەن. ئەگەرچی بیروبـاوەڕەکـان لە هەنـدێـک لەو تەریقەتـانەدا جیـاوازن، بەڵام لە جەوهەردا هەموویـان هاوشـێوەن. ئەوانە لە ئەفسـانەکانی خۆیاندا پێیانوایە دواجارلە وەچەی فاتیمەی کچی ئەبوموسـلیمی خوراسـانی شـاهەنشـایەک پەیدا دەبێت و دەبێتە فەرمانڕەوا. ئەو فەرمانڕەوایە عەباســییەکان لا دەدات و خۆی دەچێتە شوێنیان و ئایینی مەزدەک دەگەڕێنێتەوە بۆ پێگەی جاران. دوای نەمانی دەوڵەتی عەبباســی ، ئەو بیروباوەڕە ڕاسـت کرایەوە، بەوە کە ئەوشـــاهەنشـــایە دێت و فەرمانڕەوایی نادادپەروەرانەی ئیســـلامییەکان

دەڕوخێنێ و دادپەروەری و بەرابەری کۆنی مەزدەکی دەگەڕێنێتەوە.

ئەوە یەکێک لەو نهێنیانەیە کە تەریقەتەکان و تەکییەکان و ئایینە عیرفانییەکان لە نێوان خۆیان لە ئەنجوومەنەکاندا دەیخەنە بەر باس، بەڵام لەناو خەڵکدا باسی ناکەن تا نەکەونە بەر پەلاماری موسڵمانانە توندڕەوەکان. بەشێکی زۆر لەو بیروباوەڕانەی باسم کردن لە ناو تەریقەت و لقەکانی مانەوی و مەزدەکی ئێستاش لە کوردستان هەن . ئەوانە بروایان بە "تەقیە"هەیە، واتا خۆپاراستن و خۆدەرنەخستن بەشێکی سەرەکی ژیانییانە.ئەو باوەڕانە وەک نهێنییەک دەشارنەوە، تەنیا سەید و شێخەکان دەیزانن. تەنانەت بە ئاسانی بە گەنجەکانی خۆشیان ناڵێن تا ئەوکاتەی کامڵ دەبن و نهێنی دەپارێزن. لە هەندێک تەریقەت و دیندا پێیدەڵێن نهێنی ئەبەدی، یان نهێنی نەگوتراو(سڕی مەگو) کە نابێ بگوترێ. ئەو نهێنییە وزەی مانەوەی ئەوئایینەیە لە زۆرانبازی لەگەڵ نادادپەروەری ناو کۆمەڵگای ئیسلامی.

بەشی هەشتەم

بزووتنەوەی ئیسماعیلی و دەرهاویشتەکانی

لە زەمانی بابەکی خورەمدینیدا مقاومەتی مەزدەکی و مانەوییەکان و پاشماوەی ئایینی زەردەشتی لە سەرزەمینی ساسانیدا بەردەوام بوو. لە هەر کوێ بۆیان کرابا شۆڕشیان دەکرد و سەریان هەڵدەدا. ئامانجیشیان دەستبەسەرداگرتنی خەلافەتی ئیسلامی بوو. ئەوانە مێژووی خۆیان کە شـــانازییەکانیان لەودا دەبینییەوە، لە ئایین و فەرهەنگی ســـاســـانی کۆندا دەدیتەوە. دوای کوژرانی بابەکی خورەمدینی ژمارەیەك ســـەرهەڵدانی بچووك ڕوویـان دا، بەڵام زۆر بەتونـدی ســـەرکوت کران. فەرمـان و کوشـــتاری خورەمییان بەشـــێوەیەکی بێڕەحمانە ئەنجام دەدرا. جەخت لەســـەر ئەو شـــار و گوندانە دەکرا کە ئەوانی تێدا نیشـــتەجێ بوون.

بەردەوام لە ژێر گوشـار و کوشـتن و تاڵاندا بوون. ئەنجامی ئەو هەموو تێکشکان و فشارە بەردەوامەی لەسەریان بوو، هەستی ستەم و تێکشکان و بێدەرەتانی لەلای مەزدەکییەکان و مانەوییەکان دروســـت کرد. ئەو پارچە پارچەبوونەیان کە پێشـــدان باســـم کرد بووە هۆی ئەوەی لە هەر ناوچەیەك لەســـەر بیروباوەڕی خۆیان بەردەوام بن، بەڵام پەنا بۆ تەقییە و خۆپاراستن ببەن و بیروباوەڕە ڕاستەقینەکانی خۆیان بە خۆپارێزییەوە بەکـار بهێنن و لەدەوروبەری خۆیـانی بگەیەنن کە ئەوە ئیســـلامی ڕاستەقینەیە.(ریس نیا، ١٣٥٨؛میرفطروس١٣٥٨ ه.ش)

ئەو پڕۆســـەیە مێژوویەکی چەند ســـەد ســـاڵەی کێشـــا و وردە وردە مەزدەکییەکـانی تێکەڵ بە کۆمەڵگەی ئیســـلامی کرد، بەڵام نەبوون بە مسوڵمانی عەرەبی. زۆرینەیان لە ڕووکەشدا خۆیان لەگەڵ ئایینی ئیسلام گونجاند، بەڵام پەیوەندی نێوان خۆیان و بیروباوەڕەکانیان دەپاراســـت. لەو پڕۆســـەیەدا بە ســـود وەرگرتن لە تەقییە و خۆپاراســـتن، پێشـــەوا و عـارفیـان لێ پەیـدابوون. لەگەڵ تەقییەشـــدا لەپێنـاوی پەیڕەو کردنی بیروبـاوەڕی خۆیـان، لە پەنـا و بـاتنـدا لە ئەنجوومەن و دانیشـــتن و کۆبوونەوەی خۆیـان نیـایشـــیـان دەکرد. ئەوە وایکرد کە بـاتینییەت دروستبێت.

لە هەرشـــوێن و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیـدا تەقییە هەبێـت، باتینییەتیش هەیە. تەقییە بریتییە لە خۆپاراســـتن، باتینییەتیش ئەوەیە کە

بیروباوەڕە ڕاستەقینەکان، لە ئەنجوومەن و کۆمەڵەکانی خۆییدا دەخرێنە بەر باس. صـائبی تبریزی دەڵێ: "عقل شـرح باطن اسـت و شـرع عقل ظاهر اســت... هر که ســر می پیچد از فرمان کافرســت" واتا: عەقڵ شەرحی باتینە و شەرع عەقڵی زاهیرە...هەر کەسێک سەرپێچی بکات لەم فەرمانە کافرە. پڕۆسەی نزیکبوونەوە لە زاهیری دینی ئیسلام، هەر لەو چوارچێوەیەدا نەوەستا، بەڵکو سـەرکردەی ئەوتۆیان لێ پەیدا بوو، کە چوونە ناو ڕووداوەکانی جیهانی ئیسـلامی. بە تایبەتی کێشـەی نێوان بنەماڵەی عەلی و جێنشینەکانی عەباسی و دوای ئەوان.

یەکەمین دەرهـاویشـــتەی زۆر ڕوون بۆئەو قۆنـاغە، پەیـدابوونی بزووتنەوەی ئیسماعیلییەکان بوو. ئیسماعیلییەکان بریتین لەو بزووتنەوە عەقیدەیی سیاسییەی کە لایەنگری محەمەدی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی ئیمام ســـادق بوون. واتا ئەوان لە ئیمامی حەوتەم دەوەســـتن و دوازدە ئیمامی نیین. ئەوان پێیان وابوو ئیسماعیل کە لە زەمانی باوکیدا مردبوو، نەفەوتاوە و بەس غەیب بووە و ڕۆژگارێك دەگەڕێتەوە. ئەوسـا عەدل و حەقیقەت بەرقەرار دەکا و خۆشی و ئاسایش دەگەڕێنێتەوە.

ئەو باوەڕە دەگەڕێتەوە سـەر هەمان باوەڕی پێشـووتر کە پێی وابوو، ڕۆژگارێك ئەبو موســـلیمی خۆراســـانی یان کچەکەی دواتر دەیانگوت بابەکی خورەمدینی، دەگەڕێتەوە و خۆشـی و ئاسـایش و برایەتی بەدی دێنێ. ئیسماعیلییەکان ئەو چەمکەیان گواستەوە ناو ئایینی ئیسلام، بەڵام

بە تەفسـیری خۆیان. ئیسـماعیلییەکان لەناو خۆیاندا هەندێك بنەمایان لە ڕووکەشـــدا بەکـارهێنـا بۆ خزمەتی بیروبـاوەڕی مەزدەکی. ئەوانە مـامەڵەکردن لەگەڵ ئـایەتەکـانی قورئـان و حەدیس وڕووداوەکـانی مێژووی چەند سـەد سـاڵ پێشـتر، شـێوازی تەئویلیان بەکاردەهێنا. واتا بەپێی بەرژەوەنـدی و ڕوانگەی خۆیـان لێکدانەوەیـان دەکرد(تەئویـل) ئەویش بە جۆرێک بوو خزمەتی تەقییە و ئامانجی باتینی ئەوانی دەکرد. ئەو تێڕامان و لێکدانەوانەیان بوون بە بنەمای مەزهەبی ئیســماعیلی. دووەمین کاریان تەعدیل کردنی باوەڕەکان بوو، دەیانگوت شـــتێك بە نـاوی بەهەشـــت و دۆزەخ بوونی نییە. مەبدەئی ســـێیەمیـان ئیمـانە و چوارەمیشیان پایەکانی شەریعەتە، کە هەریەك لەوانە، لق و پۆپی خۆیان هەیە و ئێرە جێی باسـیان نییە. ئیسـماعیلییەکان لە ڕۆژئاوای ئەفریقا تا دەگـاتە یەمەن و بەشـــێك لە عێراق و ســـوریـا، بەشـــێوەی جیـاجیـا فەرمانڕەواییان لە دەستی عەباسییەکان دەرهێنا و مەزهەبی خۆیان پیادە کرد. لە دەسـپێکدا بە ناوی شـیعەی ئیسـماعیلی خۆیان دەناسـاند، دواتر "شیعەکەشیان" سوکتر کرد و کردیان بە ئیسماعیلی. لە ناو ئێرانیشدا لە ناوچەی ئەلەموت سەرکردەی ئیسماعیلی بەناوبانگ "حەسەنی سەباح" پەیـدا بوو. ئەو بە ڕوالەت مســـوڵمـان بوو بەڵام لە بـاتینـدا خەریکی پەروەردەکردنی کۆمەڵگەی خۆی و بەپێی بیروبـاوەڕەکـانی خۆی بوو. لەو قۆناغە نوێیەدا خۆپاراستن و ئاشتیخوازێییان بە لاوە نا، پتر شێوازی جەنگاوەری و پەلاماردان و هەوڵی دەستبەسەرداگرتن و فەرمانڕەواییان

گرتەبەر. ئەو ئیسماعیلییانەی کەوا پتر بە لەونی شیعەی حەوت ئیمامی خۆدەناسینن لەنێو خۆیاندا بوون بە لقی جیاجیا. وەك ئیسماعیلی ئەسڵی، ئیسماعیلی نزاری، قەرمەتییەکان و فاتمییەکان. لە ئەنجامی لق و پۆپ و تەفسیر و تەئویل و لە یەکتر جیاکردنەوە و جیاوازی،هەندێک شێخ لە ناوچەی جیاجیادا پەیدا بوون، بوونە مایەی درووستبوونی ژمارەیەك ئایین. وەك: دروز، ئێزدی، یارسان، شازلی، بەکتاشی و عەلەوی. ئەوانە هەریەك مێژووی خۆیان و بیروباوەڕی دیاریکراوی خۆیان هەیە، بەڵام ڕەگوڕیشەی هەموو یان دەگەڕێتەوە سەر بیروباوەڕی مەزدەکی و مانەوی، سەرچاوە ڕەسەنەکەشیان ئایینی زەردەشتییە.(ابهرامی، ١٣٧٨١)

هەڵبەت ناکرێ لەو قۆناغەدا پێیان بگوترێت مەزدەکی خاڵس، یان بەو ناوانەی لەمێژوودا لەسەر مەزدەکییەت و مانەویەت و زەردەشتییەکان هاتووە ناوزەد بکرێن. لەو قۆناغەدا، لە بەشی ئیمپراتۆریی ساسانیدا[٧] هەوڵی داهێنانی ئایینێکی نوێ، یان وێنەیەکی نوێ لە ئایینی ئیسلام درا. ئەوە هەمان ئەو ئایینە نییە کەوا لە دوورگەی عەرەبییەوە هات و گەیشتە ئیمپراتۆریی ساسانی. بۆ ئەو ئامانجە ئەفسانە و چیرۆکەکانی خیلقەت و بینای ناوخۆی شەریعەتی ئیسلام تێکڕا دەستکاری کران و لەگەڵ بیروباوەڕی زەردەشتی و مانەویدا

[٧] بە فارس و کورد و عەرەب و ئازەری و قەوم و هۆزەکانی دیکەوە

گونجێندران. ئینجا مەجال ڕەخســـا تا لقێك لەو ئاینە نوێیە لە ناوچەیەکی جیهانی ئیسلامی ببێتە فەرمانڕەوا، ئەوە لەوانە بوو پتر مەزدەکی بێ،یان هەندێکیان پتر مانەوی بن و هێندێکیشیان پتر ئیجتیهادی دیکە بەکاربێنن، یان ڕاستەوخۆ سود لە کەلەپوری زەردەشتی وەربگرێ. لە هەمان کاتدا سودیان لە کەلەپوری ئیسلامی، فەلسەفەی یۆنانی، ڕۆمانی وەردەگرت کە لەو کاتدا کتێبەکانیان وەردەگێڕدران و لەڕێگەی زمانی ســـریانییەوە تێکەڵاوی ناوچەکە بووبوون.

ئیســـماعیلییەکان باتینییەتیان کردە بنەمای ســـەرەکی لە مەزهەبی خۆیـاندا. ئەوان حەوت ئیمـامین، پێیـان وایە پێغەمبەرەکـان لە مێژووی مرۆڤایەتی و لە ســـەفەری خیلقەتدا، حەوت پێغەمبەرن. کەچی لە ئایینی ئیسـلامدا ١٤٤ هەزار پێغەمبەر هەن. لە باوەڕی ئیسـماعیلییەکاندا ئیمام ڕۆڵی سـەرەکی دەبینێت. ئەوە ئیمامە کە پێغەمبەرەکان دیاری دەکات. لە کـاروبـاری ڕۆژانە و خوداپەرســـتیدا گۆڕانکـاری تەواویـان بەســـەر فەرمانەکانی دینی ئیسـلامدا هێنا، لەبابەت ڕۆژو، نوێژ، حەج و زەکات. ئەوانەیان دەستکاری دەکردن کە بگونجێن لەگەڵ باوەڕی کۆنی ساسانی، کە سـەرچاوەی باوەڕەکانی زەردەشـتییە. ئەو قۆناغە نوێیەیە کە مۆرکی بزووتنەوە ئایینەکە دەگۆڕێت بۆ عیرفانیبوون و پەرەسەندنی تەسەووف. هەڵبەت ئەویان شـــەپۆلێکی نوێیە لە مێژووی بیروباوەڕی مەزدەکی و زەردەشـتیدا. هەڵبەت ئەوەش دوای دەسـتپێکردنی قۆناغی فەرمانڕەوایی ئیسلامی لە ئیمپراتۆری ساسانیدا پەیدا بوو.

ئەوەی پێویستە لێی تێبگەین، ئیدی لەبەردەم عارف و شێخە نوێیەکاندا بەو بیروباوەڕی تازەیان دەرگای ئیجتیهاد کرایەوە و ئەوانە بە جیهانی ئیسلامیدا بڵاببوونەوە. هەریەك لەوانە دەیتوانی بزووتنەوەیەکی نوێ و پەیڕەوانی نوێ بۆ خۆی دروست بکات. بۆ ئەو ئامانجەش دەیتوانی ڕێنمایی بۆ دابڕێژێت و بۆخۆشی هەندێک فەرمانی دیاریکراو بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ناوچەیە دەربکات. ئەوەیان قۆناغێکی نوێیە و لەو قۆناغەدایە سۆفی و عارفەکان تەریقەتەکانی سۆفیگەری کوردستان دادەمەزرێنن و بە فراوانی لە کوردستان دەچەسپێن.

بەشی نۆیەم

حروفییە و نوقتەوییە

١- حروفییە

حروفییە ئەو قۆناغەیە لە بزووتنەوەی مەزدەکی و بیروباوەڕی کۆنی ساسانی، کە لە مەزدەکی و مانەوی و زەردەشتی پێکدێت. ئەوە باوەڕێکە بەدرێژایی مێژووی دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریای ساسانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەو گۆڕانە بیروباوەڕەکەی سەرلەنوێ لەگەڵ قۆناغی کۆمەڵگەی مسوڵمانی نوێی ساسانیدا داڕشتەوە. بەڵام بیروباوەڕە سەرەکییەکانی مەزدەکی هەر پاراستبوو.

لەو ماوە درێژەدا، دوای کوژانەوەی بزووتنەوەی مەزدەکی بە سەرۆکایەتی بابەکی خوررەمدینی، کە بە بزووتنەوەی خوررەمی ناودەبرا، بێئومێدی و هەست بە شکانێکی زۆر بەسەر کۆمەڵگای

ســـاســـانی کۆندا هات. ســـەرکردە و جەنگاوەرانیان هەموو کوژران. بەشـــێکی زۆریشـــیان، ئەوانەی دەیانویســـت بەردەوام بن، ناچار بوون ڕێگای کۆچ بگرنە بەر. زۆربەی ئەوانە ڕوویان لە هیندســـتان دەکرد چونکە لە هیچ شـوێنێکی جیهانی ئیسـلامییدا جێگەیان نەدەبووەوە. ئەگەر بەرەو هەرێمی فەرمانڕەوایی عوســـمانییەکان ڕۆیشـــتبان، لەوێش هەر دەکەوتنە ژێر پەلامار. هیندستان دوو پردی هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵگای زەمانی ســـاســـانیدا هەیە: یەکەمیان پێکهاتووە لە هۆزە ئاریاییەکان و مێژوویەکی هاوبەشـــی لە بیرو باوەڕی ئەفســـانەیی و ئایینیدا لەگەڵ ســـەرزەمینی ســـاســـانیدا هەیە. دووەمیان ئەوەیە کە هیندســـتان لەڕووی جۆگرافییەوە دراوســـێی ســـاســـانی بووە و لێکدی نزیك بوون. ئەوکات وڵاتێك بوو کە ســـەرکردەکانی ئایینی و عیرفانی بە هەر شـــێوەیەك ویستبایان دەیانتوانی لە هیندستان بژین و نەکەونە بەر پەلامار. هەروەك دیاریشـــە زۆربەی پێکهاتەکانی هیندســـتان هیندۆســـیین و ئایین و بیروباوەڕی دیکەی یەکجار زۆرە. قۆناغی ئیســـماعیلییە، فاتیمییە، قەرمیتییە و جۆرەکانی عەلەوی، لە دوای قۆناغی بزووتنەوە فراوانەکانی مەزدەکی هاتن. ئەوانە چەند ســـەد ســـاڵ لە زۆربەی سەرزەمینەکانی ئیسلامی و کۆمەڵگە جیاوازەکاندا فەرمانڕەواییان گرتە دەســـت و بیروباوەڕەکانی خۆیان پەیڕەو دەکرد. لەو ئەزمونەدا زیاتر تێکەڵی دونیای مسوڵمانان و بیروباوەڕی ئایینی ئیسلام بوون. قۆناغێکی نوێیان لە تەفســـیری ئایینی دروســـت کرد کە ئەو قۆناغە نوێیە خۆی

لەگەڵ کێشەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی دەگونجاند.(اژند،١٣٦٩)

دوای بزووتنەوەی خوررەمدینی، سەرکردەکانی مەزدەکی زیاتر بیریان لەوە کردەوە کە پەنا بۆ تەقییە (خۆپارێزی) و باتینییەت (شاردنەوە)ی بیروباوەڕەکانیان ببەن. نهێنییە سەرەکییەکانی بیروباوەڕەکانیان لەو شوێنانە بپارێزن کە دەکەونە بەر مەترسی. ئەو سێ شێوازی خۆپاراستنە، واتا تەقییە، باتینییەت، سڕپارێزی، تا ئێستاش پێناسەی تێکڕای بزووتنەوەکانی عیرفانی و سۆفیگەرییە. بە پەیدابوونی کێشە لە نێوان لایەنگرانی بنەماڵەی عەلی کوڕی ئەبی تالیب و ئەمەوییەکان و دواتر لەگەڵ عەباسییەکان، مەزهەبی شیعە دروست بوو. مەزهەبی شیعە ئەو تێکەڵە بیروباوەڕەیە کە لە عەقیدەی ئیسلامی و بەشێك لە بیروباوەڕی سەردەمی ساسانی، لە مەزدەکی و زەردەشتی و مانەوی پێکدێت. بەشێکی زۆر لە بیروباوەڕ و نەریت و ڕێوڕەسمەکانی مەزهەبی شیعە هیچ پەیوەندی بە مێژووی ئیسلامەوە نییە بەڵام کە دروست بوو و دواتر بەهۆی سەفەوییەکانەوە بەسەر هەموو ئێراندا سەپێندرا، بووە مەزهەبی ڕەسمی ئێرانی سەفەوی و یەکێك لە دوو مەزهەبە سەرەکییەکەی ئایینی ئیسلام.

لە دوای قۆناغی ئیسماعیلییە، شەپۆلی بێئومێدی و تەسلیمبوون بە ئەمری واقیع بە هێزتر بوو. بزووتنەوەکان هەرچەند لێرە و لەوێ سەریانهەڵدەدا بەڵام زۆربەی هەرە زۆری باوەڕدارانی سەردەمی

ســـــاســـــانی پێیانوا بوو دەبێ ماوەیەکی درێژ خەریکی خۆپارێزی و پاراســـتنی کۆمەڵگاکەیان بن. ئینجا جارێکی تر ســـەرلەنوێ بڕەودان و پەروەردەکردنی لایەنگرانیان بە بیروباوەڕی خۆیان دەست پێ بکاتەوە. ئەو دۆخە قۆناغێکی نوێی بە ناوی عیرفان و تەسەووف درووست کرد. عیرفـــان بریتی بوو لە بیروبـــاوەڕێکی دینی بە تەفســـیری نوێ. تەســـەووفیش بریتی بوو لەو تەقییە و خۆپارێزی و گۆشـــەگیرییەی کە جەوهەری ســـەرەکی بریتییە لە پاراســـتنی خود و دەوروبەر. لەئەنجامدا سێ شەپۆلی تەفسیر بۆ ئیسلام درووست بوون: شیعە، سوننە و ئیسلامی عیرفانی کوردستان. عیرفان لە کوردستاندا بیروباوەڕی کۆنی ساسانی لەگەڵ خۆیدا هێنا و تێکەڵ بە بیروباوەڕی ئیســـلامی کرد و هەمواری کردەوە. بە جۆرێك کە کۆمەڵگەی کوردستان بتوانێ پێی بژیت.

کوردســـتان نەك هەر ئەو بـاوەڕەی وەك بیروبـاوەڕی ئـایینی خۆی وەرگرت، بەڵکو بووە لانکە و پەناگایەکیش بۆ هەموو عارف و سۆفی و ســـەرکردەکانی مەزدەکی. ئەوانەی لە هەر شـــوێنێکی ئێران و جیهانی ئیسلامییدا تینیان بۆ هاتبا، خۆیان دەگەیاندە ناوچە چیاییەکانی کوردستان و لەوێ دەگیرســـانەوە. لێکدانەوەی عیرفانی ئیســـلامی کوردســـتانی، ڕەگوڕیشـــەی قوڵی لە مەزدەکییەت و مانەوی و زەردەشـــتیدا هەیە و پەیوەندییەکی پتەویشی لەگەڵ پڕۆسەی پێکهاتن و کامڵبوونی تەشەییوعدا هەیە. لەهەمان کاتدا مۆرکی جوگرافیایی خۆی لە بەشـــێکی ســـوننە مەزهەبی ئیســـلامدا هێشـــتەوە و پەیوەندییەکی قوڵیشـــی لەگەڵ مەزهەبی

ســـوننەدا کردەوە. ئەمە پێناســـە و ناوەڕۆکی عیرفانە لە کوردســـتاندا. عیرفان لە کوردستاندا لەسەر بنەمای قبووڵکردنی دوومەزهەبی شیعە و سوننە لە ئایینی ئیسلامدا و بەردەوامبوون لەسەر مێژووە دوورودرێژە فەرهەنگییەکەی خۆی درووســت بووە. ئیســلامی کوردســتانی، زۆر بە ئاســـانی ئایینەکانی دیکەی ناوچەکەی قبووڵ کرد. لەهەرە گرنگەکانیان ئایینی یەهوودی و مەسیحییەتە. دواتر ئایینە خۆییەکانی دیکەشـی قبووڵ کرد، کە لە کۆمەڵگەی کوردســـتاندا دروســـت بووبوون و بە ئاســـانی وەریگرتن. هەر ئەو کولتورەیە کە بووەتە هۆی ئەوەی لە کوردســـتاندا ئایین گۆڕین کوشـــتن و کارەســـاتی گەورەی بەرامبەر بە هاووڵاتی لێ دروست نابێت.(ایمانی، ٢٠٠٦م)

بۆچی هەموو عارف و شێخ و سۆفییە بەناوبانگەکانی کوردستان، بۆ کامڵکردنی بیروباوەڕی خۆیان، ڕوویان لە هیندستان دەکرد؟ ڕاستییەکە لەوەدایە چونکە هەموو ســـەرکردە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان کە هزری مەزدەکیان پێبووە، لەکاتی شـــکاندا پەنایان بۆ هیندســـتان دەبرد، تەکییە و خانەقا و پەیڕەوەکانی خۆیان لەوێ جارێکی دیکە درووســـت دەکردەوە و بە ئازادییەکی زۆرەوە دەســـتیان بە کار دەکردەوە. ئەو ئازادییەی لە هیندســـتاندا هەبووە، وای دەکرد عارفە گەورەکان لەوێ بمێننەوە. ســـەرکردەکانی عیرفان لە کوردســـتاندا بە ســـەردانی هیندســـتان کامڵ دەبوون. کاتێک دەگەڕانەوە کوردســـتان دەســـتیان بە کار و چالاکی خۆیان دەکردەوە.

قۆناغی عیرفان و تەســـەووف بەخێرایی دەچێتە ناو فەرمانڕەوایی مەغۆلەکان. مەغۆلەکان ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان خستە دۆخی شــەڕێکی خوێناوییەوە. کوشــتارێکی زۆریان کرد و هەموو شــارەکانیان کاول کردن. هەرچی نووســـراو و بەرهەمی دەســـتی هەبوو لە ناویان بردن. سەرکردەکانی ئایینی و سیاسی و فیکری و ئەدەبییان کوشتن. لەو ســـەرکردە هەڵکەوتووانە تەنیا بەشـــێکی کەمیان لێ مایەوە. مەغۆلەکان بەو کردەوەیان کۆمەڵگەی ئێرانی- کوردســـتانییان خســـتە ناو دۆخێکی پڕگرفت و تەنگوچەڵەمەی قووڵ.

لەو دۆخەدا کە قۆناغی یەکەمی درووســتبوونی عیرفان و تەســەووف بوو، لە ئێران بەگشــتی و لە کوردســتان بە تایبەتی، عارف و شــێخەکان تەکییە و خانەقاکانی خۆیان کردە شوێنی ئامۆژگاری کردنی هاووڵاتیان. پەیامی ئەو شـــێخ و عارفانە بریتی بوو لەوە کە کاتی ڕاپەڕین نییە و دەبێ خۆتان بپارێزن، تەقییە زیاتربکەن و بیروباوەڕی خۆتان لە باتیندا بهێڵنەوە. نهێنی ســەرەکی ئەوەیە کە ســەرەنجام دەبێ کۆمەڵگا بگۆڕین، بیگێڕینەوە بۆ کۆمەڵگایەك کە لە بەرژەوەندی مرۆڤدا بێت و ئاســایش و بەختەوەری تێدا هەبێت. ئێســـتا ئەو ئاواتانە نایەتە دی بەڵام دەتوانین بەلانی کەمەوە خۆمان بپارێزین.

وەک دیارە عارف و شێخەکان، ئامۆژگاریی خەڵکیان دەکرد تا خۆیان لەگەڵ فەرمـانڕەواکـانی مەغۆلـدا بگونجێنن. لەم ڕووەوە لێکۆڵەرەوانی

مێژوویی بە تایبەتی ئەوانەی ئێرانی، ڕەخنە لە عیرفان و تەســـەووف دەگرن. پێیان وایە عیرفان و تەســـەووف ئایدۆلۆژیای مل کەجکردن و چۆکدادنە لە بەرامبەر مەغۆلەکان. دەڵێن بەو هەڵوێســـتەیان زەبرێکی قورســـیان لە ئێرانی ئەوکات وەشـــاندوە. لە بەرامبەر لێکۆڵەرەوەکانی ئێرانیـدا، ڕوانگـایەکی دیکەی واقیعییـانە هەیە کە پێیوایە عیرفـان و تەسـەووف بەو هەڵوێستەیان کۆمەڵگای ئێرانیان پاراست. دانیشـتوانی سـەرزەمینی سـاسـان کۆمەڵگایەکیان هەبوو ماندوو لەشـەڕی بەردەوام، بێ ئومێد لە شـکان لە دوای شـکان بوون. بیروباوەڕی مەزدەکی وزەی بەرەنگاریی و بەردەوامی لەبەر نەمابوو، بۆیە ســـەرکردەکانیان پێیان وابوو دەبێ کۆمەڵگا ماوەیەکی درێژ لە هێمنی و ئاســـایش و دوور لە کوشـــت و کوشـــتار بژیت. هەڵبەت من پێم وایە بە گوێرەی بەڵگەکانی مێژووی ئەو قۆناغە، عیرفان و تەسەووف خۆیان بە نوێنەری ئیسلامی بەدەوی نەدەزانی، بۆیە لەبەرامبەر مەغۆلییەکـانـدا کۆمەڵگـایـان بۆ دیفاعکردن ئامادە نەدەکرد. لە هەندێک هەرێمدا (وەک شیراز و کرمان و یەزد) لەگەڵ فەرمـانـدەکـانی مەغۆل ڕێککەوتن و نـاوچەکەیـان لە وێرانی مەغۆلەکان و فەرمانڕەوایی عەرەب پاراســـت. هەر ئەوەش لە دواییدا بووە مایەی بوژانەوەیەکی بەرچاوی زمان و ئەدەبی فارسی.

ڕای لێکۆڵەرانی ڕۆژئـاوایی لەســـەر خۆگونجـانـدنی عیرفـان و تەســـەووف لەگەڵ مەغۆلییەکـان دەڵێ، قۆنـاغێکی نوێ لە عەقیدەی ئیسـلامیدا دروسـت بوو. ئەویش لەوەدایە ئەگەر کۆمەڵگا مسـوڵمان بێ،

دەکرێ فەرمانڕەوا مســـوڵمان نەبێت. ئەو فەرمانڕەوایە دەبێ قبووڵ بکرێ و پەیڕەوی لێ بکرێت. گرنگ ئەوەیە ئەو یاسایانەی کە دادەندرێن لەگەڵ ژیانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی مسوڵمان و نامسوڵماندا بگونجێنرێن. ئەو یاســـایانە پێویســـتە زۆر دژی ئایینی ئیســـلام نەبێت. ئەو ڕەوتە لە ماوەی حوکمڕانیی مەغۆلەکاندا سەری گرت. ئەو تەجرەبەیە بووە هۆی پێشینەیەکی کۆمەڵایەتی و عەقیدەیی لە ئایینی ئیسلامدا. ئێستاش کە باس لە چاکسازیی ئایینی و قبووڵکردنی یەکدی و یاسای دونیایی دەکرێت، بۆ ئەو ئەزموونە دەگەڕێنەوە.

تەکییە و خانەقاکان لە زەمانی مەغۆلەکاندا، بوونە شـــوێنی داڵدەدانی پاشـــماوەی ئەدیب و عارف و شـــێخ و زاناکان. هەربۆیە تەکییە و خانەقاکان بوونە مەکۆ و مەڵبەندی فکر و بیرکردنەوە و عیبادەت و مشـــوورخواردن لە دۆخی کۆمەڵایەتی و ژیانی خەڵك. لە کردەوەدا تەکییە و خانەقاکان بوونە مەرکەزی ڕابەرایەتی کردنی کۆمەڵگا. لەو قۆناغەدا مزگەوت و مەلاکان کەوتنە پلەیدواوەی تەکییە و خانەقاکان، ئایینی ئیسلامی بە فەرهەنگی بەدەوی کەوتە پلەی دواوەی عیرفان. بۆیە لەو قۆناغەدا عارف و شـــێخەکان ڕۆڵی ڕابەریان دەبینی، هەم ڕابەری ئایینی هەم سیاسی و هەم چاکسازیخوازی کۆمەڵایەتی بوون. ئەو کاتە کەسێک دەبوو بە عارف و شێخ کە زانایەکی زۆری هەبا، پێگەیشتبا و

ئەزموون و ڕوانگەی ڕوونی هەبـا. وردە وردە قۆنـاغی مەغۆلییەکـان کۆتـایی پێهـات و نەوەکـانیـان بەســـەر چەنـدین دەوڵەتی بچووك و فەرمانڕەوایی ناوچەییدا دابەش بوون.

بە هاتنی تەیموری لەنگ، پاشـــماوەکانی مەغۆل پێچرایەوە. قۆناغی تەیمورلە زەبر و زەنگ و کوشـــتار و وێرانکردندا هیچی لە مەغۆلەکان کەمتر نەبوو و سەرلەنوێ هەمان کارەساتی بەسەر کۆمەڵگای ساسانی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتی مســـوڵماندا هێنایەوە. پاش ماوەیەك لە ناو جەرگەی عیرفـان و تەســـەووفدا بزووتنەوەیەك دروســـتبوو کە پێی دەگوترا بزووتنەوەی "حروفییە".

بزووتنەوەی حروفییە (٨٠٤ی کۆچی) هەر بزووتنەوەی مەزدەکییە، بە تێکەڵبوون لەگەڵ ئەو مێژووە ٨٠٠ ســـاڵییەی، کە کەلەپورێکی نوێی لێ دروسـت بووبوو. ئەو کەلەپورە هەم دەخرایە پاڵ عەقیدەی ئیسـلامی و هەم عەقیدەی مەزدەکییەوە. هاوبەشـــی و پێکەوە گرێدرانی بەشـێك لە بـاوەڕەکـانی ئیســـلامی و بـاوەڕەکـانی مەزدەکی قۆنـاغێکی بڕیبوو و بەشێکی زۆری کۆمەڵگای موسوڵمان بە بیروباوەڕی خۆیانیان دەزانی. شـــاعیر و بیرمەنـد و عـارفێکی گەورەی ئێرانی بە نـاوی "فەزلوڵای نەعیمی ئەسترئابادی"، کە لە دایکبووی باکوری ئێران (شـاری ڕەشـت) بووە، دەســـتی کرد بە جموجۆڵ و بزووتنەوەی حروفییەی پێك هێنـا. ئەسترئابادی شێوازی لێکتێگەیشتن و پەیامگۆڕینەوەی نێوان لایەنگرانی

بزووتنەوەی حروفییەی بە ڕەمز و مانا دانان بۆ پیتەکانی زمان، تەنزیم کرد. ئەوەش تایبەت بوو بە زمانەکانی فارســی و عەرەبی و تورکی کە ئەوکات پێیان دەنووسرا. بەکارهێنانی زمان، ڕۆلی زمان، نزیککەوتنەوە لە زماننناسی لەو قۆناغەدا، جفرە (شفرە)یان درووست کرد کە دەکرا لە قۆناغی تەقییە و گۆڕینی بیروباوەڕ لە باتیندا، ئەو شفرەیە بەکاربێنن، تا بە ئاسانی فەرمانڕەوا و پیاوانی ئایینی نەتوانن لایەنگرانی بزووتنەوەکە ئاشکرابکەن و لەناویان بەرن.

هەڵبەتە دواتر لە تەفسیرکردنی ئایینی و کۆمەڵایەتیدا، دیسان لایەنی مانای ئەکدانەوەی پیتەکان و شــوێنیان کە بەهەر پیتێکیان هەڵدەواســی، دەگەڕایەوە ســەر مێژووی ئیســلام، زەردەشــتی ، یەهودییەت و مەسیحییەت کە بە کەیفی خۆیان تەفسیریان لە هەندێ لایەنی ئەو ئایینانە دەکرد و دەیانبەســتنەوە بە مانای هەندێک لە پیتەکانی خۆیان. بۆیە حروفییە لەوشــێوازە تێناپەڕێت. جەوهەری ئەو ئایدۆلۆژیایە، باوەڕی مەزدەکی بوو، بەڵام بە گۆڕانکاریی نوێ. حروفییەکان هەموو شــتێك و کێشــەیەکیان چارەســەردەکرد. پێیان وابوو دەبێ چارەســەرەکان لە بەرژەوەندی کۆمەڵگا و مرۆڤدا بن. ئەوان هەندێک دروشمیان بۆخۆیان دروستکردبوو. بۆ نموونە دەیانگوت: "جمال جاودانی تجدید می شود". واتا ڕوخســاری هەرمان و جاویدانی، هەمیشــە خۆی نوێدەکاتەوە. مەبەســتیان بیروباوەڕەکە بوو. پێیانوابوو خودا لە هەموو شــتێکدا خۆی نیشــان دەدا. کاملترین دەرکەوتن و خۆخســتنەڕووی خودا لە خودی

مرۆڤدایە. مرۆڤیش بۆیە وەك خودایە چونکە دەدوێ، ئەو دوانە بە وشـــە دەنووسرێ، ئەو وشانەش هەمان بیروباوەڕی حروفییەن. بۆیە حروفییە سیمای "الله"یە.

حروفییەکان پێیان وابوو هەرکەسێك نهێنی و مانای پەنهانی هەر ٣٢ پیتەکەی زمان بزانێت، کەسێکی کاملە، بیروباوەڕەکەشـی کاملە و جێی متمـانە و بـاوەڕە. بۆیە فەرزەکـانی ئـایینی، حەرام و حەڵاڵی لەســـەر لادەچێت. ئیدی پێویسـت ناکات نوێژ بکات، زەکات بدات، حەج بکات و ڕۆژوو بگرێـت. چونکە ئەم فەرمـانـانە بۆ ڕاهێنـان و پەروەردەکردنی مرۆڤی خراپ بەرەو چاکەیە. خوا مەبەسـتی مرۆڤی باشـە، هەرکەسێك نهێنییەکانی ٣٢ پیتی زمان بزانێت دەبێتە ئەو مرۆڤە باشـــەی کە خوا مەبەستییەتی. کەواتا ئەو مەشق و ڕاهێنانەی پێویست نییە کە لە فەرز و ڕێوڕەسمەکانی ئایینیدا هەیە.

حروفییەکان باوەڕیان وابوو شـــەراب و مەی خواردنەوە، لە کاتی مەڕاسیمی ئایینیدا حەڵاڵە. ئەوەش ڕێوڕەسمێك بوو، کە لە بیروباوەڕی کۆنی ساسـانی و هۆزەکانی ئاریایی وئایینی میتراییدا هەبووە. هەروەها لە ئایینی مانی و بەشـــێك لە زەردەشـــتی و دواتر لە بیروباوەڕەکانی مەزدەکـیـدا هەبـوو. مەبەســـتـیـان لە حەڵاڵـکـردنـی شـــەراب، بەرەنگاربوونەوەی ئیسلام نەبوو، بەڵکو دروستکردنی ئەو ئایدۆلۆژیایە نوێیە بوو کە لە مەزدەکیی وەریانگرتبوو.

فەزوللای نەعیمی ئەسترئابادی کە بە مامۆستای حروفییە دەناسرێت، وەك حەللاج و عەینولقوزاتی هەمەدانی، هەڵگری بێخەوشی بیروباوەڕی مەزدەکی بوو. هەربۆیەش بە دەنگی بەرز دەیگوت و دەیگوتەوە:" خواناسین هەمان خۆناسینە". کەسێك کە توانی خۆی بناسێت ئەو کەسە خودایە. چونکە مرۆڤ سیمای خودایە. لە بیروباوەڕی حروفیدا، ڕیشەی بیروباوەڕی باش و خراپ، لەسەر بنەمای کۆنی بیروباوەڕی زەردەشتی، مەزدەکی، ئاهورامەزدایی، ئەهریمەن هەر مابوو. ئەسترابادی زۆر بە ئاشکرا پێی وابوو دەبێ کۆمەڵگەی ئیسلامی بگەڕێتەوە بۆ چاکسازی زیاتر، زۆر خۆی بە خودای ئاسمانەکانەوە ماندونەکات و خەریکی خودای سەرزەوی بێت. فەزلوڵای نەعیمی ئەسترئابادی لە ١٣٩٠ی زایینی دا دەستیکرد بە گەڕان بە شارە بەناوبانگەکانی ئێراندا. ئەو شارانەی لە مێژووی ئەو بزووتنەوانەدا ڕۆڵیان هەبووە، تەکییە و خانەقایان لێ بووە و مرۆڤی عارف و ئەدیب و زانایان تێدا هەڵکەوتبوو. وەك ناوچەی خوراسان، بەستام، نەیشاپور، ئیسفەهان، یەزد و کرمان. دواتر گەڕایەوە بۆ باکۆ، چونکە بزووتنەوەکەی لە ئازەربایجان دەستی پێ کرد. لەوێ ماوەیەکی زۆر مایەوە و بنەمای بزووتنەوەکەی پتەوکرد و دەستی بە خۆئاشکراکردن و بەرەنگاربوونەوە کرد.(اژند،١٣٦٩؛ میر فطروس،١٣٥٨ه.ش)

کاتێک بەرەنگاربوونەوە زەمینەی بۆ دروست بوو، ژمارەیەکی زۆری لایەنگری فەزلوڵای نەعیمی ئەسترئابادی رووبوڕووی

تەیموریيەکان بوونەوە. شەڕ لەسەرانسەری ئازەربایجان دەستپێکرد. تەیمووری لەنگ کوڕەکەی خۆی کردە فەرماندەی سەرکوتکردنی ئەسترئابادی. کوڕی تەیموری لەنگ ناوی "میرانشا" بوو کە ئەوکات حاکمی ئازەربایجان بوو. پاش شەڕێکی دوو ساڵەیی، توانیان بزووتنەوەکە لەناوببەن و فەزلوڵای نەعیمی ئەسترئابادی بە خراپترین شێوە بکوژن.

یەکێك لە هاوکارەکانی فەزلوڵای نەعیمی ئەسترئابادی، عیمادەدینی نەسیمی بوو. ئەو یەکێك لە شاعیرە بەناوبانگەکانی ئێران بوو. هاوکار بووە لە بزووتنەوەی حروفییەدا کۆچی گرتەبەر و لە شاری حەڵەب گیرسایەوە. لە حەڵەبیش دەستی بە هەمان جموجۆڵ و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی خۆی کرد. لەوێ بوو کە حاکمی میسر تەکفیری کرد و دەستگیرکرا و بەخراپترین شێوە کوژرا. بزووتنەوەی حروفییە سەرباری ئەو شکستانەش کە تووشی دەبوو، هێشتا لەم ناوچە بۆ ئەو ناوچە خەریکی سەرهەڵدان و بەرگری بوون. ئەوە بوو لە ساڵی ١٤٠٨ی زایینیدا هەوڵی کوشتنی سوڵتان شارۆخ-یان دا، نەمرد بەڵام بریندار یان کرد. ئەوە بە یەکێك لە هەوڵەکانی بەردەوامی بزووتنەوەی حروفییە دادەندرێت بۆ لەناوبردنی فەرمانڕەواکانی شەریعەتی سەلەفی. دوای کوژرانی فەزلوڵای نەعیمی، کچەکەی سەرکردایەتی بزووتنەوەکەی کرد تا ئەوکاتە کە تێکشکێنران. من لێرەدا جارێکی تر باسی بیروباوەڕەکانی فەزلوڵای نەعیمی ئەسترئابادی ناکەمەوە، چونکە

هەمان بیروباوەڕی مەزدەکی بووە. وەك بەرابەری مرۆڤ، یەکسـانی ژن و پیاو، ڕێزگرتنی مافی ژن، باوەڕبوون بە ئاسـایش و تەناهی و دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی. هەروەها بەشـەکانی دیکەی بیروباوەڕی مەزدەکی تێدابووە.

ب- نوقتەوییە

هەر لە ڕۆژگاری خۆیدا، پێش ئەوەی فەزلولاّی نەعیمی ئەسترئابادی بکوژرێت، یەکێك لە هاوکارەکانی بە ناوی "مەحمودی پەسـیخانی" لێی جیابووەوە. مەحمودی پەسیخانی لە ناو بزووتنەوەی حروفییەدا کەسێکی توندڕەو بوو. تەنانەت لە عیمادەدینی نەسـیمیش توندڕەوتر بوو. ئەو کە جیـا بووەوە هەمـان بیروبـاوەڕی حروفی و مەزدەکی لەگەڵ خۆی هەڵگرت، بەڵام نـاوی لەخۆیـان نـا نوقتەوییە (نقطویە). نوقتەوییەکـان وردتر لە حروفییەکـان بیروبـاوەڕی خۆیـان لێکـدەدایەوە و داوای بەرەرنگـارییـان دەکرد. تەفسـیری ئەوان دیقەت لە مـانـای حروف (پیتەکان)دا بوو، بەتایبەتی لە خاڵەکانی ناو زمان و وشـەدا. ئەمەش زیاتر شـتێکی ڕووکەشـانە بووە و هیچ مانایەکی تایبەتی تێدانەبووە و هەمـان شـێوازی حروفییەیـان بەکـار هێنـاوە. مەحمودی پەسـیخـانی سـەرکردەیەکی گەورەی نوقتەوییە بوو کە لە گوندی پەسـیخان لە نزیك

ڕەشـــت لە دایك بووە. دوای ئەو بە مەزدەکی و حروفییەیان دەگوت پەسیخانی و بە ناوی مەحمودی پەسیخانییەوە ناو دەبران.

دروشمی سەرەکی مەحمودی پەسیخانی بریتی بوو لە: "زەوی ئەسڵە، نوقتە هەموو شتێکە". مەبەستیشی لە مانای "زەوی ئەسڵە" گەڕانەوەی هەموو بیروباوەڕەکان بوو بۆ ســەر زەوی. ئەوە ئایدۆلۆژیایەک بوو کە خۆیان دایانڕشـــتبوو و لە نێوان خۆیاندا بە شـــێوەی حەرفی و شـــفرە بڵاویان دەکردەوە. مەحمودی پەسیخانی نووسەر و ئەدیبێکی بەناوبانگی زمانی فارسییە. پەسیخانی زۆر دژی فەرمانڕەوایی عەرەب بوو. زۆر بە ڕژدی هەوڵی دەدا فەرمانڕەواییەك بۆ بیروباوەڕی مەزدەکی دروست بکات، بەڵام بەشـــێوەیەکی نوێ. مرۆڤی بە تەوەر و ناوەندی هەموو جیهـان دەزانی، پێی وابوو خودا هێمـایەکە بۆ هێزی مرۆڤ. بۆیە گوزارشتێکی دەگوازمەوە کە دەڵێت: "استعن بنفسك الذی لا اله الا هو، لا الـه الا مرکـب المبین". ئەو پێی وابوو "لا الـه الا المرکـب المبین" یەکسانە بە خودی مرۆڤ. توندڕەوییەکەی مەحمودی پەسیخانی یارمەتی فەرمانڕەواکانی دەدا کە خەڵك لە دژی هان بدەن و بە کافر و هەڵگەڕاوە تۆمەتبـاری بکەن. بۆیە لەنـاوچوونیشـــی کـارێکی ئـاســـان بوو. درێژبوونەوەی نوقتەوییەکـان بۆ دوای تەیموورییەکـانیش، هەر وەك بیروباوەڕ بەردەوام بوو، تا زەمانی ســـەفەوییەکان. لە ٨٣١ی کۆچیدا، مەحمودی پەسیخانی دەستگیرکرا و لە تێزابدا سوتاندرا.

پەیڕەو و شـــوێنکەوتوانی پەســـیخانی، ئەوانەی کە مابوون خۆیان شـــاردەوە و کەوتنەوە تەقییە و باتینیکردنی بیروباوەڕ و پاراســـتنی نهێنییەکـانیـان. ئەوەش تەکـانێکی نوێی بە بزووتنەوەی عیرفـانی و تەسـەووف دا. بەشێکی زۆر لە سـەرکردەکانی پەسیخانی ڕوویان کردە هیندستان کە دواتر سۆفی و عارفی گەورەیان لێ دروستبوو.

یەکێك لە شـــێخەکانی ناوچەی ئازەربایجان کە لە گوندی ئەردەبیل نیشـــتەجێ بوو، ناوی شـــێخ ســـەفییەدینی ئەردەبیلی بوو. شـــێخێکی بەناوبانگ بوو، مەیلی شیعە و سوننەی تێدا بەرابەر بوو. لە بارودۆخی شـــکســـتی نوقتەوی و حروفییەکاندا، بەو زانایی و زانیارییە عیرفانی و تەسـەووفەی کە هەیبوو، بوو بە شێخێکی گەورەی دەڤەری ئازەربایجان و ســـەروســـامانێکی زۆری بەناوکرا، چونکە ســـودی لە شـــکانی نوقتەوییەکان وەردەگرت. ئەوە بوو پارســـەنگی شـــەریعەتی لەبەرامبەر عیرفـان زیـاد کرد. بزووتنەوەکـانی پێشـــوو شـــەریعەتیـان زۆر کەم دەکردەوە و عیرفان و بیروباوەڕی کۆن و بواری تەفســـیریان تێدا زیاد دەکرد. شـێخ سـەفیەدینی ئەردەبیلی لایەنی شـەریعەتی لە نێو تەکییەکەی زیاترکرد، بۆیە بەخێرایی کەوتە بەر چاوی فەرمانڕەواکانی ئەوکات و یـارمەتیـان دا کە لەو کـارەدا بەردەوام بێت. لە لایەن پـاشـــمـاوەکـانی حوکمڕانانی تەیموری زەوی وزارێکی زۆری پێشکەش کرا و تا ئاستی پەرســتن ســتایشــیان کرد. هەڵبەت لە دژی نوقتەویەکان بەکاریاندەهێنا. دوای خۆی، کوڕەکەی کە ناوی شـــێخ ســـەدرەدین بوو ئەوتەریقەتەی

زۆرتر بڵاوکردەوە و شەریعەتی شیعەی یەکجار تێدا زیاد کرد.

ئەو هەلەی شێخ سەفییەدین لەسەر شکستی نوقتەوییەکاندا بنیادی نا، سەرەنجام نەوەکەی توانی فەرمانڕەوایی ئێران بە دەست بهێنێت، کە مێژووی تایبەت بە خۆی هەیە. بزووتنەوەی شا ئیسماعیلی یەکەم، کە دەیکردە نەوەی شێخ سەفییەدینی ئەردەبیلی، هەموو ئێرانی گرتەوە و مەزهەبی جەعفەری دوانزدە ئیمامی داسەپاند. ئەوە بە سەرەتای قۆناغی فەرمانڕەوایی سەفەوی لە ئێران دادەندرێت.

هەڵوێستەکەی تەکیەی ئەردەبیل وایکرد مەلا و مزگەوت و حاکمەکانی ئەوکاتی ئێران فتوا بدەن بۆ پشتیوانی کردنی بیروباوەڕی تەکییەی شێخ سەفییەدینی ئەردەبیلی. هەڵبەت حکومەتی سەفەوی زۆر بەخێرایی بووە حکومەتێکی ستەمکار و چەوسێنەر. بۆیە شەپۆلێکی نوێی نوقتەوییەکان لە دژی سەفەوییەکان بەردەوام لە تێکۆشاندا بوون. لە ساڵی ٩٧٨ی کۆچیدا بزووتنەوەکانی نوقتەوی لەسەرانسەری ئێران لە دژی سەفەوییەکان بە فراوانی بڵابوونەوە و چەندین ڕاپەڕینیان کرد. خەڵك هەم باوەڕیان بە نوقتەوییەکان دەهێنا و هەم پشتیوانیان دەکردن.

ئەو ڕاپەڕینانەی نوقتەویەکان کارێکی وای کرد، سەفەوییەکان بەتایبەتی شاعەباس ناچاربێ هەندێك چاکسازی لە سیستەمی کارگێڕی و کۆمەڵایەتی وڵاتەکەدا بکات. ئەوەش بە چاکسازییەکانی زەمانی شا عەباسی یەکەم دەناسرێت. شا تەهماسب لە زەمانی خۆیدا ناچاربوو

دوای کوژرانی مەحمودی پەسیخانی و هەندێك لە سەرکردەکانی دیکە، هەندێک چاکسازی بکات. بە تایبەتی کە لەو ڕۆژگاردا سەفەوییەکان (بە تایبەت مالباتی شـــا) هەموو زەوی وزاریان لە جوتیارەکان زەوت کردبوو و سەروەت و سامانی خەڵکیان بە تاڵان دەبرد و باج و سەرانە شیرازەی وڵاتی ترازاند بوو، شتێك بەناوی ئەمن و ئاسایشی وڵات نەمابوو. هەندێك لەو کەموکوڕییانە چاکسازی تێداکرا و هەناسەیەکیان بۆ خەڵك گەڕاندەوە و بەشێک لە زەوییەکانیان بۆ جوتیاران گەڕاندەوە. هەڵبەت ئەوەش لەناو چوارچێوەی سیستەمی زەویداری و ئاغایەتی ئەوکاتدا بوو.

بە پەرەسەندنی بزووتنەوەی نوقتەوییە، تا زەمانی سەفەوییەکانیش، ئیدی عیرفان و تەسەووف سەراسەری ئێران و کوردستان و بەشێك لە ناوچە هاوسنورەکانی داگرتبوو. ئەو حاڵەتە شوێنی ئایینی ڕەسمی گرتبووەوە. لە کوردستانیشدا شێخ و عارفەکان بوون بە ناوەندی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، ڕێنوێنی کردنی مەعنەوی و ئایینی وکۆمەڵایەتی خەڵك. ئەو دۆخەی کوردستان تا ساڵی ١٩٥٠ی زایینی بەردەوام بوو. ئەوەیە کە شێخەکان و عارفەکان لە کوردستاندا، هەمیشە بە پێشەوای کۆمەڵایەتی و ئایینی و سەرکردەی سیاسی زانراون. زۆر بە ئاسانی خەڵك گوێی بۆ دەگرتن و لەگەڵیان ڕادەپەڕین و بڕوایان بە بیروباوەڕەکانیان دەهێنا. کار گەیشتە ئەوەی شێخ و عارفەکان لە کوردستاندا باسی کەرامات بکەن وخەڵك باوەڕی پێ دەکردن، کەچی لە

مێژووی ئایینەکاندا کەرامات تەنیا لە پێغەمبەرەکان چاوەڕوان کراوە. کەواتە شێخەکان و عارفەکان لە کوردستاندا بە تەفسیری مەزدەکی تا پێگەی پێغەمبەرەکان ڕۆیشتن.

هەڵبەت من لێرەدا کەمێك بەسەر بیروباوەڕەکانی حروفییە و نوقتەوییەدا پازم دا، دەنا بەشێکی زۆری سەرکردەکانی نوقتەوی، مەزدەکی و حروفییە باسی سیفەتی ئیلاهی بوونی خۆیان کردووە. یەکێکیش لەوان خودی فەزلوڵای نەعیمی ئەسترئابادی بوو.ئەو پێی وابوو کە ڕۆڵی خودا دەگێڕێت. لە کوردستاندا نوقتەوییەکان بە تایبەتی لە ناوچەی لوڕستان و کرماشاندا بە فراوانی پەیڕەو و شوێنی حەوانەوەیان هەبوو. هەرئەوەش وای کرد ئێستاش لەو دوو ناوچەیەدا، ئایینی یارسان و عەلەوی پەیڕەویان زۆربێ.

کار و چالاکی نوقتەوی و حرووفییە تا ١٢٤٠ی کۆچی بەردەوام بوو. لەوکاتەوە ئیتر قۆناغی نوقتەوییەش وەک حرووفییە کۆتایی پێ هات. ئەویش لە ئەنجامی ئەو هەموو کوشتن و ڕاونان و کۆچەی کە دەیان کرد. لەو قۆناغەدا نوقتەوییەکان وازیان نەهێنا و چۆکیان دانەدا، بەڵکو قۆناغێکی نوێیان دەست پێ کرد. ئەوەبوو کە ڕابەری فیکرەکەیان دایە دەست عارف و شێخەکانی نەقشەبەندی. نەقشەبەندییەکان ڕۆڵێکی زۆریان لە وەرگرتنی بیروباوەڕی حروفی و نوقتەوییەکان بینی. هەڵبەت جیا لە نەقشەبەندییەکان، تەریقەتەکانی تری وەک: قادری،

ڕوفاعی، سەعدییە و بەکتاشی ئەو کەلەپورەیان وەرگرت. بەڵام هەریەك بەپێی بارودۆخی تایبەتی جوگرافی و ڕۆشـــنبیریی ئەو ناوچانە، بەپێی ئەو ســـەرکردانەی کە هەیـانـبـوو، کەم و زۆریـان لە وەرگـرتـنـی بیروباوەڕەکاندا کردووە. ئەوەی کە لەمێژووی تەســـەووف و عیرفاندا هەیە، ئەو بیروباوەڕە بەشـێکی زۆری ڕادەسـتی نەقشـەبەندییەکان کرا. هەر ئەوەشـــە بیروبـاوەڕی نەقشـــەبەنـدی جیـاوازە لە بیروبـاوەڕی تەریقەتەکـانی تر. تەنـانەت لە کوردســـتـانیشـــدا هەروا بوو. چونکە بیروبـاوەڕی نەقشـــەبەنـدی وەرگر و هەڵگری ئەو کەلەپورە دوور و درێژەی عیرفـان و تەســـەووفە کە لەدوای ڕووخـانی ئیمپراتۆریی ســـاســـانییەوە هەتـا ١٢٤٠ی کۆچی هـاتووە. بۆیە ســـەرکردەکـانی نەقشـــەبەندی زۆر بە ئاســانی، بەتایبەتی لە کوردســتاندا، بوونە خاوەن ڕای ســیاســی و هەڵوێســتیان لە ڕووداوەکانی کۆمەڵگادا هەبووە و لە ئاست زوڵم و ستەمدا بە دەنگ هاتوون.

زۆربەی سـەرکردە سیاسییەکانی کوردستان یان نەقشـەبەندی بوون یان لە بەشـەکانی دیکەی عەلەوین. هەڵبەت پێویسـتە لە بیرمان نەچێ کە لە تەریقەتی قادریشدا سـەرکردەی وەك شێخ مەحمودی حەفید هەیە. کز و خامۆشـــبوونی نوقتەوییەکان، لەکۆتایی فەرمانڕەوایی ســـەفەوییەکاندا بوو. لەو قۆنـاغەدا دۆخێکی نوێ لە ئێران دەســـتیپێکرد. بزووتنەوەی" شێخییە" نوێنەری ئەو دۆخە تازەیە بوو.

بزووتنەوەی شـــێخییە، لەناو ئێراندا جڵەوی بیروباوەڕ و کەلەپوری نوقتەوییەکانی وەرگرت. شـــێخ ئەحمەدی ئیحســـائی بونیادنەری ئەو بزووتنەوەیە بوو. سەید کازمی ڕەشتی بە پەرەپێدەری بیروباوەڕی شێخ ئەحمەد دادەنـدرێـت. پەیوەنـدییەکی نزیـك لە نێوان نەقشـــبەنـدییەکـانی کوردســـتان لەگەڵ ســـەرکردەکانی شـــێخی لە ئێراندا هەبووە. لەلایەکی ترەوە پـاش مـاوەیەك بزووتنەوەی شـــێخییە ســـەرکوت کرا، جڵەوی کاریان دایە دەستی باببیەت. دوای باببیەکانیش بەهائیەت دەستی پێکرد . لەو قۆنـاغەدایە لە ســـاڵی ١٨١٠ -١٨٢٠ زاینی مەولانـا خـالیـدی نەقشـبەندی بۆ کامڵکردنی بیروباوەڕی خۆی بەرەو هیندسـتان دەچێت و مـاوەی ســـاڵێك زیـاتر لە ئێران دەمێنێتەوە. لەومـاوەیەدا پەیوەنـدییەکی نزیکی لەگەڵ شـێخییەکان هەبووە و لە گفتوگۆی دوور و درێژی ئەواندا بەشـــداربووە. ســـەردانی شـــارە بەناوبانگەکانی کردووە کە پێشـــینەی مێژووییان لە ئێراندا هەیە. وەك: مەشـهەد، بەسـتام ئەیشـاپور و قەزوین و تاران و ڕەشت، دواتر بەرەو هیندستان ڕۆیشتووە. دوای دوو ساڵ کە گەڕاوەتەوە کوردســـتان، مەولانا خالیدێکی دیکە و تەریقەتێکی دیکەی نەقشـبەندی هێنایەوە کە لە هیندیسـتان پێیدەگوترا "موجەدیدی". ئەوەش ڕادیکاڵتر و بەهەڵوێســـتتربوو لەبەشـــە کۆنەکەی تەریقەتی نەقشـــبەندی. نەقشـــبەندی موجەدیدی کەلەپوری شـــێخییە و نوقتەوییە و حرووفییە و

[٨] لەوێ چووەتە سەر مەزاری بایەزیدی بەستامی شیعری خوێندۆتەوە

مەزدەکی وەرگرتبوو. لەوەش زیاتر مەولانا خالید شـــێوازی موجەدیدی لە هیندســـتـانەوە هێنـایە کوردســـتـان. ئەو لە بەشـــی موجەدیـدی و نوێخوازەکـان بوو. لە کوردســـتـانیش نـاوی لە تەریقەتەکە نـابوو نەقشـــەبەندی موجەدیدی خالیدی کوردی. تەریقەتەکەی بە ناوی خۆی کرد و کردییە کوردســـتانی. هەڵبەت بەشـــی هەرە زۆری باوەڕەکانی نەقشـــبەندی موجەدیدی بە باوەڕەکانی بابی موتوربە کردبوو. هەربۆیە زۆر ڕادیکال بوو.

بەشی دەیەم

بزووتنەوەی شێیخیە

بزووتنەوەی شـێیخیە وەک قۆناغێکی نوێ لە عیرفان و تەســەووفدا هاتە مەیدان و لە هەمان کاتدا پێیەکیشـــی لەناو شـــەریعەتدا مابوو، بەتـایبەتی شـــەریعەتی مەزهەبی شـــیعە. لەو گفتوگۆیـانەی لەنێوان بیرمەندەکانی شـێیخییە و مەلا شـیعەکاندا هەبوو خاوەنی ڕای تایبەتی خۆیان بوون.

قۆناغی شـێیخیە لە تەسـەووف و عیرفاندا دوای کز و خامۆشـبوونی بزووتنەوەی نوقتەوییە هـات کە درێژکراوەی بزووتنەوەی حرووفییە بوو. نوقتەوییەکان لە ســەردەمی ســەفەوی تا قاجارییە لە جموجۆڵ بەردەوام بوون. هەروەک لەم لێکۆڵینەوەیەشـــدا دیارە، قۆناغەکانی تەسـەووف و عیرفان لە مێژووی ١٤٠٠ساڵەی سـەرزەمینی سـاسـانی

(کە بە ئێران و غەیرە ئێرانیش ناودەبرێت) بەپێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئەو کێشانەی توشیان بووە، زیادبوونی فیکری نوێی لە ناو کۆمەڵگا قبووڵ کردووە. هەروەها ئەو تەجرەبانەی لە ئەنجامی تێکۆشاندا بەدەستی هێناون، شێوازی کاری نوێی بەسەردا سەپاندون. بەڵام لە هەمان کاتدا، جەوهەری مەزدەکییەتی لەناو فیکری ئیسلامی – ساسانیدا پاراستووە.

قۆناغی شێیخیە لە عیرفان و تەسەووفدا، لە لایەن شێخ ئەحمەدی ئیحساییەوە دەستپێکراوە. ئیحسایی لە ساڵی ١٢٤١ کۆچی لە دایک بووە. لە لێوارەکانی کەنداوی فارس یان عەرەبی و لەناو پەیرەوانی مەزهەبی شیعەدا گەورە بووە. لە هەمان کاتدا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ پەیڕەوانی مەزهەبی سوننەشدا هەبووە. شێخ ئەحمەدی ئیحسایی هەوڵی داوە لە فەلسەفەی یۆنانی تێبگات و تێکەڵاوی بیروڕای ئیسلامی بکات. ئەو زیاتر باتینی بووە، لە هەموو شوێنێک بیروباوەڕەکانی خۆی نەدەگوت. دوای ئەوەی سەفەری ئێرانی کرد، لە قەزوین و تاران و مەشهەد لە ژمارەیەک گفتوگۆی فیکریدا بەشداربوو. هەر لەوێ و بەتایبەتی لە قەزوین تەکفیر کرا.

شتێکی نوێ لە بیری شێخ ئیحساییدا ئەوەیە کە دەوری خودای کەمێک بە لاوە دەنا و ڕۆڵی یەکەمی دەدایە پێغەمبەران و ئیمامەکان. مەبەست لە پێغەمبەران ئەوانەن کە بە پێی ڕوانگەی ئیسلام لە مێژووی

ئاییەنەکاندا هاتوون و ئیمامەکانیش هەمان ئیمامەکانی مەزهەبی جەعفەری (شیعە)بوون. شێخ لە زاهیردا شیعە بوو، بەڵام گومانی دەخستە سەر قورئان کە "کلام الله "ی ڕاستەوخۆ بێت. هەروەها تەفسیرێکی دیکەی بۆ میعراج هەبوو. پێی وابوو لەشی مرۆڤ بە هیچ شێوەیەک توانای فڕینی بە ئاسماندا نییە. بۆیە تێکەڵی دەکرد لەگەڵ هەندێک فەلسەفەی یۆنانی، بەتایبەتی فەلسەفەی ئەرستۆ. هەڵبەت بەو شێوەیە کە خۆی تێی گەیشتبوو. لەوانەیە کەمترئەو فکرە یۆنانییانەی خوێندبێتەوە و زیاترخەریکی بەشداریکردن و گوێگرتن بووبێت.(فلاحتی،١٣٨٩،ه .ش)

ئیحسایی لە پەیوەندی نێوان لاشە و ڕوح لە مرۆڤدا، زۆرتر لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی ئەرستۆدا بووە. کاتێک ئەو فکرانەی دەهێنایە ناو گفتوگۆی فقهییەوە، مەلاکان و ناوەندی فقهی لەخۆی دەوروژاند. ئەوەش گرفتێکی زۆری بۆ دروست کرد. سەرباری ئەوەش شێخ ئەحمەدی ئیحسایی خاوەنی باس و کەسایەتییەکی کاریگەری خۆی بوو. هەر لە لێوارەکانی کەنداوی عەرەبەوە تا دەگاتە ئێران و بەشێکی زۆر لە عێراق و ئاسیای ناوەڕاست گوێیان بۆ دەگرت. یەکێکی تر لە باوەڕەکانی شێخ ئەحمەدی ئیحسایی، ئەوە بوو کە داوای دەکرد گۆڕی پێغەمبەر و ئیمامەکان نابێ ئەو پیرۆزییەیان بدرێتێ و دەبێ وەک گۆڕی هەر مردوویەکی ئاسایی تەماشا بکرێن.

شـــێخ دوای ئەوەی بیروباوەڕەکانی کامڵ بوون، ژمارەیەکی زۆر خەلیفەی هەبوون کە بە ئێراندا بڵاوبوونەوە. بۆیە لە شـارە جیاجیاکانی ئێراندا پەیڕەوی زۆربوون، کەسـایەتی عیرفانی و سـۆفی و کەسـایەتی کۆمەڵایەتی زۆر لە دوورەوە بوونە پەیڕەوی و حەزیان دەکرد بیبینن و ڕێنیشاندەریان بێت.

شێخ پێش ئەوەی بگاتە قەزوین ، فەتحەلیشای قاجار ویستی بیبینێ. جاری یەکەم شـێخ ئەحمەدی ئیحسـایی زۆر مەیلی دیتنی شـای ئێرانی نەبوو، بەڵام دوایی بڕیاریدا بیبینێت. فەتحەلیشـــا بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر کـاریگەری بیروبـاوەڕەکـانی شـــێخ ئەحمەدی ئیحســـــاییـدا بووە. یەکێکی تر لە ڕوانگەکانی شێخ ئەوە بوو کە فەرمانەکانی ئایینی بە زانســتی عەقڵی و فەلســەفی هەڵدەســەنگاند و بەراوردی دەکردن. هەروەها بایەخێکی زۆری بە"تأویل" دەدا. لە تأویل و تەفســیریشـــدا زیــاتر بەلای ڕوانگــای خۆیــدا دەچوو. ئەو بنەمــایە نوێیــانەی لە بیروباوەڕی خۆیدا هێنابوونی، دەیکردنە مادەی ســەرەکی گفتوگۆکان و باسێکی زۆری لەو سەردەمەدا هێنابووە گۆڕێ.

شێخ ئەحمەدی ئیحسایی بڕوای بە نهێنی و هێماکان هەبوو کە خۆی پێی دەگوتن "اسراری مکتوب و رموزی مستور". واتا ئەو نهێنیانەی کە بەردەوام دەبێ داپۆشـراوبن، بەڵام دەکرێ لە ئەنجوومەنی خۆیاندا بـاس بکرێن و هێمـا شـــــاردراوەکـانیش دواتر دەردەکەون. شـــێخ

ئەحمەد ڕێگایەکی فراوانی بۆ پەیڕەوەکانی خۆی کردەوە تا بێسنوور بیر بکەنەوە و نەترسن. دواتر شێخی ئیحسایی لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانە ئێرانی بەجێهێشت و گەڕایەوە زێدی خۆی.

شێخ ئەحمەد ماوەیەکی زۆر لە نەجەف و بەغدا ژیاوە. هەر وەک دیارە ، پیاوانی ئایینی لە مەزهەبی جەعفەری و بەشێک لە عارفەکان، کاتێکی زۆری خۆیان لە نەجەف بەسەر دەبرد، لەوێ دەیانتوانی کەسایەتییەکانی دیکەی ناوچەکانی دووردەستی جیهانی ئیسلامی ببین. چونکە نەجەف هەمیشە مەڵبەندێکی چالاکی گفتوگۆکردن بووە. دوایی لە نەجەفیش کێشەیان بۆ شێخ لەسەر بیروباوەڕەکانی، دروست کرد.

یەکێک لە کەسایەتییەکانی عیرفانی، مەلایەکی بەناوبانگ بوو لەسەر مەزهەبی جەعفەری کە لە نەجەف دەژیا و ناوی "سەید کازمی ڕەشتی" بوولەدایکبووی ١٢١٢ کۆچی. سەید کازمی ڕەشتی بە بنەماڵە لە خێزانێکی عیرفانی بوو. توانایەکی زۆری لە خیتاب و قەناعە پێهێنانی خەڵک لە گفتوگۆدا هەبوو. سەید کازم بیرێکی نوێی نەهێناوە، تەنیا بە شێوەیەکی ڕاشکاوانەتر بیروباوەڕەکانی شێخ ئەحمەدی ئیحسایی دووبارە دەکردەوە. بۆیە شێخ ئەحمەدی ئیحسایی سەید کازمی ڕەشتی کردە خەلیفەی خۆی. هەڵبەت سەید کازم بەر لە مردنی خۆی، هیچ کەسێکی لەدوای خۆی دانەنا. ئەو هەڵوێستەی بواری کردەوە تا زۆر کەس خۆی بە میراتگر یان خەلیفەی سەید کازمی ڕەشتی بزانێ.

یەکێک لەو کەسانە "مەلا عەلی محەمەدی شیرازی "بوو. ئەوە پیاوەی کە بزووتنەوەی بابی داهێنا.(ویکی شیعە،٢٠١٩)

سەید کازمی ڕەشتی، بەو چالاکی و جموجۆڵە عیرفانی- فیکرییەی لە ناو بزووتنەوەی شێیخیەدا هەیبوو، بە ئاسانی تەکفیرکرا، بواری بەرتەسک کرایەوە و لە نەجەفیش کێشەی تەکفیریان بۆ دروست کرد..

سەید کازم دوای شێخ ئەحمەدی ئیحسایی، بیروڕا و جموجۆڵەکانی جێی سەرنجی دانیشتوانی ئێران و بەتایبەت شیعەکانی عێراق و خەڵکی لێوارەکانی کەنداوی فارس بوو. لەوکاتەدا کە هەزار ساڵ بەسەر دەرکەوتنی (ظهور) مەهدی تێدەپەڕی کە ئەو دەرکەوتن و زهورەش ڕووی نەدا و نەهاتە دی، بووە مایەی گفتوگۆیەکی زۆر جیددی. وەک دیارە لە مێژووی مەهدەوییەتدا، واتا لە فیقهی جەعفەریدا مەهدی دەبوو دەرکەوێ و دادوەری و یەکسانی بەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ببەشێتەوە .(لویس، ١٣٦٢، ه.ش)

کەشوهەوای کۆمەڵایەتی و دەورونی خەڵک بۆ هەر دەنگوباسێک و هەر جموجۆڵێک ئامادە بوو و کەشێکی هەستیاری خوڵقا بوو. بۆیە هەر عارفێک یان سۆفی و مەلایەک گفتوگۆیەکی نوێی کردبا، زۆر بە خێرایی بە شارەکانی ئێراندا بڵاودەبووەوە. خەڵکیش بەدوای دەنگوباساکانەوە دەچوون. سەید کازمیش یەکێک لەوانە بوو کە ئەو بیروڕایەی دەچاند کە پێویستە خەڵک گوێ ڕابگرن، بزانین لە کوێوە

کەسێک سەرهەڵدەدا کە نوێنەری مەهدی بێت یان خودی بەهدی بێت. ئەوچـالاکییە فیکرییە وایکرد زەمینە خۆش ببێـت بۆ یەکێـک لە پەیڕەوەکانی سـەید کازمی ڕەشـتی و شـێخ ئەحمەدی ئیحسـایی. ئەو کەسەش کە لە دیواخانی سەید کازمی ڕەشتیدا دادەنیشت و دەیخوێند و هاوڕێیەتی سـەید کازمی دەکرد، مەلا عەلی محەمەدی (باب) یان شیرازی بوو. (اسماعیلی و احمدی، ١٣٩٤،ه.ش)

دوای مردنی سەید کازمی ڕەشتی، باب لە شیراز ڕایگەیاند کە خۆی جێگری سـەید کازمی ڕەشـتییە. دواتر لەوە زیاتر ڕۆیشـت و ڕایگەیاند کە ئەو جێگری مەهـدییە ولە ئـاخیردا گوتی من خودی مەهـدییم. هەروەها لە قۆناغی توندبوونی بزووتنەوەکەشـیدا گووتی من سـیفاتی ئیلاهیشم هەیە، واتا نوێنەری خوداشم، واتا "خودانم."

ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەدا جێی بـایەخی تـایبەتی منە بزووتنەوەی شـێخییەیە چونکە وەك پردکی ڕاستەوخۆ بیروباوەڕەکانی گواسترایەوە کوردسـتان. بزووتنەوەی شـێیخییە سـەرلەنوێ کەشـوهەوای ئیسـڵاحی ژیاندەوە و ئەو باوەڕانەی هێنایەوە گۆڕێ کە دەیسـەلماند پێویسـتە بزووتنەوەیەک دروسـت ببێ و تەنیا ئیعتماد لەسـەر تەکیە و خانەقا نەکرێ. واتا گەڕانەوەیەکی هاوچەرخی ڕۆژگاری کۆنی خۆی بوو، بۆ بیروباوەڕەکانی مەزدەک. مەزدەکیش دەیگووت؛ لە جیاتی ئەوەی لە ئاتەشـگەکاندا مۆبەد و موغ (پیاوانی دینی زەردەشـت) دابنیشـن و قسـە

بکەن و بڕیار بدەن، پێویستە بیروباوەڕی زەردەشت بۆ عەدالەت ئیسلاح بکرێ و ببێتە بزووتنەوەیەک کۆمەڵگای پێوە بەڕێوە بچێت. ئەو بیروباوەڕە لە لایەن شێخ ئەحمەدی ئیحسایی و سەید کازمی ڕەشتی جارێکی دیکە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمی زایینیدا برەوی پێدرا و بڵاو کرایەوە و بووە سەرچاوە و زەمینە ساز بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەکانی دوای خۆیان.

بەشی یانزەهەم

بزووتنەوەی بابی

دوای مردنی سەید کازمی ڕەشتی(١٨٤٣ز)، مەلا عەلی محەمەدی شـیرازی ناسـراو بە" باب" ڕایگەیاند خۆی جێگری سـەید کازمی ڕەشـتییە و بۆی هەیە فەتوا لەسـەر بیروباوەڕەکانی شـێیخییە بدات. لە سەرەتادا بەناوی شێیخییەوە کاری دەکرد. لە ساڵی ١٨٥٠ زایینی مەلا عەلی محەمەدی شیرازی، لە نەجەفەوە گەڕایەوە ئێران و ڕایگەیاند کە من "باب"م. چەمکی ئایینی باب بە مانای دەرگای پەیوەندیکردنە بە مەهدییەوە. جاری یەکەم دەیگوت من ئەو دەرگایەم کە لە وێوە، واتا لە ڕێی فتوای منەوە، بیروباوەڕی مەهدی دەبیسـتن. ئەوەی من دەیڵێم تەعبیر لە بیروبـاوەڕی حەزرەتی مەهـدی دەکـات. دوای ئەوە زۆر

بەخێرایی لایەنگرەکانی زۆر بوون و بزووتنەوەکەی پەرەیسەند. باب جیا لەوەی خۆی بە مەهدی دەزانی بیروباوەڕەکانی خۆیشی بە بیروباوەڕی مەهدی دادەنا.(چهاردهی،١٣٦٣ه.ش)

باب هەموو ئەرکە عیبادییەکانی شەریعەتی ڕۆژانەی هەڵپەسارد و دوایی بەشکی زۆری دەستکاری کردن. لەو دەستکارییەدا ڕاسپاردەکانیشی بریتی بوون لە فتوا نوێیەکانی خۆی و دەیگوت ئەمە دینی ئەم زەمانەیە. ئەوەشی کە پێداگری لەسەر دەکرد لە ناوەڕۆکدا بیروباوەڕی مەزدەکی بوو، بەڵام بە ناوێکی دیکەوە. باب پانتاییەکی زۆری بە گفتوگۆ دەدا، خۆی خاوەنی کاریزمایەکی بەهێز بوو، گەنج بوو، گوتاربێژێکی باش بوو، زۆری دەنووسی و لە هەمان کاتدا بایەخێکی زۆری بە خەلیفەکانی خۆی دەدا. یەکێک لەو شتانەی باب گرنگییەکی تایبەتی پێدەدا، بایەخدان بوو بە ژنان. بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە ژنی هێنایە ڕیزی پیاوان. یەکێک لەو ژنانەی لە سەردەمی بابدا سەری هەڵدا قورەتولعەین[٩]بوو. قورەتولعەین لە خێزانێکی ئایینی بوو لە شاری قەزوین. لە پێشدا لەسەر بیروباوەڕەکانی شێخ ئەحمەدی ئیحسایی و سەید کازمی ڕەشتی بوو. دواتر زۆر بە توندی بووە لایەنگری بیروباوەڕەکانی باب و هەموو ژیانی خۆی بۆ تێکۆشان لە پێناو هێنانەدی ئامانج و بیروباوەڕەکانی باب تەرخان کرد. ماڵ و

[٩] فاتیمەی زەرین تاجی بورغانی قەزوینی١٨٢٢-١٨٥٧

خێزانی خۆی بەجێهێشــت و ڕووی لە نەجەف کرد. پاشــان گەڕایەوە شــیراز و لەگەڵ باب کەوتە کارکردن. لە دروســتکردنی بزووتنەوەی بابیدا، دەورێکی کاریگەری هەبوو.(قرةالعین، بیاد صدمین سال شهادت نابغه دوران)

قورەتولعەین بە یەکەمین ژن لە مێژووی ئێران دەناســرێ کە وەک ژنێـک هـاتبێتە مەیـدان و عەبـا و پەچەی بە لاوە نـابێ. لەوەدا پەلە و ڕۆلێکی زۆری هەبوو کە دینی نوێ ئاشـــکرا بکرێت، ئەو دینەی کە باب مژدەی هاتنی ڕاگەیاندبوو. زیاتر لەوەی ئیســـلاح و چاککردنی دینی ئیسلامی بە لاوە مەبەست بێت لایەنگری هێنانی دینێکی نوێ بوو. لە کۆتاییدا هاوکاری بەهائوڵلای کرد و لە دروســـت کردنی دینی بەهائیدا دەورێکی سەرەکی هەبوو.

بـاب بە خێرایی لایەنگری زیـاد دەبوون. ئەوانیش لە کەســـایەتی عارف و ژمارەیەکی زۆر ڕەوحانی و مەلا، هەروەها کەســـایەتی ئیداری و ســەربازی و ســیاســی بوون. تەنانەت کاریگەری لەســەر ناسرەدین شا هەبوو کە ئەوکات نەبووبوو بە شا و هێشتا جێنشین بوو. ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرســـانی ئەوکات خۆیان بە پەیڕەوی باب دەزانی.

دوای ئەوەی حکوومەتی قاجاری بەرەنگاری جموجۆڵەکانی باب بووەوە، کار گەیشتە بەرەنگاربوونەوەی چەکداری لە نێوان لایەنگرانی

باب وسوپای ئێراندا. شەڕێکی سەرانسەری ئێرانی گرتەوە. حکومەتی قاجار بابی لە ئیسفەهان گرت و هێنایە تاران. دوایی وەک جۆرێک لە دەستبەسەری ناردی بۆ تەبرێز. پاشان دوورخرایەوە و لەوێش بڕیاریان دا زیندانی بکەن و خستیانە زیندانی چەهریق، لە شاری ماکۆ. دواتر هێنایانەوە تەبریز.

لەوکاتەدا بزووتنەوەی بابی لە هەموو شارەکان بەردەوام لە چالاکیدا بوو، شەڕ لەناو زۆربەی شارەکان گەرم بوو و مناقەشەیەکی سەرتانسەری لە نێوان مەلایەکانی شیعە و بانگخوازەکانی بابی هەبوو. بۆ ئەوەی خێرا بزووتنەوەکە سەرکوت بکەن لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٨٥٠زاینی بابیان لە شاری تەبریز گولەباران کرد. پەیڕەوانی باب تەرمی بابیان دزییەوە و بردیان لە عەکا، واتا فەلەستینی ئەوکات، ناشتیان.

هەر لەوکاتەدا کەسایەتییەکی تر لە بزووتنەوەی بابییەدا سەری هەڵدابوو کە پێی دەگوترا "میرزا حوسەینی عەلی نوری" (١٨١٧-١٨٩٢).ئەو کە دواتر ناوی بە بەهائوڵڵا دەرکرد لە تاران دایک بووە. ئەویش گەنجێک بوو لە خێزانێکی ئەشرافزادە کە باوکی لە زەمانی فەتحەلیشا وەزیری دەرباری حکومەتی قاجار بووە. باوکی واتا میرزا بوزورگی نوری پیاوێکی ئەدیب و خۆشنووس و خوێندەواری تاران بووە. بەڵام لە ئەسڵدا لەدایکبووی گوندی نوری مازەندەرانە. میرزا

حوسین لە دیوەخانی باوکیدا خراوەتە بەر خوێندن و مامۆستای تایبەتی هەبوون. چەند جارێک پێشنیاری پۆستی باڵای لە حکومەت پێ کرا بەڵام قبووڵی نەکرد. لە باوکی، خاڵەکانی، مامەکانی و کەس و کاری باپیرەکانیشی وەزیریان زۆر بووە، بۆیە بە یەکێک لە بنەماڵە ئەشرافەکانی تاران دادەندرا.

میرزا حوسێن لە بزووتنەوەی بابییەدا چالاک بوو. هێشتا باب هەر مابوو کە بەخێرایی دەوری سەرکردایەتی وەرگرت و چەند جارێک بابی بینی. کاتێک باب گیرابوو، ئەو سەرپەرشتی بزووتنەوەی بابییەی دەکرد. لە ١٨٥٠زدا لە گوندی "بدەشت"ی مازەندەران هەموو سەرکردەکانی بزووتنەوەی بۆ کۆنگرەیەک لە باخچەیەکی گەورەدا کۆکردنەوە تا بڕیارێک لە شۆڕش و بەردەوامبوونی بزووتنەوەکە بدەن. لە هەمان کاتدا باسێکیش لە بابەتەکانی عەقیدەیی بزووتنەوەی بابییە بکەن . باب لەو کاتەدا لە زیندانی چەهریق دەستبەسەر بوو.

لە کۆبوونەوەی بدەشتدا، دوای چەند ڕۆژ نەگەیشتن بە ئەنجامێکی ڕەزایەتبەخش چونکە ژمارەیەک لە بابییەکان پێیانوابوو دەبێ لەسەر بیروباوەڕی باب بەردەوام بن کە زیاتر بزووتنەوەیە و بۆ ڕاگەیاندنی دینێکی نوێ هێشتا زووە. لەو کاتەدا بوو کە باب لە سێدارە درا. یەکێک لەوانەی لەو کۆبوونەوەدا، پەلەی کرد ئەو بزووتنەوەیە بیروباوەڕەکانی خۆی ئاشکرا بکات و لە چوارچێوەی ئایینی ئیسلام

بەرەوپێشەوە تر بچێ و کراوەتربێت، قورەتولعەین بوو.

داســـتانی قورەتولعەین لە کۆبوونەوەی بدەشـــتدا بە ناوبانگە. هەر لەوێ پەچە و عەبای خۆی فڕێ دا و ڕایگەیاند ژن و پیاو بەرابەرن، دەبێ ئەو دینە کە باب داینـاوە ڕابگەیەندرێ. بەهائوڵڵا زیاتر لایەنگری ڕایەکەی قورەتولعەین بوو. شـایانی باسـە قورەتولعەین یەکێک لە هەژدە قەدیس یان کەسە پیرۆز و پیاوچاکەکانی (ژن چاک؟) حەزرەتی بابە.

دوای ئەوەی باب گولـــلەباران کرا، میرزا حوسێنعەلی نوری گیرا و نزیکەی ساڵێک لە تاران زیندانی کرا و زۆر ئازاریان دا و کەوتە ژێر ئەشکەنجە. لە ساڵی ١٨٥٠- ١٨٥١دا خۆی و ماڵ و منداڵ و ئەوانەی لە دەوروبەری بـــوون دوورایەوە بـــۆ بەغـــدا. لەو ماوەیەشـــدا قورەتولعەین هاتوچۆی نەجەف و بەغدا و ئێرانی دەکرد، زۆر چالاک بوو و دوای بەهائوڵڵا بە دووەمین ســەرکردەی کاریگەر دەزاندرا. سـەرکردەی کاریگەری دیکەش هەبوون کە بیروڕای جیایان هەبوو. بەتایبەت "ســوبحی ئەزەل" کە زۆر لە باب نزیک بوو. دواتر لەناو بزووتنەوەکەدا دوو مەزهەب دروســـت بوون کە یەکێکیان پێی دەگوترا بـابییەکـانی ئەزەلی کە ســـوبحی ئەزەل واتـا برا گەورەکەی بەهائوڵڵا ســەرکردایەتی دەکرد. مەزهەبی دووەم بە ناوی "من یظهره الله" واتـا دینی نوێ کە خوا نـاردویەتی و بەهـائوڵڵا پێغەمبەریەتی، دەرکەوت. لە پرۆسەیەکدا سەرەنجام دینی بەهائی دروست بوو.

حکومەتی قاجاری داوای لە دەوڵەتی عوسمانی کرد، قورەتولعەین بە دەستبەسەری ڕادەستی ئێران بکاتەوە. ئەوەبوو قورەتولعەین لە بەغدا دەستبەسەر کرا و ڕادەستی ئێران کرایەوە. حکومەتی قاجاری قورەتولعەینی لە باخێکی بەناوبانگی تاراندا بە ناوی باخی ئیلخانی خنکاند و تەرمەکەیان خستە نێو چاڵێکی بێسەروشوێن.

دوای ئەو ڕووداوانە، بارودۆخی بەهائوڵڵا و پەیڕەوەکانی لە بەغدا سەختتر بوو. لە ژێر فشاری دەوڵەتی عوسمانییدا بوون و مەرجەع و پیاوانی ئایینی نەجەف گوشارێکی زۆریان بۆ دەهێنا. هەروەها لە لایەن نوێنەرایەتی حکومەتی قاجاری(ئێران)یشەوە بەردەوام چاودێری دەکرا. جموجۆڵ و چالاکییان سنوردار بوو، وەک دورخراوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا. لە نووسینەکانی بەهائوڵڵادا دەردەکەوێ کە پەیوەندییەکی بەردەوامی لەگەڵ پەیڕەوەکانی لە بەغدا و ئێران دا هەبووە. تەنانەت پەیوەندی لەنێوان سوبحی ئەزەل و بەهائوڵڵاشدا هەبووە، پاشان سوبحی ئەزەل سەردانی بەغدای کرد. لەوێ کێشەی نێوان ئەو و بەهائوڵڵا زۆر توند بووە، بەشێوەیەک کە بەهائوڵڵا بڕیاری دا بەجێیانبهێڵێت. لێرەدا خاڵێکی وەرچەرخان سەبارەت بە کوردستانیش هاتە پێشەوە. خانەقای نەقشبەندی خالیدی لە بەغدا، باوەشی بۆ بەهائوڵڵا کردەوە و پارێزگاری لێی دەکرد. دوایی ڕێگەیان نیشان دا کە بێتە کوردستان. بەهائوڵڵا زۆربەی نووسیەکانی خۆی لە کوردستان نووسیوە، دەڵێ لەو کاتەدا من لە پەیڕەوانی باب بێئومێد

بووم که بتوانن شـتێک بکەن و بڕیارمدا ڕوو لە دەروێشـەکانی شـاخ بکەم کە هەمیشـــە ســـەرچاوەی هێزن بۆ عیرفان و تەســـەووف و چاکســازی لە مێژوودا. ئەوە بوو خۆی و یەکێک لە پەیڕەوەکانی دوو مانگ بە ڕێگاوە دەبن و دەگەنە شاری سلێمانی.

بە پێی ئەو ســەرچاوانەی کە بە دەســتم گەیشــتوون بۆ نموونە کتێبی ئەمیر فەرهەنگی ئیمــانی گۆایە وەســـیەتێـک لە مەولانـا خـالیـدی نەقشـبەندییەوە بۆخەلیفەکانی هەبووەکە یارمەتی کەسـێک لە بابییەکان یان شـێخییەکان بدرێ و ڕۆژگارێک ئەگەر هاتنە بەغدا پشـتیوانیان لێ بکەن و بیانگەیەننە کوردســتان و لە ســەرگەڵو داڵدەیان بدەن. هەڵبەت بەهــائوڵڵا لە کتێبەکەی خۆیـدا دەڵێ من لەلایەن شـــێخی ڕابەری نەقشـبەندییەکانەوە ڕێنوێنی کرام و ناردرامە سلێمانی(لوح چهار وادی، لوح هفت وادی). لە ســلێمانیش لە تەکییەی خالیدیدا نیشــتەجێ بووم. بەهائوڵڵا ناوی مەولانا خالید ناهێنێ بەڵام نووســەرە بەهائییەکانی ســەر بە ناوەندی جیهانی بەهائی کە تەفســیری قســەکانی بەهائوڵڵا دەکەن، دەڵێن مەبەســـتی مەولانا خالیدی نەقشـــبەندی بووە. بەڵام ئەوەی کە ڕوونە مەولانا خالید لە ســـاڵی ١٨٢٦ زایینیدا کۆچی دوایی کردووە. بەهائوڵا لە ساڵی ١٨٥٣ لە بەغداوە ڕووی لە سلێمانی کردوە. کەواتا

---

١٠ عنقای بقا در قاف وفا هجرت حضرت بهالله به سلیمانیه و کوه ساگلو، وقایع دوران بغداد و کردستان. امیر فرهنگ ایمانی

١١ گفتوگۆی تایبەتی من لەگەڵ کەسایەتییەکانی بنەماڵەی شێخ ئەحمەدی سەردار

مێژووەکە یەک ناگرێتەوە و تەنیا دەبێ وەسیەتی مەولانا خالید هەبووبێ بۆ شێخەکانی دوای خۆی. هەندێک لە شێخەکانی ناوچەی سورداش، باسی ئەو وەسیەتەی مەولانا خالیدیان بۆ من کردووە. هەروەها لە ساڵی ١٨٥٢دا بەهائوڵڵا کتێبێکی تایبەتی لەسەر مەولانا خالید نووسیوە، لە کاتی گەڕانەوەی بۆ بەغدا دەیداتە دەست شیخەکانی خانەقای کەرکوک.

دواتر لە بەشی لێکۆڵینەوە لە نەقشبەندیەکاندا دێینەوە سەر سەفەرەکەی مەولانا خالید، لە دەیەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم بۆ هیندستان، کە لەو سەفەرەدا زیاتر لە ساڵێک لە ئێران ماوەتەوە. ئەوەش هەر ئەو کاتە بووە کە شێخ ئەحمەدی ئیحسایی و سەید کازمی ڕەشتی و کەسانی وەک باب، لە گفتوگۆی گەرمی زنجیرەی عیرفانی و ئایینی، لە شارەکانی ئێراندا بوونە. ئەو ساڵانە مەولانا خالید لە ئێران بووە و بەشداری ئەو گفتوگۆیانە بووە. وای بۆ دەچم مەولانا خالید زۆر کەوتبێتە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی شێیخییە و دوای ئەویش بابییەکان کە درێژکراوەی شێیخییەیە.

نەقشبەندییەکانی بەغدا زۆر بە گەرمی پشتیوانی بەهائوڵڵایان کرد. لە گفتوگۆ لەگەڵ هەندێک لە شێخەکانی سەرگەڵو و شەدەڵە بیستم بەهائوڵڵا لەسەر ڕاسپاردەی مەولانا خالید هێنراوەتە سلێمانی و لەسەر ڕاسپاردەی ئەویش شێخ قادری سوور پارێزگاری و پشتیوانی لێی کردووە .

بەهائوڵڵا کەمتر لە ساڵێک لە سلێمانی لە تەکیەی خالیدی ماوەتەوە. ئەو ماوەیە کە لەوێ بوو سەرنجی پیاوماقوڵان وخوێندەواران و عارف و شـــێخەکـانی ســـلێمـانی و دەوروبەری بۆ گفتوگۆ و بیروڕا و زانیارییەکانی خۆی ڕاکێشـا. نەقشـبەندییەکان بەگشـتی دەیانپاراسـت و لەگەڵی بوون و لە دانیشتنەکانیدا بەشدار دەبوون.

ئەو سـاڵەی بەهائوڵڵا لە سـلێمانی بوو، لە مانگی ڕەمەزاندا نەدەچوە نوێژی جەماعەت و ڕێوڕەســـمەکانی ئەو مانگە عیبادییەی نەدەکرد. ئەوەش بووە مایەی ناڕەزایی قادرییەکانی شـار و خەڵکیان لێ هاندا تا لە تەکییەی خالیدیدا پەلاماری بدەن و نیازیان ئەوەبوو بیکوژن. واتا ئەو کارەی شـــێخ مارفی نۆدێ کە فتوای کوشـــتنی مەولانا خالیدی دابوو، هەمان فتوا بۆبەهائوڵڵاش درا. بەڵام شـێخەکانی نەقشـــەبەندی دیفاعیان لێی کرد و گواستیانەوە بۆ گوندی سەرگەڵو. ئەوکات شێخ قادری سوور شێخی خانەقای سـەرگەڵو بوو بەڵام لە کەرکوک دادەنیشت. ئەو شێخی دووەمی نەقشـییەکانی سـورداش بوو. دەبوا هەر ئەو وەک چۆن باوکی، واتا شـــێخ ئەحمەدی ســـەردارکە بەهانای مەولانا خالیدەوە چووبوو، ئەویش بە هانای بەهائوڵڵاوە بچی و بیپارێزێ.

لە گوندی سەرگەڵو، بەهائوڵڵا زۆربەی کاتی خۆی، لە ئەشکەوتێکدا دەبردە ســـەر. بەهـائوڵڵا لە کتێبەکـانی خۆیـدا بـاس دەکـات کە لەو ئەشـکەوتەدا چۆن تەئەمولی کردووە و گەیشـتووەتە ئەو ئەنجامەی کە

پەیـامێکی نوێی پێیە و پەیـامبەرێکی نوێیە و دەبێ دینێکی نوێ ڕابگەیەنێت. ئەوەی جێی سـەرنجە، بەهائوڵڵا تا ئەوکاتەی سلێمانی و سـەرگەڵوی بەجێ نەهێشـتبوو، ڕاینەگەیاندبوو کە ئەو دینێکی نوێ دێنێت. لەسـاڵی ١٨٥٦دا کە گەڕایەوە بەغدا ڕایگەیاند ئەوەی کە پێی دەگوترێ "من یظهره الله" منم، ئەوەش پەیامەکەمە کە دینێکی نوێیە. دوای ئەوە بابییەکان و بەهائییەکان لە بەغدا بە فەرمانی سـوڵتانی عوسمانی و بە پێشنیاری شای قاجاری دوورخرانەوە بۆ ئەستەمبوڵ و لەوێشەوە بۆ ئەدەنە.

لە ئەدەنە خیلاف لە نێوان سـوبحی ئەزەل و بەهائوڵڵا زۆر توندتر بوو. هەندێک لە پەیڕەوەکانیان بەیەکەوە شـەڕیان بوو، چەندێکیان لەو بەینەدا کوژران. دوای ئەوە دەوڵەتی عوسـمانی بریاری دا بەهائوڵڵا دوور بخاتەوە بۆ عەکا، سـوبحی ئەزەلیش دوور بخاتەوە بۆ دورگەی قوبرس. سـوبحی ئەزەل تا لە ژیاندا مابوو لەوێ مایەوە و هەر لەوێش مرد. بەهائوڵڵاش لە فەلەستینی ئەوکات و ئیسرائیلی ئێستا و لە شاری عەکا بوو تا کو مرد. مەزاری ئەو ئێسـتا لە تەنیشـت مەزاری باب لەو شـارەیە. بۆیە عەکا بە شـاری پیرۆزی بەهائییەکانی جیهان دادەندرێ. لەم دواییـانەدا بەهـائییەکـان دەڵێن نـاوچەی پیرۆزی دووەمی ئەم دینە گوندی سەرگەڵو و ئەوئەشکەوتەیە کە بەهائوڵا تەئەمولی تێدا کردووە.

بزووتنەوەی بـابی بوو بە دوو بەش(١٨٥٨)، بەشـێکی پێیـان

دەگوترێ بابییەکانی ئەزەلی کە لەســـەر ڕاســـپاردەکانی باب مانەوە. چونکە بـاب دینێکی نوێی ڕانەگەیـاندبوو و تەنیـا ئیســـلاحی لە دینی ئیسـلامدا کردبوو. ئەوانە لە ئێران مانەوە و لە دەرەوەش بەهەمان شێوە هەبوون. بابییە ئەزەلییەکان لە شـۆڕشـی مەشـرووتەی ئێراندا ١٩٠٠- ١٩٠٦ ڕۆڵێکی گرنگیـان بینی و ڕۆشـــەنگەری زۆر کـاریگەر بوون. هەندێک لەوانە بوون بە یەکەمین نوێنەر لە پەرلەمانی ئێراندا. بەهائییەکانیش بەهەمان شێوە کاریگەر بوون. لەم ڕۆژگارەدا ژمارەی پەیڕەوانی بەهـائی لە ١٠ ملیۆن کەس تێپەری کردووە. ئەوانە بە ســـەرانســـەری جیهـانـدا بڵاو بوونەتەوە. بزووتنەوەی بـابی کە لە بزووتنەوەی عیرفـانی و فیکری شـــێیخییەوە وەک قۆنـاغێکی نوێ دەستپێکرد، بە بزووتنەوەی دینی بەهائی کۆتایی هات.

ئەو سـێ سـاڵەی بەهائوڵلا لە کوردسـتان بووە، وەک لە کتێبەکانیدا ئاماژەی پێ دەدا، گرنگترین ســـاڵانی بیرکردنەوە و کاملبوونی ئەو بووە. لەو ماوەدا شێخەکانی نەقشبەندی سەردانی بەهائوڵلایان دەکرد، لە حەڵقەکـانیـدا بەشـــدار دەبوون و گوێیـان لە گفتوگۆکـانی دەگرت. دانوستانێکی فیکری لە نێوان بەهائوڵلا و شێخەکانی نەقشبەندیدا هەبوو. بەهـائوڵلا لە کتێبەکـانی خۆیدا یەک بە یەک نـاوی هەموویـان دێنێ. هەموو ئەو نامانەی لە نێوان ئەو و شـــێخەکانی نەقشـــبەندیدا هەبووە بڵاوکردوونەتەوە. بەتایبەت خانەقای سـلێمانی، کەرکوک وشـــێخەکانی ناوچەی سـورداش کە هەموویان تابعی خانەقای ســەرگەڵو بوون. دوای

ئەوانە، ئەو شـێخەی زۆر لە بەهائوڵڵا نزیک بووە شـێخ عوسـمانی سـیراجەددینی هەورامان بووە لە تەوێڵە. ئەو نامانەی لە نێوان شـێخ عوسـمان و بەهائوڵڵادا هەن، ئەوە دەسـەلمێنن کە پەیوەندی نێوان شـێخ عوسمان و بەهائوڵڵا وەک پەیوەندی نێوان شێخێک و موریدێک بووە.

جیا لە شـــێخەکـان، بەهـائوڵڵا لەگەڵ ژمـارەیەک ئەدیبی ئەوکـاتی کوردسـتان پەیوەندی هەبووە. ئەو ئەدیبانەی کلاسـیکەکانی شـێوەزاری سـۆرانین، لە نیوسـەدەی دووەمی سـەدەی نۆزدەیەمدا دەوریان هەبووە پەیڕەوی بەهائوڵڵا بوون. لەوان مەلا حامیدی بێســارانی، شــاعیری ناودار مسـتەفا بەگی سـاحێب قڕان کوردی، هەروەها لە ڕێی ئەوانەوە نالی. هەڵبەت بەهائوڵڵا نامە و دیدارەکانی خۆی لەگەڵ بێســارانی و کوردی نووسیوە بەڵام لەسەر نالی باسی هیچ شتێک ناکات.

بزووتنەوەی بـابی لە ئێران بە هـاتنی دینێکی نوێ کۆتـایی پێهـات. دینێکی کراوە کە دینی بەهـائییە. بیروبـاوەڕەکـانی بـاب لە چەشـــنی مەزدەکی ئیســـڵاحگەرا، خۆگونجاندن بوو لەگەڵ دۆخی ناوەڕاســـتی سـەدەی نۆزدەیەمدا، بەڵام بیروباوەڕی بەهائوڵڵا زۆر هاوچەرخ بوون. بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە بەرابەری ژن و پیاوەوە هەیە. هەروەها بەرابەری نێوان پەیڕەوانی دینەکان بە گشتی، یەکسانی نێوان مرۆڤەکان ، مافەکانی مرۆڤ، خۆشـــەویســـتی، عەشـــقی نێوان مرۆڤەکان و بەجیهانیکردن، هەروەها بە جیهانی بیرکردنەوەی مرۆڤ، پاراســتنی

ژینگە، پاراســـتنی ئاژەڵەکان و بە پیرۆز زانینیان. ئەوانە هەموویان بیروبـاوەڕی بـابی و بەهـائیین کە بەپێی ئەو لێکۆڵینەوە و بەڵگـانەی لەبەردەسـتە، شـەپۆلی یەکەمی ئەو بیروباوەڕانە بە خەفیفی لە مەولانا خالیدەوە[12]هاتووەتە کوردســـتان. لە دواییدا بە درێژی باســـی دەکەم. شەپۆلی دووەم بە دەوری بەهائوڵڵا پەیوەستە. ئەو ماوەیەی لە سلێمانی و ســـەرگەڵو بووە، بەتـایبەتی لە ڕێی خـانەقـاکـانی نەقشـــبەنـدیی و ئەدیبەکانی کوردسـتانەوە بە ئاشـکرا کاریگەری فیکری خۆی داناوە. هەروەها ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ شـــێخەکانی کەرکووک و قازی شاری خانەقین هەیبووە، ئەو گووتەی من دەسەلمێنن. ئەو زۆر کاری لە باوەڕی نەقشـــبەندی کردووە. ئەو نامانەی لە نێوانیاندا هەبووە وایان کرد بیروباوەڕی مەزدەکی، ئەو بزووتنەوەیەی کە تەمەنی ١٣٠٠ ساڵ بوو، لە هاتنی ئیســـلام و ڕوخانی ســـاســـانییەوە تا دەگاتە ١٨٥٦، بە پوختی و بەبێ دەنگی لە کوردستان، لە ڕێی خانەقاکانی نەقشبەندییەوە بڵاو ببێتەوە. من پێوایە ئەو بزووتنەوانەی کە دواتر لە سەرەتای سەدەی بیســـتەمـدا دروســـت بوون، ڕاســـتەوخۆ کـاریگەریـان لە ڕووی بیروباوەڕەوە لەو سەرچاوەیە وەرگرتووە.(ایمانی،٢٠٠٦)

---

[12] کە لە ژێرکاریگەری شێخییە بووە

بەشی دوانزەهەم

بزووتنەوەی نەقشبەندی

تەریقەتی نەقشبەندی لەناو سیستەمی تەسەووف و عیرفانی زاڵی کوردستاندا شوێنێکی دیاری هەیە. ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە گۆڕانکارییە مەعنەوی وکۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردستاندا. بۆ ئەوەی تێبگەین ئەو ڕۆڵە لە چییەوە دێت و سەرچاوەکانی تەریقەتی نەقشبەندی چیین کە ئاوا جموجۆڵی کۆمەڵایەتی هەبێت و بەشداریکردن لە سیاسەتدا ببێتە یەکێك لە پایەکانی ئەو تەریقەتە؟ پێویستە بنەماکانی ئاشکرا بکەین و بزانین ئەو بیروباوەڕە عیرفانییە لە کام ڕێچکەی مێژوویی و کام گۆڕانکارییەوە گەیشتە کوردستان و لە کوردستاندا چ تایبەتمەندییەکی وەرگرت؟ چەند هۆکاری دیکەی کۆمەڵایەتی و سیاسی

و فیکری و ئـایینی لەگەڵی تێکەڵاو بوون تـا تەریقەتی تـایبەت بە کوردستان، لە نەقشبەندی دا دروست ببێت؟

تەریقەتی نەقشـبەندی لە سـەدەی هەشـتی کۆچیدا دروسـت بووە. ئەو تەریقەتە لەســـەردەســـتی محەمەدی کوڕی محەمەدی بوخاری کە بە بەهائەدینی نەقشـبەند ناونراوە و دواتر بە شـاهی نەقشـبەندی ناسـراوە، داهێنراوە. بەهائەدینی نەقشـبەند کوڕی بابا سـاحەبی سـەرمەسـتە. بابا سـاحەبی سـەرمەست سۆفی و عارفێکی دیار و پیشـەگەرێکی دەوڵەمەند بووە. کاری بابا سـاحەبی سـەرمەسـت ڕسـتن وچنین بووە. بەتایبەتی چنینی جـاجم و ئەو پێخەفـانەی لەو ســـەردەمەدا بە کـاڵای دەگمەن دەزانران. هەر لەبەر ئەوەی پیشـــەی چنینکـاری بووە، بەنەقشـــبەند نـاوبـانگی دەرکردووە. دوایی بەهـائەدینی کوڕی هەمـان پـاشـــناوی هەڵگرت و بە بەهـائەدینی نەقشـــبەنـد نـاســـراوە. هەڵبەت لە کـاتی بڵاوبوونەوەی ناو و ناوبانگی بیروباوەڕەکانی نەقشـبەندیدا، لێکدانەوەی دیکەیان بۆ وشـــەی نەقشـــبەند کردووە. ئەویش بەو ئاقارەدا بردرا کە بەهائەدینی نەقشـــبەند لە دینداری و زیکر و پاڕانەوەدا کاتێکی زۆری ژیانی خۆی تەرخان کردووە. لەکاتی زیکردا زۆر بەهێواشـــی وشـــەی اللەی دەگووتەوە. لەوەوە دەڵێن الله لەســـەرزمـان و دڵی بەهـائەدینی نەقشـبەند وەك نەقش هەڵکەندرابوو. بەڵام ڕاسـتییەکەی ئەوەیە وشـەی نەقشبەند ناوبانگی باوکی بووە.

بەهائەدینی نەقشـــبەند لە بوخارا لە دایك بوو. باوکی تا ئەوکاتەی لە توانایدا بوو خۆی پەروەردەی کردووە و بنەماکانی عیرفان و شەریعەتی فێر کردووە. دواتر ناردویەتیە لای ســـۆفییەکی بەناوبانگ کە عارفێکی زۆر پەیڕەودار و ناویشـــی بابا ســـەماســـی بووە. ئەویش بە کەســـایەتی عـارفـانە وپـانتـایی بیرکردنەوی فرەعیرفـانیـانەوە بەنـاوبـانـگ بوو. تـا ڕادەیەک کە شـــەتەحاتی تایبەتی خۆی هەبوو. بابا ســـەماســـی کە مرد، بەهـائەدینیـان نـارده لای ئەبو یەعقوبی هەمەدانی. دواتر نـاردیـانە لای سەید ئەحمەدی کولال. ئینجا ناردیانە لای شێخێکی دیکەی عارفی تورك بەناوی قەسەم شێخ. پاشان ناردیانە لای خواجە ئەحمەدی یەسوی. ئینجا شـــێخێکی دیکەی تورك بەناوی شـــێخ خەلیل ئەتا ماوەیەك پەروەردەی بەهائەدینی نەقشـبەندی کردووە. ئەوجا ناردرایە لای شـێخ عەبدولخالقی غەلتەوانی. دوای ئەوەش شێخ زەینەدینی ئەبوبەکری تایبادی پەروەردەی کردووە. هەروەها لە هەژدە ساڵیدا مەلیك موعیزەدینی حوسـەینی بینیوە کە ئەویش فەرمانڕەوا و عارفێکی گەورە بووە. کەواتە باوکی بەهائەدینی نەقشـبەند لە کاتی خۆیدا بەرنامەیەکی دیاریکراوی بۆ داناوە. بۆ ئەوەی چەنـدی دەکرێـت لە زانین و مێژوو، پەروەردە و ئەوەی لە ڕەســـمی ســـۆفییاندا پێی دەگوترا "ســـلوك" بەهرەمەندی بکات. بۆیە هەموو ئەو تەکییە و شـێخانەی پێ کردووە. بەهائەدینی نەقشـبەند هەر لەگەنجییەوە عارف و سۆفییەکی بەناوبانگی لێ دەرچوو. لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا شێخ بابا سەماسی کردی بە خەلیفەی خۆی. بەهائەدینی نەقشبەند تەریقەتێکی

نوێی لە تێکەڵکردنی هەموو تەکییە و عـارفەکـان دانـا و نـاوی لێینـا تەریقەتی نەقشـــبەندی. ئەو تەریقەتە پارســـەنگی نێوان شـــەریعەت و تەریقەتی هەندێك ڕاســـتکردەوە. واتا ئەگەر بەشـــێك لە عارفەکان لە زەمـانی مەغۆلییەکـان و تەیموورییەکـانـدا زیـاد بەلای شـــەریعەتـدا چووبوون و تەریقەتیان کەم کردبووەوە، ئەو هات و باڵانســـی عیرفاتی تێدا بەرزکردەوە و هەندێك ڕێوشـــوێنی ســـەیر و ســـلوک و ڕەفتار و پەروەردەکردنی ســـۆفییانەشـــی گرتەبەر. یەکێك لەوانە قەدەغەکردنی زیکر و ڕێوڕەســـمی ســـۆفییانە بوو کە بە دەنگی بەرز و بە هەڵپەڕین و ســـەما دەکرا. ئەو پێی وابوو زیکر بە هێمنی بکرێت و لەســـەر دڵ و زمـانەوە بێـت، ســـۆفی بـاشـــتر لەگەڵی تێکەڵ دەبێ. ئەوە یەکێـك لەجیاوازییەکانی تەریقەتی نەقشبەندییە لە بەراورد بە تەریقەتی قادری.

بەهائەدینی نەقشـــبەند بۆ پاســـاودانی بیروباوەڕە نوێیەکانی خۆی، بانگەشـــەی دەکرد گوایە پێغەمبەری لە خەودا بینیوە و پەیامێکی پێ داوە کە لە کتێبێکی دیاریکراودا بە ناوی پەیامی پیرۆز (رســـالە قدســـیە) کۆکراوەتەوە، هەر ئەو کتێبە بەناوبانگەیە کە ســـەرچاوەی تەریقەتی نەقشبەندییە.

بەهائەدینی نەقشبەند لە ساڵی ٧٩٠ی کۆچیدا مردووە. کاتێك دەیانبرد بۆ ناشـــتن لەجیاتی قورئان، مەراســـیمەکەیان بە شـــیعر خوێندنەوەی عارفانە بەڕێ کرد. دەڵێن بەهائەدینی نەقشبەند پەیوەندییەکی هاوسەنگی

لەگەڵ شـــیعە و ســـوننەدا هەبووە. هەر بۆیەش هەوڵی دەدا لە شـــێخ و عـارفەکـانی هەردوو مەزهەب فێر بێـت. دواتر بەپێی بـاوەڕی خۆی هەندێك ڕێوڕەســـم و زانیـاری و بیروبـاوەڕی لێ هەڵدەهێنجـان و لە تەریقەتی نوێی خۆیدا دەیگونجاندن.(ثبوت، ٢٠١٩م)

دوای مردنی بەهائەدینی نەقشـــبەند، دووەمین شـــێخی کاریگەر لە پەرەپێـدان و کـاملکردنی تەریقەتی نەقشـــبەنـدی، شـــێخ ئەحمەدی ســـەرهەندییە. ئەو لە ســـاڵی ٩٧١ی کۆچی لە دایک بووە. لە ســـاڵی ١٠٣٤کۆچیدا مردووە. ئەو بەشـــێخێکی نەقشـــبەندی نوێخواز ناوبانگی درکردبوو. بۆیە پێی دەگوترا نوێخواز چونکە دەیگوت خودا منی ڕاســـپاردووە تا ئاینی ئیســـلام نوێ بکەمەوە. دەبێ هەر هەزار ســـاڵ جارێك، یەکێك بێت ئایینی ئیســـلام نوێ بکاتەوە، ســـەرلەنوێ زیندوی بکـاتەوە و لەگەڵ زەمـانی خۆیدا بیگونجێنێت. هەر بۆیە پێیـان دەگوت شـــێخی موجەددیدی هەزارەی دووەم. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شـــێخ ئەحمەدی ســـەرهەندی، بە پێچەوانەی بەهائەددینی نەقشـــبەند، میانەی لەگەڵ مەزهەبی شـــیعەدا زۆر باش نەبوو. مەیلی دژایەتی شـــیعەشـــی تێدابوو. شـــێخ ئەحمەدی ســـەرهەندی لە هیندســـتان دەژیا، بۆیە پانتایی بیرکردنەوەی زۆرە و هیچ گوشـــارێکی کۆمەڵگـا و فەرمـانڕەوای مســـوڵمانی لەســـەر نەبووە تا بیروباوەڕەکانی خۆی بشـــارێتەوە. بۆیە دەبینین لای شـێخ ئەحمەدی سـەرهەندی تەقییە، باتینییەت و ڕێوڕەسمی خۆپاراستن و سڕدانان زۆر کەم بەکارهاتووە. (محیطی.١٣٩٦ه.ش)

سێیەمین شێخی بنیادنەری تەریقەتی نەقشبەندی مەولانا شاعەبدوڵڵای دێهلەوییە کە لە ســاڵی ١١٥٨ی کۆچیدا لە دایک بووە. شــاعەبدوڵڵای دێهلەوی خەڵکی پەنجاب بووە. یەکێك لە کارەکانی بریتی بووە لە دیراسە کردن و فێربوونی هەموو تەریقەتەکــان. ئینجــا بەپێی ڕوانینی خۆی هەمــوو تەریقەتەکــانــی تێکەڵ کــردوە. تێکەڵکــردن و هەڵێنــجــانــی دەرەنجــامێــک لەنێوان تەریقەتەکــانــدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نیــازی شاعەبدوڵڵای دێهلەوی لە تێژکردن و چالاککردنی تەریقەتی نەقشبەندی، بەو ئاراستەیەدا بووە کە بەشداریکردنی تەریقەتەکەی وەك بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی بۆ جموجۆڵ و ئــامــانج وگۆڕانکــاری بە کــار بێنێت. دیــارە دوای شــاعەبدوڵڵای دێهلەوییە بیروباوەڕی نەقشــبەندی زۆر چالاکانە هاتووەتە مەیدانی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان. دێهلەوی تەکییەی خۆی بردووەتە شــاری دێهلی و بۆیە بە پاشــناوی دێهلەوی ناســراوە. هەروەها دەڵێن یەکێك لە پاســاوەکانی ئەو ئازایەتییە بۆ گۆڕانکاری لە بیروباوەڕی نەقشــبەندیدا ئەوە بووە کە شــاعەبدوڵڵای دێهلەوی دەڵێ لە خەودا شــاهی نەقشبەندی بینیوە وپشتیوانی لەو گۆڕانکارییانە کردووە. شاهی نەقشبەند مەبەست بەهائەدینی نەقشبەندە. (ویبلاگ،٢٠١٩م)

شــــاعەبدوڵڵای دێهلەوی لە ١٢٤٠ی کۆچیدا مردووە. نــاوبــانــگ و کاریگەرییەکی زۆری لەدوای خۆی بەجێهێشتووە. تەریقەتی نەقشبەندی وەك تەریقەتێکی چالاك و کارا، لەڕووی کۆمەڵایەتی بە لایەندار(متحیز)ڕاهێنا. دێهلەوی، نەقشــــبەندی لە تەریقەتێکی ناو خانەقاوە هەنگاوێك

هێنایە ناو بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی کە ڕۆڵی ئایدۆلۆژیای سیاسی ببینێت. ئەوەی تا ئێستا باسم کرد بە کورتی پێی دەگوترێ قۆناغی یەکەمی مێژووی نەقشبەندی.

ئەو تەریقەتە خێرا بە ناو ئێران، ئاسیای ناوەڕاست، عوسمانی، کوردستان و عێراقدا بڵاو بووەوە. لە کوردستاندا تەریقەتی نەقشبەندی کاتێک چالاکی و زیندوێتی خۆی نیشان دا کە مەولانا خالیدی نەقشبەندی ئەو تەریقەتەی وەرگرت و نوێی کردەوە. مەولانا خالید دوای سەفەر بۆ هیندستان و دیتنی شاعەبدوڵڵای دێهلەوی و وەرگرتنی تەریقەت و پەروەردە بوون لەسەردەستی ئەو، ئینجا گەڕایەوە کوردستان، ئیدی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستان و عێراق و وڵاتانی دەوروبەر کەوتە ناو قۆناغێکی نوێ.

مەولانا خالید لە کاتی مردنی دێهلەویدا لە مەراسیمی ناشتنیدا بەشداربووە و شیعری لەسەر گۆڕەکەی خوێندووەتەوە. مەولانا خالید ناوبانگی شاعەبدوڵڵای دێهلەوی لە کوردستان بیستبوو. بە چیرۆکی جیاجیا باسی حەوداڵێتی مەولانا خالید بۆ شاعەبدوڵڵا دەکرێ و بەرگی سۆفیانە و عارفانە و کەرامەتدارانەی بەبەردادەکەن. بەڵام ئەوەی کە حەقیقەتی ژیانی ڕاستەقینەیە، مەولانا خالید خۆی لە جموجۆڵی کۆمەڵایەتیدا کەسایەتییەکی چالاك و زیرەك و زانا و لایەندار بووە. پیاوێکی ئازا بوو، زانایی خۆی لە ئازایەتی سیاسی و فتواکانیدا بە کار

دەهێنا. سـرشـتی وابوو سـەردانی سـۆفی و عارف و ئەدیبەکانی دەکرد، ئەوانەی کە ئاگایان لە جیهانی عیرفان وتەســـەووف هەبووە. کاتێک لە ســـەفەری حەج دەگەڕێتەوە، بەشـــی ئەوەندە زانیاری وەردەگرێ کە بۆ پەروەردەکردنی خۆی و زیـادکردنی زانیـاری، دەبێ لەهینـدســـتـان ســـەردانی شـــاعەبدوڵڵای دێهلەوی بکات. بۆیە ملی ڕێگا دەگرێت و سـەفەرە بەناوبانگ و مێژووییەکەی بەرەو هیندسـتان دەسـت پێ دەکات. (مدرس،١٩٨٣)

مەولانا خالیدی نەقشـــبەندی ســـەفەرەکەی لە ســـەرەتای ســـەدەی نوزدەهەمی زایینی دەستپێکردوە. لەو سەفەرەیدا ماوەی ساڵێك زیاتر لە ئێران مایەوە. ئەو کاتە کە مەولانا خالید دەچێتە ئێران، گەرمەی گفتوگۆ و مناقەشەی نێوان تەکییە و خانەقا و پیاوە ئایینییەکان بوو، بە تایبەتی لە جیهانی شـیعەدا، کە پێکهێنەری هەرە زۆری کۆمەڵگای ئێرانە. ئەوکات شێخ ئەحمەدی ئیحسایی ئێرانی بە جێهێشتبوو بەڵام سەید کازمی ڕەشتی لەوێ مابوو. لە هەموو شـارەکاندا بیروباوەڕی سـەید کازمی ڕەشـتی لەسەر ڕۆڵی ئایین، ئەو نوێکردنەوانەی کە دەبێ بخرێنە ناو بیروباوەڕی ئایینی، ئەو تەفسـیر و تەئویلانەی شـێخ ئەحمەدی ئیحسـایی لەناو ئایینیدا کردبوونی مناقەشـە دەکرا و سـەید کازم خۆی ڕابەریی ئەوپڕۆسـەیەی دەکرد. ئەو گفتوگۆیـانە لەنێوان مەلا و شـــێخییەکـانـدا زۆر بە گەرمی هەبوو. ڕۆشنبیرانی ئەو کاتی کۆمەڵگەی ئێرانی لەو گفتوگۆیانەدا زۆر کارا بوون.

مەولانا خالید لە ئێران سەردانی شارەکانی قەزوین، تاران، مەشهەد، بەستام و نەیشابووری کرد و لە گفتوگۆکاندا بەشداردەبوو. بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی لەبەر دەستن(مدرس١٩٨٣؛ محسنی، فرحیمی٢٠١٩) من ئەو باوەڕەم لەلا دروستبوە کە مەولانا خالید پێش ئەوەی بگاتە هیندستان، زۆر لەبیروباوەڕەکانی خۆی هەموارکرد بوو و کەوتبوە ژێر کاریگەری باوەڕەکانی شێیخییە. هەر بەشداری کردنی مەولانا خالید لە گفتوگۆی ناوخۆی شیعەی ئێراندا نیشانەی ئەوەیە کە ئاراستەی دژەشیعەی لەلا نەبووە. ئەوەشمان لەبەر چاوە کە هەر لە بنەڕەتدا نەقشبەندییەکان هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننەیان بەلاوە ئاساییە. مەولانا خالید لەسەر ڕیبازی بنیادنەرە سەرەتاییەکانی تەریقەتی نەقشبەندی، بەتایبەتی وەك بەهائەدینی نەقشبەند، بەڵانسی نێوان شیعە و سوننەی پاراستبوو. وێدەچێ مەولانا بەگشتی تەماشای ئایینی ئیسلامی کردبێت، بۆیە مەزهەبەکانی بەلاوە بە پلەی دووەم دەهاتن. (محسنی و ڕحیمی، ٢٠١٩م)

ڕوانگای مەولانا خالید لەسەر بنەمای شێوە سەرەکییەکەی ڕوانینی عیرفانی بووە. هەر ئەوەشە کە دوای گەڕانەوەی لە سەفەرە مێژوویەکەی، سێ شێوازەکەی کاری بیروباوەڕە ڕاپەڕیوەکانی مێژووی ئێران و پاشماوەی ئیمپراتۆریی ساسانی وەرگرت، ئەوانیش: یەکەم تەقییە، دووەم باتینییەت، سێیەم نهێنی (سڕ)پاراستنە. لەم سێیانەش ئینجا شێوازە گشتییەکەی خۆی داڕشت ئەویش دروستکردنی

بزووتنەوەیەکی تـایبەتی بوو. وەک دیـارە لە مێژوودا ئەو شـــێخ و عارفانەی کە تەقییەیان دەکرد لەبەرئەوە بووە کە بیرو باوەڕی نوێ بە ئاســـانی لە کۆمەڵگەی ئیســـلامی دا نەدەچەســـپا. فەرمانڕەواکان خێرا تەکفیری ئەو جۆرە عارفە ســـەرکردانەیان دەکرد. باتینییەت بۆ ئەوەیە تەنیا لەئەنجوومەنی زۆر تایبەتیدا بیروباوەڕەکان بە ڕوونی باس بکرێن. ئەو ئەنجوومەنـانە وەك یـانە و مەڵبەنـدی فیکری شـــــاراوە لەمێژوودا هەبوون. مەبەســت لە "ســڕ" بریتییە لە گواســتنەوەی بیروباوەڕی ناو ئەنجوومەنی بـاتینی، بە نهێنی بۆ نـاو بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی. بزووتنەوەکە لە پەیوەندی نێوان عارف و شێخ و خەلیفەکانیان و سۆفییە تێگەیشـــتوەکانیاندا دروســـت دەبوو. ئەو نهێنی و ســـڕە بۆ بەردەوامی بیروباوەڕەکان و بڵاوکردنەوەی بوو. هەروەها بۆ ئامادەکردنی کۆمەڵگا لە پێناو گۆڕانکاریی نوێدا بووە. مەولانا خالیدی نەقشـــبەندی بڕوای بە هەرســـێک پایەی ئەو شـــێوازە کارکردنە هەبووە و لە کوردســـتانیشـــدا بەکاریهێناوە.

ئەگەر بپرسین مەولانا خالید چ پێویستی بەو سـێ شـێوازە یان سـێ بنەمای کارکردنە هەبوو، ئەگەر بیروباوەڕی نوێی نەبووبێ؟ کەسـایەتی مەولانا خالید و کارێزما و یاخیبوونی لەکاتی دیاریکراودا، بەجێهێشـتنی پلەوپایە، لەهەمـان کـاتدا دەســـتکراوەیی وســـەخاوەت و ڕابەرایەتی

لەژیانیدا، نیشـــانەی ئەوەن کە نیازی گۆڕانکاریی گەورەی هەبووە. ئەو نیازە لەنامە و دیدارەکانی لەگەڵ خەلیفەکانیدا دەردەکەوێ. دوای ئەوەی لە سەفەری هیندستان و ئێران گەڕایەوە، دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکەی. ژمارەیەکی زۆر لە شـێخەکانی کوردســتان، لەهەموو تەریقەتەکان، بەتایبەتی لە تەریقەتی قادری چوونە ســـەر بیروباوەڕی نەقشبەندی.

یەکێکی تر لە شـــێوازەکانی کاری مەولانا پەروەردەکردنی خەلیفە و شـــێخی نوێ بوو. هەربۆیە زۆر بەخێرایی بیروبـاوەڕەکـانی بە نـاو شـێخەکاندا بڵابووەوە. ژمارەیەك شـێخی نوێ لەســەر دەســتی مەولانا خالیدی نەقشـــبەندی پەروەردە کران. خانەقای نوێ دروســـتبوون کە هەموویان ســـەرچاوەی گۆڕانکاری بوون لە کۆمەڵگای کوردســـتاندا. بۆنموونە خانەقای بیارە و شـێخەکانی سـیراجەددینی لەســەر دەســتی مەولانا خالید پێگەیشتن، مەولانا خالید وەختێکی زۆری خۆی لە بیارە و هاوینەهەوارەکانی دەبردە ســـەر. تەنانەت ئەوکاتانەی کە لە بەغداش دەژیا.

مەولانا خالید خەلیفەکانی تەنیا لە دەوروبەری و ناوچەکانی نزیکی خۆی ئـامـادە نەدەکردن، پـازی بۆ نـاوچە دوور و جیـاوازەکـانی کوردســـتان دەهاویشت. بۆنموونە شێخەکانی نەهری بوون بە نەقشبەندی. شێخەکانی بـارزان لەڕێی نەهرییەکـانەوە هەمـان تەریقەتیـان وەرگرت. هەڵبەت

بیروڕایەکیش هەیە گوایە بارزانییەکان ڕاستەوخۆ لە مەولانا خالیدەوە تەریقەتیان وەرگرتوە. واتا شێخ عبدالرحمانی بارزان تەریقەتی نەقشبەندی بە ڕاستەوخۆ لەمەولانا خالید وەرگرتووە. هەروەها لەلای شێخەکانی سلێمانی، کەرکوك، خانەقین و بادینان، ئەوە جیا لە کوردستانی باکوور تا دەگاتە حەڵەب و دیمەشق، باوەڕی نەقشبەندی بڵاوبووەوە. هەڵبەت بیروباوەڕی مەولانا خالید بە ئاسیای ناوەڕاست و هەندێك لە وڵاتانی کۆمەڵگا مسوڵمانەکانی وەکو بۆسنیا و چیچان و ئەلبانیاشدا بڵاوبووەوە.

مەولانا خالید ژمارەیەك شێخی گەنج و زیندوو و زانای لە نزیك خۆی دانابوون و بەردەوام کاری پێدەکردن. دەکرێ یەکێك لەو نموونانە بێنینەوە کە شێخ ئەحمەدی سەرداره. شێخ ئەحمەدی سەردار دانیشتووی گوندی سەرگەڵو بوو. مەولانا خالید دوای گەڕانەوەی بۆ سلێمانی، خانەقای تایبەتی خۆی دروست کردبوو. مەحمود پاشای بابان زۆر بە خێرایی لە مەولانا خالید نزیك کەوتەوە. مەولاناش بایەخێکی تایبەتی بەمەحمود پاشا دەدا. ئەو بایەخپێدانەی مەولانا وەك بایەخپێدانی زەردەشت بوو بە پادشای هەخامەنشی واتا داریوشی یەکەم یان بایەخپێدانی مەزدەك بوو بە قوباد، بایەخپێدانی مانی بوو بە شاپووری یەکەم کە یەکێك لە پاشاکانی ساسانی بوو. ئەو کەلەپوری بیروباوەڕی عیرفانی و مەزدەکییە لە مێژووی ئاریاییەکاندا سابیقەی هەیە. ڕەگوڕیشەی هاوپەیمانیی مەولانا و مەحمود پاشا لەوێوە دێت. باوەڕەکە

وایە کە دەکرێ گۆڕانکاری لەڕێگەی پادشاکان و سەردارەکانەوە بێت. هەڵبەت هەمان چارەنووسی مەزدەك و مانی توشی مەولانا خالیدیش بوو. شێخ مارفی نۆدێ و مەلاکانی نزیك لەو، توانییان بیروباوەڕی مەحمود پاشای بابان بەرامبەر مەولانا خالید بگۆڕن. پێیان باوەڕاند کە مەولانا خالید لە ئایینی ئیسلام لایداوە. گوایە بیروباوەڕی نوێی هێناوە کە بە ڕەددە دادەنرێت. بە سەرپەرشتی شێخ مارفی نۆدێ، مەولانا خالیدی نەقشبەندی تەکفیر کرا و تەنگی پێ هەڵچنرا. ویستیان لە فیتنەیەکی پلاندارداخەڵکی لێ هان بدەن، وەك هەموو چاکسازەکانی دیکەی مێژوو کۆتایی بە ژیانی بهێنن.(ڕیج.٢٠٠٨)

مەولانا بە خێرایی و زیرەکانە سلێمانی بە جێ هێشت و چووە بەغدا و لەوێ مایەوە و لە پەیوەندی لەگەڵ شێخەکانی نەقشبەندی کە خەلیفەی خۆی بوون، بەردەوام بوو. وەک باسم کرد شێخ ئەحمەدی سەردار سەری خۆی بە مەولانا خالید دەسپێرێت، نەك هەر لە دژی هەنگاو نانێت بەڵکو ئامادە دەبێت لە پێناوی بیروباوەڕەکانی مەولانادا شەڕ بکات. شێخ ئەحمەدی سەردار لە ناوچەکەی خۆیدا هەم شێخ بووە و هەم سەردارێکی بە دەستوبردی چەکدار. بەدرێژایی ژیانی خۆی تا ئەو کاتە کە مەولانا کوردستانی بەرەو دیمەشق بە جێ هێشت، لە خزمەت مەولانا خالیدی نەقشبەندیدا ماوەتەوە.

مەولانا خالید زیاتر لە جارێک سەردانی شێخەکانی ناوچەی سەرگەڵو و دەوروبەری کردووە. بیروباوەڕەکانی خۆی وجۆری شێخایەتی نوێی خۆی لەسەر ئەوان بە شێوەیەکی کردەیی پیادە کرد و بڵاوکردەوە. شێخەکانی ناوچەی سەرگەڵو و دەوروبەری بە بیروباوەڕەکانی مەولانا خالید و شێوازی کاروکردەوەکەی پابەند بوون. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شێخایەتی ئەو ناوچەیە ئەوەیە شێخایەتی بە شێوەی میرات لەباوکەوە بۆ کوڕ ناگوازرێتەوە. بەڵکو هەر شێخە و شێخێکی دیکە دیاری دەکات کە شیاو و شایانی بەردەوامیی ئەو تەریقەتە بێت. مەولانا پێی ڕاسپاردبوون کە گواستنەوەی شێخایەتی لەحەوتەمین شێخدا ئیدی بوەستێت. واتە کاری شێخایەتی کۆتایی پێبێت چونکە پێویستە پەیام تەواو بووبێت. شێخایەتی ناوچەی سەرگەڵو وسورداش لە حەوتەمین شێخدا کە شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە بوو ئیتر وەستێنرا. ئەو بڕیارە بە قیمەتی گیانی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە تەواوبوو چونکە یەکێك لە خەلیفەکانی خزمی خۆی بوو و چاوی لە شێخایەتی بوو، ماوەیەکی زۆر خەریکی ئەوەبوو کە بیروباوەڕی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە لەو بارەوە بگۆڕێت. کاتێك زانی شێخ عەبدولکەریم جیا لە بیروباوەڕە نوێیەکانی کە دواتر بزووتنەوەی هەقەی لێ کەوتەوە، ئامادە نییە لە شێخایەتی بەردەوام بێت، لەشەوێکی تاریکدا گوللەیەکی بە شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەوە نا و شێخ عەبدولکەریم پاش ماوەیەك بەهۆی ئەو برینەوە سەری نایەوە.

بە پێی ئەو گفتوگۆیانەی من ئەنجاممداون، شـــێخەکانی کوردســـتان ونــاوچەکــانی دەوروبەر، مێژووی ڕووداو و بیروبــاوەڕەکــانیــان لە بنەماڵەی خۆیاندا سنگ بەسنگ دەگوازنەوە بەڵام نایدەن بە نووسەرانی دەرەوەی خێزانەکــانیــان. بەداخەوە بەشـــێکی زۆری ئەو ڕووداو و باوەڕەکانیان بەنهێنی دەهێڵدرێتەوە و کەســوکارەکانی نایکەنە نووســین. ئەم حاڵەتە لە پەیوەندیی مەولانا خالید بە شـێخەکانی ســەرگەڵو تا دەگاتە حەوتەمین شـێخ لە شــەدەڵە دووبارە بووەتەوە. بە پێی زانیارییەکانی ناو خێزانەکانی ئەو شــێخانە، بە تایبەتی کەســە ناودارەکانیان کە ئاگایان لە مێژووەکەیان هەیە مەولانا خالید کە لە ســـەفەری ئێران و هیندســـتان گەڕاوەتەوە، گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتبوو. زۆر لە بیروباوەڕەکانی شـێخییە و بابییەی لە ئێران بە لاوە پەسند بووە و لەگەڵ بیروباوەڕەکانی شـــاعەبدوڵلای دێهلەوی و باوەڕەکانی خۆی لێکیداون. ســـەرەنجام ئەو بیروباوەڕەی نەقشـبەندی موجەدیدی خالیدی کوردی شــارەزووری لێ کەوتەوە. مەولانــا خــالید لە وەســـییەتی زارەکی و ڕاســـپاردەکانیدا گوتوویەتی: دەبێ شـێخەکانی نەقشـبەندی هاوکاری ئەو چالاك و شـێخ و عارفانە بکەن کە لە ئەنجامی بزووتنەوەی شـێخییە و بابییەدا ســەردانی عێراق یان کوردستان دەکەن. هەر وەك دیارە لەنێوان نەجەف و ئێراندا هەمیشــە پەیوەندییەک هەبووە، هەمیشــە شـێخ و ئایەتوڵلا و عارفەکانی ئێران بۆ تەواوکردنی پەیامی خۆیان هاتوونەتە نەجەف. بەشـــێکیان لە بەغدا ژیاون و بەشـێکیشـیان لە بەسـرە و کوفە دەمانەوە. ڕاسپاردەیەکی

مەولانـا خـالیـد هەیە کە پەیوەنـدییەکی بەردەوام لەگەڵ ئەو عـارف و شـــێخـانە هەبێت. بۆیە کـاتێك لە ســـاڵی ١٨٥٢ بەهـائوڵڵا بۆ بەغدا دووردەخرێتەوە، بە خێرایی پەیوەندی لەگەڵ شـــێخەکانی نەقشـــبەندی کردەوە.

والی بەغدا لە دەوڵەتی عوسمانی و بە هاوکاریی سـەفارەتی ئێران کە ئەو کات قاجاری بوو، بەهائوللا تەنگاو دەکەن و ســنووری بۆ دادەنێن. لەلایەکی تریشـــەوە کێشـــەکانی ناو خۆی بابییەکان پەرە دەســـێنێت. بەهائوللا لەڕێی شـــێخەکانی نەقشـــبەندیی بەغداوە ڕێی بۆ دادەندرێ تا بگوازێتەوە سلێمانی و لە خانەقای مەولاناخالید نیشتەجێ بێت. ئا لەوێوە ســەفەرە مێژووییەکەی بەهائوللا بە ڕێنوێنی شـێخەکانی نەقشـبەندی لە بەغداوە بۆ سـلێمانی دەسـت پێ دەکات. دواتر لە سـلێمانییەوە دەیبەن بۆ سـەرگەڵو. بەهائوللا دوو سـاڵ لەسـەرگەڵو لەژێر چاودێری و پشـتیوانی کردنی شێخ قادری سوور و لایەنگرەکانی دەمێنێتەوە. ئەوکاریگەرییەی لە بەشی پێشودا ئاماژەم پێی دا، بەهائوللا لەسەر شێخەکان وئەدیبەکانی ناو تەریقەتی نەقشـــبەندی دادەنێت. بە هائوللا لە ماوەی دوو ســـاڵدا پەیوەندییەکی فراوانی لەگەڵ شێخەکانی کوردستان کردەوە و هەندێکیانی لە شـــوێنی تـایبەتیـدا دەرس دەدان.[١٣] لەهەمـان کـاتـدا لە بیرەوەرییە نەنووسـراوەکانی کەسـوکاری شـێخەکانی سـەرگەڵوشـدا باس دەکرێت.

[١٣] لە کتێبەکانی بەهائوللا و بیرەوەرییەکانی شێخ عبدالبهائدا هەیە

ئەگەر پارێزگاری شێخەکانی نەقشبەندی نەبا، لایەنگرانی شێخ مارفی نۆدێ بەهائوللایان لە سـلێمانی دەکوشـت. هەروەك چۆن تەنگیان بە مەولانا خالید هەڵچنی، تەنگیان بە بەهائوللاش هەڵچنی بوو و ناچاریان کرد لەسلێمانییەوە بگوازێتە گوندی سەرگەڵو.

من مەبەسـتم نییە بڵێم بەهـائییەت (وەك ئـایین) بـابییەت (وەك بیروبـاوەڕی نوێی عیرفـانی ڕاپەڕیو و شـۆڕشـگێڕیی نـاو ئێران) ڕاستەوخۆ بووەتە بیروباوەڕی شێخەکانی نەقشبەندی بەڵام وەك عارف و شـێخ و زانـاکـان لە سـەفەر و ئەنجوومەنەکـانیـاندا کـاریگەرییـان لەسـەریەکتر هەبووە، بزووتنەوەی شێخییە و دوای ئەویش بزووتنەوەی بابییە کە بزووتنەوەی عیرفانی و تەسـەووفن، ڕوویان لە چاکسـازی لە شەریعەتی ئیسلامدا بووە. ئەوانە درێژکراوەی بیروباوەڕی مەزدەکی و زەردەشـتی بوون. هەنگاوی یەکەم لەڕێی مەولانا خالیدەوە دەرگایان کردەوە تا ئەو کەلەپورە فکرییە بێتە ناو کوردسـتان. ئەو پڕۆسـەیە لە سـەرەتای دەیەی یەکەمی سـەدەی نۆزدەوە دەسـت پێ دەکات و تا سـاڵی ١٨٥٦ دەخایەنێ. ئەو ڕووداوانەی بە سەفەری مەولانا خالید دەست پێ دەکەن تا سـەفەری بەهائوللا بۆ سـلێمانی و سـەرگەڵو، گەڕانەوەی بەهائوللا بۆ بەغدا لە ساڵی ١٨٥٦درێژە دەکێشن. ئەو کاتەی بەهائوللا سـەرگەڵوی بەرەو بەغدا بەجێهێشـت، ئایینی نوێی خۆی کە بەهائییەت بوو ڕانەگەیاندبوو، بەڵام وێدەچێ ئامادەکارییەکی تەواوی بۆ کردبێ. کـاتێـک گەڕایەوە بەغدا کەمترلە سـاڵێکی پێچوو تـا ڕایگەیـانـد ئەو

گەیشتوەتە ئەنجامەکانی خۆی کە دواتر پێی دەگوترا بنەما سەرەکییەکانی ئایینی بەهایی.

من پێم وایە بەشـــێکی زۆر لەو بیروباوەڕانە، لەلایەن شـــێخەکانی کوردستان و ئەدیبەکانی ئەو کات کە من لەبەشـی پێشـوودا باسم کردن، قبووڵ کراوە و کـاریگەرییەکی زۆری لەســـەریـان بووە. زێنـدوێتی تەکییەی بیارە، چالاکیی خانەقای خالیدی لەناو ســـلێمانی و جموجۆڵی عیرفانی وکۆمەڵایەتی و ئایینی لە ناوچەی ســوورداش کە کۆتاییەکەی لە زەمانی شـــێخ عەبدولکەریمی شـــەدەڵەدا بە دروســـتکردنی بزووتنەوەی عیرفانی و چاکســـازیی ئایینی نوێ بە ناوی "هەقە" هات شـــاهیدی ئەو گۆڕانکـارییە فکرییە قوڵەن لە نـاو کۆمەڵگـای کوردســـتـان. ئەوەش درێژەی ئەو کـاریگەری و کـارتێکردنە بوو کە لە نێوان تەریقەتی نەقشـــبەندی و بزووتنەوەکانی گۆڕانکاریخوازی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا هەبوون. بەو شـێوەیە ڕەســەنایەتی ئەو بیروباوەڕە چاکســازیخوازییە بۆ مێژووی ١٣٠٠ ســـاڵەی ئەو کاتی ئیســـلام لە کوردســـتان دەگەڕێتەوە. ئەویش بیروباوەڕی زەردەشـــتی و مەزدەکی و مانەوی بە کارلێککردنی بەرابەر، لە کۆمەڵگەی ئێرانی پاشـــماوەی ســـاســـانیدا و هەروەتر لای عـارفەکـانی هیندســـتـانەوە دروســـت ببوو. لە کردەوەدا ئەو هەموو بزووتنەوە و ســـەرهەڵدان و دەوڵەتە بچووکانەی لێ کەوتنەوە کە لەم باسەدا ئاماژەیەکی خێرام پێکردون.

ئێمە وەك كوردستان بەشێكین لەو جوگرافیا سیاسییەی لە فەرهەنگە گەورەكەی ساسانییەكانەوە بە جێماوە. بۆیە ئەو بیروباوەڕی گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتییە عیرفانییە بە تێكەڵبوون لەگەڵ ئیسلام، ئایینی ئیسلامی تایبەت بە كوردستانی دروست كرد كە لە بەشەكانی پێشوودا ئاماژەم پێ داون و هەوڵ دەدەم لە بەشەكانی تردا، تایبەتمەندییەكانی باشتر هەڵبهێنجێنم. ئەویش بریتییە لە دروستكردنی ئیسلامێكی كوردستانی ئارام و لێبوورده و فرەیی. بۆیە ئایین و ئایینزا و كەسایەتی كاریگەری عیرفانی و دینی دیكە قبووڵ دەكات.

هەبوونی بیروباوەڕی نوێ، تەنانەت پازدان لە ئایینێكەوە بۆ ئایینێكی دیكە، لە كوردستان كارێكی كردەنییە وكوشتنی كەسی دینگۆڕی لێ ناكەوێتەوە. ئەمە تایبەتمەندیی بیروباوەڕی عیرفانییە كە لە كوردستاندا بە ئایینی ئیسلامەوە لكێندراوە. لە ناو ئەو ئایین و مێژووەدا بزووتنەوەیەك بەردەوام ڕووی لە گۆڕانكاریی گەورە و زیندووهێشتنەوەی بیروباوەڕە ڕەسەنەكانی پێشوی بووە ئەویش بزووتنەوەی نەقشبەندییە. بزووتنەوەی نەقشبەندی سەرچاوەی بیروباوەڕەكانی دەگەڕێتەوە سەر بیروباوەڕی مەزدەكی. كە دەڵێم مەزدەكی، مەبەستم بیروباوەڕە گشتییەكانییەتی كە پێخوستی مێژووی بەسەرەیە، تایبەتمەندی كوردستانی تێدایە، خواست و ئامانجی

ســـەرکردەکانی ســـەدەکانی ١٩ و ٢٠ ی کوردســـتان بۆ گۆڕانکاری خراوەتە ســـەر ئەو توڕاســـە دینی و کۆمەڵایەتییە. بۆیە لە کۆتاییدا ســـێ بزووتنەوەی زۆر چالاك دەبینین کە لە ســـەدەی ١٩دا درووســـت بوون: یەکێکیان بزووتنەوە عیرفانییەکەی مەولانا خالیدی نەقشبەندییە کە خۆی بنیادنەری ئەو بیروباوەڕە نوێیە بووە و خۆیشی سەرکردایەتی کردووە. دووەمیان بزووتنەوەی عیرفانی ناوچەی ســـەرگەڵو و ســـورداشـــە (هەقە)کە حەوت شـێخە پەیوەندیدارەکان لەو ناوچەیەدا دروستیان کرد. لە ســەرەتای ســەدەی بیستەمدا کۆتایی بە حەوتەمین شـێخ هات و دواتر بزووتنەوەکە کـامـڵ بوو و بزووتنەوەی هەقەی لێ دروســـتبوو. بزووتنەوەی هەقە کە ئێســـتا هەوڵ دەدرێت کاڵ بکرێتەوە و ســـوێند و پاکانەیان بۆ دێننەوە کە جگە لە شەریعەت و جێبەجێکردنی ئایینی ئیسلام کارێکی دیکەیان نەبووە، ڕاســـت نییە. بزووتنەوەی هەقە ڕێك وەك هەر بزووتنەوەیەکی دیکە مەزدەکییە و لەســـەدەی بیســـتەمـدا هەوڵی دا گۆڕانکاری لە بنەماکانی شـــەریعەتدا بکات و چاککردنێکی گەورە لە نیزامی باوەڕیی کوردســـتاندا بهێنیتە دی. ئەو ئامانجانە بێنێتەدی کە لە مەزدەك و بابەکی خوررەمدین و سەرکردەکانی دیکەدا ئاماژەم پێکردون.

ســـێیەمیان بزووتنەوەی بارزانە. حەقیقەتێکی مێژوویی هەیە کە ئەو کاتەی مەولانـا خـالید لە بزووتنەوەی خۆیدا لە هەوڵ و تەقەلادا بووە، تەکیەی بارزان بە بڕیاری شـێخ عبدالرحمان (شـێخی یەکەم) تەریقەتی نەقشـبەندی لە تەکییەی نەهری وەرگرت. ئەوە ســەرەتای بیروباوەڕی

نەقشبەندیی نوێ و ڕادیکاڵ بوو کە لەناوچەی بارزاندا پەیڕەو کرا.

لە مێژووی شـــێخایەتی بارزان پێنج شـــێخ هەبوون. لە پێنجەمینیاندا شـــێخ ئەحمەد کۆتایی بە شـــێخایەتی هێنا و بزووتنەوەکە دروســـت بوو. وەک دیارە ئامانجی نەقشـــەبەندی خالیدی گواســـتنەوەیە لە خانەقاوە بۆ بزووتنەوەی فراوان. شـــێخ محەمەدی بارزان (شـــێخی ســـێیەم) لە ١٨٩٢ کۆچی دوایی کردووە. ئەو هـاوزەمـانی بەهـائوللایە، ئەویش بە هەمـان شـــێوە لە ســـاڵی١٨٩٢ کۆچی دوایی کردووە. ئەو کاتە بزووتنەوەی نەقشـــبەندی لە ناوچەی ســـلێمانی و کەرکوك تا بەغدا، جموجۆڵێکی عیرفـانی و تەســـەووفی و ئـایینی و کۆمەڵایەتیی کـاریگەر وچـالاکی هەبووە. کاتێک بەهائوللا لە بەغدا لەلایەن نەقشـــبەندییەکانەوە هێنرایە ســەرگەڵو، شـــێخ محەمەدی بارزان لە کۆیە دەیخوێند. کۆیەی ئەوکات لە جوغزی بیروباوەڕەکانی مەولانا خالید و بەهائوللادا بوو. واتا لایەنگر و ســۆفی و کەســە چالاکەکان کە لە مزگەوت و تەکییەکان و دیدارەکاندا گفتوگۆیان دەکرد، لەناو جەرگەی ئەو جموجۆڵە کۆمەڵایەتییانەدا بوون و کۆیە یەکێک لە شـــارە پڕ جۆشـــوخرۆشـــەکان بوو. جیا لە نفوزی شـــێخەکان، مەلای کراوەی وەک مەلا عبداللەی جەلیزادە و دواتر مەلای گەورە لە کردنەوەی کۆمەڵایەتیدا بەناوبانگن. بۆیە بە هەموو پێوانەیەك شـــێخ محەمەدی بارزان زۆر بەباشـــی ئاگای لەو جموجۆڵە فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتییانە بووە و بە قووڵی چووەتە ناویان و بە هەڵێنجانی تایبەتیی خۆی وەریگرتوون. هەر ئەوەیە کە شـــێخ محەمەدی بارزان لە

تەکیەی بارزاندا بناغەی بیروباوەڕی نوێی دامەزراند کە بیروباوەڕە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی چاکسازیخوازیی بارزانی پێ دەگوترێ.

بزووتنەوەی بارزان (کە دواتر بە وردی باسی لێ دەکەم)، ئەو چاکسازییە کۆمەڵایەتی و عیرفانی و ئایینیانەی دەستی پێکرد، زۆر کامڵتر بوو لەوەی مەولانا خالید یان شێخەکانی سەرگەڵو هەوڵیان بۆ دەدا. هەڵبەت لێکچوون و وەکیەکبوونی بیروباوەڕەکانی بزووتنەوەی هەقە و بزووتنەوەی بارزان زۆرە. ئەگەر تایبەتمەندی ناوچەییان لێ دەرکەین کە لە دوو ناوچەی جیاوازدان، پەیوەندیی نێوان شێخ وئاغا و میرەکانی بابان لە ناوچەی سلێمانی بریتی بووە لە سازش و بەرەنگاربوونەوەی نێوان نەقشبییەکان و فەرمانڕەوا و ناوەندە ئایینییەکان. بزووتنەوەی بارزان لە جوگرافیای خۆیدا زیاتر پەیوەندی لەگەڵ موسڵ و بەتلیس هەبووە و لەژێر کارتێکردن و فەرمانڕەوایی تەکییەی نەهریدا بووە. پەیوەندی نێوان شێخ و عەشیرەت و شارەکانی دەوروبەر، ئیسڵاح و بەرەنگاریی تایبەتی لە ناوچەی بارزان درووست دەکرد. بەڵام هەردووک بزووتنەوەکە لە دەسکاریکردنی فەرمانەکانی شەریعەت کە بەشێکی زۆری پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگاوە هەبوو، لەلای بارزانییەکان و هەقەکاندا هاوشێوەن. لە بابەتی دادپەروەری، یەکسانی، مافی مرۆڤ هەردوو بزووتنەوەکە زۆر پێکدەچن. لە باوەڕبوون بە ئازادی و داننان بە مافی ژنان و ڕۆڵپێدانیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا وێکچوونێکی زۆر هەیە. لە پاراستنی ژینگەدا

وێکچوون هەیە، لە هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکان وێکچوون هەیە، لە هەردووکیاندا تەقییە و باتینییەت و سـڕ(نهێنی) هەیە. بەڵام لەبارزاندا تایبەتمەندی دیکەش هەیە کە لە بزووتنەوەی هەقە و خالیدی جیای دەکاتەوە ئەویش ڕێکخستنێکی دیکەی کردەییە، بەتایبەتی پاککردنەوەی ناوچەکانی خۆیان لە سیستەمی ئاغایەتی و دەسەڵاتی حکوومەتەکان. بزووتنەوەی بارزان بە کردەوە چاکسازیی بەسەر کۆمەڵگای خۆجێیی بارزاندا سەپاند و هەوڵیدەدا پەیامی ئەو چاکسازییە بەناوچەکانی دیکەش بگەیەنێت. دروستکردنی هێزی چەکدار بۆ پاراستنی خۆیان و بەرگریکردن لە خەڵك کە زوڵم و ستەمیان لێدەکرا و داوای یارمەتییان لە بارزانییەکان دەکرد، هەنگاوی بە کردەوە بۆ پاراستنی ژینگە و گیانداران، پاراستنی لایەنگران و پەیڕەوانی ئایینەکانی دیکە، لە ژیانی ڕۆژانەی هەموو ناوچەدا بووە باوەڕ و کردەوە. بە تایبەتی لە سەردەمی شێخ ئەحمەدی بارزان گۆڕانکارییەکان بە بڕیار دەکران، یەك لە دوای یەك، هەم فێری هاووڵاتیان دەکرا، هەم جێبەجێ دەکران و سیستەمیان بۆ دادەنرا. لە ناو سیستەمدا پەروەردەکردن هەبوو تا نەك هەر عارف و شێخەکان بەڵکو هەموو پەیڕەوان لەسەر ئەو بیروباوەڕە پەروەردە بکرێن و لێی حاڵی ببن و بیپارێزن.

هەندێک تایبەتمەندی دیکەی بزووتنەوەی بارزان ناوچەییە و بەردەوام لە پەرەسەندندا بووە، وەک دامەزراندنی هێزێکی چەکدار،

سیستەمێکی ئابووری ئیشتراکی کە شێخ عبدالسلام بارزانی (دووەم)، دواتر شێخ ئەحمەد زەوییان بەسەر هەموو دانیشتواندا دابەش کرد. بەرهەمی کار دەبوایە بەپێی خواست دابەش بکرێت. خۆشەویستی و لێبوردەیی بووە بنەمایەکی سەرەکی کۆمەڵگای خۆجێیی . ئەمە وایکرد لایەنی سیاسی بوونی ناو بزووتنەوەی بارزان گەورەتر بێت. لە زەمانی شێخ عەبدولسەلامی دووەمدا بزووتنەوەی نەتەوایەتی بوو بە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی بزووتنەوەی بارزان. ڕوانینێکی ڕەسەنی بە تەفسیرێکی ڕوون بۆ سەربەخۆیی کوردستان و پاراستنی میللەتی کورد و پێکهاتەکانی دیکەی ناو کوردستان دارشت. هاوکات لەگەڵ پەیدابوونی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستاندا، بزووتنەوەی بارزان نەك هەر لەو بزووتنەوەیە فێربوو بەڵکو بۆ خۆی بووە یەکێك لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی و نیشتمانی کوردستان. بزووتنەوەی بارزان بە یەك هەنگاو لە دوای بزووتنەوە نەتەوەییەکەی شێخ عوبەیدوللای نەهری بەردەوام بوو و خۆیان بە موریدی ئەو دەزانی. بارزانییەکان بەشداری بزووتنەوەکەی شێخ عوبەیدوللای نەهری بوون چونکە زۆرلە شێخ عوبەیدوڵلا نزیك بوون، بۆیە خۆیان بە خاوەنی ئەو بزووتنەوەیەش دەزانن. تەکییەی نەهری و تەکییەی بارزان وەك شێخ و موریدە مامەڵەیان کردووە. بە تەکیەی نەهری بە سەرکردایەتی شێخ عوبەیدوللای نەهری و سەید تەهای باوکی دەگوترا "شێخ " بەڵام بە بارزانییەکان دەگوترا "موریدە". بارزانییەکان

شـــانازییان بە موریدبوونی خۆیان بۆ تەکییەی نەهری دەکرد، کە دوایی جیا لە لایەنی عیرفانی و عەقیدەیی، پەیوەندی سیاسی تێکەوت.

بە ڕای مـن ئەمە حەقـیـقەتـی بـزووتـنەوەی نەقشـــبەنـدی و دەرهـاویشـــتەکـانییەتی لەســـەدەی ١٩ و ٢٠دا دوو بزووتنەوەی لێ دروســـتبوون: بزووتنەوەی هەقە لە ناوچەی ســـلێمانی، بزووتنەوەی بـــارزان لە نـــاوچەی بـــادینـــان. هەڵبەت بزووتنەوەی هەقە لە دوای ناوەڕاســـتی ســـەدەی بیســـتەم لە جیاتی ئەوەی ببێتە بزووتنەوەیەکی ناوچەیی وتوانای خۆپاراستنی پەیدا بکات، زیاتر بزووتنەوەیەك بوو کە بنەمای ناتوندوتیژی، هێمنی، گفتوگۆ و خۆشـــەویســـتی (کە مەزدەك بڵاوی دەکردەوە) بەلاوە مەبەســـت بوو و دواتر لەگەڵ بزووتنەوەی کۆمۆنیســـتی[١٤] ئێکەڵ بوو. بە بڕیـــارێکی مـــامە ڕەزای ڕابەری هەقە بزووتنەوەکە لە دوای ســـاڵی ١٩٦٠ زۆربەیان چوونە ناو بزووتنەوەی شـــیوعی عێراق. ئەوەش بۆ هێز و بەرژەوەنـدی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی چاکســازیخوازی ڕەســەنی وەك هەقە بووە مایەی پوکانەوە. ئەو بزووتنەوەیە بووە قوربانی بزووتنەوەی کۆمۆنیســـتی، بۆیە لەگەڵ هەڵوەشـــانەوەی کۆمۆنیزمدا بزووتنەوەی هەقەش زەبرێکی کوشـــندەی بەرکەوت. کەچی بزووتنەوەی بـارزان بەشـــداری ســـەرەتـاکـانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کرد و بیروباوەڕەکانی خۆی پاراست، خۆی

[١٤] تەنیا لەبەر عەدالەت نەك لەبەر نایدۆلۆژیای مارکسیستی

تێکەڵ کرد لەگەڵ بزووتنەوەیەکی هەقخوازی گەورەتر کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی و نەتەوەیی بوو، بنەما گشتییەکانی ڕزگاریی نەتەوەیی و نیشتمانی تێکەڵی بنەما سەرەکییەکانی عەقیدەی بارزان کرد. گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و عەقیدەییەکانی بارزانی کردە خەزێنەیەکی بەهێز بۆ بزووتنەوەی سیاسی. دوایی لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا (لە ١٩٩١بەم لاوە) دەبینین چاکسازی لەسەر بنەمای عەقیدەی بارزان لە پێناو چاککردنی کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی، چووە ناو یاساکانی هەرێمی کوردستان. یاساکانی هەرێمی کوردستان کە پەیوەندی بە دادپەروەری، مافی ئافرەتان، پێکهاتەکان و ناتوندوتیژییەوە هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ بزووتنەوەی بارزان. ئەوەی ئاماژەم پێی کرد دوو جیاوازی بوون لەنێوان دوو بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و عیرفانیدا کە لە کوردستانی سەدەی نۆزدەمدا لەسەر دەستی مەولانا خالید فرچکیان گرت.

بەشی سێزدەهەم

ڕیشەکانی عەقیدەی بزووتنەوەی هەقە

بە پێویستی دەزانم ئەم بەشە تەرخان بکەم بۆ پێداچوونەوە و دەرئەنجامی باسەکە لەسەر بزووتنەوەی هەقە، هەروەها بەراوردکردنی لەگەڵ بزووتنەوەی بارزان. لەوانەیە هەندێک دووبارەی تێبکەوێتەوە بەڵام وەك دەڵێن هەندێك جار دووبارەکردنەوە لەبار و پێویستە.

ڕەگوڕیشەی عەقیدە یان بیروباوەڕەکانی بزووتنەوەی هەقە دەگەڕێتەوە بۆ مەولانا خالیدی نەقشبەندی. مەولانا خالید کە دەستی بە جموجۆڵەکانی خۆی کرد، سیمای بزووتنەوەیەکی چاکسازیی کۆمەڵایەتی لێ دەرکەوت. ڕێنوێنی هاوبەشی بۆ هەموو خەلیفەکانی دەنارد و دواتر متمانەی شێخایەتی پێ دەدان. بە هەمووانیشی گوتووە دەبێ لە حەوتەمین شێخدا کۆتایی بە شێخایەتی بێت و خانەقاکان ببن بە

ناوەندی بزووتنەوەیەکی عیرفانی چاکسازیی ئایینی و کۆمەڵایەتی. ئینجا ئەو خانەقایانەی بەشـــێخەکانیانەوە زۆر لە مەولانا خالید نزیك بوون، بەشـــێوەی جیاجیا ئەو بیروباوەڕانەیان پەیڕەو دەکرد. لە هەموویان نزیکتر خانەقای بارزان و ســـەرگەڵو و تەوێڵە بووە. ئینجا بە پلەی چوارەم خانەقای نەهری دێت. هەڵبەت ئەو خانەقایانەی لە بەغدا و سلێمانیش دایاننابوون، سەرباری ئەوەی کە دەستیان بەسەر ناوچەکەدا نەدەڕۆیشت بەڵام خۆیان و پەیڕەوەکانیان هەمیشە لە خزمەتی مەولانا خالید و شوێنکەوتووەکانیدا بوون .

من جارێکی تر ناگەڕێمەوە سەر بیروباوەڕەکانی مەولانا خالید کە لە ڕاستیدا نزیکە لە بیروباوەڕی بابییەکان و شێخییەکان و نوقتەوییەکان و حروفییەکان و تا دەگاتە ئیسماعیلییەکان و دەگاتە بابەکی خورەمدین و پەیڕەوانی ئەبوموسلیمی خوراسانی. ئەمە شەجەرەی بیروباوەڕەکەیە لەسەردەمی ئایینی ئیسلامدا، بەڵام ڕەگوڕیشەکە قوڵترە و دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆك و مامۆستای بزووتنەوەی چاکسازی لە ساڵەکانی کۆتایی ئیمپراتۆریی ساسانی واتا مەزدەکی بامدادان. مەزدەک هەوڵیدەدا چاکسازیی لە ئایینی زەردەشت و سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئیمپراتۆریی ساسانیدا بکات.

ئەمە ڕەگوڕیشەی مێژووییەکەیە و لەم کتێبەدا بە درێژی باس کراوە. هەربۆیە ڕەگوڕیشەی بیروباوەڕەکانی هەقە دەگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕی

مەزدەکی بە لەبەر چاو گرتنی ئەو گۆڕانکارییە مێژووییەی کە بەســـەر هەندێك لایەنی ئەو بیروبـاوەڕانەدا هـاتووە. لە هەموو قۆنـاغەکـانی مێژووی خۆیدا، مۆرکی پێشـــکەوتنی زیـاتری کۆمەڵگەی مرۆڤـایەتی بەســـەر بیروبـاوەڕەکـانی مەزدەکییەوە دیـارە، ئەوەش لە بزووتنەوە جیاجیاکانیدا کە ناویان جیاوازە و زەمانیان جیاوازە دەردەکەوێ. ئینجا لە کۆمەڵگـای کوردســـتـان دەگـاتە بزووتنەوەی هەقە و بزووتنەوەی بارزان. کاتێك کە دەڵێین بیروباوەڕەکانی هەقە، بیروباوەڕی مەزدەکین، بەومـانـایە دێـت کە من ئـامـاژەم پێکردووە، بە مـانـایەکی تر نییە کە بزووتنەوەی هەقە لە چوارچێوەی ئـایینی ئیســـلام دەرچووبێـت. ئەو بزووتنەوەیە ، هەروەك مەزدەك ئـایینـی زەردەشـــتـی چـاك کرد، بزووتنەوەی هەقەش لایەنە قورس و نـاواقیعییەکـانی ڕێنمـایی ئـایینی ئیســلامیان دەســتکاری کرد. بە شـێوەیەك کاریان تێدا کرد کە بە کەڵکی ژیان بێت و ئەنجامدانیان لە لایەن پەیڕەوەکانییەوە ئاســـان بێت. بەو مـانـایە بزووتنەوەی هەقە، هەروەك لە بزووتنەوەی بـارزانیشـــدا هەر وابووە، ئایینی ئیســلامی هێشـتەوە بەڵام چاکســازیی تێیدا کرد. ئایینێکی ئیســـلامیی کوردســـتانییان دروســـت کرد کە دەگونجێ لەگەڵ مێژوو، فەرهەنـگ و جـوگـرافـیـا و شـــێـوەی ژیـانـی مـرۆڤـی کـورد و کوردستانی.(عەسکەری، ٢٠٠٨ ز)

ئەو بیروبـاوەڕە لە زەمـانی مەولانـا خـالیـددا بە تەنیـا لە خـانەقـای سەرگەڵو بڵاونەکراوەتەوە، بەڵکو لە خانەقای بیارەش بە هۆی شێخەکانی

سـیراجەددینی پەرەی پێدراوە. هەروەها لەلای ئەو ڕۆشـنبیر وشـاعیرە کلاســیکـانەی کوردیش کە ئەوکـات لە دەوروبەری تەکییەی بیـارە و مەولانا خالید خۆیان دەدۆزییەوە، بیروباوەڕەکە هەبووە. ناکرێ ئاماژە بە خودی شـێخ عوسـمانی سـیراجەددینی نەدەم، هەروەها مەلا حامیدی بێســارانی و مســتەفا بەگی ســاحێبقران(کوردی). ئەو ســێکوچکەیە لە مەولانـا خـالید زۆر نزیك بوو، هەروەهـا لە بەهـائوللاش زۆر نزیك بوون، ئەو کـاتەی کە لە ســلێمـانی و ســەرگەڵو بووە. بەهـائوللا لە کتێبەکەی خۆیـدا کە بیروبـاوەڕ و بیرەوەرییەکـانی لە کـاتی مـانەوە لە کوردستانی تێدا تۆمار کردووە(لوح مریم)، باسی پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ناوبراوان دەکات. هەروەها باس دەکات کە کتێبێکی تایبەتی لەســەر مەولانا خالیدی نەقشــەبەندی نووســیوە و لەکاتی گەڕانەوەیدا بۆ بەغدا، ماوەیەك لە کەرکوك لای شــێخەکانی خانەقای نەقشــبەندی ماوەتەوە و کتێبەکەی لای ئەوان بە ئەمانەت داناوە. بەپێی مێژوو دەبێ ئەوکات شێخ قادری سور لە کەرکوک بووبێت. دەگوترێت لە دواییشدا شێخی خانەقای نەقشبەندی کەرکوك، کتێبەکەی بە دیاری داوەتە یەکێك لە کاربەدەستانی ئینگلیز، کاتێک کە هاتوون عێراقیان داگیرکردووە. بۆیە ئێستا ئەو کتێبە دیارنییە. ئەمانە هەموویان دەریدەخەن کە پەیوەندییەکی نزیك لە نێوان مەولانـا خـالید و بیروبـاوەڕەکەی لەگەڵ بیروبـاوەڕەکـانی بـابییەکـاندا هەبووە.(بهاالله، لوح مریم)

نەوەکانی شێخ ئەحمەدی سەردار دەڵێن مەولانا خالید داوای کردووە کە بەهائوللا لە بەغداوە بێننە سلێمانی و دواتر بیهێنن لەسەرگەڵو بیپارێزن. کاتێك من لەگەڵ هەندێك لەوانە کەوتمە گفتوگۆ، گوتم لەڕووی مێژووییەوە هەژدە ساڵ لەنێوان مردنی مەولانا خالید و هاتنی بەهائوللا بۆ سلێمانی جیاوازی هەیە. ئەوان دەیانگوت دەبێ مێژووەکان هەندێك تێکەڵ بووبن. بەڵام چونکە من بەڵگەنامەکانی بەردەستم بەراورد کردوون و بۆم دەرکەوتووە کە ئەوە ڕاسپاردەی مەولانا خالیدە کە بۆ نەقشبییەکانی بەغدا و سلێمانی کردووە تا لەگەڵ پەیڕەوان و لایەنگران و سەرکردەکانی بابی و شێخییە لە نەجەف و بەغدا هاوکار بن. ئەو هاوکارییە لەلایەن شێخی نەقشبییەکان لە بەغدا لە ساڵی ١٨٥٣دا وا لێکدرایەوە کە دەبێ بەهائوللا بپارێزرێت، ئەوە بوو ڕەوانەی کوردستانیان کرد. شێخەکانی سلێمانی لە ناوخۆیاندا، لە خانەقای خالیدی بەهائوڵڵایان هێشتەوە و پاسەوانییان لێی کرد. دوایی هێنایانە سەرگەڵو و لەوێ بۆ ماوەی دوو ساڵ مایەوە.(ایمانی، ٢٠٠٦)

بۆیە لەڕووی مێژووییەوە هیچ بەڵگەیەك لە بەردەست نییە کە بەهائوللا مەولانا خالیدی بینیبێت. دوو نەوەی بەدوای یەکدا هاتوون و لێکجیاوازن. شێخ ئەحمەدی سەرداریش بە هیچ شێوەیەك لە زەمانی هاتنی بەهائوللادا نەمابوو، بەڵکو ئەوکات شێخ قادری سوور، کوڕی شێخ ئەحمەدی سەردار شێخی ناوچەی سورداش و کەرکوک بووە. لەوەوە بۆمان دەردەکەوێ کە پەیوەندییەکە پەیوەندییەکی بیروباوەڕییە،

ڕاسپاردەکان ڕاسپاردەی شێخەکانن بۆ یەکتری. بەبێ ئەوەی بزانن کێ بە کام ناو و لە چ زەمانێکدا دێت، بەڵام باوەڕیان بەوە هەبووە کە ئەو بزووتنەوەیە بەردەوام دەبێ. پەیوەندیی نێوان بیروباوەڕەکانی ئەو بزووتنەوەیە لە کوردستاندا لە سەرەتاکانی خۆیدا بووە، بەڵام ڕەگوڕیشەی لە سەرزەمینی کۆنی ساسانی بە تایبەتی لە ئێرانی شیعیدا بووە. بۆیە ئەو پەیوەندییە فکرییە وایکرد کە هەمیشە هاوکاری و کارتێکەری لە نێوان خانەقاکانی کوردستان و بزووتنەوەکانی بە بیروباوەڕ مەزدەکی هەبێت. لێرەوە من هیچ گومانم نییە کەوا مەولانا خالید بە هەموو بیروباوەڕەوە مەزدەکی بووە، بەبێ ئەوەی ئایینی ئیسلامی بە جێهێشتبێت.

مەولانا خالید جیا لەوەی کە پیاوێکی سەرکردە بووە و نەخشەیەکی دیاریکراوی هەبووە کە بزووتنەوەیەک لە کوردستان بونیاد بنێت، ملی لە زۆر هەڕەشە سویوە بەڵام نەفەسی کورت بووە. وەك دەردەکەوێت کەمێك پشو تەنگ بووە و زوو مەیدانی چۆل کردوە. هەر وەك چۆن سلێمانی بەرەو سەرگەڵو بە جێ هێشت و پاشان سەرگەڵوشی بە جێ هێشت و ڕۆیشتە بەغدا. ساڵانێك لە بەغداوە دەهاتەوە هەوارگەی خۆی لە ناوچەی بیارە. شێخەکانی بیارەشی دەبینی، بەتایبەتی شێخ عوسمان بەڵام بەهیچ شێوەیەك نە هاتەوە سلێمانی. ئەو سەفەرانەی بۆلای شێخەکانی تری پەیڕەوی خۆی بەرەو کۆیە، هەولێر، ئاکرێ، بارزان و نەهری و شوێنی دیکەی کردوون ئەوە دەسەلمێنێت. سەردانەکانی زۆر

بوون و پەیوەندییەکانی لەگەڵ شـــێخەکـان بەردەوام بووە. بەڵام وەك ڕابەرێك نەیتوانی ئەو ناوەندانە لە بزووتنەوەیەکدا کۆبکاتەوە تا خۆی پێ بپـارێزێـت و لە نـاوچەکەشـــدا بمێنێتەوە. کەچی لە تەجرەبەی بزووتنەوەی بـارزانـدا شـــێخ عبدالســـلام بـارزانی (دووەم) هێزێکی چەکداری دروست کرد و خۆی و ناوچەکەی پێ دەپاراست.

مەولانا لەژێر هەڕەشـەی بابانییەکان و شێخ مارفی نۆدێ، جۆرێك لە هەڕەشەی سوڵتانی عوسمانیشی لێ کراوە، بۆیە کوردستانی جێ هێشت و ڕووی لە شام کرد و پاش ساڵێك هەر لەوێ سەری نایەوە. ئەوە نیشان دەدات کە مەولانا خالید ئەو کەموکوڕییانەی هەبووە کە من ئاماژەم پێی کرد .(گفتوگۆی تایبەتی)

بەهائوللا سـێ سـاڵ لە کوردسـتان ماوەتەوە و لەو ماوەیەدا سـەردانی مەریوان، ســـلێمانی، بیارە، خانەقین، کەرکوك و کۆیەی کردووە کە لە نووسینەکانی خۆیدا بە درێژی باسی کردوون. بەهائوللا کاریگەرییەکی زۆری لەسـەر شـێخ و خەلیفە و ئەدیبەکان هەبووە و ئەڵقەیەکی فراوانی لە گفتوگۆ و زانیاریبەخشینی لە دەوروبەری خۆی پێکهێنا بوو و لەلایەن شـــێخەکانی ســـەرگەڵوشـــەوە، بەتوندی پارێزگاری لێ دەکرا. هەروەك بەهـائوللا دەڵێـت: من کـاتێك لە بەغدا تینم بۆهـات، لە بـابییەکـانی خۆم نـائومێـد و بێزاربووم بڕیـارمـدا بۆ تەواوکردنی تێڕامـانەکـانم ڕوو لە

دەروێشـــەکانی شـــاخ، ڕوو لە کوردســـتان بکەم. بۆیە کە هاتووە ئەو پەیوەندییانەی بەستووە.(لوح مریم)

بزووتنەوەی بـابی و شـــێخییە، لەســـەر بنەمـای بزووتنەوەییبوون جمەجۆڵیان دەکرد. ئەو ڕەسـمەیان وەک تەقلیدی بزووتنەوەی مەزدەکی بامدادان پاراسـتبوو. کاتێك تەوژمێك لە ناو ئایینێك یان کۆمەڵگەیەکدا بۆ چاکسازی دروست دەبێت ، ئەگەر چاکسازییەکە ڕووی لە دونیا و ژیان خۆشـــکردن لەســـەر زەوی و واقیع بێـت ئەوە مۆرکی بزووتنەوە وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر گفتوگۆ و ناکۆکییەکان لە ناو ئایینێکدا لەســـەر مەزهەب بێت، ئەوە پتر گفتوگۆی فیقهی و لاهوتی دەبێت. ئەگەر لقی نوێی لێ دروســـت بێـت ئەوە مەزهەبێکی عەقیـدەیی دۆگمـایی لێ دەردەچێت. ئەو دیاردەیە لە ئایینەکانی مەسیحییەت و ئیسلام و ئایینەکانی تردا دەبینرێـت. بۆیە بزووتنەوەی هەقە و بـارزان بە ڕەگوڕیشـــەی خۆیانەوە دوو بزووتنەوەی چاکسـازیین. هەر بۆیە شـێخەکانیان ڕوویان لە درووسـتکردنی مەزهەبێک یان ئایینێکی نوێ نەبووە. هەرچەند دوای شـــێخ عەبدولکەریمی شـــەدەڵە و شـــێخ ئەحمەدی بارزان هەوڵ بۆ تەفســیرکردنی لابەلا لەلای هەندێك لە خەلیفەکانی ئەو دوو شـــێخە بە مەبەســتی پاڵپێوەنانی ئەو بزووتنەوانە بەرەو ئایینێکی نوێ هەبووە. ئەو نیـازە لە لای حەمەســـوری کـلاوقـوت لە نـاو بـزووتـنەوەی هەقە دەردەکەوت. لەنـاو بزووتنەوەی بـارزانیشـــدا لەلای خورشـــیـد و لایەنگرەکـانی بەردەوامە. ئەو دوو ڕەوتە لە هەردوو بزووتنەوەکەدا

خەڵکانی بە ژمارە کەمن و لە چەند گوندێکی دیاریکراودا ماونەتەوە و کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر بزووتنەوەکە نەبووە.

بەشێکی زۆر لەوکەسانەی ئێستا لەسەر بزووتنەوەی هەقە دەنووسن، هەوڵ دەدەن باوەڕەکانی بزووتنەوەکە بە هەندێك لە ئایەت و فەرموودە پاســـاو بدەن، ئەوەش لە بنەمادا هیچ پێشـــینە و بەڵگەی مێژوویی نیە. بەهیچ شێوەیەك لە شێخ ئەحمەدی سەردارەوە تا دەگاتە شێخ عبدالکریمی شــەدەڵە، ناوچەکانی خۆیان نەکردووەتە ناوەندێکی فیقهی و شــەریعەتی. بەڵکو کردویـانە بە نـاوچەیەکی عیرفـانی و خـانەقـاکـانیـان نـاوەنـدی پێگەیاندنی ئەو موریدانە بووە. هیچ کاتێکیش تەفسیر بۆ بیروباوەڕەکانیان بە دەقی ئایینی نەبووە. هەرچەند هەندێك لە ئەدیب و خەلیفەکانی هەقە هەوڵیان داوە بۆ خۆپاراستن بە تەقییە هەندێك فەرموودە و ڕستەی ناو ئایەتەکانی قورئان بەکاربێنن تا بیروباوەڕەکانی خۆیان پاساو بدەن. ئەوە بە تـایبەت لە بزووتنەوەی هەقەدا بـاو بووە. بەڵام لە بزووتنەوەی بارزاندا ئەو شـێوازە بەکار نەهاتوە و بیروباوەڕی خۆیان بە ڕاشـکاوی گوتوە و ئاماژەیان بەوە داوە کە ئەو چاکسازییانە پێویستە لە ناو ئایین و ڕێوڕەسمی کۆمەڵایەتیدا بکرێن.

ئەوەی من ســـاغم کردوەتەوە و لە نـاو بنەمـاڵەکـانی کـاریگەر و دەسـتڕۆیشـتووی شـێخەکانی سـەرگەڵو پێی گەیشـتم، ئەو بیروباوەڕانە وەک ســـەرەتا لە ڕێی مەولانا خالیدەوە هاتوونەتە ناو خانەقاکەیان و

دواتر لە ڕێی کاریگەریی شـێخ ئەحمەدی سـەردارەوە بۆ شـێخ قادری سـور هەروەها کاریگەریی بەهائوڵڵا تا دەگاتە شـێخ عەبدولکەریمی شـەدەڵە، درێژبووەتەوە. بەڵام لە هەر شێخێك بۆ شێخێکی دیکە تەوژم و گەرمییەکەی زۆر و کەم یان سـارد و بەگوڕتر بووە. سـەرەنجام ئەو بزووتنەوەیە لە لایەن شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەوە کامڵ و ئاشکرا بوو و بە ناوچەکەدا بڵاو بووەوە. کەواتا بزووتنەوەی هەقە بە هیچ شـێوەیەك تەنیا لەلای شـێخ عەبدولکەریمی شـەدەڵەوە دروسـت نەکراوە. هەر بۆیە هیچ یەك لە پەیڕەوانی هەر شـەش شـێخی بەر لە شـێخ عەبدولکەریم، دژی باوەڕەکانی شـێخ عەبدولکەریم نەبوون. ئەو حەوت شـێخە لەو حەوت قۆناغە لە مێژووی هەقەکاندا کاریان بۆ ئامانجەکە کردووە. هەر شـێخە بە پێی بیروباوەڕ و بارودۆخی خۆی کەمێك گەرمی و سـاردی خسـتووەتە ناو بیروباوەڕەکانەوە. لەڕووی تەقییە کردن و باتینییەتەوە، واتا شـاردنەوە و دروسـتکردنی ڕەمز بۆ گواسـتنەوەی بیروباوەڕەکان، زۆر جەختی خراوەتە سـەر. ئەو جەختە وای کردووە کە پەیڕەوەکانیان لە دەرەوەی شـێخەکـان، لەسـەر بیروبـاوەڕەکە گەرمتر بن. لەوەڕا دیاردەیەك سـەری هەڵدا کە پەیڕەوەکـان لە بیروبـاوەڕدا بە قسـەی شـێخەکـانیـان نەدەکرد و نهێنییەکـانیـان کەشـف دەکرد و بە گونـد و شـارەکاندا بڵاویان دەکردەوە. ئەوە بووە کە هەمیشـە جۆرێك مشـتومڕ لە نێوان شـێخ و پەیڕەوەکانیاندا هەبووە، بەڵام هیچ شـێخێك توندترین پەیڕەوی خۆیشـی دەرنەکردووە و تەکفیری نەکردووە. تەنـانەت

نەیگوتووە ئەمە بیروباوەڕی من نییە. بۆ نموونە شـــێخ عەبدولکەریمی شـــەدەڵە زۆر لە حەمەســـوری کاڵاوقوت توڕە دەبوو و پێی دەگوت ئەوە ڕەفتاری شـــێتانەی خۆتە و تۆ شـــێتی. هەتا دەڵێن جارێك گۆچانی هەڵ گرتووە و لە حەمەســـوری داوە، بەڵام بە هیچ شـــێوەیەك خەڵکی هان نەداوە کە بڵێن حەمە ســـوور لە من دوورخەنەوە و ئەوە پەیڕەوی من نییە، یـان دەری بکـات. ئەوە نیشـــان دەدات کە گلەییەکە لەســـەر ئاشـــکراکردن و تەقدیرنەکردنی ئەو ســـەختی و گرفتانەوە بووبێت کە لەســـەر ئەنجـامی ئـاشـــکراکردنی بیروبـاوەڕەکە بۆ بزووتنەوەکە و پەیڕەوەکانی دەهاتە پێشەوە.

مامەڕەزا برای بچووکی شێخ عەبدولکەریم، دوای کۆچی دوایی شێخ ســـەرکردایەتی بزووتنەوەکەی بە دەســـتەوە گرت و بیروباوەڕەکەی بە تەواوی ئاشکرا کرد و خۆی بووە پێشەنگی ئاشکرا گۆییەکە. لە ئەنجامدا بارودۆخێکی ســـەختی بە ســـەردا هات ولەلایەن حکومەتی عێراقەوە بە ڕەزامەندی فەرمانداری ئینگلیز گیرا و دوورخرایەوە. بەڵام مامەڕەزا خۆی ڕاگرت و دەســـتی لە ئاشـــکراکردنی بیروباوەڕەکان هەڵنەگرت. ســـەرەنجام لە دواســـاڵەکانی ژیانیدا ڕاســـپاردەیەکی دەرکرد و داوای لە پەیڕەوانی هەقە کرد ببنە پەیڕەوی حزبی شـــیوعیی عێراق. ئەوەش لەبەر هاوبەشیی ئەو بیروباوەڕە بوو کە لە عەدالەت و یەکسانیدا لەنێوان خۆی و ئایدیۆلۆجیای کۆمۆنیستی بەدی کردبوو.

مامەڕەزا پێی وابوو بزووتنەوەی هەقە و حزبی شیوعی عێراق زۆر لێکدی نزیك دەخاتەوە. لەو میانەدا بەباشـــی دەزانم باســـی گفتوگۆیەکی نێوان خۆم و عومەر عەلی شـــێخ ناســـراو بە "ئەبوو فاروق" لە ســـاڵی ١٩٨٩ بکەم. ئەبوو فاروق، کە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی بوو، بۆی گێڕامەوە لەدوای ١٩٥٩ شـــاندێکی حزبی شـــیوعی کە بریتی بوون لە عەزیز محەمەد ، کەریم ئەحمەد ، شـــێخ حوســـێن بەرزنجی ، گۆرانی شاعیر و عومەر عەلی شێخ سەردانی مامەڕەزایان کردووە لە گوندی کەڵکەسـماق. ئەبوو فاروق گوتی: گوندی کەڵکەسـماق ئۆتۆمبێلی بۆ نەدەچوو، بەڵام مامەڕەزا ســـۆفییەکانی خۆی تێگەیاندبوو جادەکە خۆش بکەن و بە ئوتومبیل خۆمان گەیاندە ناو گوندەکە. کە گەیشـــتینە ئەوێ، دیاربوو ماندووبونێکی زۆریان بە دروســـتکردنی ئەو جادەیەوە بینیبوو. کـاتێـك چووینە لای مـامەڕەزا تەنـدروســـتی بـاش نەبوو، سـەکتەیەکی دەماغی لێی دابوو و بەشـێکی زۆری لەشـی لەکارکەوتبوو. لە کاتی گفتوگۆدا مامەڕەزا بە وەفدەکەی گوتووە: ئەوەی من تێی دەگەم بیروبـاوەڕی هەقە تەواو لەگەڵ بیروبـاوەڕی عەدالەتخوازانەی حزبی شـیوعی دەگونجێ. هەرچەند من خۆم تەندروسـتیم زۆر خراپە و زۆرم بە بەرەوە نەماوە ئەگینا من خۆشـم لەپێشـەوەی پەیڕەوەکانم دەهاتمە ناو ڕیزەکانی حزبی شیوعی. هەر لەوێدا وەفدەکە پێشنیاری بۆدەکەن: کە تۆ کەســـایەتییەکی گەورە و ئاشـــتیخوازی، بڕوات بە ناتوندوتیژی هەیە، پابەندی بەو عەدالەتەی پێکەوەمان دەبەســـتێتەوە، بۆیە پێشـــنیار دەکەین

ببیته ئەندامی ئەنجوومەنی ئاشـــتیی جیهانی. ئەو ئەنجوومەنە ئاشـــتییە ئەوکات وڵاتانی سۆسیالیستی وحزبە شیوعییەکان و دۆستەکانیان لەسەر ئاســتی جیهان ڕابەرایەتییان دەکرد و هەموو کەســایەتییە ســەربەخۆ و دیموکرات و وڵاتپـارێزەکـانی دونیـا هەوڵیـان دەدا لەو ئەنجوومەنەدا جێگەیـان ببێتەوە. هەر بۆیەش مـامەڕەزا دەبێتە ئەنـدام لە بزووتنەوەی ئاشـــتیی جیهانیدا کە هەمان ئەنجوومەنی ئاشـــتیی عێراقییە و ئەوکات عەزیز شەریف سەرۆکایەتی کردووە.١٥

بەو پێیە ئەگەر بەراوردێکی ســـەرەتـایی بزووتنەوەی بـارزان و بزووتنەوەی هەقە بکەین، دەردەکەوێ ناوەڕۆکی باوەڕەکانیان هاوبەشە. هەردووکیان دوو بزووتنەوەن کە شـــێخەکانیان نەقشـــەبەندی بوون و ئیجازەیان لە مەولانا خالید وەرگرتووە. بزووتنەوەی هەقە و شێخەکانیان ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی بەهائوللادا بوون، بەڵام هیچ بەڵگەیەك لە دەستدا نییە کە شێخ محەمەدی بارزان (داهێنەری بیروباوەڕی بارزان) هیچ پەیوەندییەکی ڕاســـتەوخۆی لەگەڵ بەهائوللادا هەبووبێت. کاتێك هەوڵمدا لە کەســایەتییەکانی ناو بنەماڵەی بارزان کە ئاگایان لە مێژووی بارزان هەیە، لەم باسـە بکۆڵمەوە، نە ئینکاریان دەکرد و نە پشـتڕاستیان دەکردەوە. لە ژیانی شێخەکانی بارزاندا ئاوارەیی و سوتانی ماڵ و خانەقا زۆربووە، بۆیە هیچ بەڵگەیەکیان لەو سـەردەمە بۆ نەماوەتەوە کە بتوانن

١٤ پێشتریش ئەم باسەم لە ساڵی ١٩٨٨دا و لە عەزیز محەمەد و کەریم ئەحمەد بیستووە. گفتوگۆی نێوان من و کەریم ئەحمەد ئەو کاتە بوو کە ماوەیەك لە ماڵە نهێنییەکەی من لە تێران مایەوە، تاوەکو بەڕێمکرد بۆ یەکێتی سۆڤییەت. ئەوکات من لە حزبی شیوعیدا کارم دەکرد و بەرپرس بووم لە پەیوەندییە نهێنییەکانی هاتوچۆ و بارمەتی وەرگرتن لە سۆڤییەتەوە بۆ حزبی شیوعی عێراق و سەفەری پێچەوانەی سەرکردەکانی حزبی شیوعی بۆ یەکێتی سۆڤییەتی ئەوکات

بەدوایدا بچن، تەنیا گێڕانەوەی پەیڕەوەکانیان هەیە. بۆیە من پێموایە ئەو کـاتەی شـــێخ محەمەدی بـارزان لە کۆیە خوێنـدوویەتی، هـاوکـاتی ســەردەمێک بووە کە بزووتنەوەی نەقشــبەندی و وجودی بەهائوللا لە ســەرگەڵو و سـلێمانی و کۆیە جێی گفتوگۆ و مناقەشـەیەکی گەرم بووە. گریمـانەکـانیش تێکڕا بۆ ئەوە دەچن کە شـــێخ محەمەدی بـارزان لەو گفتوگۆیانەدا بەشـــدار بووبێت و بە قووڵی کەوتبێتە ژێر کاریگەری و بیروباوەڕەکانی وەریگرتبێت .

جیـاوازی نـێوان بـزووتـنەوەکـانـی هەقە و بـارزان لەوەدایە کە بزووتنەوەی هەقە هەر لە ســەرەتـاوە شـــێوازی نـاتونـدوتیژی و دوورکەوتـنەوە لە چەك و خـۆڕێـکـخســـتـنیـان هەڵـبـژاردووە. ئەوە کـاریگەرییەکی ڕاســـتەوخۆیە لە بەهـائوللا وەریـانگرتووە. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی بە هائی، بەتایبەتی ئەوکاتەی بە هائوللا لەســـەرگەڵو بووە، پەیڕەویکردن بووە لە ئاشـــتی و ناتوندوتیژی. لەو ڕێگایەشـدا سـتەمیان قبووڵ کردووە. ڕۆشـنگەری و ڕوونکردنەوەی بە ڕەوا و تاکە پێناو زانیوە. واتا پتر تەبشـــیری (مســـێونێری) و کەمتر تەنزیمی بووە. وێدەچێ ئەو شـــێوازەی بەهائوللا کاریگەرییەکی زۆری لە شـــێـخەکـانـی هەقە کـردبـێـت. هەقەکـان لە١٩٢٠-١٩٤٠ وەك بزووتنەوەیەك بە ئاشـــکرا هاتنە مەیدان و شـــێوازی ناتوندوتیژیی بووە بەشـــێك لە عەقیدەیان. هەروەها ئەو شـــێوازە وایکرد لە جیاتی ئەوەی بزووتنەوەکەیان پشـت بە ناوچەیەکی دیاریکراو ببەستێت، بەپێچەوانەوە

پشـــتیان به کەســـە ڕۆشـــنگەرەکانیان دەبەســـت. هەربۆیە بەناو گوند و شارەکاندا بڵاوبوونەوە و خێزان و کەسی تایبەتیان لەو شوێنانە هەبوو. هەڵبەت ژمـارەیەکی زۆر گونـد هەموویـان هەقە بوونە، بە تـایبەتی لە نـاوچەی ســـووڕداش. ئەوە وایکرد بزووتنەوەی هەقە بزووتنەوەیەکی پەرتوبڵاو بێت و هیچ کـاتێك کـاریگەرییەکی ڕاســـتەوخۆی لەســـەر کۆمەڵگەکە نەبێت. پەیڕەوەکانی، سەرباری ئەوەی جەختیان لە پاراستنی خۆیان دەکردەوە، زۆر بە ئاسانی گەمارۆدران و خرانە ژێر فشار.

بزووتنەوەی بارزان بە پێچەوانەی هەقەکان، هەر لە ساڵەکانی کۆتایی ژیانی شـێخ محەمەددا، شـێوازی ناتوندوتیژی و قبووڵکردنی ستەمەیان بەلاوە نا و هێزی چەکداریان دروسـت کرد. بە تایبەتی لە زەمانی شـێخ عبـدالســـلامی دووەمـدا، ئەمە خرایە نـاو عەقیـدەی بـارزانییەکـان. بـارزانییەکـان جەنگـاوەرییـان کردە بەشـــێك لە ڕەفتـار و پیشـــەی پەیرەوەکانی خۆیان، پاراسـتنی سـەرزەمینی بارزانییەکانیان بە کارێکی عەقیدەیی وەســـف کرد، تا ئاســـتێک کە ســـەرزەمینی بارزان بە پیرۆز بزانن و لە هەموو بـارێکـدا بۆی بگەڕێنەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەو بـزووتـنەوەیەی کە تـوانـی خـۆی بـپـارێـزێ، پـابەنـدی عەدالەت و خۆشەویستی نیشتمان، لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا تێکەڵی بزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی کوردســـتـان بوو. ئەو بزووتنەوەیە، دۆزی ڕزگـاریی نیشتمانی کردە بەشێك لە عەقیدەی خۆی.

دوای شەهید بوونی شێخ عبدالسلام، بیروباوەڕەکانی بارزان لەسەر دەستی مستەفا بارزانی گواستراوەتەوە ناو بزووتنەوەی سیاسی کە پارتی دیموکراتی کوردستانی (بە شێوەیەکی تایبەتی) لێ دروستبوو. هەروەها بارزانییەکان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر سەرکردەکانی کوردی شیوعی و ناشیوعی هەبوو و تەنانەت دیموکراتەکانی عەرەب و نەتەوە و ئایینەکانی دیکەی عێراق لە دەوروبەری مستەفا بارزانی کۆبووبوونەوە. بیروباوەڕەی بزووتنەوەی بارزان بە فراوانی کەوتووەتە ناو بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان و بزووتنەوەی دیموکراتی و عەدالەتخوازی لەناو عێراق، هەروەها بۆ ناو پێکهاتەکانی دیکە کە لە کوردستاندا دەژین، بەتایبەتی مەسیحی و ئێزدی. هەروەها کاریگەری زۆری لەسەر یەهوودییەکانی ئەوکات لە کوردستاندا هەبووە. دواتر ئەو جووانە کۆچیان کرد بۆ ئیسرائیل و لەوێ وەك کەمینەیەك خۆیان بە کورد ناساند و ئەو بیروباوەڕەیان پاراستووە. لە هەمان کاتدا پشتیوانی زۆر گەرمی کورد و کوردستانن.

پەیوەندییەکی لاواز لە نێوان هەقەکان و بارزانییەکاندا هەبووە. بەڵگەکانی بەردەستی خانەدانی شێخ ئەحمەدی سەردار کە ئێستا ماون و من لە گفتوگۆیاندا ئەو ڕاستییەم گوێ لێبووە: کە شێخەکانی ناوچەی سوردارش لە ساڵی ١٩٣٦ ز بەولاوە کە بارزانییەکان دوورخرانەوە بۆ باشووری عێراق، دواتر بۆ کەرکوك، ئینجا بۆ سلێمانی، هانی پەیڕەوەکانی خۆیان دەدا کە بچن یارمەتی بۆ بارزانییەکان و

خێزانەکانیان ببەن. هەروەها شـێخ عبدالکریمی شـەدەڵە ڕایسـپاردبوو هەرکاتێک هەقەکان چوونە سـلێمانی سـەردانی شـێخ ئەحمەدی بارزان بکەن و چەندی پێیان دەکرێت هاوکاریی بارزانییەکان بکەن. هەڵبەت دواتر شـێخ ئەحمەدی بارزان چەند جارێك سـەردانی شـێخەکانی هەقەی کردووە، بە تایبەتی لە ١٩٥٩ ز دا دوای ئازادبوونی لە زیندانی دەوڵەتی عێراق سـەردانی گوندی کەڵکەسـماق و ناوچەکانی دیکەشـی کردووە لە ناوچەی سورداش و پەیوەندییەکی شایانی باسی لەگەڵیان هەبووە.

هەندێك لە پەیڕەوەکانی بارزان کە لە ژیاندا ماوەن دەڵێن: گوێمان لێبووە لە عەقیدەدا، هەقە پێشـی ئێمە دەسـتیان پێ کردووە. کەواتا ئەوانە بۆمان دەسـەلمێنن کە ڕەگوڕیشـەی درووسـتبوونی بزووتنەوەکە ڕەسـەن و ئەسیڵە. لە هەمان جۆگە یان شاڕێگەی نەقشبەندییەوە سەر هەڵ دەدات کە هەردوو لا نایشارنەوە و کاریگەریی بەهائوللاش بەسەریانەوە دیارە. هەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێم ئەوکـاتەی بەهـائوللا لە کوردسـتـان بوو، ئایینێکی نوێی دروسـت نەکردبوو. دوای ئەوەی کە گەڕایەوە بەغدا، لە سـاڵی ١٨٥٨ ئایینی بەهایی ڕاگەیاند. بۆیە بیروباوەڕەکانی بەهائوللا لە کوردستان و ئەو کاریگەرییەی لەسـەر شـێخەکان هەیبووە، کە ئەو دوو بزووتنەوەیەی دواتری لێ دروسـتبووە، لە چوارچێوەی چاکسـازیی ئایینی ئیسـلامدا بووە. بەشـێك لە خەلیفەکانی ناو هەردوو بزووتنەوەی هەقە و بارزان هەوڵیان داوە بزووتنەوەکانیان بەرەو ئایینێکی سـەربەخۆ بەرن. ئەو ڕەوتە دەرخەری کـاریگەریی نـاراسـتەوخۆی ڕوانگـای

بەهـائوڵڵایە . لێرەدایە من تەنیـا دەتوانم بەراورد بکەم، ئەگینـا هیچ بەڵگەیەکی دیـاریکراو لە دەســـتمـدا نییە. لەو بەراوردەدا بۆمـان دەردەکەوێت فکری "مەهدەوی" کە داهێنـانی بزووتنەوەی مەزدەکییە، چەمکی لەبابەت "باب"و" مەولا" یان "خودان" لە قۆناغە جیاجیاکاندا بەکـارهێنـاوە. لەنـاو بزووتنەوەی هەقە و بـارزانیشـــدا ئەو چەمکـانە هەبوونە. لە قۆنـاغێکی دیـاریکراودا هەنـدێـك شـــێخ بە مەهـدی و پەیڕەوەکانیان بە مەهدەوی لەقەڵەم دراون. یان هەندێ جار گوتویانە ئەم شـــێخە "باب"ە. باب واتا دەرگا لە نێوان خەڵك و خودا، یان "مەولا"یە، واتا "خودانە". خودان، ناوەند یان پردی نێوان خودا و خەڵکە. فەرمانی خودان تەفســیری خواســتی خودایە. وەک گوتویانە: "خودان حەقانییەتا حەقێ خودێ یە".

ئەو ڕووەی بــزووتــنەوەی بــارزان و بــزووتــنەوەی هەقە لە بزووتنەوەکـانی پێشـــووتری مەزدەکی جیـا دەکـاتەوە بریتییە لە: بزووتنەوەکانی پێشـوودا چەمکی خودان، مەولا، باب، مەهدی، بۆ شـێخ یان بۆ پێشەوا بە ئەندازەیەك قوڵ دەکرایەوە تا دەگەیشتە ئاستی پەرستن. کە لە بە ئیلاهی کردن یان بە خوداحســـێب کردن خۆی دەردەخســـت. هەڵبەت لە هەندێک تەفســـیردا کاتێك بە شـــێخیان دەگوت تۆ ســـیفاتی ئیلاهیت هەیە، واتـا تۆی کە دەتوانی لە نێوان ئێمە و خودادا پرد بیت، تۆی کە دەتوانی تەفسـیری ڕێنمایی خودا بۆ سـەر ڕووی زەوی بە ئێمە بدەی. چەمکی "باب و مەولا یان مەولانا" بە مانای خودی خودا نییە.

هەروەك چـۆن مەزدەكـیـبـوونـی بـاوەڕەكـان (هەرچەنـدە ئەمە دووبارەكردنەوەیە)، بەمانای دەرچوون لە ئیسـلام نییە بەڵكو چاككردنی (ئیسلاح) ئیسلام بووە لە كوردستان .

لەم لێكۆڵینەوەیەمدا بەم ئەنجامە دەگەم كە بیروباوەڕەكانی مەولانا خالید بیروباوەڕی ڕەسەن بوون و نیازی چاكسازییەكی گەورەی هەبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی لە زەمەنی خۆیدا نەیتوانی ئەو بزووتنەوەیە دروست بكات، خۆشـی لە ناوەندی بزووتنەوەكەدا نەما بۆیە بزووتنەوەكە و بیروباوەڕەكە بەرەو لاوازی چوون، خانەقاكانی خالیدی وردە وردە ئەو بیرەیان كاڵ كردەوە و هێنایانە سەر جیاوازی لەگەڵ قادرییەكان، ئەویش تەنیا لە شێوەی زیكركردندا بوو. زۆرجار بۆ سۆفییەك لێك نەدەكرایەوە، جیاوازیی نێوان تەكییەیەكی قادری و خانەقایەكی نەقشـبەندی لە چی دایە. دوایی لە بزووتنەوەی هەقەشدا، هەروای لێهات. بزووتنەوەی هەقە هەنگاوێك لە جوغزی قادری- نەقشـبەندی بە جورئەتەوە دەرچوو و بیروباوەڕەكانی خۆی ئاشـكرا كرد. سـەركردەكانی ویسـتیان بیكەن بە بزووتنەوەیەكی هەمەگیر بەڵام لەبەر ئەو هۆكارانەی پێش ئێستا ئاماژەم پێكرد، نەیانتوانی بزووتنەوەیەك دروسـتبكەن كە بتوانێ ناوچەیەكی دیاریكراو بپارێزێت. بۆیە لە كۆتاییدا پەرت و بڵاو بوون. بەڵام لە ئەزمونی بارزانییەكان بە پێچەوانەوە، ئەو بیروباوەڕە لەسـەر زەمینی واقیعدا جێبەجێ كرا،هەم سـەرزەمینەكەی پاراسـت، هەروەها بیروباوەڕەكەیان تێكەڵی ڕزگاریی نیشتمانی كرد. ئێستا شوێنەواری ئەو

بیروباوەڕە تەنانەت لە یاساکانی هەرێمی کوردستان و جەوهەری فکری ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردستاندا دەبینین.

بەشی چواردەهەم

پێشینەیەکی مێژوویی بۆ تێگەیشتن لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بارزان

مەبەست لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بارزان ئەو بزووتنەوە عیرفانییەیە کە لە گوندی بارزانەوە دەستیپێکرد و ناوچەیەکی فراوانی لە کوردستان گرتەوە. بیروباوەڕەکانی ئەو بزووتنەوەیە گۆڕانی بەسەر ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانەکانی دینی و کۆمەڵایەتیدا هێنا و ڕێکخستنەوەیەکی نوێی لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا کرد. هەروەها ئاسانکارییەکی زۆری لە ژیانی مرۆڤەکاندا کرد تا بتوانن لەدەست سەختیی دابونەرێتی کۆمەڵایەتی و سیستەمی دەرەبەگایەتی و زۆرداری ئەوکات دەربازیان ببێ و بتوانن ئەو فەرمانانە دەستکاری بکەن کە لەوکاتدا دەبوونە مایەی گرفت و توندوتیژی لەنێوان پێکهاتەکانی

کوردستان. ئەو دۆخە بەتایبەتی لە بارزان ژیانی دانیشتوانی سەخت کردبوو.

بزووتنەوەی بارزان توانی ناوچەیەکی فراوان (حەوت عەشیرەتی گەورەی دەروبەری خۆی) بگرێتەوە، چ لە ڕێگەی ئیرشاد و تێگەیاندنەوە بێ یان لە ڕیگەی جەنگ و پەلاماردانی ئاغاکان و ئەو کەسانەی لەسەر زۆرداری بەردەوام دەبوون، بە هەردوو شێوە بزووتنەوەکە پەرەی سەند تا لە دەیەی دووەمی سەدەی بیستەمدا تێکەڵی جوڵانەوەی نەتەوایەتی کوردستان بوو. بەو هەنگاوەی فیکری نەتەوەییشی وەرگرت و کاری زیاتری لەسەر پەرەپێدان و ڕوونکردنەوەی چەمکەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی کرد. هەروەها لێکدی نزیککردنەوەی تێکڕای دین و مەزهەبەکانی کوردستانی کردە ئامانجی خۆی. بزووتنەوەی بارزان لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و پارچە پارچەبوونی ئیمپراتۆریی عوسمانی بووە مەرکەزی بەرەنگاربوونەوە لە پێناو ڕزگاریخوازی کوردستان و بڵاوکردنەوەی بیری دادپەروەری. چونکە لە زەمانی عوسمانییەکاندا لە تێکۆشاندا بوو بۆ ڕزگاری کوردستان و لە زەمانی زاڵ بوونی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزیش بەسەر عوسمانییەکاندا کە پڕۆژەی دروستکردنی دەوڵەتی عێراق هاتە کایەوە، دەیویست سەربەخۆیی کوردستان دابین بکات.(مسعود البارزانی١٩٩٧م)

بیروباوەڕی بارزان زۆر بە ئاسانی فکری نەتەوایەتی داڕشتەوە و لەگەڵ باوەڕە چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی گونجاندی و کردییە بەشێک لە باوەڕەکانی خۆی. هەربۆیەش نیشتمانپەروەری، برایەتی، هاوکاری و تێکەڵاوی نێوان پێکهاتەکانی کوردستان بووەتە بەشێک لە بڕوا قووڵەکانی فکری چاکسازیی بزووتنەوەی بارزان و باوەڕی پەیرەوەکانی.

بزووتنەوەی بارزان لە وردەکاریدا چووە سەر دەستکاریکردنی تەونی کۆمەڵایەتی کوردستان و دەستکاری بەها لە باوکەوتووە کۆمەڵایەتییەکانی کردوە. سیستەمێکی فەرمانڕەوایی لە ناوچەکەی خۆی دامەزراند و بەها نوێیەکان کە بە کەڵکی ژیان دەهاتن، بەسەر خەڵکیدا بڵاو کردەوە. بەردەوامبوو لە پەروەردە کردنی نەوەی نوێ و هێزێکی چەکداری پێکهێنا کە بەرگری لە پەیڕەوانی بزووتنەوەکە و پێکهاتەکانی مەسیحی و ئێزیدی و جوو بکات. ئەوکات ئەم سێ دینە لەناوچەی بزووتنەوەی بارزاندا هەبوون. هەر ئەوەش وایکرد کە دوای داڕمانی ئیمپراتۆریی عوسمانی زۆر بە خێرایی دژی کۆڵۆنیالیزمی ئینگلیز بکەوێتە بەرەنگاری.

سەردانەنواندن و بێدەنگ نەبوون بۆ کۆڵۆنیالیزمی ئینگلیز وای کرد بۆماوەیەکی دوور و درێژ شەڕ لە نێوان بزووتنەوەی بارزان و دەوڵەتی عێراق و هێزەکانی ئینگلیز بەردەوام بێت. لەماوەی سەد ساڵدا

بیروباوەڕی بزوتنەوەی بارزان پەرەیسەند و دەرگای لەسەر هەموو زانست و ئەو بزووتنەوانە کردەوە کە باس لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەکەن و لەگەڵ هەموویان کەوتە دانوستاندن. بە شێوەیەکی داهێنەرانە، بێ ئەوەی خۆی لەبیر بکات یان خۆی بەدەستەوە بدات، جەوهەری دادپەروەرانەی ئەو بیروڕایانەی دەهاتنە کوردستان وەریدەگرت و لە کردەوەدا هاوکاری دەکردن. سەرەنجام بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان کەوتە دەست سەرۆکایەتی بارزان، ئەویش لە ڕێگای شێخ عبدالسلامی دووەم و مستەفا بارزانییەوە بوو.

ئێستا دوای سەد ساڵ عەقیدەی بارزان بریتییە لە بیروباوەڕێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە لە بنەما سەرەکیەکانی بزووتنەوەکەیدا، لەگەڵ گۆڕانکاری و فراوانبوون و تێکەڵبوونی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردستان و ئایدیۆلۆجیا دادپەروەرییەکانی دیکەی ناوچەکە و ئەو کارلێکەرییەی لە یەکتریان کردووە ساغ بووەتەوە. ئەو بیروباوەڕە لەسەر دەستی مستەفا بارزانی لە ڕووی سیاسی و کۆمەلایەتییەوە داڕێژرایەوە و دواتر حزبێکی لەسەر دروست بوو بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان. جیا لە پارتی دیموکراتی کوردستان، شەخسی مستەفا بارزانی خۆی هەمیشە هەوڵی دەدا ئەو عەقیدەیە ببێتە بیروباوەڕی کوردان.

ئێستا لە دەیەی دووەمی سەدەی بیست و یەکدا مەسعود بارزانی سەرۆکی بزووتنەوەی بەرەو سەربەخۆیی بردنی کوردستانە و توانی هێزێکی گەورە بەناوی پێشمەرگە کە مێژووی سەد ساڵەی هەیە نەک هەر بیپارێزێ بەڵکو بیگوازێتەوە بۆ پێگەیەکی نوێ بەرەو سوپایەکی ڕێکخراوە. بەتایبەتی لە شەڕی دژی داعشدا بارزانی توانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەکبخات و بیکا بە هاوپەیمان لەگەڵ هێزەکانی دژی تیرۆر، بەتایبەتی لەگەڵ ئەمەریکا و یەکێتی ئەوروپا. جیا لەوان دەوڵەتانی دیکەی پێشکەوتووی جیهان کە دژی تیرۆرن لە ڕێگەی بارزانییەوە هاوکاری کوردستانیان کرد.

ئەو ڕێبازەی مستەفا بارزانی دایمەزراند، بە بنەما فیکرییە سیاسییە کۆمەڵایەتییەکانییەوە توانی بمێنێتەوە و پەرەبستێنێ، لەگەڵ ئەم زەمانە تێکەڵ ببێ و دەرگا لەسەر پێشکەوتنی خۆی بکاتەوە. هەر بۆیە ئێستا بووە بە بیروباوەڕی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بزووتنەوەی سیاسی لە کوردستان کە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبێ یارمەتی بنیاتنانی دەوڵەت و کۆمەڵگایەکی نوێ بدات. لەو دەوڵەتەدا تەنیا کورد فەرمانڕەوا نابێ بەڵکو پێکهاتەکانی دیکەی دینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا شەریک دەبن. ئەو بیرۆکەیە لە بانگەشەی ڕیفڕاندۆم بۆ سەربەخۆیی لەلایەن مەسعود بارزانی بە شێوەیەکی نوێ پێشکەش کرایەوە. هەروەها ساڵی ٢٠٠٠ لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی

کوردســتان لە کاتی کردنەوەی کەنیســەی گوندی بێدیال قســەی لەبارە کردەوە.

هەوڵی من ئەوەیە ڕوونی بکەمەوە ئەو بزووتنەوە فیکرییە چییە؟ بۆچی توانی بەردەوام بێت؟ بەتایبەتی کە لە ســەد ســاڵی ڕابردوودا هەموو ئایدیۆلۆژییەکانی دەرەکی کە هاتبوونە کوردســتان داڕمان و نەیانتوانی ســەرکەوتن بەدەســت بهێنن، هەموو ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی کە لەناو کوردســتان وەک حزب و مەدرەســەی فیکری دروســت کران ســەرکەوتنیان بەدەســت نەهێنا، بەڵام ڕێبازی بارزانی توانی بەردەوام بێ، ڕێگا لە کرانەوەی کۆمەڵگەی کوردســتان نەگرێ و پەســەندی جیهانی بەدەســت بهێنێ و خۆی لەگەڵدا بگونجێنێ. ئامانجی من ڕوونکرنەوەی ئەو بزووتنەوە سیاسی و کۆمەلایەتییەیە.

بۆ ئەوەی لە بزووتنەوەی بارزان باش تێبگەین پێویســتە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و ســیاســی پێش ســەرهەڵدانی عەقیدەی بارزان.پێویســتە بزانین ئەو بزووتنەوەیە تا چەند بریتییە لە درێژبوونەوەی فیکری و سیاسی جوغزی ئیمپراتۆریی کۆنی ساسانی. بەو مانایە کە کوردستانیش بەشێکە لەو جوغزە فەرهەنگییە گەورەیەی کە ســەرزەمینی کۆنی ســاســانزەمین پێکدەهێنێ. ئەو ســەرزەمینە بریتی نییە لە کۆماری ئیسلامی ئێستای ئێران، بەڵکو بریتییە لەو جوغزەی کە لە کوردستانەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە هیند و ئاسیای ناوەڕاست و

بەشـــێکی زۆر لە ئەنادۆڵ و ســـوریا و عێراق. مێژووی ئەو هەرێمە فەرهەنگییە گەورەیە لە مێژووی هەر ســـێ ئـایینە ئـاســـمـانییەکەدا بەئـاشـــکرایی ڕەنگی داوەتەوە، واتـا لە تەورات و ئینجیل و قورئـاندا دەبیندرێ. لێرەوە بە خێرایی دێمە سەرباسی سەرەکییەکەم.

پێشینەی مێژوویی

دوای پەیدابوونی دینی ئیسـلام و پەڕینەوەی بۆ ئیمپڕاتۆریی سـاسـانی و داگیرکردنی و لەنـاوبردنی، بەرەنگـاریی فەرهەنگی و دینی لە ســەرزەمینی کۆنی ســاســانیدا دەســتی پێ کرد. ئەم ئیمپراتۆرییە لەو سەردەمدا زۆربەی دانیشتوانی پەیڕەوی دینی زەردەشتی بوون. هەڵبەت پاشماوەکانی دینی دیکەشی تێدابوو، بەتایبەتی هەردوو دینی مەسیحی و یەهوودی بە فراوانی هەبوون. دینی زەردەشـتی لە ژێر زەبری فاتحانی ئیســلامدا قەدەغە کرا، ســەرچاوە دینی و فیکرییەکانی ســوتێندران و شارستانییەکەی کوێر کرایەوە.

پەیڕەوەکـانی دینی زەردەشـــتی لە هەندێـک نـاوچە دەســـتیـان دایە مقاوەمەت، لە ســـەدەی هەشـــتەمی کۆچیدا ئەو دۆخە زۆر بە خێرایی بزووتنەوەی ســۆفیگەری لێ بەرهەم هات. ئەو بزووتنەوانە بە گشـــتی باوەڕەکانیان هاوشێوەیە بەڵام لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە پابەند بوون بەو شێخ و تەکییە و خانەقایانەی کە لە هەر ناوچەیەکدا هەبوو. هەر شێخێک

یـان عـارفێـک به پێی ڕوانگـای خۆی، به پێی بـارودرخی نـاوچەکە و زەرورەتی ژیان، هەندێک دەستکاری و زیادوکەمی لە عەقیدە وعیرفاندا کردووە. عیرفـان بریتییە لە زانیـاری و مەعریفەتی تەســـەوف کە لە خۆیـدا کـاکڵەی بـاوەڕی زەردەشـــتی هەڵگرتووە. ئەگەر تەســـەوف بزووتنەوەیەکی عەمەلی بێـت و ســـۆفیەکـان پەیرەوەکـانی بن، ئەوا بیروباوەڕەکە عیرفانییە. بیروباوەڕی عیرفانی ڕووی لە زەویدایە واتا پاشماوەی کەلەپوری زەردەشتییە.

کاتێک ئیمپراتۆریی ئیسـلام بە خێرایی سـەرزەمینی سـاسـانی لەگەڵ هیند تێکەڵاو کرد، سـۆفیایەتی لەگەڵ کولتووری هیندسـتان تێکەڵاوبوو، بیروباوەڕی هیندۆســـی و بودایی زۆر بەخێرایی لەگەڵ عیرفانی نوێی دوای هاتنی ئیســـلام پەیوەند درا و ســـاڵ بە ســـاڵ گۆڕانی تێدەکەوت. عیرفـان بیروبـاوەڕی بەرەنگـارییە بەرانبەر بە شـــەریعەت و ڕەقی و یەکلایی فەرمانەکانی. شـــەریعەتی ئیســـلام لەســـەر زەمینی دوڕگەی عەرەب کە سـەرزەمینی خێڵەکانی "بەدوو" بوو سـەری هەڵدا، هەربۆیە دابونەریتی بەدوویی زۆر بە تونـدی بووە مۆدێلی فەرمـانڕەوایی ئەم دینە. ســـەختێتی ژیـانی بەدوویی، ســـیســـتەمی کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕەکانیشـــیان لە ناوچەکەدا دیارە. بەدوو لەناوخۆیدا لە دوڕگەی عەرەب بە درێژایی مێژوو نەیهێشت شارستانییەت دروست ببێت و ئەو بەهایانەی کە سـیسـتەمە کۆمەڵایەتییەکەیانی لەسـەر دادەمەزرا دەرفەتی بووژانەوەی مرۆڤـایەتی نەدەدا. تونـدوتیژییەکی زۆری بەرامبەر بە

ئـافرەتـان و منـداڵان، هەروەهـا بەرامبەر بە پەیڕەوانی دینەکـانی تری غەیرە موسڵمان ئەنجام دەدا. کاتێک سەرزەمینی ساسانییان داگیر کرد، زۆر بەخێرایی بیروباوەڕی عیرفانی بووە سـەرچاوەی دەسـتپێکردنی بزووتنەوەی سۆفییانە. ئەو کەسایەتییە سۆفییانەی کە توانایەکی زۆریان لە فێربوون و زیـادکردن و داهێنـان لە فیکری عیرفـانـدا هەبوو، پێیاندەگوتن "عارف". عارفەکان لە مێژووی نۆسـەد سـاڵی ڕابردوودا دەورێکی زۆر کـاریگەریـان هەبووە لە ڕێکخسـتنی کۆمەڵایەتی و دروسـتکردنی ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕێکی نوێ لەپاڵ دینی ئیسـلامدا، ئەویش بۆ کۆمەڵگـا تـازە موسـوڵمـانکراوەکـان. هەمیشـە ئـامـانجی جەوهەریی عیرفان ئەوە بووە لە فەرمانەکانی شەریعەت کەم بکاتەوە.

لەو جێیەی شـەریعەت ژیان بۆ پەیرەوانی خۆی سـەخت دەکات، ئەوەندە بەها و بیروباوەڕ و دابونەرێتی لێ باردەکات و توندوتیژی لێ دەخوازێ کە مرۆڤ نەتوانێ لەگەڵ خۆی و دەورووبەری بگونجێت. بۆیە کۆمەڵگایەکی توندوتیژ و گرژ دروسـت دەکات، کۆمەڵگایەک کە خەڵکەکەی بەردەوام دەسـتیان بە خوێنی یەکتر سـوورە و هیچ کاتێک سیستەمێکی سیاسی جێگرتووی لەسەر دروست نابێت، ئەمە تەجرەبەی مێژووە. عیرفان لەناو تەونی ئەو کۆمەڵگایەدا ژیاوە و پەرەی سـەندووە و بەردەوام لە بەرەنگاری و پاشەکشەدا بووە. هەربۆیەش عارفەکان بەو زانـاییەی هەیـانبوو بـارەگـاکـانیـان دەبووە مەکۆی ئەدەب، گفتوگۆ و بیروبـاوەڕی جیـا جیـا. بڕوایـان بە یەکتر قبووڵکردن بووە، بۆیە

پەیڕەوانی دینەکانی دیکەش توانیویانە لەناو بزووتنەوە عیرفانییەکاندا بمێننەوە.

لە زۆر جێگادا دینەکانی جوغزی میزۆپۆتامیا، لە مێژوو و بیروباوەڕیاندا سەرچاوەکانی عیرفانی و دینییان تێکەڵ یەکتر بووە، واتا لە بیروباوەڕی عارفەکان هەندێکیان وەرگرتوە. لە وردبوونەوە وپێیدا دەچینەوەدا بۆمان دەردەکەوێت زۆر لە کەسایەتییەکان و باوەڕەکانیان و ئەفسانەکانیان پەیوەندی بە دینی یەهوودی یان مەسیحی، زەردەشتی، مانەوی و بودیزمەوە هەیە، یان لە هیندەوە هاتوون کە سەرزەمینی دینی هیندۆسییە. پێچەوانەکەشی ڕاستە، واتا فەرمان و بیروباوەڕی نوێ کە عارفەکان هێناویانە، کەوتووەتە ناو باوەڕی پەیڕەوانی یەهوودی و مەسیحی. بەهەمان شێوە هەندێك دینی نوێ لەناوچەکەمان دروست بوون بەتایبەتی لە کوردستاندا، ئەو کارتێکەرییە عیرفانییە بنەمای دینە نوێیەکانی پێکهێنا.

لە سەردەمی خەلافەتی ڕاشیدیندا ئیمپراتۆریی ساسانی بەتەواوی داگیرکرا. سەردەمی خەلافەتی ڕاشیدین، سەردەمی کوشتاری گشتی پەیڕەوانی دینی زەردەشت و دینەکانی دیکە بوو. دڵڕەقی فاتحانی ئیسلامی بەرامبەر بە پەیڕەوانی دینی زەردەشت زۆر سەخت بوو. ئەو دەستڕەشییەیان بەرامبەر دینی یەهوودی و مەسیحی بەو ئەندازەیە بەکار نەدەهێنا، هەر بۆیە دەبینین مەسیحی و یەهوودی مانەوە، بەڵام

زەردەشتییەکانیان لەناوبرد. لەم سەردەمەدا ژمارەیەکی کەم زەردەشتی لە ئێران هەیە، هەروەها ژمارەیەکی کەمتریش لە هیندستان ماون. ئەگینا لە هیچ شوێنێکی دیکەی سەرزەمینی کۆنی خۆیان نەماون. دواتر بە مەبەستی پاراستن، دەستکرا بە کۆکردنەوەی سەرچاوەکانی دینییان ، بەڵام تاکو ئێستاش بەو دیققەتەی کە لە دینی یەهوودی و مەسیحیدا سەچاوەکانی ئایینیان پارێزراون، لە دینی زەردەشتیدا ئەوە نییە و ئاستەنگی زۆر هەیە بۆ ساخکردنەوە و دۆزینەوەی سەرچاوەکانیان چونکە کتێبەکان و ئەو کەسانەی سینگ بە سینگ دینەکەیان نەقڵ دەکرد هەموو لەناو بردران.

لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا کە ناکۆکی لەناو ئیسلامدا دروست بوو، لە سەرزەمینی ساسانیدا ئەو ناکۆکییە جێی خۆی کردەوە و شیعەکان لەگەڵ ئەو ژینگە عیرفانییە بەرەنگارییەی کە هەبوو تێکەڵبوون. مەزهەبی تەشەیوع لە دینی ئیسلامدا لە سەرزەمینی ساسانی دروست بوو. زۆر لە بیرمەندەکانی ئێرانی دەڵێن ناچاربووین دینی ئیسلام وەربگرین بەڵام گۆڕیمان و تێکەڵ بە فەرهەنگی خۆمان کرد و دینێکی نوێمان هێنایە گۆڕێ کە پێی دەگوترێ دینی ئیسلامی تەشەیوع. هەر ئەو تەشەیوعە لەسەرزەمینی ئەسڵی ئیسلامیدا بە لادەر و مرتەد دادەندرێت. بەو هۆکارەیە لەم ڕۆژگارەدا شەڕێکی وێرانکەر لە جیهانی ئیسلامدا هەیە کە شەڕی نێوان شیعە و سوننەیە. ئەو دوو مەزهەبە بوونەتە سەرچاوەی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی زۆر توندڕۆی دینی لەهەردوو

لا. ســەلەفییەت وەک قوتابخانەی فیکرییە بۆ بزووتنەوە توندەکانی وەک تالیبان و ئەلقاعیدە و ئەنســارولئیســلام و داعش. لە مەزهەبی شــیعەدا کۆماری ئیســلامی ئێران لەســەر بنەمای "تصــدیر الثورة" ســەرچاوەی پشــتیوانییە بۆ حیزبوڵڵای لوبنان، حوســییەکانی یەمەن و عەلەوییەکانی سوریا و تورکیا. پێویستە بڵێم عەلەویەت لە ڕووی باوەڕەوە کەمێک لە شــیعە نزیکە بەڵام لە ڕاســتیدا دینێکی ترە و زۆر لە دینی ئیســلام و تەنانەت لە شــیعەش دوورکەوتوونەتەوە. هەڵبەت مێژووی هاوبەش و هەندێک باوەڕی هاوبەش و کەســایەتی هاوبەشــی لەگەڵ شــیعەدا هەیە. (ایجادی، ١٣٩٨ ه.ش)

کاتێک کێشــە کەوتە ناو بنەماڵەی پێغەمبەر، کوشــتار کەوتە ناویان، نەوەکانی پێغەمبەر ناچاربوون ســەرزەمینی عەرەبســتان وعێراق بەجێبهێڵن چونکە تێیدا کۆمەڵ کوژ دەکران. ئەوانە بەســەر زەمینی ســاســانی کۆندا بڵاو بوونەوە. ئێســتا بەشــێکی زۆر لە مەزاری نەوە و نەوەزاکانی پێغەمبەری ئیســلام لە ســەرزەمینی عەرەبی نیین و لە ئێراندان. ئەوە لە مێژووی ئیســلامدا وایکرد کە لایەنگرانی بنەماڵەی پێغەمبەر کە بەلایەنگرانی عەلی دادەندرێن، ناوی عەلەوی و تەشــیوع هەڵبگرن. ئەوانە لە ئێران زەمینەی پەرەســەندنیان بۆ کرایەوە، لەگەڵ عیرفان تێکەل بوون و بە ئەفســانە و ئوســتورەکانی مێژووی عیرفانی ســاســانی ، ئایدیۆلۆژیای خۆیان کامڵ کرد. ئینجا توانیان بە بزووەتنەوەیەکی بەهێزەوە بگەڕێنەوە و ئەو گۆڕانکارییە ڕووبدات کە

کۆتایی بە ئیمپڕاتۆری ئەمەوی هێنا و عەباسییەکانی گەیاندە دەسەڵات. ئەوە بە هەنگاوی یەکەمی گەڕانەوەی بنەماڵەی پێغەمبەر بۆ دەسەڵات دادەندرێ. گیروگرفت و ئاڵۆزییەکانی ئیمپڕاتۆری عەباسی ڕوونە، لە کۆتاییدا خۆی ساخ کردەوە وەک ئیمپڕاتۆرییەکی مەزهەبی سوننی، بەڵام نەرمتر و تەنکتر لە ئەمەوی و ڕاشدین لە کوشتاری عەلەوییەکان بەردەوام بوو.

بە کۆتایی هاتنی عەباسییەکان ئیتر فەرمانڕەوایی لەدەست عەرەب دەرچوو. لە ئەفریقاوە تا دەگاتە ئەنادۆڵ و ئێران و هیندستان، ژمارەیەکی زۆر دەوڵەتی ناوچەیی دروست بوون. ئەو دەوڵەتانەی کە پێیان دەگوترا مەمالیک واتا دەوڵەتی ناوچەیی شەریعەتی ئیسلامیان پەیڕەو دەکرد. ئەوانیش لە هەندێک ناوچە لەژێر کاریگەری عارفە گەورەکانیان و بزووتنەوە عیرفانییەکاندا، زۆر لە حوکمەکانی ئیسلامیان دەستکاری دەکرد، بۆیە جیاوازی کەوتە نێوان مەمالیک.

هەر بۆ یاداوەری ئاماژە دەکەم، لە سەردەمی عەباسییەکان و مەمالیکدا، بزووتنەوەی عیرفانی بۆ چاککردنی شەریعەتی ئیسلام دەستیپێکرد. دەتوانین باسی بزووتنەوەی ئەبوموسلیمی خوراسانی (سیاه جامگان) و موقەننەع (سفید جامگان)و بابەکی خورەمدین (بابەکیان، سورخ جامگان)و ئیسماعیلییەکان و قەرمەتییەکان و سیکەکان بکەین. سیکەکان لە ناوچەی پەنجاب دینێکیان دروست کرد کە پێکهاتەیەکە لە

ئیســـلام و هیندۆس. هەروەها دینی درووز کە ســـەرزەمینیان دەکەوێتە لوبنانی ئێستا و ئیسرائیل و سوریا لەو دینە نوێیانەیە. ئینجا بزووتنەوەی عەلەوی دەستپێکرد کە بیروباوەڕی جیاجیا خۆی تیا شاردبووەوە، هەر لە باوەڕی شیعەی دوازدە ئیمامیەوە تا باوەڕی شیعەی کەمتر لە دوانزدە ئیمـامی بە ئیجتیهـاد و بـاوەڕی دیکەی دەرەوەی شـــەریعەت. ئەوانە مێژووی خۆیـان هەیە بەڵام هەموویـان ئیجتیهـاد و بیروبـاوەڕەکەیـان لەدەرەوەی دینی ئیســـلامە. عیرفان و ســـۆفیایەتی قۆناغی کۆتایی ئەو پرۆســـە مێژوویییەیە کە خانەقا و تەکیەی شـێخەکانی لێ دروســـت بوو. هەر شـــێخێک بە بنەماڵە بەردەوام دەبوو و فەرمانڕەواییەکی زۆریان بەســـەر نـاوچەکەیـانـدا هەبوو. دەکرێ وەک نموونە عـارفەکـانی نـاو بزووتنەوەی بەکتاشی و سەفەوی بێنینەوە کە یەکەمیان بەرەو عەلەویەت ڕۆیشـــت و دووەمیان شـــیعەی دوازدە ئیمامی هەڵبژارد کە دەوڵەتی سەفەوی لێ کەوتەوە. بزووتنەوەی بەکتاشی لە ئێرانەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە تورکیا و ناوچەی عەلەویستانی سوریا. (بکتاشیە،ویکی شیعە، ٢٠١٩م)

هەر لەو بارودۆخەی ســەرەوەدا، لە دەســت پەلاماردان و کوشــتاری دەوڵەتە ئیسـلامییەکان قەناعەتێکی ئەوتۆی لەلای پێکهاتە مەزدەکییەکان دروســـت کرد کە بیروباوەڕەکەیان لەوجێیانەی ناتوانێ خۆی بپارێزێ، دەکرێ خۆی بشـاردرێتەوە. خۆشـاردنەوەکە بریتییە لەوەی پەیڕەوەکانی بە زاهیر موســـڵمانن بەڵام لە باتیندا دابونەریت و بیروباوەڕی خۆی

دەپارێزێت. ئەوە پێی دەگوترێ تەقییە، واتا خۆپاراستن. هەر بەو شێوەیە لەکوردستان دوو دینی نوێ دروست بوون؛ ئێزیدی و یارسان(کاکەیی).(دانشنامه فرق اسلامی،٢٠١٩ م)

دەوڵەتی سەفەوی کەوتە یەکلاکردنەوەی بیروباوەڕی دینی و بۆ ئەو مەبەستە هەموو تەکییە و خانەقاکانی تەریقەتەکانی داخست و ئەوەی مقاومەتی کردبا دەیکوشت و کۆتایی بە هەموو تەریقەتەکانی عیرفانی هێنا. تەنیا تەریقەتی عیرفانی شێخ سەفیەدینی ئەردەبیلی مایەوە کە شا ئیسماعیلی نەوەی، بزووتنەوەیەکی دروست کرد کە تەنیا بیروباوەڕی شیعەی دوازدە ئیمامی دەهێشتەوە و لە ئەنجامدا ئەویان بوو بە بیروباوەڕی ڕەسمی ئێران. بەشێکی زۆر لە هاووڵاتیانی کوردستانیش باوەڕدارانی شیعەن، لە ناوچەکانی کرماشان و خانەقین و شارە بچووکەکانی نزیک سنە و لوڕستان نیشتەجێن. هەڵبەت لە لوڕستان هەندێک خۆیان بەکورد و هەندێکیشیان بە لوڕ دەزانن.(جعفریان، ١٣٩٨ ه.ش)

پەلاماردان و یەکدەست کردنی مەزهەبی تەنیا لەلای سەفەوییەوە نەبوو، بەڵکو لەلای ئیمپراتۆریی عوسمانیش بەناوی سوننە پەیڕەو دەکرا. بۆیە زۆربەی پەیرەوانی تەریقەتە عیرفانییەکان ڕایان دەکرد و خۆیان دەگەیاندە چیاکانی زاگرۆس کە چیاکانی کوردستانە. ئەو پرۆسەیە وایکرد هەموو باوەڕەکانی عیرفانی بگەنە کوردستان.

کوردســـتانیش بەهۆی شـــوێنی جۆگرافی خۆی بە ســـەرزەمینێکی لەبیرکراو و دوورەدەست دادەندرا. تا ساڵی ١٥١٤ زۆربەی زۆرانبازی و شـــەڕەکان لە قوڵایی ئێران و ئەنادۆڵ و ئەفریقیا و عەرەبســتاندا بوو. زنجیرە چیاکانی کوردســتان هەر لە لوڕســتانەوە دەســت پێ دەکات تا دەگاتە کوردســتانی باکوور لە تورکیا. ئەوێ بووە ســەرزەمینی عارفە یاخیبووەکان. ئەوەش بەناوبانگە کە زۆر لە عارفەکان لە دۆڵ و چیاکانی زاگرۆســدا دەژیان. هەر ئەوە وایکردووە ژمارەیەک لە ئەشـــکەوت و گوندی زۆر عاسـێ هەبن کە بە شـوێنی پیرۆز دادەندرێن.(لویس،١٣٦٢ ه.ش)

عەلەوییەکان یەکدەســت نین بەڵکو وەک خێمەیەکی گەورەیە هەموو تەریقەتە عیرفانییەکانی دەیانویســت گۆڕانکاریەک لە فەرمانەکانی دینی ئیســـلام و دابونەریتی کۆمەڵایەتیدا بکەن، کۆدەکاتەوە. ئەوە بە زاهیر خێمەیەکی ئیســـلامی و لایەنگری عەلی و بە پەیرەوانی بنەمـــاڵەی محەمەدی پێغەمبەر دادەندرا. لەناو عەلەوییەکاندا هەندێک دین دروست بوون، بۆ نموونە دینی یـارســـان (کـاکەیی) کە دینێکە لە نـاوچەی هەورامان ســـەری هەڵداوە و ســـەرزەمینی پیرۆزیان پەردیڤەرە. دینی یارســان پەرەیســەند و زۆرترین پەرەســەندنەکەی بە دیوی کوردســتانی ڕۆژهەڵاتـدایە و دواتـر بـۆ ئـازربـایـجـان پەڕیـوەتەوە و لە نـاوچە فارسنشینەکانی یەزد و کرماندا پەیڕەوی پەیدا کردووە.

پەیڕەوانی ئایینی یارســـان خۆیان لە ژێر پەردەی عەلەویدا پەنا داوە بەڵام لە ڕاستیدا دینێکی سەربەخۆیە، تەنیا لە ئەفسانە و ئوستورەکان و هەندێک بابەتدا تێکەڵ بە مەزهەبی شـــیعە دەبێتەوە، بەڵام موســـڵمان نیین. هەروەها دینی ئێزیدی کە لە ئەفســانە و ئوســتورەکانیدا کەمێک لە مەزهەبی ســـوننە نزیکە، چونکە لە ناوچەی پەیڕەوانی ســـونی ژیاون بەڵام لە ڕاســـتیدا دینێکی ســـەربەخۆیە. ئێزیـدییەکـان قەت خۆیـان نەشـاردووەتەوە و هەمیشـە گوتوویانە ئێمە موسـڵمان نین.دینی ئێزیدی بـاوەڕی دینی ئەوتۆی هەیە کە ڕەتکەرەوەی بـاوەڕەکـانی ئیســـلامە و لەگەڵیدا ناکۆکە. هەر ئەوەش وایکردووە بەردەوام بکەونە بەر فەرمانی زۆر ســەختی پەیڕەوانی موسـڵمان، چ لەلایەن ئیمپراتۆریی عوسـمانی یان خێڵەکانی کوردەوە بێ. بەم دواییەش لە ٢٠١٤ داعش کە ڕەوتێکی عەرەبیە کوشتاری ئێزیدییەکانی کرد.

لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـانی پێشـــوودا بیروبـاوەڕی عیرفـانی لە ئایینی ئیسـلام دوور دەکەوتەوە، بەڵام ئەوەندە نەمانەوە کە بتوانن ببن بە دین. بۆیە ئێســـتا شـــتێک بەناوی پەیرەوانی بابەکیان یان قەرمەتیان نـابیزنین، بەڵام درێژبوونەوەی فیکرییـان بەنـاو عیرفـانـدا هەیە. مێژووەکەیـان پـارێزرا و بیروبـاوەڕەکەیـان بە شـــێوەی بزووتنەوەی عیرفانی بەردەوام بوو. کاتێک دێین لە دینەکانی وەک ســـیک، دروز، ئێزیـدی و کـاکەیی دەکۆڵینەوە، دەبینین درێژبوونەوە و پـاشـــمـاوەی بیروباوەڕی کۆنی ساسانین، لەوە زیاتریش درێژبوونەوەی بیروباوەڕی

زەردەشـتی و مانی و مەزدەکی لەڕێی عیرفانەوە گواسـتراوەتەوە و لەو دینانەدا جێگیر بووە. بۆ نموونە بزووتنەوەی بەکتاشـــی دوای ئەوەی لە ئەنادۆڵ جێگیر بوو لە ئیمپراتۆریی عوســمانییدا جێی بۆ خۆی کردەوە. سەرەڕای ئەوەی زۆرجار لێی دەدرا و کوشتوبڕ دەکرا بەڵام سەرەنجام ڕێگای پێدرا بژێت.

لە شەڕی بەردەوامی نێوان سەفەوی و عوسمانیدا هەر بزووتنەوەیەک لە ئێرانەوە ســەرچاوەی هەبا، دەوڵەتی عوســمانی هەوڵیدەدا بیپارێزێ، تەنانەت ئەگەرپێچەوانەی باوەڕی ئیســـلامیش بایە. ئامانجی لەو کارەدا ئەوە بوو بەگژ ئێرانیاندا بکاتەوە. هەموو ئەو بزووتنەوانە کوردســتانیان پڕکرد لە بیروباوەڕی عیرفانی. تا ســاڵی ١٩٥٠ کۆمەڵگای کوردســتان لە هەرچوار پارچەیدا لە ژێر ڕێنوێنی شێخەکانی تەریقەتە عیرفانییەکاندا بوو.

تەکیە و خانەقاکانی کوردســتان بە پێچەوانەی وڵاتانی دیکە، ڕێنوێنی پەیڕەوانی خۆیان دەکرد. ئەوەش وایکردووە لە مێژووی کوردســـتاندا ناوەندی عیرفانی زۆر ببن. کەشـــێک دروســـت بوو کە عارفەکان بەیەکەوە گفتوگۆ و نــاکۆکیــان هەبێ، بەڵام لایەنی جیــاوازی یەکتر قبوڵکردن و بەیەکەوە ژیان لە مێژووی عیرفانی کوردســتاندا زاڵ بووە بەســـەر لایەنی ناکۆکی و یەکتر دزاوتن. ئەمە ڕەگوڕیشـــەی واقیعی فەرهەنگی کۆمەڵایەتییە لە مێژووی کوردســـتان. کە دەڵێین کۆمەڵگەی

کوردستان کۆمەڵگەیەکی ئارامە و لێبووردەیی هەیە ئەوە بەشێکە لە بیروباوەڕی قووڵ لە فەرهەنگی کوردستاندا کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژووەی سەرەوە. هەروەها ئەو فەرهەنگە فرەییە بووە زەمینەی پێکەوە ژیان لەگەڵ ئایینەکانی مەسیحی و یەهوودی. بۆ نموونە لە گوندی بارزان کە تا کۆتایی سەدەی هەژدە زۆربەی دانیشتوانی مەسیحی و جوو بوون، تەنیا چەند ماڵێکی موسوڵمان بوو، مەلا و شێخەکانی بنەماڵەی بارزان لەلایەن هەر سێک دینەکەوە پەیڕەویان لێ دەکرا. مەسیحیەکان بە شێخی نەسڕانی، جووەکان بە حاخام و موسوڵمانەکانیش بە مەلا و شێخی خۆیان دەزانین.(گفتوگۆی تایبەت)

لە ناوەندە عیرفانیانەکاندا شێخی هەر تەکیەیەک بیروباوەڕی تایبەتی و هەڵسوکەوتی تایبەتی خۆی هەبووە و زۆر لە بنەماڵەی شێخەکان مێژووی خۆیان ئاشکرا ناکەن، چونکە هەندێک لە ئیجتیهاد و باوەڕەکانیان لەوانەیە لە ژینگەی ئیسلامی قبووڵ نەکرێ. ئەوەش وایکردووە هەموو بنەماڵەکانی شێخ لە کوردستان بنەمای تەقییە (خۆبواردن) بەکار بێنن و مێژوو و بیروباوەڕەوکانی خۆیان ئاشکرا نەکەن. ئەمە لەناو بەشێک لە پەیرەوانی عەلەوی بە "سڕی مەگو" بەناوبانگە، واتا ئەو نهێنییەی نابێ بدرکێنرێ.

لە ئەدەبیاتی کۆنی فارسیدا زۆرجار ئەو نهێنییە بە ئەسراری ئەزەل دادەندرێ، واتا بەو نهێنیانەی کە لە سەرەتای وجودەوە بووە و نابێ

بـدرکێنـدرێن و بەس لە ئەنجوومەن و مەحفەلەکـانـدا دەگوترێـت. کـاردانەوەی ئەمە لە بەرهەمی ئەدەبیـاتی عیرفـانی مەولانـا جەلالەدینی ڕۆمی و حافز و سەعدی شیرازی و عومەر خەییامدا ، بە ڕوونی دیارە. چوارینە بەنـاوبـانگەکەی خەییـام تەعبیر لەو مێژووە تـاڵە دەکـات. ئەو دەڵێ: "اســـرار ازل نه تو دانی و نه من .. . وین حرف معمـا نه تو خوانی و نه من ... هســـت از پس پرده گفتگوی من و تو... چون پرده برافتد نه تو مانی و نه من" واتا: نهێنی هەوەڵ نه تۆ دەیزانی و نه من... ئەو پەیڤی مەتەڵە نەتۆ دەیخوێنیتەوە و نه من... لە پشـــت پەردەوە گفتوگۆی من و تۆ بەردەوامە... پەردە گەر داکەوێ نه من دەمێنم و نه تۆ.

لە دووسـەد سـاڵی ڕابردوودا کە هەزار سـاڵ بەسـەر ونبوونی ئیمامی دوازدەهەمی شیعەدا تێپەڕی بوو، بە پێی باوەڕ و ئەفسانەکانیان مەهدی دەبوا زهور بکات و بگەڕێتەوە. ئەو مەسـەلەیە بارودۆخێکی ئەوتۆی لە جیهانی شـــیعە و لە ناو عەلەوییەکاندا خوڵقاند کە ژمارەیەکی زۆر لە عارف و پیاوە دینییەکانیان کەوتنە لێدوان و لێکۆڵینەوە تا وەڵامی ئەو پرســـە بدۆزنەوە: مەهدی لە کوێیە؟ کێ دەکرێ مەهدی بێ؟ مەهدی لە شـــەخســـیەتی کام شـــێخدا خۆی نیشـــان دەدات و ئایا لەبەر تەقییە و خۆبواردن خۆی ئـاشـــکرا نـاکـات؟ ئەو دۆخە دەروونییە کۆمەڵایەتییە بارێکی ئامادەباشـی دروسـتکرد کە بزووتنەوەی نوێی لەسـەر دروسـت ببێ. هەندێک بزووتنەوە لە مێژووی عیرفاندا نوێن، وەک بزووتنەوەی

بابی کە لەناوچەی شیراز دەستیپێکرد و پەرەیسەند بۆ تاران، تەورێز و ناوچەی مازندەران. بزووتنەوەی شیخییە پێش ئەو هەر هەبوو بەتایبەتی لەناوچەی گەیلان. بزووتنەوەی حروفییە و بزووتنەوەی نوقتەوییە لە باکۆ، تەورێز و گەیلان پەرەیسەند. لە ئەنجامی ئەو چوارەدا واتا بابی و شێخی و حروفی و نوقتەوی، بزووتنەوەیەکی نوێ دروست بوو کە باوەڕەکانی زۆر نوێ بوون، ئەویش بزووتنەوەی بەهائییە.

بزووتنەوەی بەهائی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا زۆر بە فراوانی لە شیرازەوە تا گەیلان، مازندەران، تەورێز و تاران و کرماشان پەرەیسەند. لایەنگرەکانی بڕوایان بە باوەڕەکانی باب هەبوو کە لە شیراز دادەنیشت و دواتر لە زیندانی تەورێز تیربارانیان کرد. ئەوکات لە ئێران سەردەمی قاجاری بوو. یەکێک لە یاوەرەکانی باب کە بەهائوللایە مایەوە و خۆی و برا و کەسوکار و پەیڕەوەکانی سەرکردایەتی بزووتنەوەکەیان کرد. ئەو بزووتنەوەیە لە شەقامەکاندا شەڕی کۆلان بەکۆلان و ناوچەیی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران دەکرد. چونکە چۆن سەفەوییەکان ئێرانیان داگیرکرد، بابیەکانیش نیازیان بوو دوای ئێران هەموو جیهانی ئیسلامی بگرنەوە. جاری یەکەم دینی ئیسلامیان دەستکاری کرد، دوایی دینە نوێیەکەیان ڕاگەیاند کە دینی بەهائی بوو. بەهائی دینێکە کە بڕوای عیرفانی زۆر تێدایە، سودێکی زۆری لە پاشماوەی شێخییە و حروفییە و نوقتەوییە وەرگرتوە. بزووتنەوەی بابی

بە سەرۆکایەتی باب دەستی پێ کرد وهەر خۆی بە پەیامبەری یەکەمی ئەو دینە دادەندرێ و بەهائوللا دواتر دینەکەی کاملتر کرد.

مێژووی بەهائوللا پڕ لە ئێش و ئازار و بەرەنگاری و داهێنانە، سەرەنجام لە ئێران دوورخرایەوە بۆ ئیمپراتۆریی عوسمانی و لە بەغدا وسلێمانی و سەرگەلو و ئەدەنە و حەیفا جێگیر کرا. لەناو ئەو بزووتنەوەیەشدا وەک هەر بزووتنەوەیەکی دینی و کۆمەلایەتی دیکە ناکۆکی دروست بوو. لە لایەن ئێران و عوسمانییەوە گوڕ بەو ناکۆکییە دەدرا بۆ ئەوەی بەگژ یەکدیدا بچن. بەهائوللا ساڵانی دوایی تەمەنی خۆی لە فەلەستین بردەسەر و لە کۆتاییدا لە شاری عەکا تەرمەکەیان ناشت. شاری عەکا ئێستا بەشێکە لە ئیسرائیل و قیبلەگای پەیڕەوانی دینی بەهائییە. پێش مردنی بەهائوللا تەرمی باب لە ئێرانەوە بە نهێنی گواستراوەوە بۆ عەکا. لەوێ سێ مەزاری بەهائییەکانی هەیە؛ یەکەمیان باب کە لە زیندانی تەورێز تیرباران کرا و بەهائیەکان دەڵێن ون بوو، وەک چۆن عیسا کوژرا و دوایی هەڵسایەوە و دووبارە ون بووەوە. تەرمی باب لە عەکا نێژرا، چۆن و کێ ناشتی ئەوەش چیرۆکی خۆی هەیە. دووەم هەر لەو مەزارەدا تەرمی بەهائوللا نێژراوە، سێیەمیان گڵکۆی کوڕی بەهائوللا کە شێخ عەبدولبەهایە و لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دینەکەی کردە دینێکی نوێ و جیهاننەزەر.(عموئی،٢٠١٧م)

لەناو بنەماڵەکەی بەهائوڵڵا ناکۆکی لەسەر ئیجتیهاد و جۆری سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەکە هەبوو. کێشەیەکی گەورە لەنێوان بەهائوڵڵا و برا گەورەکەی "سوبحی ئەزەل" دروست بوو. سوبحی ئەزەل لە ئەنادۆلەوە دوورخرایەوە بۆقوبرس و هەر لەوێش مرد. پێش ئەوە لە ساڵی١٨٥٣دا و لە ئەنجامی ئەو کێشەیەدا، بەهائوڵڵا بەغدای بە جێ هێشتبوو و چووبووە سلێمانی و ماوەی چوار ساڵ لە کوردستان مابوەوە. یەکێک لە توانایییەکانی بەهائوڵڵا زانایی و کاریزمایی و باوەڕی بەهێزی بوو کە خۆی بۆی دەگەڕا و بڵاوی دەکردەوە. لەو گەڕانەدا میوانی شێخەکان دەبوو و ڕێنوێنی دەکردن، واتا دەرسی دەدایە شێخەکان. دوایی گۆڕانکاری لە شێخەوە بۆ پەیڕەوەکانی ئەو ناوچەیە ڕووی دەدا. زەمینەی گونجاو بۆ پەرەسەندنی بیروباوەڕی بەهائوڵڵا لە بەغدا پەیدا نەدەبوو، هەر بۆیە دووجار ئەو شارەی بە جێ هێشت.(ایمانی،٢٠٠٦)

لەو ساڵانەی بەهائوڵڵا لە کوردستان بووە (١٨٥٣-١٨٥٦)، لە گۆڕانکاری باوەڕی عیرفانی لە هەموو تەکییەکانی سلێمانی و دەوروبەریدا دەوری هەبووە. بەتایبەتی ماوەیەکی زۆر لە سەرگەڵو و تەوێڵە و کەرکوک و مەریوان وخانەقین ماوەتەوە، میوانی شێخ قادری سوور و شێخ عوسمانی سیراجەدینی بووە. لە تەوێڵە هەر وەک لە مێژووی ئەو بنەماڵەیەشدا هەیە بەهائوڵڵا لەگەڵ شێخی سیراجەدینی دەژیا، خانویەکی تایبەتییان بۆ دانابوو و خزمەتیان دەکرد. دوای ساڵێک

بەهائوڵڵا هێندراوەتە سەرگەڵو (١٨٥٤-١٨٥٦) و میوانی شێخ قادری سوور بووە. لەوێش ڕۆژانە لە ئەشکەوتێک دا (ئەشکەوتی باوەددین) لە ڕامان (تامل)دا بووە. ئەو کاریگەرییەکی زۆری لە تەکییەی سەرگەڵو و کەرکوک هەبووە. لەوێ دوای شەست ساڵ بزووتنەوەیەک دروست بوو بەناوی بزووتنەوەی هەقە کە کاریگەری فیکری بەهائوڵڵای بەسەردا دیارە.(هاشم کاکەیی،٢٠١٢ز)

لەو قۆناغانەدایە پێویستە بپرسم مەولانا خالیدی نەقشبەندی ئەو بیروباوەڕە کراوەی خۆی لە کوێ هێنا؟ ئەو کەسایەتییە چۆن دروست بوو؟ کێ مامۆستای بوو؟ من پێموایە دەبێ بەدوای مێژوویەکی وردا بگەڕێین. لە بەشەکانی پێشوو ئەم باسەم ساغ کردۆتەوە. مەولانا پرسیاری زۆری لە مێشکدا دروست بووبوون و بە دوای وەڵامدا دەگەڕا. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بە نیازی هیندستان سەردانی ئێران دەکات. ماوەی زیاتر لە ساڵێک لە ئێران دەمێنێتەوە و هۆگری گفتوگۆی نێوان شەیخییەکان و مەلاکانی شیعە دەبیت. ئینجا خۆی گەیاندە هیندستان و لەسەر دەستی شێخ عەبدوڵای دیهلەوی دەرس و ئیجازەی تەریقەتی وەرگرت. ساڵێک لەوێ تەکمیلی بیروباوەڕی خۆی کرد، کاتێک کە گەڕایەوە سەرباری ئەوەی کە مۆڵەتی حەوت تەریقەتی تەسەوفی وەرگرتبوو، بەڵام کاری سەرەکی مەولانا خالید لەسەر نەقشبەندی بوو. بیروباوەڕی نوێ و جیاوازی ئەو لەگەڵ شێخەکانی دیکەی قادری گرفتی بۆ دروووست کرد. وەک دیارە دواتر لە ژێر

هەڕەشــە ســلێمانی جێدێڵێ و دەچێتە بەغدا، پاشــان بە ڕێگای ئەنادۆڵدا خۆی گەیاندە ســووریا، لە دیمەشــق گیرســایەوە. لەوێ کۆچی دوایی کرد.(مەلا عبدالکریمی مدرس، ١٩٨٣ز)

کــاریگەری فیکری بەهــائوڵڵا بریتیی نەبووە لە گواســتنەوەی ڕاســتەوخۆی بیروباوەڕی بەهائی بۆ ناو تەکییەکانی کوردســتان، بەڵکو کــاریگەرییەکە زیــاتر فیکری عیرفــانی بووە، کەمتر لایەنی مەزهەبی هەبووە. ئەو پتر جەوهەری بــاوەڕی مەزدەکی نەقــڵ کردووە کە دوو دەهە پێشتر مەولانا خالید کاری لەسەر کردبوو. بۆیە کاتێک لێکۆڵینەوە لە بیروبــاوەڕی کۆمەڵایەتی و دینیــدا دەکەین، دەبینین جیــاوازی هەیە لەنێوان لەلایەک هەقەکان و بارزانییەکان و تەکیەی تەوێڵە لەگەڵ ئایینی بەهــائی. هەڵبەت ســــەرچــاوە فیکرییەکــانیــان زۆر لێــک نزیکن و لە هەندێکیاندا وەک یەکن، بەتایبەتی لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا کە تەنزیمی ژیانی پێ دەکەن. بەهائوڵڵا گووتویەتی کتێبێکی تایبەتی لەســەر مەولانا خالیدی نەقشــبەندی نووســیوە، لە ســاڵی ١٨٥٦ لەکاتی گەڕانەوەی بۆ بەغدا ماوەیەک لای شێخ قادر سوور لە خانەقای کەرکوک دەمێنێتەوە و کتێبەکەش لەلای شــێخ قادر بە ئەمانەت دادەنێت. لە ســاڵی ١٩١٨ دوای کۆتــایی هــاتنی جەنگی جیهــانی یەکەم و پــاشــــەکشــــەکردنی دەوڵەتی عوسمانی لە کەرکوک، کاربەدەستانی ئینگلیز سەردانی سەید ئەحمەدی

خانەقای کەرکوک دەکەن کە نەوەی شـــێخ قادر ســـوور بوو، ئەویش کتێبەکە بە دیاری دەداتە کاربەدەســـتە ئینگلیزەکە. تاکو ئێســـتاش هیچ شـــوێنەوارێک لەو کتێبە گرنگە دیار نییە. لەو کتێبەدا لەوانەیە زۆربەی لایەنە پەیوەندی و عەقیدەییەکانی ئەو گۆڕانە عیرفانییانە ڕوون ببنەوە. یەکێک لە نەوەزادەکانی شێخ ئەحمەدی سەردار بۆ منی باس کرد گوایە دەیـانەوێ یەکێـک ڕاســـپێرن تـا لە ئەڕشـــیفی بریتـانیـا بۆ ئەو کتێبە بگەڕێن.(گفتوگۆی تایبەتی)

لەو بـارودۆخەدا، لە دەهەی ١٨٨٠دا شـــێخ محەمەدی بـارزان بزووتنەوە فیکریەکەی ناوچەی بارزانی داهێنا. ســـەرچاوەکانی فیکری بزووتنەوەی بارزان بۆ شـێخ محەمەدی باوکی مستەفا بارزانی و شـێخ عبدالســلامی بارزان و شـێخ ئەحمەدی بارزان دەگەڕێتەوە. شـێخەکانی پێشـووی بارزان زۆر ئاســایی بوون و دەســەڵاتێکی ئەوتۆیان نەبووە، زۆرجاریش لەلایەن ئاغاکانەوە زوڵم و زۆرداریيان لێ کراوە. هەڵبەت جموجۆڵی نـاڕەزایی بەرامبەر بە ئـاغـاکـانی زێبـار و دەوروبەر لە لای شێخ عبدالسلامی یەکەم هەبووە.

کێشـــەی نێوان شـیعە و سـوننە، کێشـــەی بەردەوامی نێوان عیرفان و شـــەریعـەت وای کرد کـە زنجیرە چیـاکـانی زاگرۆس ببێتـە مـەکۆ و مەڵبەنـدی کۆبوونـەوەی عـارفـە گەورەکـان . ئـەو دۆخە قـەنـاعـەت و بارودۆخێکی عەقیدەیی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی وای دروست کرد

تا ناوەندەکانی عیرفان کە شـــێخەکان فەرمانڕەواییان تێدا دەکرد، لە کوردســـتـــان ببنە پیشـــەنگی بـــاوەڕی دانیشـــتوان.(وان برویین سن،١٣٨٣ه.ش)

ســـەدەی نۆزدەهەم ســـەدەی جموجۆڵی فکری و دینی و عیرفانی زۆر بەهێز و دیارە لە مێژووی کوردســـتاندا. لەو ســـەدەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە عارفەکانی سەر بە تەریقەتە جیاوازەکانی ناو تەسەووف بیروباوەڕی نوێیان وەردەگرت و بڵاویان دەکردەوە. هەست پێ دەکرێ کە بوێرییەکی تایبەتیشـــیان بەکار هێنابێ بۆ ئەوەی ســـەرکردایەتی پەیڕەوەکانی خۆیان بکەن تا لە چوارچێوەی تەکیەکانی خۆیان دەربچن. هەریەکێك بەپێی ڕوانگـای خۆی لـەو نـاوچـانـەی تیـایـدا فەرمـانڕەوایی دەکرد هـەوڵی فراوانکردنی قەڵەمڕەوی خۆی دەدا.

ئەو عارفانەی لە ناوچە دووردەســـتەکانی ئێرانەوە (لە خوراســـان، گەیلان، شـــیراز، ئەســـفەهان و تەورێزدا)ســـەریان هەڵدا، ڕوانگایان لە ناوچەی خۆیان فراوانتر بووە. واتا دەیانویســـت لە چوارچێوەی ئێران دەربچن. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندی پەروەردە و ئەو خواســـتەی ســـەرکردە کۆمەڵایەتیەکان لە ســـاســـانی کۆندا هەیانبووە. بە پێچەوانەی ئەوان، عارفەکانی کوردســـتان دەیانویســـت زیاتر پەیامی خۆیان لە چوارچێوەی کۆمـەڵگـای کوردســـتـان بـە هـەموو پێکهـاتـەکـانـەوە بڵاو بکەنەوە و نیزامی ســـیاســـی وڵاتەکەیان بگرنە دەســـت. یەکێك لە

تایبەتمەندیەکانی عارفەکانی کوردستان ئەوەبوو کە بۆ یەکەم جار زمانی کوردییان بۆ دارشـــتن و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕە پیرۆزەکانی خۆیان بەکار دەهێنا. هەڵبەت دەبێ بگوترێ ئەمە تەنیا تایبەتمەندی ســـەدەی نۆزدەهەم نیە تەنیا لەو ســـەدەیەدا فراوانتر و بەهێزتر بووە. ئەگەرنا نۆ ســـەد ســـاڵ لەمەوبەر دینی ئێزیدی دروســـت بوو، لە ناوچەی هەکاری بڵاوبووەوە و دەقە پیرۆزەکانیشـــی بە زمانی کوردییە. هەر بۆیە ئێزیدی سـنووری خۆی دیاری کرد و لە چوارچێوەی سـنوورەکانی نەتەوەیی و فەرهەنگی کوردســـتان دەرنەچوو. هەر ئەمەش وایکرد دینی ئێزیدی جگە لـە کورد پـەیڕەوانی تری نـەبێ. بۆ نموونـە ئێزیـدی پـەیڕەوی بـە زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی نییە.

بە شێوازی ئێزیدی، دینی یارسان دەقە پیرۆزەکانی بە یەکێك لە شێوە زارەکانی زمانی کوردی ناوچەی هەورامانە. لەوێشـدا زمانی هەورامی بەکار هاتووە کە بە هیچ شـــێوەیەك ناکرێت وا حســـاب بکرێ تەواو کوردییە. ئەمەش مەســـەلەیەکی زمان ناســـییە، بەڵام دەکەوێتە ناو جوگرافیای فەرهەنگی کوردسـتان. ئەو دینەش زۆربەی پەیڕەوەکانی لە ناو دانیشـتوانی کوردسـتانن. سـەرباری ئەوەی کە زمانی نووسـینەوەی دەقە پیرۆزەکـانی زمـانی هەورامییـە بەڵام توانی پەرە بســـتێنێ و لە ناوچەیەکی دیاریکراوی ئازەربایجان پەیڕەو پەیدا بکا. هەروەتر بەشێک لە فارسـەکانیش پەیڕەوی دینی یارسـانن. زمانی هەورامی وای کردووە ئایینی یارسان لەناو تورك و فارسدا زۆر بڵاونەبێتەوە. لەناو عەرەبیشدا

نەیانتوانیوە بە هیچ شـــێوەیەک پەیڕەو پەیدا بکەن. ئەمە تایبەتمەندی مێژووی فەرهەنگی کوردســتانە و ئەو دوو دینە یارمەتییەکی زۆری بە هێزکردنی زمـانی کوردییـان داوە، بە تـایبەت لـە بواری عـەقیـدەیی دانیشـتوانی کوردسـتان. لە تەنیشـت ئەوان مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی چەند ســـەد ســـاڵ بەر لە ئێســـتا، لە دەقە عیرفانییەکانی خۆیاندا زمانی کوردییان بەکار هێناوە. شـــایەنی باســـە هەردوو شـــێوەزاری هەورامی و کرمانجی دەقی پیرۆزی دوو دینی پێ نووسراوەتەوە. دینی ئێزیدی دەقەکانی بە زمانی کوردی کرمانجییە و دینی یارسـان بە زمانی هەورامییە. ئەدەبیاتی عیرفانی بە شێوەزاری سۆرانییش نوسـرایەوە کە بووەتە زمانی شـــەپۆلە تازەکەی بزووتنەوە چاکســازەکان. مەولانا خالید لەو ڕووەوە دەستپێشخەر بوو.

لە ســـەرەتای ســـەدەی نۆزدەهەمدا ژمارەیەکی بەرچاو لە عارفە گەورەکان و هەندێك لە پیاوانی ڕۆشـــەنگەری ئایینی ســـەریان هەڵدا و کەوتنە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی خۆیان. مەبەســتیشـیان ئەوە بوو گۆڕانکارییەکی قوڵ لە کۆمەڵگای ئیسـلامیدا دروسـت بکەن. پاشـخان و زەمینی کۆمەڵایەتی و عەقیدەیی هەموو ئەو عارف و ڕۆشنەگەرانە یەك جۆر نـەبووە. دەتوانین نموونـەیـەك بێنینـەوە، جـەمـالـەدینی ئەفغـانی و محەمەد عەبدە و کەواکبی لە ســـەدەی نۆزدەدا ســـێ ڕۆشـــەنگەری بەناوبانگی عالەمی ئیسـلامی بوون. جەمالەدین ئەفغانی خەڵکی ئێرانە و محەمەد عەبدە لە میسر و کەواکبیش لە تونس لە دایکبووە. هەموویان لە

سـەر ئەوە کۆک بوون کە زمانی عەرەبی وەک زمانی ڕۆشـنگەری خۆیـان بـەکـار بێنن. ئـەوانـە زۆر لـەژێر کـاریگـەری داگیرکـاری کۆلۆنیـالیزم و ئـەو گۆڕانکـارییـەدا بوون کـە لـە جیهـانی ئیسـلامیدا رووویدەدا. گۆڕانکاریەکانیش بریتی بوون لەوە لەلایەن کۆلۆنیالیزمەوە پەرە بە شارستانیەت دەدرا، دەرگا کردنەوە بۆ زانست و هونەر و ستایل و شێوەی ژیانی نوێ بۆ ڕۆژهەڵات دەکرایەوە. ئەمە سەرباری ئامانجی سەرەکییان کە ڕۆژهەڵاتیان وەک ناوچەی نفوز و کۆڵۆنی خۆیان بەکار دەهێنا وداگیریان کردبوو.

مێژووی ڕۆشـنگەریی لە جیهانی ئیسـلامدا، ڕۆلێکی دیاریکراوی هەیە چونکە زەمینەی دروسـت کرد تا لەبەرامبەر شـەڕیعەتدا دەنگی نـاڕەزایی لـەنـاو خودی پیـاوانی دینیدا بـەرزببێتـەوە و داوای گۆڕان و چاکسازی بکەن. لە پاڵ ئەوانەدا جموجۆڵی عارفە چاکسازیخوازەکان و گۆڕانکاریخوازان بەردەوام بوو. پێشـتر ئیشـارەم کرد لە سـەدەی نۆزدەهەمدا، هەزار سـاڵەی بزربوونی محەمەدی مەهدیدا زەمینەیەکی عەقیدەیی و کەشێکی دەروونی ئەوتۆ دروست بووبوو کە ژمارەیەك لە شـێخ و عارفەکان بەدوای دۆزینەوەی وەڵام و چارەسـەردا بگەڕێن. بڕوایەکی گشـتی هەبوو پێی وابوو لەناو کەسـایەتی ئەوسـای عارف و پیـاوە دینییـەکـانـدا دەتوانن مەهدی بـدۆزنـەوەو بە ئەنجـامێـک بگەن. هەروەهـا بزووتنـەوەی عیرفـانی بەکتـاشـی کـە لـە ئـازەربـایجـانـەوە دەسـتیپێکرد، لە ئەنادۆڵ پەرەیسـەند و پەڕییەوە بۆ لێوارەکانی دەریای

سـپی ناوەڕاسـت، کە ئەمڕۆ ڕۆژاوای سـوریای پێ دەگوترێ و بە عەلەویستان ناسراوە. عەلەوییەکان لە ئەنجامی جموجۆڵی ئەو عارفانە، بەتایبەت بەکتاشییەکان وەک پێکهاتەیەکی نوێی دینی دروست بوون.(ویکی شیعە،٢٠١٩م)

ئەو بارودۆخە کوردستانیشی خستە ژێر کاریگەری خۆی و تیشکی ئەو بیروباوەڕانە لە تەکیە و خانەقاکاندا دەبیندرا و دەبووە باس. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا جموجۆڵ لەناو تەکیە و خانەقاکانی کوردستان زیاد بوو، موناقەشەی نێوان عارفەکانیش ڕیتم و گوڕێکی نوێی بەخۆیەوە بینی. تەکیەی نەهری لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزهەمدا مەڵبەندێکی چالاك بوو کە سەید تەهای نەهری (یەکەم) باوکی شێخ عەبدوڵڵای نەهری بنیادنەری بوو. ئەو لەسەر دەستی مامی خۆی شێخ سەید عەبدوڵای نەهری پەروەردە کرا. شێخ سەید عەبدوڵا خۆی خەلیفەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بوو، بۆیە سەید تەهای نارده لای مەولانا تا دەرس بخوێنیت و دووبارە ئیزنی تەریقەت لە خۆی وەربگرێت. ئەو بە ماوەیەکی کورت بووە جێی بایەخ و پەسندی مەولانا خالید و ئینجا گەڕایەوە گوندی نەهری. سەید تەهای یەکەم بووە هاوکارێکی بەناوبانگی مەولانا خالید و مەرکەزی تەریقەتی نەقشەبەندی خالیدی موجەددی لە باکووری کوردستان کردەوە کە تەکیەی نەهری بوو. خەلیفەکانی مەولانا خالید لە ناوچەی سۆرانیش زۆر ڕێزی سەید تاهای یەکەمیان دەگرت. بۆ نموونە شێخ عوسمانی سیراجەدینی تەوێڵە

(عوسمانی یەکەم) هێندە سەید تەهای خۆشویستوە کە لە نامەیەکدا بۆی دەنووسێ: بیستومە قەڵیت لە ملی سەگان دەکەی، باشە بۆ پەتیکیش لە ملی عوسمان ناکەیت؟ ئەم نامەیەی شێخ عوسمان دەبێتە مایەی گلەیی موریدەکانی کە نابێ هێندە خۆبەکەمزان بێت. ئەویش لە وەڵامیاندا دەنووسێ: "انی اعلم ما لا تعلمون" . واتا ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن.

سەید تاها دەورێکی چالاکی هەبووە لە پێگەیاندنی پەیڕەوەکانی خۆی، ژمارەیەکی زۆر لە شێخەکان لەبەر دەستی ئەو ئیجازەیان وەردەگرت. بۆ نموونە شێخ عبدالرحمانی بارزان و شێخ عبدالسلامی بارزان (یەکەم) لە تەکیەی نەهری لەسەردەستی سەید تەها ئیجازەی شێخایەتییان وەرگرتووە. هەڵبەت قسەیەکیش هەیە کە شێخ عبدالرەحمان ڕاستەوخۆ ئیجازەی لە مەولانا خالید وەرگرتبێ، بەڵام هیچ بەڵگەیەک لە دەستدا نییە. لەلایەکی ترەوە شێخەکانی بارزان سەرەڕای نەقشبەندیبوونیان خۆیان بە موریدی تەکیەی نەهری دەزانن. شێخ عبدالسلامی یەکەم هاوتەمەن وهاوسەردەمی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری بووە. تەنانەت باس لەوە دەکرێ زیرەکی و زانایی عارفانەی شێخ عبدالسلامی یەکەم بووەتە مایەی سەرنج و بایەخ پێدانێکی زۆری سەید تەهای نەهری، کە ئەوەش وایکردووە لەناو خانەوادەی سەید تەها و لە ناو تەکیەکەشیدا کاردانەوە و حەساسیەت بەرامبەر بە شێخ عبدالسلامی یەکەم هەبێ. چیرۆکی جیاجیا لەسەر نارەحەتکردن و تەنگ پێهەڵچنینی

دەوروبەری شـــێخ عوبەیدوڵا بۆ شـــێخ عبدالســـلام هەیە. شـــێخەکانی بارزان دوای شێخ عبدالسلامی یەکەم لە باوەڕی عیرفانییاندا ورده ورده گۆڕانکاریەکی خێرایان دەستیپێکرد.(مرگور ارومیه، ٢٠١٩م)

شێخەکانی بارزان لە ئامێدیەوە هاتوون و لە ناوچەی بارزان جێنشین بوونـە. مـەســـعودی یەکـەم لـە ئـامێدییـەوە کۆچ دەکـات، کەســـێکی دەروێشسیفەتی ئاسایی ئەو ناوچەیە بووە. دوای چەند نەوەیەک لە کاتی شێخ عبدالرحمانەوە تەکیەیان بنیاد نا. ئەو تەکیەیە لە گوندی بارزان و لە کۆنترین بینـایەی دینی ئەوێ نۆژەن کرا. بـارزان بۆ خۆی نـاوێکی عیبرییە. ڕیوایەت هەیە کە بینای ناوبراو لە کۆندا ماوەیەک کنیشـــت و دەمایەک کەنیسە بووە. هەر بۆیەش دانیشتوانی گوندی بارزان بە هەموو دینەکانەوە ســـەری خۆیان بە شـــێخ و تەکیەکەی ســـپاردووە. هەروەك ئیشـــارەم پێی کرد شـــێخ عبدالســـلامی یەکەم لە تەکیەی نەهری جۆرێك عیرفانی نوێ و زیندووتری هێنایەوە ناو تەکیەی بارزان. دوای ئەو، شـــێخ محەمەدی بارزان کە باوکی موســـتەفا بارزانی و شـــێخ ئەحمەد و شـــێخ عبـدالســـلامی دووەم بوو، لـە ڕوانگـای عیرفـانی خۆیـدا ئـەو گۆڕانکـارییـە بنەڕەتییەی دەســـت پێ کرد کـە بووە بنەمـای بـاوەڕە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی چاکسازی بارزان.(ویکیپیدیا،٢٠١٩م)

ئـازاردانی بـارزانییـەکـان وەك بزووتنـەوەیـەکی چـاکســـازیخواز لـە زەمانی شێخ محەمەدی بارزانەوە دەستیپێکرد. یەکێك لەو شـەڕانەی کە

بۆ یەکەم جار تووشـــی بـارزانییەکـان دەبێ، بـەفەرمـانی یـەکێك لـە کوڕەکـانی شـــێخ عوبێدوڵڵای نـەهری بوو کـە پێی دەگوترا موحـەمـەد سدیق. شێخ موحەمەدی بارزان کە بە عارفێکی ئارام و دوور لە شەڕ و ئاژاوە ناوبانگی دەرکردبوو و وەک وەفادار و ملکەچی تەکیەی نەهری، بڕیاری دا لەبەرامبەر پەلاماری نەهریەکان پاشـەکەشـە بکات و بەرەو ناوچەی ڕواندز کۆچ بکا و زیاتر لە ساڵێك لەوێ مایەوە.

دەگێڕنەوە شـــێخ محەمەد لەکاتی پاشـــەکشـــەی خۆی بەرە ڕواندز لە ڕیگا قاچی هەڵدەخلیســـکێ و نرکەیەک دەکات. موریدەکانی باوەشـــی لێدەدەن و لێیدەپرسن چی بوو؟ شێخ لەبەر خۆیەوە دەڵێ خەریک بوو لە دڵەوە لە محەمەد ســـدیقی نەهری زویر ببم. موریدەکانی دەڵێن قوربانی ناوچەکەی هەموو داگیر کردوە و تۆشـی ئاوارە کردووە کەچی هەر لێی تورە نەبووی؟ دواتر لە ژێر گوشـــاری پەیڕەوەکـانیـدا بریـار دەدات بەرگری لە خۆیان بکەن و خۆیان بەهێز بکەن و بگەڕێنەوە بارزان. لە شەڕێکی قورسدا نەهریەکان دەشکێنن و خودی محەمەد سدیقی نەهری بە دیل دەگیرێت. کە دەیبەن بۆ لای شـــێخ موحەمەدی بارزان، ئەو بە ئیحترامـەوە دەڵی: ئـازادی بکەن و لـەگـەڵی بچن و بیبـەنـەوە تەکیەی نەهری.

شـــێخ محەمەدی بارزان خەریکی هەڵێنجانێکی نوێ بووە لە عیرفاندا و بیری لە چاکسازی لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و دینی دەکردەوە

و سەرقاڵی چاکسازی بۆ نزیککردنەوەی دینەکانی ناوچەی بارزان بوو. لە بنەما سـەرەکییەکانی بیرکردنەوەی ئەو، دەوری ئافرەت و رزگار کردنی لـە ژێر زوڵم و سـتـەمی دابونـەریتی عـەشـایری وحوکمی شـەریعەتدا بوو. سـەرەتا ئەو بیروباوەڕەی چاند کە دەبێ ژن ڕێزی بگیرێ و لـە ژیـانی تـایبەتی خۆیـدا وەك مێردەکەی مـافی هەبێ لە کـارکردن و بـەخێوکردنی منـداڵ، لـەوەش زیـاتر دەوری دیکـەی کۆمەڵایەتی بۆ هـاریکـاری کردنی پیـاو پێ بـدرێـت. شـێخ زۆر سروشتدۆست بووە، گیاندارەکانی ئازار نەدەدا، هەر لە مار و مێروەوە بگرە تا ئاژەڵەکانی تری ئەو ناوچەیە بە پیرۆزی دەزانین. هەوڵێکی زۆری دەدا کە پەیڕەوەکـانی دار و درەختی جـەنگـەڵەکـانی نـاوچـەکـە بپارێزن. ئەوەش وایکرد پاراستنی ژینگە بە ئاژەڵەکانیەوە ببێتە یەکێك لە باوەڕە سەرەکییەکانی عیرفانی بارزان.

ئەو بزووتنەوەیە لە ناوچەی بارزان زۆر بە بەرتەسـکی مایەوە و پەرەی نەسـتاند. لە زەمانی شـێخ محمەدی بارزاندا سـەرەتاکانی بیری دروستکردنی هێزی چەکداری لەپێناو پاراستنی بیروباوەڕەکانی خۆیان خەملا. کەواتە چەند تایبەتمەندی لە شـێخ محەمەدی بارزان هەبوو، بێ ئازاری و بێوەیی و سروشتدۆستی و مرۆڤدۆستی. هەروەها فەرمانی دەرکرد هێزێکی چەکدار دروسـت بکرێ کە بـە تـەکیـەی بـارزان و هەوادارەکـانی شـێخ پـابـەند بن. ئێمـە نـازانین کـە جیـا لـە کـاریگەری عبدالسلامی یەکەم کێی دیکە کاریگەری لەسـەر شـێخ محەمەدی بارزان

هەبووە. بەڵام ڕوونە لە عالەمی شـــەرقی و ئیســـلامیدا هیچ تەکیە و شـــێخێك بە تەنیا داهێنەری باوەڕە گشـــتیەکانی خۆی نەبووە، بەڵکو هەمیشـــە شـــێخەکان لەگەڵ ڕان و خوێندن و تەریقەت وەرگرتن لەســـەر دەســـتی یەکتری بوونە. هەر بۆیە ئەو شـــێخانەی بیروباوەڕی نوێیان دەهێنا، سـەفەری دوور و درێژیان دەکرد و بە سـاڵ دەمانەوە، بۆ ئەوەی بیروبـاوەری نوێ فێربن. شـــێخ محمەد لەو قـاعیدەیە بەدەر نەبووە. لە نەهری، ئاکرێ، گەڵاڵە، ڕواندز و کۆیە خوێندوویەتی.

یەکێکی دیکە لە بنەماکانی عەقیدەی بارزانیەکان خۆشـــەویســـتییە بۆ ســـەرزەمینی بارزان و ئینجا کوردســـتان. هەربۆیەش کاتێك بە تۆبزی دوور خراونەتەوە و ناوچەکەیان لێ ســـوتاندوون و کوشـــتار کراون، ئەوانەی کە دەمانەوە لە یەکەم فرســـەتدا دەگەڕانەوە ناوچەکەی خۆیان و گوند و تەکیەی خۆیان ئاوەدان دەکردەوە. ئەو ڕووداوانە لە زەمانی شێخ محەمەدی بارزاندا زیاتر لە ســێ جار، لە ڕۆژگاری شـێخ عبدالســلامی شـەهید زیاتر لە چوار جار، لە زەمانی شـێخ ئەحمەد زیاتر لە پێنج جار، لە شـۆڕشـی ئەیلول و زەمانی مسـتەفا بارزانی سـێ جار و دواجاریش بارزان و ناوچەکە لەگەڵ زەوی تەخت کرا ودانیشـتوانەکانیشـی ئەنفال کران. بەو پێیە بە ئاشـــکارا دیارە ســـەرزەمیندۆســـتی کە پێی دەوترێ نیشـــتیمـانپـەروەری، یـەکێـك لـە بـاوەڕە بـەهێزەکـانی بزووتنەوەی چاکسازیخوازی بارزان بووە.

لە زەمانی شێخ موحەمەددا پەیوەندی کردن بە تەکیەکانی دەوروبەر و گەرمکردنی موناقەشە و بڵاوکردنەوەی بیروڕاکان زۆر باو و فراوان بوو. هەروەها دیفاع کردن لە باوەڕدارانی مەسیحی و یەهودی و ئێزیدی بە یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی بارزان دادەنرا. دیفاعکردن لە ژنان بەو باوەڕانەی کە شێخ محەمەدی بارزان دایهێنابوو لە کۆتاییەکانی ژیانی شێخدا پەرەی سەند تا وای لێ هات فەرمانی دا هیچ ژنێك نابێ بە تۆپزی بە شوو بدرێ، پەیوەندی نێوان ژن و پیاو بۆ هاوسەرگیری دەبێ بە ڕەزامەندی و ئازادی بێت. جیاوازی چینایەتی نابێ لە پەیوەندی نێوان ژن و پیاودا بەکار بهێندرێ. بۆ نموونە ئەگەر کچی یەکێك لە ئاغاکان بیەوێ شوو بە شوان یان جوتیارێکی ئەو گوندەیان گوندێکی تر بکات، دەبێ ئاغا یان کەسوکاری ژنەکە ئاستەنگ دروست نەکەن و ڕازی بن، ئەگینا پەیڕەوانی شێخ دیفاع لە ژنەکە دەکەن و لە پیاوە دڵخوازەکەی مارەی دەکەن. ئەو کێشەیە لە ماڵباتی ژمارەیەک ئاغا ڕووی داوە و پەیڕەوانی شێخ دیفاعیان لە کچ و کوڕە کردووە، بۆیە هەندێک لەو ئاغایانە سەریان هەڵدەگرت و گوندەکەی خۆیان بەجێدەهێشت. چونکە هێزی چەکداری تەکیەی بارزان لە پەرەسەندندا بووە، ئاغاکان نەیاندەتوانی بەرەنگاریان ببنەوە بۆیە گوندەکانیان بەجێدەهێشت. هەندێک لە ئاغاکانیش بوونە پیشتیوانی ئەو باوەڕانەی کە شێخ دایهێنابوون. کار گەیشتە ئەو ڕادەیە کە ئەو پیاو و ژنانەی لە عەشیرەتەکانی دەوروبەردا دەیانویست پێکەوە بژین و

لەمپەر یان هەرەشـەیەکیان لەسـەر بوایە، پیاوەکە دەیتوانی دەسـتی کچە بگرێ و بیبـاتە بـارزان. لەوێ لێی مـارە دەکرا و پـارێزگـاریشـــی لێ دەکرا. زۆربەی ئەو ژن و پیـاوانە لەوێ دەمـانەوە و نەدەگەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان.هەر بۆیەش زۆربەی دانیشـــتوانی گوندەکان خەڵکی شوێنی ترن و بوونەتە بارزانی. ئەوە وایکرد یەکێك لە ڕووە گەشـەکانی بزووتنەوەی بارزان پشتیوانی کردن بێت لە نیوەی کۆمەڵگا. بۆیە ژنان لە ناوچەی بارزان ئازادییەکی زۆریان بۆ دەرچوون و بەشـــداریکردن لــە کــار و بەڕێوەبردنی خێزان و دەنگی بــەرزیــان لــە بڕیــاری چارەنوسسـازی نێو ماڵدا هەبوو. هاوسـەری هەرتێکۆشـەرێکی بارزان، دەورێکی گرنگی لە بەڕێوەبردنی ماڵ و مندالدا هەبووە و لەوەشـــەوە ژنی ناوداریان تێدا هەڵکەوتوون. ئەو ژنانە بەشداردەبوون لە جموحۆڵە چاکســـازییە کۆمەلایەتی و ســـیاســـییەکە. هەروەها لە غیابی مێرد و کوڕەکانیان کە لە نەتیجەی جەنگ و بەرەنگاری لە ناوچەکە، پیاوەکانیان دوور دەکەوتنەوە و لە ساڵدا هەبووە کەمتر لە جارێک گەڕاوەتەوە ماڵ، بۆیە ئەو پیـاوانە لە توانـایانـدا نـەدەبووە لەو دۆخە ســـەختەدا بڕیـار لـە چارەنووسـی مندالەکانیان بدەن. بۆیە ژنان دەسـەڵاتی هەموو بڕیارێکیان پێدراوە کە لە بەرژەوەندی خێزانەکەیان و سـەلامەتی عەقیدەکەیان بێت. لەو بوارەدا چیرۆکی زۆر ســـەرنجڕاکێش و تراژیک و لە هەمان کاتدا پڕ لە قارەمانیەتی لە ناو ژنانی بارزان دا هەیە.(ایوب بارزانی،٢٠٠٢م)

ئەوەی کە پەیوەندی بە پاراســتنی پێکهاتە دینیەکانەوە هەبێ، بەهەمان

شـێوه له زەمانی شـێخ محەمەدەوه، دیفاعکردن له ئێزدیەکان دەسـتی پێ کرد. بۆ نموونه ئەگەر ئێزیدیەکان له لایەن عەشـــیرەته موســـڵمانەکانی دەوروبەریانەوه هەڕەشـــەیان لێ کرابا، جەنگاوەرانی بارزان دەچوونه ناوچەی ئێزیدیەکان و بەرگریان لێ دەکردن و دەگەڕانەوه بارزان. ئەمه وایکرد پەیوەندیەکی مێژوویی لەنێوان پەیڕەوانی ئایینی ئێزدی و پەیڕەوانی بزووتنەوەی چاکســـازی عیرفانی بارزاندا دروســـت ببێ. هەمان هەڵوێســـت بەرامبەر به مەســـیحییەکانیش هەبوو. کاریگەری بیروباوەڕی بارزان لەســـەر مەســـیحییەکان زیاتر بووه تا لەســـەر ئێزیدیەکان. ئەوەش وایکرد که مەســـیحییەکانی ئەو ناوچەیه، ســـەرباری پاراســـتنی دینی خۆیان و هەســـتکردن به پشـــتیوانێکی بەهێز که دیفاعیان لێ دەکا، بۆ یەکەم جار بینیان لەگەڵ پەیڕەوانی دینی موســـڵمان لە ناوچەکەدا بەرابەرن. ئەو گۆڕانەی هەندێک له مەســـیحییەکان بووه هۆکارێک تا وەك بارزانییه موسڵمانەکان، بارزانی مەسیحیش پەیدا ببن. واته پەیڕەوانی دینی مەســیحی له گوندەکانی بارزان عەقیدەی بارزانیان وەردەگرت بەڵام لەســەر ئەســاســی مانەوه لەســەر دینی خۆیان، هەروەك چۆن له تەنیشت ئەواندا دانیشتوانی گوندەکانی بارزان لەئەسڵدا کوردی موســـڵمان بوون بەڵام عەقیدەی بارزانیان وەردەگرت به هێشـــتنەوەی باوەڕی ئیســـلامی وەك ئینتیمای دینی. تا ئێســـتاش گوندی تایبەتی مەســـیحی له ناوچەی بارزان هەیه. ئەوانه چارەنووســـی خۆیان له بزووتنەوەی بارزان جیا نەکردەوه. له ســـاڵی ١٩٨٣دا که بارزانییەکان

بۆ ئۆردوگـاکـانی دەوروبـەری هـەولێر و بەتـایبـەتی بۆ قوشـــتـەپە ڕاگوێزرابوون ، لەکاتی ئەنفالدا پیاوەکانی بارزانییان جیادەکردنەوە بۆ بردنیان بەرەو کوشـــتارگا. کاربەدەســـتانی ئەمنی عێراقی لە کاتی لێکۆڵینەوەدا بۆیان دەرکەوت ژمارەیەك لەوانە مەســـیحین و کورد نین. پێیـان دەڵێن ئێوە نـە موســـڵمـانن نـە کوردن، ئـەتوانن بڕۆن. پیـاوە مەســـیحییەکان وەڵامدەدەنەوە ئێمە چارەنووســـی خۆمان لە بارزانیەکان جیا ناکەینەوە، ئێمە مەسیحین لە هەمانکاتدا بارزانین. هەربۆیەش ڕازی دەبن بەوەی لەگەڵ بارزانییەکان بگیرێن و ئەنفال بکرێن.

شـــێخەکانی بارزان لەگەڵ پەیڕەوانی دینی یەهوودیش پەیوەندییەکی زۆر نزیکیـان هەبووە. بـاوەڕی بـەرابـەری نێوان دینـەکـان پێیوایە هیچ دینێک بەســـەر ئەوی تردا زاڵ نیە. فەلســـەفەی بەرابەریەکەش لەوەدایە کە هەموو دینەکان لە لایەن خوداوە هاتوون و چارەســـەری تایبەتیان بۆ پەیڕەوەکانی خۆیان پێیە، کەواتە هەموویان بەرابەرن. پشـــتیوانیکردنی تەکیەی بارزان لە یەهوودییەکان وایکرد لە ناوچەکەدا هەســـت بە ئـاســـایشـــێکی دڵخوازی خۆیـان بکەن. ژمـاریـەکی زۆر لـە خێزانـە بەناوبانگەکانی جووی ناوچەی ئاکرێ و زێبار و بەرۆژ و ئەوانەی لە گوندەکانی تری ناوچەی بارزاندا دەژیان، وەك مەســـیحیەکان خۆیان بە تابعی تەکیەی بارزان دەزانی. دەوڵەتی عێراق لە چلەکانی سەدەی بیست بڕیاری ڕاگواســـتنی جووەکانی بەرەو ئیســـرائیل دەرکرد. لە ئیســـرائیل تاکو ئێســـتا ئەو جووانە وەک ڕەوەندێکی کوردی جوو ماونەوە و کوڕ و

نەوەکانیشیان خۆیان بە کورد دەزانن. ئێستا دەیبینین ئەوانە لە ئیسرائیل نەك هەر زمانی کوردی و دابونەریت و جلوبەرگی کوردییان پاراستووە، بەڵکو خۆیان بە کورد و کوردستانی دەزانن. زیاتر لە دوو سەد هەزار جوو کە لە کوردستانەوە گەڕاونەوە ئیسرائیل، بوونەتە بنەمای زیاتر پێناساندنی کوردستان بە دەوڵەتی نوێی ئیسرائیل. لە ڕاستیدا ئەو هەستەیان لەبەر ئەو بیروباوەڕەیە کە لە بارزان هەیانبووە. هەربۆیەش پەیوەندی بەرابەری ئەو دینانە؛ موسڵمان، مەسیحی، ئێزیدی و جوو بووەتە بنەمای باوەڕ و ڕەفتاری پەیڕەوانی بارزان. ساڵی ٢٠١٧ دەوڵەتی ئیسڕائیل بە ڕەسمی ئامادەیی خۆی بۆ دان پێدانان و پشتیوانی دەوڵەتی کوردستان دەربڕی. ناتانیاهۆ سەرۆکی وەزیرانیان گوتی ئەم هەڵوێستە بۆ ڕەزامەندی و پشتیوانی جوەکانی بە ئەسڵ کوردستانی دەگەڕێتەوە.

ڕوانگای تەکیەی بارزان بۆ دینەکان، هەر لە زەمانی شێخ محەمەدەوە بەو ئامانجە بوو دین بە شێوەیەك چاکسازی تێدا بکرێ کە ژیان بۆ پەیڕەوەکانی ئاسان بکات. ئەوە بنەمای سەرەکی بووە، واتا پەیڕەوانی دینی ئیسلام و هەر دینێکی تر لە ناوچەکە دەبوو ئەو دابونەریت و باوەڕە شەریعەتیانەی وایان لێ دەکات لە دژی یەکتر هەڵوێست وەربگرن و تێکەڵاوی و هاوکاری کۆمەڵایەتی لە نێواندا نەمێنێ،

دەستکاری بکەن و ئەگەر پێویست بوو بەلاوە بنرێت. ئەمە وایکرد ئەو چاکسازییە موناقەشەیەکی دوور و درێژ و زەمانێکی زۆری پێویست بێت.

لەلایەکی تر ئەگەر لە ژیانی ناوچە شاخاویەکان بەتایبەتی ناوچەی بارزان ورد ببینەوە، کارکردنی بەردەوام بنەمای ژیانیانە چونکە سروشت لەو ناوچانەدا سەختە و دانیشتوانی گوندەکان پێویستە بەردەوام ئیش بکەن و بەرهەمیان هەبێ. جا ئەگەر ئەرکە ئایینیەکانیان کە پەیوەندی بە کاری عیبادەتەوە هەیە، ڕێگا لە پەرەپیدانی کار و بەرهەم و هاوکاری نێوان دانیشتوانی ناوچەکە بگرێ، دەکرێ بۆ ئاسانکاری ئەو ئەرک و ڕەفتارانە چاک بکرێت. بنەمای عەقیدەی بارزان بریتی بووە لە ئاسانکردنی ژیان بۆ ئینسان. ئینسانی بەرهەمهێنەر هەمیشە هوشیار و پڕکار و لەگەڵ دەوروبەردا پەیوەندی دەبێ. بەو پێوەرە ئینسانی لەم جۆرە دەبێتە مرۆڤێکی باش. جەوهەری بیرکردنەوەی شێخ محەمەدی بارزان ئەوە بووە (هەروەها شێخ ئەحمەدیش، خودان) ئامانج مرۆڤی باش و بەرهەمهێنەرە، مرۆڤێك کە پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ دەوروبەری هەبێ و گیانی هاوکاری تێدا گەشابێتەوە و ڕێزی باوەڕی بەرامبەری خۆی بگرێ. ئەگەر مرۆڤی لەم چەشنە لەم زەمانەدا بە پەروەردە کردن دروست بکرێ، ئیتر ئەو ئامانجە دێتە دی کە لە بەشێکی زۆر لەڕێوڕەسمە عیبادیەکانەدا پەیڕەوکار ناچار دەکات کاتێکی زۆر تەرخان بکات تا ئەرکە

عیبادییەکانی ئەنجام بدات. ئامانج لە ئەرکە عیبادییەکانیش گواستنەوەی ئەو کەسەیە لە ئینسانێکی ناقس بۆ ئینسانێکی کامڵ و ساڵح. بۆیە لەهەر کات و شوێنێکدا ئەرکی پەرستن ڕێگەی لە کار و هاوکاری و خۆپاراستنی ناوچەکە گرتبێ فتوای شێخ ئەوە بووە لە کار و پەیوەندی و پاراستنی یەکتر بەردەوام بن لەسەر ئەو پەروەردەیەی لە لایەن شێخی بارزانەوە بڵاو دەکریتەوە. ئەو پەروەردەیە پەیڕەوکارەکە دەکاتە ئەو مرۆڤە ساڵحەی کە ئامانجی ڕەسمی پەرستن لەوەدایە. ئەگەر کرداری پەرستن، ڕێگا لە کارکردن بگرێ، ئەولەویەت بۆ کارکردن و هاوکاری و پاراستنی خۆی و مرۆڤەکانی دەوروبەر دەبێت. لەسەر ئەم بنەمایە هەندێک لەو ئەرکانەی لە جیهانی ئیسلامدا ڕێگا لە بەر هەمهێنان و داهێنانی مادی دەگرن، لە تەریقەتی بارزاندا چارەسەریان بۆ دۆزرایەوە. لە زەمانی شێخ عبدالسلامی دووەمدا ئەو بیروباوەڕانە دەوڵەمەندتر کران و تێکەڵ بە ڕووداوەکانی سەردەم کران.(گفتوگۆی تایبەتی)

کۆلۆنیالیزم لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی داگیر کردبوو. ڕۆژهەڵاتناسەکان بە دەڤەرەکاندا بڵاوبووبوونەوە و زانیارییان بۆ بەریتانیا و فەرەنسا و ڕوسیا دەبردەوە. کێشەیەکی توند لەنێوان بەریتانیا و فەرەنسا و ڕوسیا لەسەر دابەشکردنی ناوچەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی عوسمانی و دەوڵەتی ئێران هەبوو. دواتر پتر جەختیان خستە سەر قەڵەمڕەوی فەرمانڕەوایی عوسمانی. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا زانیارییەکی زۆر لە ڕێگەی کەسان و

دەزگاکانی کۆلۆنیالیستییەوە دەگەیشتە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی. تەکیەی بارزان یەکێك لە و ناوەندانە بوو کە زۆر بە دیققەت و حەساسیەتێکی ئیجابیەوە گوێی لە پێشکەوتنەکانی مرۆڤایەتی دەگرت و فێری دەبوو و ئەوەی بە کەڵکی ژیان لە کوردستاندا هاتبا وەریدەگرت. یەکێك لەو ئیجابیەتانە بابەتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی بوو. لە سەروبەندی لاوازبوون و دواتر ڕووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی، نەتەوەپەرستی تورك (ناسیۆنالیزم) لە تورکیا سەری هەڵدا، بەرەبەرە ئەو هەست و بیرە لای کاربەدەستانی پلە باڵای کوردیش خەملا و نەتەوەپەرستی پەیدا بوو. ئەوان لەو کاتەدا لە ئەستەنبوڵ و شارە گەورەکانی کوردستان دەژیان و لە ستافی دیپلۆماسی ئیپراتۆریی عوسمانییدا کاریان دەکرد. کەسایەتییە هەرە دیارەکانیان شێخ عبدولقادری کوڕی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری بوو کە لە سەرووی ئەو بزووتنەوە فیکرییە نەتەوەیەدا بوو. جیا لە زانایەکەی بەشێکی زۆری دەگەڕایەوە بۆ ئەو مێژووە شکۆدارەی لە زەمانی باوکیەوە بۆی بە جێ مابوو. لەپاڵ شێخ عبدالقادری نەهریدا کەسایەتی کوردپەروەری وەک شەریف پاشا هەبوون.(ایوب بابو البارزانی١٩٨٠)

شایانی باسە لە کاتی دوورخرانەوەی شێخ عوبیدوڵڵای نەهری بۆ حیجاز، شێخ عبدوالقادر لە گەڵ باوکیدا بوو. دوای گەڕانەوەی بۆ ئەستەنبوڵ پەیوەندییەکی توند لەنێوان شێخ عبدالقادر نەهری و شێخ عبدالسلام بارزانی هەبوو، بەتایبەتی ئەو بەشەی پەیوەندی بە بیری

نیشـــتیماپەروەری و ڕزگارکردنی نەتەوایەتییەوە هەبوو، پەیوەندییەکە ڕێکخراو بووە. زەمینە عەقیدەییەکەی پێشوو کە خۆشەویستی سروشت و نیشـتیمان بەشـێك بووە لە بیروباوەری پیرۆزی بارزان وایکرد شـێخ عبدالسـلام زۆر بە ئاسـانی لە فکری نەتەوایەتی تێبگات و بۆ یەکەم جار لـە مێژووی بـارزاندا فکری نەتەوەیی خســـتە نێو عـەقیدەی بـارزان و کردی بە بناغەی پەروەردەی بارزانییەکان. (مسعود بارزانی، ١٩٩٧)

شێخ عبدالسلام بارزانی لە زەمانی خۆیدا دوو ئەرکی لە بزووتنەوەی بارزان خستە ئەستۆی خۆی: یەکەمیان پەرەپێدانی عەقیدەی چاکسازی بارزان کە لە زەمانی ئەودا فراوانبوونی پەیڕەوانی عەقیدەی بارزان دەسـتی پێ کرد و ناوچەکانی دەوروبەری گرتەوە و عەشـیرەت دوای عەشـیرەت باوەڕیان پێیدەهێنا. لە هەمان کاتدا شـەڕی سـەخت لەنێوان عەشـــیرەتە دژەکان و بارزانییەکان ڕووی دەدا. لە هەنگاوی دووەمدا پەیوەندی نێوان بزووتنـەوەی بـارزان و پەیڕەوانی جوو، مەســـیحی و ئێزدی پتەوتر کرد. شێخ عبدالسلام هەنگاوێکی گەورەتریشی هەڵێنا و پەیوەندی بە هەموو تەکیە و سەرۆک خێڵەکانی کوردستان کرد و هەوڵی دا فکری ڕزگارکردنی کوردستان لە دەست ئیمپراتۆریی عوسمانی (کە لە ڕووخاندا بوو) بخاتە مێشـکیانەوە. شـێخ عبدالسـلام دەیویسـت ئاغا و شـێخەکانی کوردسـتان لە پێناو ڕزگاری کوردسـتان یەکبخات. لەوێوە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی لە بارزان بووە لقێکی سەرەکی بزووتنەوەی چاکسازییەکەیان.

نەتیجەی ئەو بیروباوەڕە نوێیەی شێخ عبدالسلام بارزانی بریتی بوو لە پەرەپێدانی عەقیدەی بارزان و تێکەڵکردنی ناسیۆنالیزم و نیشتیمانپەروەری لە بزووتنەوەیەکی ئیسلاحگەری و ڕزگاریخوازدا. شێخ بەو مەبەستە شێخ و ئاغاکانی کوردستانی لە تەکیەی بریفکان کۆکردەوە. لە قۆناغی دواتردا بەرەنگاربوونەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانی بووە هەوڵی سەرەکی شێخ عبدالسلام. بۆ ئەو ئامانجەش هەوڵ دەدات پەیوەندی بە ئینگلیزەکانەوە بکات تا هاوکاری بۆ بزووتنەوەکە دابین بکات. ئیتر لەوێوە دیپلۆماسی لە جموجۆڵی شێخی بارزاندا دەستپێدەکات و دواتر پەیوەندی بە ڕوسیاوە دەکات.

ناوەرۆکی ناسیۆنالیزمی کوردی لەسەر بنەمای ئەو عەقیدەیەی لە بارزان هەبوو، تەعریفێکی دیاریکراوی بۆ دروست دەبێت. لە باوەڕی بزووتنەوەی بارزاندا دینەکان بەرابەرن، یەکسانی لە ژیانی ئابووری هەیە، پاراستنی ژینگە ئەرکە، ژن و پیاو مافی یەکسانیان هەیە و دەستکاری لە هەموو باوەڕێکدا دەکرێت ئەگەر ڕێگا لە ئاسانکردنی ژیان بگرێت. شێخ عبدالسلام فکری ناسیۆنالیزمی کوردی لەسەر بنەمای ئەو عەقیدەیە داخڵی هاوپەیمانییەکی ستراتیژی لەگەڵ ئەرمەنی و ئاشوورییەکان کرد. ئەوە بوو پەیمانێکی ستراتیژیی لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی چارەنوسساز لەگەڵ ڕابەری دینی ئاشوورییەکان "مارشەمعون" خستە ڕوو. دوای دیداری مارشەمعون، شێخ عبدالسلام بارزانی بە هەماهەنگی ئەو و بە مەبەستی دیداری بەرپرسی ڕوسیا،

سـەفەری تبلیس دەکات. لەوێ هەوڵ دەدات رووسـەکان تێبگەیەنێ کە دەوڵەتێکی کۆنفیدراڵی دروسـت بکرێ تا ئەم دوو پێکهاتەی کورد و ئاشـوری بتوانن خۆیان لە دەسـت عوسـمانییەکان و دوژمنەکانیان بپارێزن. ڕوانگای شێخ عبدالسلام دروستکردنی دەوڵەتێکی کۆنفیدرالی بووە لەو دوو پێکهاتەی کورد و مەسـیحی (ئاشـوری و ئەرمەنی و کلدانی) کە ئەو کات ئیمپراتۆریی عوسـمانی زۆر بێڕەحمانە دەیکوشـتن و شـاری پێ چۆڵ دەکردن ودواتر جینۆسـایدیشـی لە ئەرمەنیەکان و لە ئاشوریەکان کرد.

کـەواتـە بنـەمـای دروسـتکردنی دەوڵـەتێك کـە هەموو پێکهـاتـەکـانی ناوچەکە تێیدا بحاوێنەوە و چاکسازییەکی قووڵی کۆمەڵایەتی و دینی تێدا بکرێ، دەگەڕێتەوە بۆ شێخ عبدالسلام بارزانی.

بەشی پازدەهەم

فراوانکردنی چاکسازی و ڕێکخستنی ناسیۆنالیزمی کوردی (کوردایەتی)

شێخ عبدالسلام پێش هەموو ئەرکێک، لەسەر تەواوکردن و فراوانکردنی ڕوانگای ئایینی و کۆمەڵایەتی بزووتنەوەی بارزان بەردەوام بوو. هەوڵیدەدا کار لەو لایەنانەدا بکات کە پێویستیان بە ڕوونکردنەوە و هەنگاونان بەرەو چاکسازی ئایینی و کۆمەڵایەتی هەیە. لەو پرۆسەیەدا وەک سەرکردەیەکی ئایینی ئیسڵاحخواز و ڕابەرێکی ڕزگاریخواز هاتە مەیدان. سێیەمین کاری شیخ عبدالسلام مرۆڤدۆستی و بەهاناوەچوونی غەیرە کورد و غەیرە موسڵمانان بوو. ئەوەش هەر دەکەوێتە سەر مرۆڤدۆستی و پێکەوە بەستنەوەی کۆمەڵگای کوردستان. بایەخ پێدانی شیخ عبدالسلام بۆ کارکردن لەسەر مەسیحیەکانی ناوچەکە، بە ئەرمەنی و کلدان و ئاشوورییەوە، بە تایبەتی کارکردن بۆ

پەیوەندیکردن و بڵاوکردنەوەی ڕوانگای خۆی لەناو ئەرمەنییەکاندا، کە ئەوانیش هەر مەسیحی بوون بەڵام لەڕووی نەتەوەییەوە خاوەنی دۆزی تایبەت بە خۆیان بوون و هەرلە کۆنەوە لەدژی عوسمانییەکان لە تیکۆشاندا بوون، ڕوون و ئاشکرایە.

بیروڕاکانی شیخ محمەدی بارزان لە سەردەمی شیخ عبدالسلامی دووەمدا زیاتر پەرەیان سەند و جموجۆڵی شیخ عبدالسلام فراوانتر بوو، بەشیوەیەک ناوچەی بارزانی بەجێهێشت و پەلی هاویشتە ناوچەکانی دیانا، ئاکرێ، ئامێدی و بەشیک لە کوردستانی باکوور و پەیوەندیکردن بە بەشیک لەوانەی لە بیرکردنەوەدا لێکدی نزیک بوون، لە کوردستانی ڕۆژهەڵات. هەر بۆیەش بزووتنەوەی چاکسازی بارزان کە عەقیدە و بیروباوەڕی نوێی چاککراوی ئایینییە، بە شیوەیەکی فراوان دەستی پێکرد تا دانیشتوانی کوردستان لە خۆی کۆبکاتەوە.

لەو ماوەیەدا دیاردەیەکی نوێ دەرکەوت، ئەویش نوخبەیەک لە پەیڕەوە چالاکەکانی شیخ عبدالسلام بۆ بلاوکردنەوەی بیروڕای ئایینی و کۆمەڵایەتی بوون و ئەوانە کەسایەتی متمانەپێکراوی شێخ بوون. دەکرێ بە نموونە یەکێکی وەک حاجی دوری و حاجی تەهای ئامێدی بێنینەوە. دەڵێن کاتێک حاجی دوری باوەڕی بە بیروباوەڕەکانی شیخ عبدالسلامی بارزان هێنا، دەست دەکات بە زوهد و گۆشەگیری و لە ئەشکەوتێکدا خەریکی خەڵوەت دەبێت. شیخ عبدالسلام هەواڵی بۆ

دەنێرێت کە: من ئەوجۆرە پەیڕەوایەتییەم ناوێت چونکە ئەگەر دارێک بێبەربێت و چرایەک ڕووناکی بۆخۆی نەبێت، ســـوودیان بۆ خەڵک نابێت. کاتێک ئەو قســـەیە بە حاجی دوری دەگات خەڵوەتگەی خۆی بە جێ دەهێڵێت و دەگەڕێتەوە لای شـــیخ و دەبێتە کەســـیکی کاریگەر لە بانگەشە و بەرگریکردن لە بیروباوەڕەکانی تەکیەی بارزان.

تەنزیم کردنی کۆمەڵایەتی لە ســـەردەمی شـــیخ عبـدالســـلامـدا، بەرچاوڕوونییەکی زۆری بەخۆیەوە دیت. جیاوازی لەنێوان دەرەبەگ و جوتیاراندا نەما و لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و دانوســـتاندا بەیەک چاو ســـەیری هەمووان دەکرا. پەیڕەوانی بارزان لە هەر گوندێک لێژنەیەکی تایبەتیان بۆ بەڕێوەبردن پێکدەهێنا و بڕیاری لەســـەر هەموو کێشـــەکانی ڕۆژانە دەدا. خاوەندارییەتی بووە خاوەندارییەتیەکی گشـــتی و نزیک لە ئیشتراکییەتی سەرەتایی. هەر کەسێک بە ئەندازەی پێویستیەکانی خۆی وەری دەگرت و زیـادەکەی دەگەڕانـدەوە ئەو لێژنەیە. ئەو لێژنەیەش ئەگەر کەسانێک پێویستیان هەبووایە ژیانی ساڵانەیان بۆ دابین دەکردن و زیادەکەشیان دەنارد تەکیەی بارزان تا وەک سامانی گشتی کەڵکی لێ وەربگیرێ. هەروەها ئەو پێویســـتیانەی کە دەبوو دابین بکرێن لەبابەتی کڕینی چەک و تەقەمەنی و پیویســـتیەکانی دیکە، لەو ســـامانە گشـــتیە سەرف دەکرا.

شـیخ عبدالسـلام هەوڵی دەدا، پەیڕەوەکانی خۆی کۆبکاتەوە و باسـی بیروبـاوەڕەکەیـان بۆ بکـات و پرسـیار وبیروڕای ئەوان ببیسـتێ و وەڵامیان بداتەوە. شـێخ لەو ماوەیەدا بناغەیەکی نوێی بۆ پەیوەندی نێوان کوردی موسڵمان و جو و مەسیحییەکان(بە هەرسێک نەتەوەی ئاشوری و کلـدانی و ئەرمەنی)، پەیوەنـدی کورد لەنیوان خۆیـانـدا، هەروەهـا پەیوەندی لەنیوان ئێزیدی و کوردی موسـڵماندا، ئاسـایی بکاتەوە. ئەو ئاسایی و پتەوکردنەش لەسەر بنەمای ئەو بیروباوەڕانە بوو کە باوەڕیان پێـهێنـا بـوو؛ وەک بەرابەری ئـایینەکـان، بەرابەری مـرۆڤەکـان، دەسـتکاریکردن و چاککردنی ئەو باوەڕە شـەریعەتیانەی لە ناوچەیەک بە تونـدوتیژی و تەکفیرکردن تەواو دەبوو. شـێخی بـارزان ئەو بیروبـاوەڕە تونـدانەی بنەبڕ دەکرد و لە پەیڕەوانی خۆی دەگەیـانـد کە مرۆڤی ساڵح پیویستی بە دژایەتیکردنی مرۆڤێکی تر نییە. مرۆڤەکان لە پەیوەندیکردن لەگەڵ یەکدا بەرابەرن و هەموو ئـایینەکـانیش لای خودا یەک نرخ و بەهایان هەیە.

لە پێناو جموجوڵێکی کۆمەڵایەتی چالاک لە بوارەکانی بەرهەمهێنان و سـیاسـەت و بەرگریکردندا شـێخ فتوای دا هەموو ئەو ڕێوڕەسـمە ڕۆژانەییەی دەبنە دەسـتوپێگر لەژیانی ئینسـانێکی چالاک و سـاڵح دا هەڵبگیرێن . مرۆڤ کەمتر پابەندی شـکلیات و دیمەنی عیبادی ڕۆتینی ببێ و زیـاتر هۆگری جەوهەر و نـاوەڕۆکی ئینسـانی بێ. ئەوەش لە ئینسـانی سـاڵح و ئیشـکەر و نەوعدۆسـت و بەزەیی و بەرابەریخواز و

نیشتیمانپەروەر خۆی دەنوێنێ. ئەو مرۆڤە پەسندەی کە ناوچەکەی خۆی خۆشبوێ و بەزەیی بەسروشتدا بێتەوە و درەخت و ئاژەڵەکان بپارێزێت ئەوە ئینسانی ساڵحە. ئەوانە هەموویان بوونە بنەمای سەرەکی لەعەقیدەی نوێدا.(ایوب بابو البارزانی،١٩٨٠)

بەشێکی گرنگ لە ژیانی شیخ عبدالسلام تەرخان کرا بۆ بزووتنەوەی سیاسی و کامڵکردنی ڕوانگای نەتەوەیی و نیشتمانی. پەیوەندی شیخ لەگەڵ شێخ عەبدولقادری نەهری و نەتەوەخوازەکانی ئەرمەن و نەتەوەخوازەکانی ئاشوری وایکرد ڕوانگایەکی کراوەی لە بیری نەتەوایەتیدا لەلا دروست بێت و جۆرێک لە کوردایەتی بونیاد بنێ کە واتای نیشتیمانپەروەری و وڵاتپارێزی بەو سەرزمینە بدات کە کورد، بەهەموو پێکهاتەکانەوە، تێیدا دەژین. بۆیە لە سەرەتای بزووتنەوەی نەتەوایەتی بە سەرۆکایەتی ئەودا، بەس کورد بەشدار نەبوون بەڵکو هەموو پێکهاتەکان لە بزووتنەوە نەتەوایەتییەکەی کوردستاندا بەشدار بوون و بەشێک بوون لەو هێزە چەکدارەی کە شێخ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئاغاکان و ئیمپراتۆریی عوسمانی و بەرگریکردن لە بەرامبەر هەر هێرشێکدا پێکیهێنا بوو. بۆیە دەکرێ بڵێین ناسیۆنالیزمی ڕەسەن ئەوەیە کە تاکو ئێستاش لە کوردستاندا سەرکەوتنی بە دەست هێناوە (لە تێکۆشان لە پێناوی ڕزگاری بەهەموو پێکهاتەکانییەوە) ئەوەش هێمنی و پایدارییەکی زۆری بۆ ئەو هۆشیارییە نەتەوەییەی کورد دروست کردوە بۆ ئەوەی توندڕەو و بەرچاوتەنگ نەبێ بەرامبەر

مـافی ئەو پیکهـاتـانەی لەڕووی ئـایینی و نەتەوەیی جیـاوازن و لە کوردستان دەژێن.

ئەم جۆرە تێگەیشتنە هەر لەسەرەتاوە بووە بنەمای عەقیدەی چاکسازی بـارزان و دواتر بوو بە بنەمـای بـاوەڕی سـیـاسـی لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردسـتاندا. بزووتنەوەی کوردایەتی لە ڕوانگای شـێخ عبدالسـلامدا هەموو کوردسـتانی دەگرتەوە، بەڵام زمـانی فەرمی زۆربەی خەڵکی کوردستان کە کوردن ڕۆڵێکی دیکەی بۆ دادەنرا. هەر بۆیە زمـانی کوردی وەک زمـانی عەقیـدە بەکـار دەهێنرا. بۆ ئەو مەبەسـتەش دیوانی مەلای جەزیری و مەم و زینی ئەحمەدی خانی و دیوانی فەقێ تەیران وەک دەقی ڕاسـپێردراو بۆ کۆڕەکـانی عەقیدەیی دەستنیشان کران. شێخ هەوڵیدەدا پەیوەندی بە هەموو خانەقا و تەکیەکانی کوردسـتانەوە بکات. هەوڵدان بۆ یەکخسـتنی کۆمەڵگای کوردسـتان، یەکخسـتنی سـیـاسـیشـی لێ کەوتەوە. پەیوەنـدی بە سـەرۆک عەشـیرەتەکانیشـەوە دەکرد وسـەردانی دەکردن و دەیبینین. پەیوەندی بە مەلا دەسـتڕۆیشـتوەکانی ناوچەکانی سـۆران و بادینان کردووە و هەوڵیـداوە لەڕێگەی نـامە نووسـین و نـاردنی نوینەرانی خۆی، بیروڕاکانی خۆی بۆیان شـی بکاتەوە و لە کەسـایەتییە کاریگەرەکانی کوردسـتانی بگەیەنێ. زیرەکی و زانـایی و بڕوا بەخۆ بوونی شـێخ عبدالسـلام بارزانی سـام و هەیبەت و کارێزمایەکی مەزنی بۆ ئەو سـەرکردەیە دروست کردبوو کە لەزەمانی خۆیدا هەموو سـەرۆکخێڵ و

تەکیەکان و مەلا بەناوبانگەکانی کوردستان، ئەوانەی نیشتمانپەروەر بوون، بە ڕێزەوە گوێیان لێ دەگرت و هەوڵیان دەدا لە دژی نەوەستن. هەرچەند لە دوایدا هەموویان لەو باوەڕ و پەیمانانە هەڵگەڕانەوە و هاوکاری عوسمانییەکان و دوژمنانی بزووتنەوەی بارزانیان کرد. یەکێک لەو کەسایەتییانەی بووە مایەی دەستگیر کردنی شێخ عبدالسلام بارزانی و ڕادەستکردنی بە والی موسڵ، لە کاتی گەڕانەوەی لە تبلیس، سمکۆی شکاک بووە کە سۆفی عەبدوڵای گەنگەچی ڕاسپاردووە ئەو تاوان و خیانەتە ئەنجام بدات.(گفتوگۆی تایبەتی)

شێخ عبدالسلام لە دیداری تەکیەی بریفکان کە لەگەڵ شێخ و ئاغاکانی بادینان کۆبووەوە، داوای لێکردن سکاڵایەک بۆ داننان بە مافە سەرەتاییەکانی میللەتی کورد بۆ سوڵتانی عوسمانی بنووسن. ئەو سکاڵایە یەکەم پڕۆژەوی دەرخواستی نیشتمانییە پێشکەشی ئەستەنبۆڵ کرا بۆ دابین کردنی مافی خۆبەڕێوەبردن لەسەر بنەمای خاکی کوردستان. ئەوە بە یەکێک لە کۆبوونەوە گرنگەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بە سەرۆکایەتی شێخ عبدالسلام بارزانی دەژمێردرێت. دووەمین کۆبوونەوەی مێژوویی ئەوە بوو لە تبلیس لەگەڵ فەرماندەی ڕوسیا لە جۆرجیا ئەنجامی دا. ئەو کۆبوونەوەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ مارشەمعون، ڕابەری ئایینی ئاشوریەکان ڕێکخرابوو. ئەو کۆبوونەوەیە یەکێک بوو لە کۆبوونەوە گرنگەکانی جموجۆڵی سیاسی بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کۆنفیدرالی کە لە

لەناوخۆدا لە دوو دەوڵەت پێکبێت. واتا کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە یەک دەوڵەتی هەبێت، هەروەها دەوڵەتێکیش بۆ ئاشورییەکان و پێکهاتە مەسیحیەکانی دیکە دابمەزرێت.

یەکێک لە لایەنە دەوڵەمەندەکانی فیکری نەتەوایەتی-نیشتیمانپەروەرێتی ڕێبازی بارزان ئەو شانازییەیە کە بە مێژووی تێکۆشانی میللەتی کوردەوە دەیکات. لەوەدا وێنەیەکی ئەوتۆ دەداتە هاوڵاتی کوردستانی کە تێکۆشەرانی پێش بزووتنەوەی بارزان بەشێکن لە بزووتنەوەکەیان. بۆیە بزووتنەوەی سیاسی بارزان قووڵایی و هێزی خۆی لەو مێژووە وەردەگرێت. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی متمانە بەخۆبوون ببێتە بەشێک لە هوشیاری سیاسیی کورد. شێخ زۆر هەوڵی داوە کورد و پێکهاتەکان باوەڕیان بە خۆیان و مافەکانیان هەبێت کە دەتوانن دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن و بەڕێوەی بەرن. ئەو فکرە لە زەمانی شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانیدا و ئێستاش لە زەمانی سەرکردایەتیکردنی مەسعود بارزانیدا بەردەوامە و بایەخێکی زۆری پێ دەدرێت. دیارە شێخ عبدالسلام هەستی بە لایەنە داڕوخاوەکەی کەسایەتی کورد کردووە کە بەدرێژایی مێژوو لە بەرامبەر داگیرکەران و ئیمپراتۆریی ئەو سەردەمەدا هیچ حسابێکی بۆ نەدەکرا، تەنیا وەک سەرباز وەردەگیران، باج و خەراجیان لێ دەسەندرا، لە هەرجموجۆڵێکیشیاندا کۆکوژ دەکران.

لایەنیکی تری کاری بنچینەیی شـــێخ عبدالســـلام، پێکهێنانی هێزێکی چەکداری ڕێکخراوتر لەوەی ســـەردەمی شـــێخ محەمەدی بارزان بوو ، هێزێکی چەکداری ئەوتۆ ئامادە بێت دیفاع لەوانە بکات کە باوەڕیان بە عەقیدەی بـارزان هەیە. ئەو هێزە چەکدارە بە یەکێـک لە بەشـــەکانی باوەڕە پیرۆزەکەیان دەزانن. هەر بۆیە بەشـــداریکردن لە بزووتنەوەی ســـیاســـی و بەرگریکردن لێی بە کارێکی پیرۆز دەزانرێت. ئەو هێزە چەکدارەی شێخ عبدالسلام دواتر گواسترایەوە بۆ سەردەمی شێخ ئەحمەد و مســـتەفا بارزانی ئینجا زۆر فراوانتر بوو. هێزیکی چەکداری نەبەز، شەڕکەر و بەزەیی لە یەک کاتدا. هێزێکی چەکدار کە هیچ کاتێک غەدر ناکات تەنانەت لە دوژمنەکانیشـــی، بەڵام قارەمانانە بەرگری لە خۆی دەکات و پەیوەندیەکی عەقیدەیی بە مانەوە و پاراســـتنی خاکی خۆی هەیە. تێکۆشەری بارزانی ئەگەر دەربەدەر بکرێت و ساڵیانی ساڵیش بە ئاوارەیی بەســـەر بەرێت، لە نزیکترین دەرفەتدا هەوڵدەدات بگەڕێتەوە ســـەرزەمینی خۆی. ئەوە نهێنی مانەوەی بارزانییەکانە لە ســـەرزەمینی بارزاندا. مێژووی شـــکســـتی ســـەربازی و ســـیاســـی بارزانییەکان لە ســـەدەکانی نۆزدە و بیســـتدا مێژوویەکی دوورو درێژ و خوێناوییە. بۆ چەنـدین جـار بـارزانییەکـان دوای کۆمەڵکوژ کرانیـان، بە تێکڕایی لە ناوچەی بارزان دەرکراون و دورخراونەتەوە بۆ ناوچە دوورەکانی ناو ئیمپراتۆریی عوسمانی لە باکووری کوردستان بۆ خواروی عێراق، بۆ قووڵایی ئیران، بۆ یەکیتی ســـۆفیەت،ڕاگواســـتن و ئەنفال کردنیان لە

دوای شۆڕشی ئەیلول. بەڵام ئەو پەیڕەوانە لە شوینی خۆیانەوە هەموو کات لە پەیوەندیدا بوون و لە نزیکترین دەرفەتدا لە دەوری سەرکردەکانیان کۆبوونەتەوە، بە باوەڕێکی پتەوەوە خەریکی تێکۆشان بوونە و لەدوایشدا گەڕاونەتەوە سەرزەمینی بارزان.

ئەو چەشنە باوەڕە، واتا پابەندبوون بە نیشتمان لە بزووتنەوەی بارزاندا، تەنیا لە پەیڕەوانی ئایینی یەهوود بەرامبەر بە سەرزەمینی مەوعوددا دەبینرێت. جووەکان بەناوبانگن بە مێژووی چوار هەزار ساڵەیان کە چۆن کوشتاردەکران و دووردەخرانەوە، بەسەرانسەری ناوچەکە و جیهاندا بڵاودەکرانەوە، بەڵام لەباوەڕی ئەواندا گەڕانەوە بۆ سەر زەمینی مەوعوود (کە ئیسرائیلی ئێستای لێ دروست کراوە) بە عەقیدەیەکی پیرۆز دەزانرا کە دەبوا هەر جووێک (یەهوودیەک) لە پیناویدا تێبکۆشێ. ئەو باوەڕەیان نیشان دەدات کە بزووتنەوەی بارزان هەوڵی داوە سودێکی زۆر داهێنەرانە لە هەموو دەستکەوتە فیکری و میژووییەکانی دەوروبەری خۆی وەربگرێت.

شێخ عبدالسلام لە ناوچەی بارزان لە سەرەتا سیستەمێکی بنیادنا کە شێوەی ئابووری ئیشتراکی و هەرەوەزی جێگیر کرد. ئەوەش دوای چەسپاندنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بەرابەر و عەدالەتخواز هات کە لەوێدا سەقامگیری و باوەڕبەخۆبوون بە پەیڕەوانی بزووتنەوەی بارزان دەدرا. ئەو هۆکارەی پەیڕەوانی بزووتنەوەی بارزانی لە بەرگریکردن

لە سەرکردەکان و شێخەکانیان موکڕتر و سورتر دەکرد، عەدالەت و بەرابەری و ئەو ڕێنوێنییە باشانە بوون کە کۆتوبەندی لە دەستی بارزانییەکان دەکردەوە و بۆ کارکردن و ئینسانبوون هانیدەدان. نیشتیمانپەروەری و بەزەییهاتنەوە بە ئاژەڵ و پاراستنی سروشت و خۆشەویستی بۆ مرۆڤ بنەمای بیروباوەڕیان بووە. هەر لەوەشەوە لە باوەڕی بارزاندا هیچ بایەخێک بە ئەفسانە و ئوستورەکانی ناوچەکە، کە ئایین و مەزهەبەکان لەسەری دروست بووە، نادرێت. پەیڕەوانی بارزان لە جلوبەرگدا بە پیاو و ژنەوە زۆر سادەپۆش و ئاساییین، هیچ پەچە و عەبا و بەرگێکی تر دیمەنی پیاو و ژنەکان داناپۆشێت و پیاوەکانیان ڕیش ناهێڵنەوە. ئەوەش لەو بەرابەرییەوە دێت کە لە ڕووی ئینسانی و بەرابەری جەندەرییەوە بزووتنەوەی بارزان دابینی کردبوو. لەو سیستەمەدا مەسیحی و یەهوودی بەشداربیەکی کاریگەریان هەبووە. بۆ نموونە لێپرسراوی کاروباری ئابووری لە سەردەمی شێخ عبدالسلام تا سەردەمی شێخ ئەحمەدیش یەهوودیەکی خەڵکی ئاکرێ بووە. ئەو، هەموو داهاتی ناوچەی بارزانی سەرپەرشتی دەکرد و بازرگانی پێ دەکرد و پێداویستییەکانی ناوچەی بارزان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکەی لە چەک و پێداویستی دیکە دابین دەکرد.

پەیوەندی لەگەڵ مەسیحیەکان بە ئەرمەنی و ئاشورییەوە، لە سیاسەتی شێخ عبدالسلام بارزانی و بزووتنەوەی بارزاندا لەوپەڕی پتەوی و پڕ متمانەیی و باوەڕبەیەکتری بوو. ئەوان کوردیان لە زاویەی دیدی

عەقیدەی بارزانەوە دەویست. شێخ هەوڵی ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵە مێژووییەی دەدا کە عەشیرەتە کوردەکان، چ لە چوارچێوەی سوپای عوسمانیدا بێت یان لەهەڵسوکەوتی میر و ئاغاکانی ناوچەکەدا، زۆر جار لە توونڕەوی ئایینییەوە پەلاماری پێکهاتەکانی ناوچەکەیان داوە و ئێش و ئازارێکی زۆریان پێگەیاندون. شێخ عبدالسلام بۆ کۆتاییهێنان بە باوەڕ و کرداره پەلامارده‌ریەکانی کۆمەڵگای کوردەواری، لە ڕێی چاککردنی عەقیدەییەوە چارەسەری پێشنیار دەکرد. لەسەر بنەمای ئەو عەقیدە بەرابەرییە پەیوەندیەکی پتەو لەنێوان ئەو پێکهاتانە و کورد دروست ببوو. ئەو متمانەیەی تا ئێستاش پێکهاتەکان بە بارزانییەکانیان هەیە بۆ ئەو تەجرەبەیە دەگەڕێتەوە.

لوتکەی پەرەسەندن و دەرکەوتنی کاری سیاسی شێخ عبدالسلام، لە کاملکردنی ڕوانگاکەی دەردەکەوێت بۆ بنیادنانی دەوڵەتێک لە دوو پێکهاتەی سەرەکی کوردستانی ئەوکات (کورد و ئاشوری، مەسیحییەکان بە گشتی). فیکری کۆنفیدڕالیکردنی داهاتووی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی یەکەمی شێخ عبدالسلام بارزانی. دوای کەمتر لە دەیەیەک ئەرمەنستان سەربەخۆیی وەرگرت بەڵام ئاشورییەکان لە ئێران و لە عێراقدا نەیانتوانی سەرزەمینەکی دیاریکراو بۆخۆیان بە دەست بێنن و تێیدا کۆببنەوە، وەکو ئەوەی کە ئەرمەنییەکان کردیان. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەختگیری ئێران و عوسمانی، دوایی بۆ دەوڵەتەکانی دەسکردی کۆڵۆنالیزم، واتا دەوڵەتی عێراق و سوریا.

هەروەها بەردەوامبوونی سیاسەتی قەڵاچۆکاری ئیمپراتۆریی عوسمانی لە دەوڵەتی کەمالی تورکیادا. هەروەها ئەو گۆڕانکاریانەی لە سیستەمی حکومەتیدا لە ئێران بە دوای یەکدیدا هاتن بەهەمان شـــێوە ڕەفتاریان لەگەڵ ئاشورییەکان دەکرد.

بە کۆتاییهاتنی ژیانی شـێخ عبدالســلامی دووەم، بزووتنەوەی بارزان تووشــی نسـکۆیەکی سـەربازی و کۆمەڵایەتی و ئابووری سـەخت بوو. دوای لەسـێدارەدرانی شـێخ لە موسـڵ (١٩١٤)، جێنشـینی ئەو کە دەبوو شـــێخ ئەحمەدی بـارزان بێت (ئەوکـات بە تەمەن زۆر بچووک بوو) لەگەڵ هەندێک لە ئامۆزا و کەســـوکارەکانیان، هەرە دیاریان مەلا عبـدلڕەحمـانی مەلا مەحمود بوو (مەلای مەلا مەحمود)، نەیـانتوانی بزووتنەوەکە وەک خۆی ببپارێزن. بۆیە لە ماوەیەکی کورتدا بـارزان لەلایەن سەرەکخێڵەکانی دەروبەرەوە پەلامار درا.(گفتوگۆی تایبەتی)

بە هـاندانی عوســـمانییەکـان تەکیەی بـارزان کەوتە بەر پەلامـاری ئاغاکان. بۆ ماوەی چەند ساڵێک هیچ هێز و توانایەکیان بۆ بزووتنەوەی بـارزان نەهێشـــتەوە. تەنـانەت خودی بنەمـاڵەی بـارزانیش کەوتە بەر پەلامار و ئازارێکی سەخت. کار گەیشتە ئەو ڕادەیە مالباتەکەیان بۆ سێ شـــوێنی جیاواز دابەش کران. شـــێخ ئەحمەد لە گوندێک دەژیا، مەلا مسـتەفا لە گوندێکی دیکە، بەشـێکی تریش لە خێزانەکەیان لە بارزان و دەوروبەری بارزان مانەوە. لەو ماوەیەدا کەسـایەتی شـێخ ئەحمەد وەک

گەنجێکی جێگرەوەی شێخ عبدالسلامی شەهید (دووەم) پێگەیشت. ئەو جێگرتنەوەیە و پێگەیاندنە پڕۆسەیەکی ئاڵۆز بوو، چونکە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەناو بنەماڵەی شێخی بارزان و براکانی عبدالسلام و ئامۆزاکانیاندا کێبڕکێ لەسەر شوێنگرتنەوە هەبوو. سەرەنجام لە دانیشتنی "سەری موسەکان" کە بە ئەنجوومەنێک لە پەیڕەوانی تێگەیشتووی بزووتنەوەی بارزان دادەبرێت، پرسی شوێنگرتنەوەی شێخ عبدالسلام یەکلایی کرایەوە و وەسیەتی شێخ عبدالسلام و متمانەی چاوساغ و دەستڕۆیشتووەکانی بارزانی بۆ شێخ ئەحمەدی بارزان چوو. لە دانیشتنی دووەمی "سەری موسەکان"دا کە پێدەچێت لە ساڵانی ١٩٢٨ تا ١٩٣٠ بووبێ (هەندێک دەڵێن ١٩٢٨)، ئەو کێبڕکێیەش کۆتایی هات. هەموویان لە دەوری ڕابەرایەتی شێخ ئەحمەد کۆبوونەوە. لەو ساڵانەدایە کە ڕۆڵی سەربازی و کۆمەڵایەتی مستەفا بارزانی وەک گەنجی ناو بنەماڵەکە و بزووتنەوەکە بەرزبووەوە و هاتە پێشەوە.

بەشی شازدەهەم

شێخ ئەحمەدی بارزان

لە بەشەکانی پێشوودا باسی چاکسازییەکانی شێخ عبدالسلام بارزانی کرا. بەتایبەتی کە دوو باوەڕی سەرەکی هێنایە ناو عەقیدەی بارزان ؛ یەکێکیان بەردەوامی بۆ ئەو بیرکردنەوە چاککارییەی کە شێخ محەمە دی باوکی دەستی پێ کردبوو. ئەویش ئەو بیرکردنەوە قووڵە عیرفانییە بوو کە دەیویست چاکسازی لە شەریعەتی ئیسلام دا بەشێوەیەکی ئەوتۆ بکرێ تا ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ خەڵك ئاسان بکات. بنەمای ئەو ئاسانکاریە لەسەر پەروەردەیەکی باش بۆ دروستکردنی ئینسانی ساڵح وچاك بنیاد دەنرێت. ئینجا ئینسانە چاکەکان لە ناو کۆمەڵگادا دەتوانن پە یوەندیەکی عادلانە دروست بکەن و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بێننە دی. شێخ عبدالسلام لە هێنانەدی دادپەروەریدا هەنگاوێکی گەورەی هەڵێنا، لە زەمانی ئەودا دیفاعکردن لە مافی ئافرەتان، بۆ ژیان و هاوسەرگیری

و گرنگییدان به پەروەردە، لەسەر بنەمای ئەو بیروباوەڕانە، بابەتی سە رەکی بوون. بـاوەڕی دووەمیـان بریتـی بوو لـە هێنـانـی بیری نەتەوەخوازیی یان ناسـیۆنالیزمێکی نەرم بۆ کوردسـتان کە تیایدا ڕزگارکردنی کوردستان و کورد لەگەڵ پێکهاتەکانی تری غەیرە کورد و غەیرە موسلمان، ئامانجی سەرەکی بوو. هەروەها بۆ یەکەمین جار بیری لە دامەزراندنی کۆنفیدراتیڤێک لەنێوان کوردستان وئاشوریەکان دەکردەوە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو ناوچانەی دەبنە هاوسنووری کوردستان. بۆ ئەو مەبەستە شێخ دەستی بە بانگەشە و دروستکردنی خەلیفە و لایەنگری تایبەتی خۆی کرد و بەشـێوەیەکی ئەوتۆ پەرەی بە کاری ڕۆشـەنگەری دەدا کە عەشـیرەتەکانی دەوروبەری بارزانی خستە ژێر فشـار. جاری یەکەم بۆ چاکسـازی کۆمەڵایەتی، واتە بۆ هە ڵگرتنی زوڵم و زۆری کۆمەڵایەتی کە لە سـەردەمی دەرەبەگایەتیدا هە بوو. ئەویتریان بەرگریکردن بوو لە پێکهاتەکانی نزیك لە خۆیان کە مە سیحی و جوو و ئێزیدی بوون. کەواتە دەستپێکردنی کاری سیاسـی و داڕشـتنی کار و بیری سـیاسـی لە عەقیدەی بارزاندا لە لایەن شـێخ عبدالسـلامەوە دەسـتپێکردوە.شـێخ بە شـێوەیەکی ئەوتۆعەقیدەکەی داڕشـتبوو کە تەنیا کوردی لە بەرچاو نەبوو، بەڵکو ڕزگارکردنی کوردسـتان و پاراسـتنی کوردی بە پاراسـتنی پێکهاتەکانی تری کوردستانەوە گرێ دەدا. ئەو باوەڕەشی هەر لەسەرەتاوە لەسەر بنەمای تەساموح و یەکتر قبووڵکردن ڕۆنا. ئەو یەکترقبووڵکردنە بە شێوەیەکی

ئەوتۆ لە عەقیدەی بارزاندا چەسپا کە هیچ جیاوازییەك لە نێوان پەیڕە وانی موسڵمان و مەسیحی و ئێزیدی و جوودا نەمێنێ. بۆ نموونە لە کاری پەروەردە و بازرگانی و هێزی چەکدار و ئەو نوێنەرانەی شێخ عبدالسلام لە بزووتنەوەکەدا هەیبوون، بەبێ فەرق و جیاوازی لە هەموو پیکهاتەکانی تێدا بوو. هەر بۆیەش لایەنە باشەکانی ئەو دینانە پە ڕینەوە نێو عەقیدەی بارزان وخۆیان پێی موتربە کرد.

شێخ عبدالسلام بارزانی لە ساڵی ١٩١٤ و بە پیلانی هەندێك لە نە یارەکانی، کە سەر بە ئیمپراتۆریی عوسمانی بوون لە گوندێك دەستگیر کرا و درایە دەست عوسمانییەکان. دوای ماوەیەك لە موسڵ لە سێدارەیان دا و لە مەزاری نەبی یونس بە خاك سپێردرا. نەمانی ئەو وایکرد کە سەرکردایەتی مەعنەوی و سیاسی و عەسکەری بزووتنەوە ی بارزان نەمێنێ. ئەو کەسەی بە وەسیەت لە دوای خۆی داینابوو لەڕووی تەمەنەوە زۆر بچووك بوو، ئەویش برا بچووکەکەی خۆی واتا شێخ ئەحمەدی بارزان. مەلای مەلا مەحمود (مەلا عبدالرحمانی کوڕی مەلا مەحمود) کە بنئامۆزای بوو ڕایسپاردبوو سەرپەرشتی بنەماڵەی شێخ بکات و شێخ ئەحمەدیش پێبگەیەنێ و لەڕووی عەقیدەییەوە ئامادەی بکات. هەڵبەت شێخ بەشێوەی سەرەکی وەسیەتی بۆ سەرپەرشتکاریی مەلای مەلا مەحمود کردبوو تا ئەو کاتەی شێخ ئەحمەد گەورە دەبێ و

پێ دەگات. بۆ ئەو ئەرکە پێویســـت بوو مەلای مەلا مەحمود بەردەوام ببێ لە بانگەشـــە و بەڕێوەبردنی بزووتنەوەکە. (ایوب بابو بارزانی، صدیق الدملوجی و مسعود بارزانی)

مەلای مەلا مەحمود لە ماوەی نێوان لە سێدارە درانی شێخ عبدالسلام و پرۆسەی پێگەشتنی شێخ ئەحمەدی بارزاندا دەوری سەرەکی هەبوو لە ســەرپەرشــتیکردنی چەکداری و مەعنەوی بارزانییەکان. ســاڵی ١٩٢٦ ئیتر شـێخ ئەحمەد وەك گەنجێکی زانای عارف، ڕۆژ بەرۆژ دە وری زیاتر بوو. لە پاڵ ئەویشـــدا برای بچووکەکەی واتا مســـتەفا بارزانی، وەك گەنجێکی چەکداری چاپوك و پابەند بە فەرمانەکانی شێخ ئەحمەد پێگەیشـتبوو. ئەوە جیا لە پێگەشـتنی ژمارەیەکی دیکە لە برا و ئامۆزا و کەس و کاری زۆر موخلیس. هەروەها لە پاڵ ئەوەدا هەموو پەیڕەو و خەلیفە و بانگەشــەکارەکانی دڵســۆزی شــێخ عبدالســلام لە دەوری شـــێخ ئـەحمـەد کۆبوونـەوە. لێرەدا بـە دیدی من پرۆســـــەی دەستپێکردنەوەی کاری بانگەشـە و پەرەپێدانی بزووتنەوەی بارزان لە زەمانی شـێخ ئەحمەد گرنگە. بەڵام ئەو ســەرهێشــە و ئاســتەنگانەی تووشـیان بووە، باسـێکی دیکەیە و زۆر ناگەڕێمەوە سـەر ئەو ناکۆکیانە ی لەنێوان ڕوانگای مەلای مەلا مەحمود و دەوروبەرەکانی شـــێخ ئە حمەدی بارزاندا دروســت ببوو. ئەو ناکۆکییە لە کۆبوونەوەی یەکەمی "سـەری موسـەکان" کە بە ئەنجوومەنێك دادەنرێ، پەیڕەوە کاریگەر و ناوداڕەکانی بزووتنەوەی بارزان، ئەوانەی لەگەڵ شـــێخ عبدالســـلام

کاریان کردبوو و وەسـیەتەکانیان لابوو،بڕیاریان یەکلا کردەوە و لەبە رژەوەندی شێخ ئەحمەد بڕیاریاندا. کەواتە بزووتنەوەی بارزان بزووتنە وەیەك بووە پشتی بە درو ستکردنی ئەنجوومەن و کۆبوونەوەی فراوان بەستووە و ڕەئی پەیڕەوەکان لە پەرەپێدانی ئەو بزووتنەوەیەدا هەمیشە کاریگەر بووە.

شـێخ ئەحمەدی بارزان لە ئاشـکرا کردنی عەقیدەی بارزان خاوەن بڕیاری سـەرەکی بووە و زۆر بایەخی بە بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی دەدا. جا ئەگەر لە زەمانی شێخ عبدالسلامدا عەقیدەکە پەرەیسەندبوو بە ڵام تا ڕادەیەکی زۆر شـێخ خۆی دەپاراسـت لەوەی بکەوێتە موناقەشـە کردنی ئاشکرا لەگەڵ تەکیە و عەشـیرەتەکانی دەوروبەر تا بە دەنگی بەرز نەڵێ بارزان بزووتنەویەکی ئەعقیدەیی کۆمەڵایەتییە. لە زەمانی شێخ ئەحمەددا بیروباوەرەکان زیاتر ساغ کرانەوە و بوونە بنەما بۆ ڕە فتار و کارپێکردن لە ژیانی پەیڕەوەکانی بزووتنەوەکە دا. ئەو بیروباوە ڕانەی کە شێخ عبدالسلام پێی وابووە لە شـەریعەت و کۆمەڵگادا دەبێ گۆڕانکاریان تێدا بکرێ تا کۆمەڵگا بتوانێ بە ئاسانی بژی و کار بکا و یەکتر قبووڵ بکا، ئینجا دەرگای ژیانی ئاسـانی لەبەردەم بکرێتەوە و بە دوای باشـترین شـێوازی خۆبەرێوەبردندا بگەڕێ، لێرەدا شـێخ ئەحمەد ئەو باوەڕانەی پتر دەرخست و کەشفی کردن، کردنی بە بنەمای پەروە ردەیەکی فراوان لە ناوچەی بارزان. لە زەمانی شـێخ ئەحمەددا سـە روسـیمای ئەو چاکسـازییە دینی و کۆمەلایەتییە کەوتە چوارچێوەی

دەزگای خۆبەڕێوەبردنی ئەوکات کە ئەنجوومەنی گوندەکان و نوێنەرە باوەڕپێکراوەکانی خودی شێخ بوون.

پەیڕەوانی ڕێبازی بارزان لە ناو خۆیاندا بۆ سێ باڵی موناقەشە دابەش بوون. یەکەمیان: باڵی شێخەکان (شێخ محەمەد، شێخ عبدالسلام و شێخ ئەحمەد) دووەمیان: باڵی توندڕەوەکانی ناسراو بە پەیڕەوانی خورشید خورشید و سێیەمیشیان: باڵی بارزانییە سەلەفییەکان. باڵی یەکەم پێیوا بوو چاکسازییەکە پێویستە لە شەریعەتی ئیسلام و کۆمەڵی کوردەواریدا بەشێوەیەك بکرێ کە مرۆڤ بە ئاسانی بتوانێ کار بکات و بە دابونەریتی پاشکەوتووی دەستوپێگرەوە خەریک نەبێ و توانایی ئینسان بکرێتەوە و مافی بپارێزرێ. ژنان ئازادییەکی تەواویان پێ بدرێ تا بتوانن وەك ئینسان بژین و لە کار و کردەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بەشدار بن. دوژمنایەتی و کڕهاندنی دینەکانی تر وەك عەقیدە کۆتایی پێ بهێندرێ. لەسەر بنەمای قبووڵکردنی باوەڕەکانی بزووتنەوەی بارزان، پەیڕەوانی هەموو دینەکان لە پاڵ یەکتر بژین و هاوکاری یە کتری بکەن و ناسنامەی هاوبەشیان بۆ پەیدا ببێ. ئەمە پاڵ بە پاڵی پاراستنی توراسی قەومی و دینە کۆنەکەی خۆیان. کەواتە بزووتنەوەی بارزان نەك تەنیا لە شەریعەتی ئیسلامدا بەڵکو لە شەریعەتەکانی ئێزیدی و مەسیحی و یەهوودیشدا چاکسازی دروست دەکرد. بەڵام گۆڕانکاریەکە زیاتر بە ڕووخساری کۆمەڵگای موسڵمانی کوردستانەوە دیار بوو. شێخ ئەحمەد لە پاراستن و پەرەپێدانی هێزی چەکدار و پە

پڕەوانی بانگەشەکار و ڕۆشەنگەردا، دەورێکی زیاتری هەبوو. ژیانی شێخ ئەحمەد وەك عارفێکی ڕاستەقینە بە ئەندیشەی قووڵ و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئارام و پابەند بەو باوەڕانەی هەیبوو، کاریزمایەکی ئە وتۆی پێدا کە بەراورد ناکرێ لەگەڵ هیچ کام لە شێخەکانی پێشووی خۆی وکەسایەتییەکانی دوای خۆشی. قسە و فەرمانی شێخ ئەحمەد حوکمی دینییان وەرگرت و پلەی ئەو لەلای پەیڕەوەکانی بە" خودان" ناوزەد کرا. خودان مانای خاوەن و ساحێبی میللەت دێت، هەروەها بە مانای باب (دەرگای نێوان خودا و خەڵک) و مەولایەکی گەورە کە سیفای ئیلاهی پەیدا دەکات و لە توانایدایە فەرمانی خودا بۆ مرۆڤ شی بکاتەوە و بۆی ئاسان بکات. شێخ ئەحمەد لە لای پەیڕەوەکانی وا تە فسیر دەکرا: ئەگەر خودا هەقە، ئەوا شێخ ئەحمەد نیشاندەری هەقانییە تی هەقە. واتا فەرمانی خودا بۆ جیهانێکی ئارام و ئینسانی ساڵح، لە ڕێی فەرمانەکانی شێخ ئەحمەدەوە دەرەچن بۆیە دەبێ پەیڕەویان پێوە بکرێ. هەر ئەوەش وایدەکرد فەرمانە کۆمەڵایەتی و عقیدەییەکانی شێخ ئەحمەد، بێ چەندوچوون لای پەیڕەوەکان جێبەجێ بکرێ و کەشێکی مەعنەوی ئارام باڵ بەسەر ناوچەی بارزاندا بگرێت. یەکێك لە تایبەتمە ندیەکانی بیرکردنەوە و ئیرشادی شێخ ئەحمەد بریتی بوو لەوەی کە پە یڕەوەکانی خۆی بە بیرکردنەوەی ئەفسانەیی و ئوستورەیی لە چیڕۆکی دروستبوونی مرۆڤدا سەرقاڵ نەدەکرد. ئەو سەرنجی پەیڕەوەکانی خۆی بۆ زەمانی خۆیان ڕادەکێشا و ئەرك و ئامانجەکانی کۆمەڵگای لە

و قۆناغەی تێیدا دەژیان لەبەرچاو دەگرت و فەرمانەکانیشـــی بۆ ئەو کات بوون. بۆ یەکەمجار کۆمەڵگای کوردســـتان بزووتنەوەیەکی دە ســتپێکرد کە خەڵك لەســەر بنەمای هاوکاری، بەرژەوەندی هاوبەش، پاراستنی مافی یەکتر، پەیڕەوکردنی عەدالەت و یەکسانزانینی هەردوو جنســی ژن و پیاو، هەروەها دادپەروەری لە بەرهەمی کۆمەڵایەتیدا، بە رابەری و یەکبوون و یەکســانی لە نێوان پەیڕەوانی دینەکان ڕادەهێنا. ئەوانە بوونە عەقیدەی سەرەکی .

فەرمانەکانی شـێخ ئەحمەد لەو بوارەدا، ئارامشـێکی مەعنەوی بۆ پە یڕەوانی خۆی دروست کرد. ئارامشێک کە لە دینە ئاسمانییەکاندا نییە و لە دینێکەوە بۆ دینێکی تر کەم تا زۆر جیاوازییان هەیە. باوەڕەکانی شـــێخ ئەحمەد دڵەڕاوکێ بۆ پەیڕەوەکانی دروســـت ناکات و مرۆڤ لە شـــڵەژان(ئینزایتی،اضـــطراب)دا نـــاهێڵێتەوە. لەڕووی زانســـتی مرۆڤناسییەوە، فەرهەنگە سونەتییەکان گرێ و باری دەروونی نالەبار و نەخۆش بۆ پەیرەوەکانیان دروست دەکەن.عەقیدەی بارزان فەرهەنگێکی مرۆڤانە پیشنیار دەکات کە لە ناوەرۆکدا لەگەڵ دەستپێکردنی مودێرنیزم نـاکۆک نـابێت. بۆ نموونـە لـە دینی ئیســـلامدا چیرۆکی خیلقەت و پەیدابوونی مرۆڤ، ئەرك و ئامانجەکانی، ســـزا و پاداشـــتەکانی سەرهاتێکی دوور و درێژە و موسوڵمانی کورد بەشێکی زۆری باری دەروونی خۆی پێوە خەریک دەکات. ئەوە تا ئەندازەیەک کە هیچ کەس نییە ســەبارەت بەخۆی و دەورووبەری لە ترس و شـڵەژانی زۆردا نە

ژیابێ ، لە پێناوی پاراستنی خۆی لە دەست ئەو سزایانەی لە ڕۆژی ئاخیرەتدا تووشـــی دەبێ، ئامادەیە قوربانی بە هەموو دەوروبەری خۆی و تەنانەت بە کۆمەڵگاش بدات. ئەم کەشـە پڕ لە ترسـە، شـڵەژانی دەروونی دروست دەکات و زەمینە بۆ فتوای توند و یەکتر لەناوبردن، کە لەم سـەردەمەدا پێی دەگوترێ توونڕەوی دینی دروسـت کردوە. ئەمەیان لە عەقیدەی شێخ ئەحمەددا کۆتایی پێ هێنرا و پەیڕەوەکانی لە ئارامییەکی مەعنەوی و عەقیدەیی پڕ متمانەدا دەژیان. ئەوە ئیمتیازێکی زۆر پڕبەهایە کە بزووتنەوەی بارزان لەگەڵ خۆی هێنای .

ئەو بارودۆخە دەروونییە ئاڵۆزەی لە ناو موسـڵمانان و ئێزیدی و مە سیحی و جوودا هەبوو، بەو چاکسـازیە ئارامییەکی ڕەزایەتبەخشـی بۆ هەموویان هێنا. هەر ئەوەیە کە پەیڕەوانی عەقیدەی بارزان زۆر بە ئارامی دەژین و دڵیان بە هیچ شـتێکی خورافییەوە مەشـغووڵ نیە. ئەوان بە ئاســانی گومان لە یەکتر ناکەن و دادپەروەری بنەمای ڕەفتار و هاوکارییان بووە. لە زەمانی شێخ ئەحمەددا پڕۆسەی چاکسازی بوو بە دیاردەیەکی هەرە بەرچاو. بۆیە کاتێك ڕۆشـەنگەرانی بارزانی ڕوویان لە عەشـیرەتەکانی دراوسـێیان دەکرد، زۆر بە ئاســانی باوەڕیان پێ دەهێنرا. بۆیە ئاغاکان ئەوانیان بە دوژمنی خۆیان دەزانی و تۆمەتی مورتەد و هەڵگەرانەوە لە دینیان دەدایە پاڵیان. بەڵام مەنتقی عەقیدەی بارزان هێندە بەهێز و ئاسانفەهم بوو کە عەشیرەتەکان زۆر بە ئاسانی تێیدەگەیشـتن و دەبوون بە پەیڕەوی. ئەگەر ئاغاکان موقاوەمتیان کردبا

جوتیارەکان دەریان دەکردن و تێکرا داخلی ئەو نیزامە کۆمەڵایەتی و سیاسییە دەبوون کە لە بارزاندا هەبوو.(باجگر، ٢٠١٩)

لابـاڵی دووەم لە بزووتنەوەی بـارزانـدا، ئـەوانـە بوون کـە زیـادەڕۆ بوون، بەتایبەتی دوای کوژرانی مەلای مەلا مەحمود، زیاتر بیریان لە وە دەکردەوە کە چاکسازییەکە بەرەو دروستکردنی دینێکی نوێ ببەن. لە سەرەتادا پێیان وابوو بیرۆکەی دینێکی نوێ لە زەمانی مەلای مەلا مە حمودەوە دارێژراوە، توراسـی شـێخ محەمەد و شـێخ عبدالسـلامی بارزانیشیان وەك میراتی خۆیان حساب دەکرد و تەفسیری نوێیان بۆ دە کرد. ئەوانە لایەنگرانی لاباڵیکی توندڕەو بوون لە بزووتنەوەی بارزاندا و توانییان پەیڕەو بۆخۆیان پەیدا بکەن، بەڵام دەورێکی کاریگەریان نەبوو و لەلایەن شـێخ ئەحمەدیشـەوە پەسـەند نەکران، هەربۆیە ورده ورده پاشەکشەیان کرد. شێخ ئەحمەد لە سێ ساڵی کۆتایی تەمەنی خۆیدا بۆ ماوەی سـێ مانگ متمانەی بە خورشـید خورشـید بەخشـی. تەنانەت ناوماڵەکەی خۆی ڕاسـپارد بچن ڕێنوێنی لە خورشـید وەربگرن. بەڵام کاتێک نیازی خورشیدی زانی کە دەیەوێ دینێکی نوێ دروست بکات، متمانەی لێی کێشـایەوە و ڕایگەیـاند ئەوانە لە من نین. هەرچەند تـا ئێسـتاش ژمارەیەکی کەم لە پەیڕەوەکانیان ماون و وەک کۆمەڵێکی خۆجێی بچووک دەژین.

خورشێد خورشێد، کوڕی خورشید ناوێک بوو کە دوای لە سێدارە درانی شێخ عبدالسلام بارزانی خاوەنی دەسەڵاتێکی ناوچەیی بوو لە دەوروبەری گوندی بارزان. بەشێک لە مالباتی شێخەکانی بارزانی گرتە ژێر پاراستنی خۆی و یەکێک لە کچەکانی شێخ محەمەدی(خوشکی شێخ عبدالسلام) بە تۆبزی لە خۆی مارە کرد. دوای بەهێزبوونەوەی ماڵە شێخەکان لە ڕووداوێکدا خورشیدی باوک(ئاغا) کوژرا. ئەوکات خورشیدی دووم لە سکی دایکیدا بوو، لەو ڕووداوەدا گولەیەک بەر سکی دایکی خورشێدی دووەم کەوت. دوای لە دایکبوونی خورشیدی دووەم دەرچوو ئەنگوستێکی پێوە نیە. بارزانییەکان پییانوایە ئەنگوستێکی خورشیدی دووەم بەو گولەیە چووە. بەو پێیە خورشیدی دووەم خوارزای شێخ ئەحمەد بوو. هەمیشە خۆی و دایکی جێی بایەخی شێخ بوون تا باش پەروەردە بکرێت. لە کۆڕەوی بارزانییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦دا، لە ڕێگا شێخ ئەحمەد چاوی بە خورشید دەکەوێت و بانگی دەکات و پێی دەڵێ: بگەڕێوە لای دایکت و ئاگات لێی بێت و چی باشەیە بیکە، پێویست ناکات لەگەڵ ئیمە بێیت. خورشید وەک گەنجێکی ئازادە و هۆگری شێخ ئەحمەد گەورە بوو، بەڵام تیپی شەخسییەت و ڕوانگای تایبەتی خۆی هەبوو. ئەو لایەنگری دامەزراندنی دینێکی نوێ بوو. ئازادی لای ئەو لە ئازادی عەقیدەی بارزان تێپەڕی بوو. دەڵێن کاتێک بۆ مەلە دەهاتە سەر زێی بادینان خۆی ڕووت دەکردەوە و تەنانەت دەرپێشی فڕەدەدا و مەلەی دەکرد.

دەیگوت هەموو کەس وەک هەیە خۆی نیشــان دەدات. دواجار لە ســاڵی ١٩٨٣ لە ئۆردوگای قوشـتەپە ئەنفال کرا. ئەو لە قوشـتەپە جەمی لاباڵی بارزانییەکانی خۆی دامەزراندبۆوە.

لاباڵی سـێیەم لایەنگرانی ســەلەفی ناو بارزانییەکانن. ئەوانە لەگەڵ چاکســازی کۆمەڵایەتی و سـیاسـی بزووتنەوەی بارزاندان، بەڵام پێیان وایە لە ڕووی بنەماکانی شەریعەتەوە نابێ هیچ دەستکارییەك بکرێ. ئە و باڵە ســەلەفیەکانی بارزانیان پێ دەگوترا و ژمارەیان کەم بوو، بەڵام مافی ئەوەیان هەبوو کە لەســەر بیروباوەڕی خۆیان بەردەوام بن. لێ بۆیان نەبوو ئەو بیروباوەڕە بکەنە بنەمای پەروەردە و کاری سـیاسـی خۆیان. هەرسـێک باڵەکەی ناو بزووتنەوەی چاکســازی بارزان تا ئەم ڕۆژگارەش وجودیان هەیە، بەڵام ئەوەی لە پەرەسەندنی بەرفراوان دایە ڕێبازی شێخ ئەحمەدی بارزانە.

لەگەڵ پەیدابوونی باڵی ســیاســی و پەرەســەندنی باڵی چەکداری لە بزووتنەوەی چاکســازی بارزاندا، وردە وردە ڕۆشــەنگەر و کەســانی لێهاتووی چەکداری لێ کەوتەوە، کە هەر یەك لەوانە دەوری کاریگە ریان لە پەرەپێدانی بزووتنەوەکەدا بینی. لە زەمانی شـێخ ئەحمەددا بۆ جاری چەندەم بارزانییەکان کەوتنە ژێر پەلاماری ئاغاکان کە ڕق و کینەیەکی زۆریان لە بزووتنەوە چاکســازیەکە هەبوو . ئەو پەلامارانە دوای لە سـێدارەدرانی شـێخ عبدالســلام بارزانی گەیشــتە ڕادەیەکی

وێرانکەر، بە شـێوەیەك کە بنەماڵەی شـێخەکانی بارزانیان تەفروتونا کرد و لە ناوچەی جیاجیای دەوروبەری بارزان و شێروانی مەزن و هە ندێ ناوچەی تری سنووری بزووتنەوە چاکسازیەکەدا نیشتەجێ بوون. ئەندامانی بنەماڵەی شێخەکانی بارزان کەوتنە ژێر پەلاماری هەندێک لە ئاغاکان، ئەوانەی خۆیان بە دوژمنی ئەو عەقیدەیە دەزانی. ئەو دۆخە نزیکەی دە ساڵی خایاند. دواتر هەندێك لە لایەنگرانی بزووتنەوەکە کە وتنە خۆکۆکردنەوە و دیفاعکردن لە بنەماڵەی چاکسازیخوازی بارزانی و سەرەنجام توانییان بەسەر پەرتوبڵاویەکەدا زاڵ بن و بنەماڵەکە بگە رێننەوە بارزان و یەکبگرنەوە. لەوەدا کەسانی جیاجیا هەن و ناویان لە مێژووی ئەو بزووتنەوەیەدا دیارە. بۆ نموونە باسـی ئەحمەداغای بێرسیاڤ دەکرێ کە بە هانای بنەماڵەی بارزانیەوە چووە. هەروەها مە لای مەلا مەحمود دەورێکی عیرفانی و چەکداری کاریگەری هەبووە لە کۆکردنەوەکەدا. پاشـان وردە وردە مستەفا بارزانی وەك سـەرکردەیە کی چەکداری و دواتر سەرکردەیەکی سیاسی هاتە مەیدان. لەوە بەدوا مستەفا بارزانی سەرکردایەتیکردن و دیفاعکردن لە سنووری بارزانی بە ئەستۆی خۆی گرت.

لەپڕۆسـەی بەردەوامی چاکسـازییەکانی شـێخ ئەحمەدی بارزان لە بواری عەقیدەیی دا، لەپێناوی داڕشـتنی بنەمایەکی پتەوی پەروەردەیی ، ئاماژە بە هەندێک لە دابونەریتی عیبادی دەکەم. شـێخ ئەحمەد ئەو دابونەریتە عیبادیانەی کە ڕێگەیان لە کارکردن و ژیان و خۆشەویستی

نێوان پێکهاتەکان دەگرت، تێکڕای هەڵپەسـاردن واتە بڕیارەکەی شـێخ عبدالسلامی فراوانتر کرد. بزووتنەوەی بارزان جیا لەوەی بزووتنەوەیە کی کوردسـتانییە، لە ڕاسـتیدا ناوەڕۆکێکی کوردانەی زۆر قووڵ و ڕەسـەنیشـی هەیە. بۆ نموونە لە کۆڕە دینیەکانی پەیڕەوانی بارزاندا گە ڕانەویەکی زۆر ڕوون هەیە بەرەو ئەسـاڵەتی سـتایش و عیبادەت لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بەرەو ئەدەب و فەرهەنگی کۆنی کوردسـتان. من تەنیا ئیشـارەت بە کۆڕەکانی پەیڕەوانی بارزان دەکەم. لەوێدا شـیعرەکانی مەلای جەزیری و فەقێ تەیران بە ئاوازی تایبەت دە خوێندرێنەوە و لەگەڵی دا بلور (شـمشـاڵ) دەژەنن. هەربۆیەش لە ناو پەیڕەوانی بارزاندا شـمشـاڵ ئامرازێکی مۆسـیقایی پیرۆزە ، ئامرازی کۆکردنەوە ونەریتی عیرفانییە و لەکاتی خوێندنەوەی شـێعرە عیرفانیە کانی مەلا جزیری و فەقێ تەیران بەکاردەهێندرێت. هەرسێک باڵی ناو بزووتنـەوەی بـارزان ئیلتیزام بـەو دابونـەریتـەوە دەکـەن. چـەمکـە عەقیدەییە کۆمەڵایەتیەکانی ناو بزووتنەوەی بارزان تازەن و لە ڕووی واتاوە کوردەوارین.

بارزانییەکان دوای پەلاماری ئاغاکان بۆ سـەریان، خۆیان کۆکردەوە و بۆ جارێکی تر تەکیەی بارزانیان ڕێکخسـتەوە. لەوکاتدا دەوڵەتی عێراق بە هاوکاری کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا تازە دروسـت کرابوو. بریتانیا هەوڵی دەدا هەموو ناوچەکانی کوردستانی عێراق و بەتایبەتی ناوچەی بارزان بخاتە ژێر ڕکێفی دەوڵەتە دەستکردەکەی خۆی. وەك لە

لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتناســـانی ئینگلیزدا دەردەکەوێ، ئەوکۆڵۆنیاله زلهێزه هیچ هەوڵێکی جددی نەدەدا بۆ ئەوەی بە قووڵی لە بزووتنەوەی بارزان و ئامانجەکانی تێبگات. ئینگلیزخێرا ویستی مل بە سەرکردەکانی بارزان کەج بکات و بیانخاتە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی عێراق و دوای ئەوە ش لە چوارچێوەی دابەشکردنی ئیداری عێراقدا پارچە پارچەیان بکات و بیانتوێننەوە. ئەوەش بووە مایەی کاردانەوەی توندی بارزانییەکان، تا ئەو مقاومەتەی بەرامبەر عوســمانیەکان دەیانکرد، ئێســتا بەرامبەر عێراق و ئینگلیزیش دووبارەی بکەنەوە. بۆیە جارێکی تر شــەڕی گە ورە تووشی ناوچەی بارزان و بزووتنەوەکە بووەوە، ئەوجار لەسەر دە ستی ئینگلیز بوو و نوێترین تەکنەلۆجیای جەنگی تێدا بەکار دەهات، کە بریتی بوو لە تەیارە و تۆپ و ڕەشـــاش. جیا لەوەش ئینگلیزهێزێکی مونەزەمی خۆی هەبوو لەگەڵ سوپای نوێی عێراق بەردەوام پەلاماری ناوچەی بارزانیان دەدا. ئەو دۆخە بەردەوام بوو تا ســاڵی ١٩٥٨ کە کۆتایی بە پاشایەتی عێراق هێنرا.(ادمونز، ١٣٨٢ ه.ش)

لە ســـاڵانی١٩٢٦-١٩٤٦دەوری مســـتەفا بارزانی وەك گەنجێکی خوێندەواری ناو بنەماڵەی بارزانی و بزووتنەوەکە کەوتە مەیدانی کردەیی. مســـتەفا بارزانی زۆر بە قووڵی بڕوای بە ڕوانگای ناســیۆنالیســتی موعتەدلی شــێخ عبدالســلامی برا گەورەی هەبوو، هەروەها باوەڕێکی زۆری بە ڕوانگا چاکســازییەکەی شــێخ ئەحمدی بارزان هەبوو. لەو دووانە بیروباوەڕی ســەرەتایی مســتەفا بارزانی

دروست بوو كە بریتییە لە پەرەپێدانی كاری سیاسی و چەكداری لەسەر بنەمای عەقیدەی شێخ عبدالسلام و شێخ ئەحمەدی بارزان. واتا كوردایەتی و پابەندبوون بە عەدالەتی كۆمەڵایەتی. لێرەدا ئیعتیدال لە باڵانسی نێوان بیروباوەڕی سیاسی و عەقیدەیی بارزان بووە بنەمای بیركردنەوەی مستەفا بارزانی.

لێهاتوویی بارزانی وەك سەركردەیەكی چەكداری ،زۆر بە خێرایی بە هانای بارزانەوە هات و توانی هێزێكی ناوچەیی دروست بكات كە ملكەچی بڕیارەكانی شێخ ئەحمەد بێت. بۆ یەكەمجار لە بزووتنەوەی بارزاندا فەرماندەیەكی پارتیزانی باوەڕدار بە عەقیدەی چاكسازیخوازانە و بڕوادار بە ڕوانگای نەتەوەخوازی شێخ عبدالسلام پەیدابوو كە هەموو ئەو بەشانەی لە فەرمانی شێخ ئەحمەددا كۆدەكردەوە كە خودانی بارزان بوو. ئەو یەكپارچەیی و پتەویەكی پێویستی گێرایەوە ناو بزووتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی و سیاسی كە ئەركێكی قورسی بە ئەستۆوە بوو و جیا لە بزووتنەوەی چاكسازی، ئەركی ڕزگاری نیشتمانیشی هەڵگرتبوو. هەربۆیەش مستەفا بارزانی لە هەموو هەوڵە چاكسازییە كۆمەلایەتییەكانی شێخ ئەحمەددا پشتیوان و گوێ بە فەرمانی بوو. مستەفا بارزانی فەرماندەیەكی سەربازی بوو كە سرەوتن و ماندوبوونی نەدەزانی. لە ناوچە دوورەكانیش ئەگەر پێكهاتەكانی تر كەوتبانە ژێر هەڕەشە، بە فەرمانی شێخ ئەحمەد ،وەك فەرماندەیەكی سەربازی چاپووك بە هانایان دەگەیشت. لەوانە، بە هانا گەیشتنی

ئێزیدییەکان و ئاشـــوریيەکان و ئەرمەنییەکان لە کاتی قڕکردنیان لە ســـاڵانی کۆتایی دەوڵەتی عوســـمانیدا لاپەڕەی مێژوویی درەخشـــانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانن. بەتایبەتی بنەماڵەی ئەندرانیك پاشـــای ئەرمەنی،کاتێك لە تورکیاوە بۆ دەرباز بوون ڕوویان کردە ئە وروپا ، شێخ ئەحمەد مستەفا بارزانی نارده هانایان و یارمەتی دان و هێنایانن بۆ بارزان تا بە سەلامەتی بتوانن لە ژێرکوشتاری عوسمانیە کان دەرچن و ڕزگاریان بێ.(ویکیپیدیا٢٠١٩م)

لە دەیەی سێیەمی سەدەی بیستەم عێراق داخلی موعادەلەی بزووتنە وەی بـارزان بوو.وەک دەوڵـەتێکی نوێ هـاتـە مەیـدان، ئیمپراتۆریی کۆلۆنیالی ئینگلیز لە جیاتی ئیمپراتۆریی عوسـمانی خۆی سـەپاند کە ئامانجەکانیان لێکدی زۆر جیاواز بوون. ئەو چەکانەی بۆ لێدانی بارزانیەکان بەکاریان دەهێنا زۆر جیاواز بوو لەگەڵ چەکی تەقلیدی دەوڵەتی عوسمانی. بۆیە فشار هێنان بۆسەر بارزان و بەردەوامبوونی شـەڕ لەناوچەکەیاندا خێراتر و زیاتر بوو، بە بەراورد لەگەڵ زەمانی عوسـمانیەکان. ڕادەی خراپکاری و تێکدان و داڕماندنی ناوچەکەش لە شـەڕی ئینگلیز و عێراق لەگەڵ کوردستان زۆر زیاتر بوو لەو شـەڕانە ی لەگەڵ عوســـمانیەکاندا کرابوو. بۆ یەکەمجار فڕۆکە جەنگییەکان بۆردومانی تەکیەی بارزانیان کرد ولە ئەنجامی ئەوەدا سوتا و هەرچی ئەرشـیفی عیرفانی هەبوو لەوێدا لەناو چوو. بۆمبای تەوقیت لە گوندی بارزان بەکار هێندرا و بارزانییەکان بینییان کە ژن و منداڵیان بوونە

قوربانی و ژمارەیەك لە خەڵکی گوندەکە شەهید بوون.

ئەو قۆناغە نوێیە لەو کاتەدایە کە دەوری مستەفا بارزانییش لە کاری سەربازی و سیاسی هەڵدەکشا و متمانەی شێخ ئەحمەدی بارزان ڕۆژ بە ڕۆژ پێی زیاتر دەبوو و دەستی مستەفا بارزانییش لە پەیوەندی کردن بە ناوچەکانی تری کوردستان کراوەتردەبوو. لە شۆڕشەکانی باکوری کوردستاندا شێخ ئەحمەد، مستەفا بارزانی بۆ هانای شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحمودی حەفید لە سلێمانی ناردووە. مستەفا بارزانی وە ك هێزێکی چەکدار بە هانایانەوە چوو و بە پێی بارودۆخی ئەوکات وجودی خۆی ئیسپات کرد. ئەو ڕۆل و ڕووداوانە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر بیروباوەڕی سیاسی گەنجێکی عەسکەری بە عەقیدەیە کی پڕ لە چاکسازی هەبوو کە ئەویش مستەفا بارزانییە.

بەشی حەڤدەهەم

کەسایەتی مستەفا بارزانی چۆن پێگەیشت؟

ئەو ڕووداوە سیاسی و چەکداریی و عەقیدەییانەی کە بارزان و بزووتنەوەکەی تیایدا دەژیا، هەر لەو ڕۆژگارەشدا مستەفا بارزانی وەک گەنجێک پێی دەنایە ناو ڕووداوەکان و لەگەڵ هەموو باسە عەقیدەیی و کۆمەڵایەتی و عەسکەری و سیاسییەکانی ناو بزووتنەوەکە تێکەڵ ببوو. مستەفا بارزانی وەک کوڕی بچووکی شێخ محەمەدی بارزان لە هەموو مناقەشەکان ئاگادار بووە کە لەناو تەکییەی بارزاندا هەبووە. بارزانی زۆربەی ژیانی مێرمنداڵی خۆی لەگەڵ دایکی لە ژێر سەرپەرشتی ئەحمەداغای بیرسیاڤ بووە. ئەحمەداغا خاڵی مستەفا بارزانی بووە و یەکێک لە دڵسۆزەکانی شێخ محەمەد و شێخ عبدالسلام بووە. بارزانی وەک گەنجێکی هۆشیار و کونجکاو تەرەفێک بووە لەو مناقەشانە و لەگەڵ بیروباوەڕی شێخ ئەحمەدی بارزان کۆک بووە. بەڵام

لەگەڵ هەندێک بڕیاری ناوخۆییدا کەمێک ناکۆک بووە. لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا زۆر لایەنگری بەردەوامبوونی چاکسازی بووە و لایەنگری بیروباوەڕەکانی شێخ عبدالسلامی دووەم لەبواری نەتەوەیی و سیاسی بووە و بە فراوانی کەوتووەتە ژێر کاریگەری ناسیۆنالزمی شێخ عبدالسلامی برا گەورەی .

بایەخدان بە سیاسەت و تەعدیل کردنی و دیقەتدان لە ناسیۆنالیزم لە کەسایەتی مستەفا بارزانیدا زۆر جێگەی بایەخ بووە . ئەگەر ئەمەیان بەراورد بکەین لەگەڵ شەخسیەتی شێخ ئەحمەدی بارزان کە زیاتر بایەخی بە چاکسازی و کەشف کردن و پەرەپێدانی باوەڕە نوێیەکانی بزووتنەوەکە داوە، دەبینین لە نێوان مستەفا بارزانی و شێخ ئەحمەدی بارزاندا جیاوازی لە بایەخدانی پلەی یەکەم لە عەقیدەدا هەیە، بەڵام دژی یەکتر نین. واتا شێخ ئەحمەد زیاتر خەریکی پەرەپێدانی عەقیدەی چاکسازی بووە، لە هەمان کاتدا بایەخێکی زۆری بە پاراستنی پەیڕەوانی بارزان لە هێرشەکانی عوسمانی و ئینگلیز و ئاغاکان، دوایی هێرشەکانی حکومەتی عێراق داوە .شێخ ئەحمەد لەو کارەیدا وەک ڕابەر، خودان و مەرجەع بڕیاردەر بووە، بەڵام جێبەجێکردنی کاری عەسکەری و سیاسی لە لای مستەفا بارزانی بووە. بەو پێیە بایەخی مستەفا بارزانی زیاتر پەرەپێدان بە پەیوەندییەکانی سیاسی و ڕێکخستنی چەکداری و توندکردنی بەرگری لە ناوچەی بارزان بووە. دابەشبوونی کار پەیوەندییەکی پتەوی لەنێوان دوو کەسایەتی ناو

بزووتنەوەکەدا واتا لە نێوان خودان و مستەفا بارزانی دروست کرد.

پلەی خودان ئەو پلە بەرزەیە کە لە عەقیدەی بارزاندا تایبەتە بە شێخ ئەحمەد و هیچ کەسێکی تر ناگاتە ئەو پلەیە. مستەفا بارزانی بە تەواوی باوەڕی بە پلە و پایە عەقیدەییەکەی شـــێخ ئەحمەد هەبووە. بەو پێیە مستەفا بارزانی بە خوێندن و پێگەیشتن لەناو تەکیەی بارزان سەرەتای خوێندەواری و کاری فیکری و کۆمەڵایەتی و عەســکەری دەســت پێ کردوو و لە گەنجێتیدا بووەتە خاوەن بیروڕای تایبەت بە خۆی، ئەویش لەگەڵ گۆڕانی بــارودۆخی نــاوچەکەدا. ئیمپڕاتۆریی عوســـمـــانی لێکهەڵدەوەشایەوە و دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم پەرەیدەساند ، دەستێوەردانی عەســـکەری و ســـیاســـی ئینگلیز لە کاروباری کوردســـتان و هەموو ڕۆژهەڵاتدا زیاتر دەبوو. مستەفا بارزانی بە مێشـکێکی کراوە دەیبینی خەریکە گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی و ســـیاســـیی خێرا بەســـەر کۆمەڵگای کوردســـتانیشـــدا دێت و هەســـتی کرد کە بزووتنەوەی نەتەوایەتی و ڕزگاریخوازی نیشـــتمانی ئیتر چارەنووســـی کۆمەڵگای کوردستان دیاری دەکات و ناسنامەی نەتەوەیی بەسەر هەموو لایەکانی دیکەی کۆمەڵگەی کوردستاندا زاڵ دەبێت.

بارزانی لە گفتوگۆکانی ناو ســـەرکردایەتی بزووتنەوەی بارزاندا لایەنگری باڵی شـــێخ ئەحمەد بووە چونکە ڕاســـتترین و واقیعیترین زەمینەی فیکری و عەقیدەیی بۆ پەرەسەندنی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی

پێشکەوتنخوازی کراوە دەڕەخساند. بزووتنەوەیەکی نوێ لە کۆمەڵگەی کوردستاندا کە لە ڕووی فیکری کۆمەڵایەتیدا بنەمایەکی کراوەی هەیە و پشتوپەنای ئەو بزووتنەوەیە بنەما سەرەکییەکانی عەقیدەی بارزان بوو. مستەفا بارزانی لایەنگری ئەو باڵە بوو کە ئیترلەوە زیاتر کار لەسەر قووڵترکردنەوەی عەقیدە و دەستکاریکردنی شەریعەت نەکرێ تا بزووتنەوەکە بەلای توونڕۆییدا نەبردرێت. ڕوانگای مستەفا بارزانی ڕوانگایەکی زۆر واقیعبینانە بووە چونکە پێی وابووە کە چاکسازی شوێنی خۆی دەگرێ و دەرگای واقعی بۆ کردنەوەی هێز و توانای کۆمەڵگا دەکاتەوە. هەروەها بنەما فیکرییەکانی بزووتنەوەی بارزان دەکرێ ببێتە کارنامە و بیرنامەی ئەو کرانەوە کۆمەڵایەتییە. بەو شێوازە بوار دەکرێتەوە تا هەموو کۆمەڵگای کوردستان بێتە ناو بزووتنەوەکە و لە ناوچەیەکی دیاریکراوەوە ببێتە بزووتنەوەیەکی سەرانسەری کوردستانی.

لە لایەکی دیکەوە ئەو ڕوانگا چاکسازیەی بزووتنەوەی بارزان بۆ هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردستان هەیبوو، مستەفا بارزانی زیاتر هان دەدا کە بیربکاتەوە ئەو بزووتنەوە ناوچەییە ببێتە بزووتنەوەیەکی سیاسی و نەتەوایەتی و نیشتمانی.خواستە نیشتمانییەکە بەو مانایە بێت هەموو ئەو پێکهاتانەی لە کوردستان دەژین تێیدا بەشدار ببن، بواری بوژانەوە و بەشداریی سیاسی و کۆمەڵایەتییان ببێ بە گشت دین و نەتەوەکانییەوە. لە هەمان کاتدا هەموو ناوچەکانی

کوردســـتــان دەکرێ تێکەڵی یەکتر بکرێن و بزووتنەوەکەش ببێتە بزووتنەوەیەکی ســەرتاســەری و ســەرەنجام فەرهەنگی کوردســتان لەســەر بنەمای چاکســازی دابڕێژرێتەوە و زمانی کوردی یەکبگرێ و بەرەو پێشـــەوە بچێ. بــارزانی زیــاتر لایەنگری ئەوە بوو کە یەک شێوەزار بەسەر فیکری سیاسی کوردستاندا بسەپێندرێ و ئەو کارەی لە زەمانی خۆیدا کرد.

لەوکاتدا تەجرەبەی حزبایەتی نەبوو، بۆیە مستەفا بارزانی تەکوینی فیکری و تەجرەبەی سیاسی و عەسکەری خۆی لەسەر بزووتنەوەی بەرفراوانی جەماوەری بە ڕەنگ و قەناعەتی جیا جیا بەڵام بە چاکسازی هاوبەشەوە داڕشتبوو.

مستەفا بارزانی لە کاری سیاسیدا بەسەر هەموو بیرە سیاسییەکاندا کەسێکی کراوە بووە. پێی وابووە لەناو بزوتنەوەیەکی سیاسیدا دەکرێ تەفسیری جیاجیای سیاسی هەبێ بە مەرجێک لە بنەمادا لە خزمەتی پێشـــکەوتنی کۆمەڵایەتیدا بێت. لە بیری ناســیۆنالیســتیدا باوەڕی بە کوردایەتییەکی کراوە هەبووە کە لەسەر بنەمای عەدالەتی کۆمەڵایەتی داڕێژرا بێت. ئەوعەدالەتە بەرابەری و پاراستنی پێکهاتەکانی دیکەی کوردســتان دابین دەکات. بۆ ئەو ناسیۆنالیزمەی کە مستەفا بارزانی باوەڕی پێی هەبووە دەچێتەوە ســەر بیروباوەڕی چاکســازی بارزان. لەوێ خۆشــەویستی زێد و ژینگە بە هەموو پێکهاتەکانییەوە پیرۆزە.

ئەمە لە فیکری ناسیۆنالیستی مەلا مستەفا بارزانییدا پەرەی پێدراوە کە کوردستان بۆ کورد و پێکهاتەکانی تر مەڵبەندی ژیان و سەرزەمینێکی پیرۆز بێت. لێرەدا فیکری پیرۆزیەتی زێد و خۆشەویستی ژینگە لە بزووتنەوەی چاکسازی بارزاندا تێکەڵ بە فیکری ڕزگاری نیشتمانی نەتەوەیی کرا، کە لەوکاتدا بەخێرایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاو دەبووەوە.

مستەفا بارزانی باوەڕێکی زۆری بە مەرکەزییەتی هێز هەبووە لە بزووتنەوەی سیاسییدا. ئەو مەرکەزیەتەش هەمیشە بە هێزێکی چەکدار دەپارێزرا، ئەو هێزە چەکدارەش دەبوو عەقیدەیەکی عادلی دیاریکراوی هەبێ تا نەبەزێت و بەردەوام بێ و بتوانێ خۆی بگرێ. لەو کارەشدا مستەفا بارزانی پشتی بە تەجرەبەی شێخ عبدالسلام بارزانی لە دروست کردنی هێزی چەکدار بۆ پاراستنی بزووتنەوەی بارزان دەبەست. ئەو خۆیشی لە ناو تەجرەبەی چەکداریدا گەورە ببوو و لەپاڵ زیرەکی و ژیری سیاسی، لێهاتوویەکی عەسکەری کەموێنە و تاقانەشی هەبووە. لە پاڵ ئەم سێ ئیدەیەدا: بیروباوەڕی سیاسی کراوە و مەرکەزییەت لەکاری چەکداریدا و هەبوونی عەقیدەیەک بۆ جەنگاوەرەکانی کە پێشمەرگەن، لێرەدا مستەفا بارزانی زۆر بە قووڵی بڕوای بە لێبووردەیی و وەکهەڤی و یەکسانی هەبووە. هەربۆیەش لە کاری عەسکەری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا باوەڕی وا بووە کە دەرسی مێژوو بریتییە لە ڕۆلی کەسایەتییەکان کە چ دەورێک دەبینن، نەک ئایا

کوردن یان موسڵمانن، مەسیحیین یان ئێزیدی، جوون یان ئەرمەنی یان شیعەی کورد و شیعەی عەرەب. تەنانەت کەسایەتی عەرەبیش ئەگەر لەگەڵ بزووتنەوەکە یەکیانگیر بووبا، زۆر بە ئاسایی وەریدەگرتن.

مستەفا بارزانی لە فیکری سیاسیدا زۆر کاری لەسەر ڕوانگایەکی نوێ کردووە بۆ دۆزی ڕزگاریخوازی کوردستان وهەوڵی داوە ئەو ڕوانگا تازەیە شیبکاتەوە و لە پەیڕەوەکانی خۆی بگەیەنێ. ئەو مێژووی بزووتنەوەکانی کوردستانی بە مێژووی ئەو بزووتنەوەیە دەزانی کە خۆی سەرکردایەتی دەکرد. وەک چۆن مەبدەئی پیرۆزیی زێد و ژینگەی بەسەر هەموو کوردستاندا گشتاند، بە هەمان شێوە تێکۆشانی تێکۆشەرە کوردەکانی پێش خۆی گشتاند ومانایەکی پێ بەخشی کە ئەوانە پێشینە و مێژووی کوردستانن و ئێمەش لەسەر بنەمای ئەو مێژووە پەرە بەکاری خۆمان دەدەین . لەو ڕوانگایەوە هەموو سەرکردەکانی پێشوو کە پەیوەندییان لەگەڵ بارزانییەکاندا هەبووبێ یان نا، لای مستەفا بارزانی تا پلەی پیرۆزی تەماشا دەکران . وەک دیارە مستەفا بارزانی بەچاوی میر و پادشای سەردەمانێکی مێژووی کوردان دەیڕوانییە بەدرخانییەکان و بە ڕێزێکی زۆرەوە نەوە و نەتیجەی ئەوانی لەچالاکییە ڕۆشنبیرییەکاندا بەشدار دەکردن وهەڵیدەسەنگاندن و بە ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکردن(گفتوگۆی تایبەتی). بە هەمان شێوە بە پیرۆزییەوە تەماشای تێکۆشانی شێخ سەعیدی پیران و سەید ڕەزای

دەرسـیم و شـێخ مەحمودی حەفیدی دەکرد. لە زەمانی خۆیدا بەهەمان شـێوە سـەیری قازی محەمەدی دەکرد و لە هاوکاریکردنیدا هەر بەو ڕوانگـایەوە کـاری لەگەڵ کردووە. ئەو بـاوەڕە وایکرد تۆکمەیی و قووڵییەکی زۆر لە ڕوانگای مێژوویی مستەفا بارزانیدا بێتە دی و بوار بۆ هیچ ڕەتکردنەوە و پاکتاوکردن و بەکەمگرتنی تێکۆشانی پێش خۆی نەهێڵێتەوە. لە ئەنجامدا کارێکی کرد کە شـتێک بەناوی سـڕینەوەی مێژوویی بۆ تێکۆشـانی کورد نەبێ. ئەوەیان دەگەڕێتەوە بۆ لایەنێکی گرنگ لە ڕوانگای سیاسی مستەفا بارزانی.

مستەفا بارزانی زۆر لێزانانە لە ڕۆڵ و باوەڕەکانی شێخ ئەحمەدی بارزان تێدەگەیشـت. شـێخ ئەحمەد لە هێنانەدی ئامانجی خۆی بەردەوام بوو، ئەویش ڕێنوێنی عەقیدەیی و چاکسازی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بوو و بایەخیشـی بە شـۆڕشـی ڕزگاریی نەتەوەیی دەدا . ئەم بەڵانسـەی شـێخ ئەحمەد لە ڕابەرایەتی کردندا لە لای مستەفا بارزانی هەڵسـوکەوتێکی مەعقول و واقیعیانەی لەگەڵ دەکرا. شـێوازە ماقوڵەکە لەوەدا بوو هەم فەرمانەکانی شـێخ ئەحمەدی جێبەجێ دەکرد کە هەندێ جار لەوکاتدا سیاسییەکان لەوانەیە بە زەحمەت تێیگەیشتبان،هەم سەرکردایەتی خۆی لە بزووتنەوەی سیاسی شۆڕشگێردا بەرەوپێش دەبرد. فەرمانەکانی شێخ جاری وا هەبووە عەسـکەری یان سـیاسـی بوون و هەندێک جاریش شـێخ ئەحمەد خۆی هەندێک بڕیاری لە ناوچەی بارزان داوە کە لەگەڵ کاری مەلا مستەفا بارزانی زۆر کۆک نەبووە. بەڵام بارزانی چاک لە

کردار و باوەڕی شێخ ئەحمەد تێدەگەیشت و هیچ کات لە فەرمانی ئەو لاینەدەدا. لە هەمان کاتیشــدا قودرەتێکی وای هەبوو کە هیچ زیان و زەرەرێک بە بزووتنەوەی سیاسی نەگات.

کاتێک گفتوگۆ لەناو فیکری چاکسازیی بارزاندا گەیشتە قۆناغێکی هەســتیار، ڕۆڵ و لایەنگری مســتەفا بارزانی بۆ زاڵکردنی باڵی چاکســازیخوازی عەقیدەیی و کۆمەڵایەتی شــێخ ئەحمەد بایەخێکی ســەرەکی هەبوو. لەوەدا ڕۆلێکی دیاریکراوی هەبوو بۆ ســەرخستنی میانەڕۆیی شێخ ئەحمەد، هەروەها بە دەستێکی پۆڵایین لە موخالیفەکان هاتە دەنگ کە دەیانویســت بزووتنەوەکە بەلای عیرفانییەتی ڕووت و هێنانە دی دینێکی نوێدا ببەن . ســەرباری ئەوەی کە بزووتنەوەی بارزانی ڕزگار کرد و بەلای چاکســازیدا بردی، بەڵام ڕێگای لەو کەســانەش نەگرت کە بیروباوەڕی تایبەتی خۆیان هەبوو و بەلایەکی دیکەدا ڕۆیشتن. (ایوب بارزانی،٢٠١١م)

وەک لەمەوپێش ئاماژەم پێی کرد، بزووتنەوەی بارزان ســێ باڵی لێ کەوتەوە، باڵێکی هەرە بەهێزی چاکسازیخواز بە سەرۆکایەتی خودان و بە پشــتیوانیی مســتەفا بارزانی، باڵێکی ســەلەفی لەســەر باوەڕی شەریعەتی دەستکارینەکراو کە پێیان دەگوترێ بارزانییە سەلەفییەکان و باڵی توندڕەو کە ئەوکات زیاتر مەلامەحموود و دواتر خورشید و ئێســتاش هەندێک لە پەیڕەوەکانی لەســەری بەردەوامن. بەڵام

ئەولاباڵەی باڵندەتر بوو و پەرەیســـەند و تێکەڵی دیاردە نوێیەکان بوو باڵی چاکســازیخوازی بوو کە مستەفا بارزانی بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەدی بارزان پشتیوانی دەکرد. ئەو گفتوگۆیانەی لە ناو پاشماوەی بزووتنەوەی چاکســازی بارزان تا ئێســتاش بەردەوامە بە هەر سێک بــاڵەکەوە بۆ ئەوە دەرەنجــامە دەگەڕێتەوە. چونکە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا ئامانجەکان گرنگن نەک ڕەفتاری فەردی. ڕەفتاری فەردی توند و هێمن، باش و خراپ لە هەموو بەرەکاندا هەیە. ئەوەش سروشتی هەموو بزووتنەوەیەکی چاکسازیخوازە کە ئەم جیاوازیانەی تێدا دەبێت.

قۆناغی دووەم لە ژیانی مســـتەفا بارزانیدا، بایەخدانی بوو بە بزووتنەوەی سیاسی و شۆڕشگێری کوردستان کە لە ١٩٣٠بەملاوە دەســتی پێ کرد. لە دەیەی سێییەمی ســەدەی ڕابردوودا بزووتنەوەی بارزان یەک لە دوای یەک تووشـــی شـــکســـتی عەســـکەری دەبوو. ناوچەکە بۆ چەند جاری تر کەوتە بەر پەلاماری ئینگلیز و عێراق. بارزانییەکان بە بنەماڵەی شـێخیشـەوە لەو ناوچەیە دوور دەخرانەوە و ڕادەگوێزران بۆ باشـوور یان ناوەڕاسـتی عێراق. ئەو ڕووداوانەش لە ژیانی مســـتەفا بارزانیدا قۆناغی نوێ بوون بۆ تێکەڵبوون و زیاتر ناسینی بزووتنەوە سیاسیەکانی ناوخۆ کە لە شارەکانی کوردستان و عێراقدا لە جموجۆڵدا بوون.

لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو بەدواوە ناوەندی ڕۆشنبیریی دروست بوون و لە شـارە گەورەکانی کوردسـتان لە چالاکیدا بوون. بۆ نموونە لە سـلێمانی و کەرکوک جموجۆڵێکی ڕۆشـنبیریی ناسـیۆنالیسـتی شـارسـتانی نوێ و بەهێز هەبوو. لە هەمان کاتدا تەکییە و خانەقای عیرفـانی بە فراوانی جـارانی خۆیـان مـابوون. لە هەولێری ئەوکـاتـدا کەسـایەتی کۆمەڵایەتی و ڕۆشـنبیریی کاریگەر هەبوون کە لایەنگری بزووتنەوەی سیاسییان دەکرد. لە بادینان سەرۆک عەشیرەتەکان ڕۆڵی پلە یەکیان هەبوو، دوای ئەوانیش شێخەکان بوون کە تەکییەی تایبەتی خۆیان هەبووە.

مسـتەفـا بـارزانی لە کـاتی مقـاوەمەتـدا پەیوەنـدی بە هەموو ئەو ناوەندانەوە کردووە. هەڵبەت بناغەی ئەو جۆرە پەیوەندییانە لە لای شیخ عبدالسلام بارزانییەوە داندرابوو. لەو ڕووەوە مستەفا بارزانی هەر کاتێ دەرفەتی دەبوو گەشـتی بەرفراوانی بە کوردسـتاندا دەکردن و سەردانی عەشیرەت و شێخەکان و مەلا دەسترۆیشتووە ڕۆشنبیرەکانی دەکرد. هەوڵی سـەرەکی بارزانی بۆ ئەو ئامانجە بوو کە جۆرێک لێکتێگەیشـتن و هاوکاری لەگەڵ ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتییە بەهێزانە دروسـت بکات. مەبەسـتی پێکەوە بەسـتنەوەی ناوەندە کاریگەرەکان بوو، لە هەمان کاتدا دەیویسـت قەناعەتیان پێ دروسـت بکات کە ئەو

بزووتنەوە سیاسییەی خۆی سەرکردایەتی دەکات، لەسەر بنەمای عەقیدەیەکی عەدالەتخوازانە و ئاشتیخوازانە بەڕێوە دەچێ.(مسعود بارزانی،١٩٨٦م)

مستەفا بارزانی لە سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەمدا بۆ سلێمانی دوور دەخرێتەوە و چەند ساڵێک لەوێ دەژی. لەو دوورخستنەوەیەدا لە سلێمانی قۆناغی سێیەمی کاملبوونی سیاسی مستەفا بارزانی دەستپێکرد. لەوێ لەگەڵ هەموو کەسایەتییە دینی و ڕۆشنبیری و ئیداری و سیاسیەکانی سلێمانی پەیوەندییەکی زۆر نیان و بەردەوامی هەبوو. واتا پەیوەندییەکی فراوانی بە هەموو کەسایەتی و ناوەندەکانەوە دەکرد و هەوڵی دەدا لێیان تێبگات و پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ دروست بکا. بۆیەش مانەوەکەی ئارام و بەرنامەداڕێژراو بووە و هیچ کێشەیەکی سیاسی و عەسکەری لەگەڵ هیچ ناوەندێک دروست نەکردووە. سەرەڕای ئەوەی حکومەتی عێراق لە ڕێی پارێزگاری ئەوکاتەوە(مستەفا قەرەداغی) ئازاری بارزانییەکانی دەدا وبواری جموجۆڵی لەسەر مستەفا بارزانیش کەمدەکردەوە، بەو بیانوە کە پیاوێکی دوور خراوەی سیاسی بووە و دەبێ کۆنترۆڵ بکرێ. بارزانی لەگەڵ ئەوەی بەتوندی وەڵامی دامودەزگای حکومەتی عێراقی دەدایەوە، زۆر بە نەرمی لەگەڵ کەسایەتییە کاریگەرەکانی ناو شار و ناو دامودەزگای حکومەتی تێکەڵ دەبوو و بەتایبەتی لەگەڵ ئەو کەسایەتییە سیاسییانە پەیوەندی هەبووە کە خەریکی بنیاتنانی

بزووتنەوەیەکی سیاسی بوون. هەروەها پەیوەندییەکی فراوانی لەگەڵ حزبی هیوا دروست کرد و لێیان نزیک کەوتەوە و لێکتێگەیشتنێکی زۆر لە نێوانیان دروست بوو. لەگەڵ ڕۆشنبیرانی سلێمانی واتا شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووسەکان پەیوەندییەکی گەرمی هەبووە، چونکە لە دەوری ئەو نوخبەیە تێدەگەیشت. نوخبەی ڕۆشنبیرانیش دەیانزانی کە سەرکردەیەکی سیاسی و عەسکەری لە دروست بوونداید و دەکرێ پشتی پێ ببەستن. (جەلالی میرزا کەریم، ٢٠٠٠م)

مستەفا بارزانی شارەزاییەکی باشی لە هەموو جموجۆڵە فیکری و سیاسییەکانی ناو سلێمانی پەیدا کردبوو. لەو ماوەیەدا مێژووی ئەو جموجۆڵانەی باشتر بۆ ساغ بووەوە و دەور و توانایی کەسایەتییە عەسکەری و ڕۆشنبیرەکانی باشتر بۆ دەرکەوت. لە لای خۆیەوە لە قۆناغی دواتری بزووتنەوەی سیاسی بە پێی توانایی هەریەک لەوانە، مامەڵەی لەگەڵ کردن. ئەو کاتێک سلێمانی بەجێهێشت باشترین پەیوەندی لەگەڵ بنەماڵەی شێخ مەحمودی حەفید هەبوو. دواتر لە دروست کردنی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمودی کرد بە جێگری یەکەمی خۆی. بە هەمان شێوە کاکە زیادی کوڕی حەمە ئاغای کۆیە جێگری دووەمی بوو لە ناو هەمان حزبدا. لەرووی پەیوەندی حزبی، لەگەڵ حزبی هیوا دانوستانێکی ئەوتۆی کرد کە دوایی حزبەکە ئامادەیی خۆی دەربڕی بکەوێتە ژێر فەرمانی مستەفا بارزانی.

بە گوێرەی مەنتقی ڕووداوەکان کاتێک مستەفا بارزانی سلێمانی جێ هێشـــتووە و بزووتنەوەی بارزانی لە ناوەڕاســـتی چلەکاندا زیندوو کردەوە، ئەوجارە بزووتنەوەیەکی ســیاســی و چەکداری بە ڕوانگای فیکری زۆر ڕوونتر لە جـاران دەســـتپێکردەوە. حزبی هیوا هەموو ڕێکخراوەکانی خۆی خســتە خزمەت ئەو بزووتنەوە نوێیەی بارزان، ســـەرەنجـامی بە دروســـت کردنی "هەیئەتی ئـازادی" هـات کە ئەفسـەرەکانی حزبی هیوا لەناو سوپای عێراقدا تێیدا بەشداربوون. ئەو ئەفســـەرانە دەورێکی زۆر کاریگەریان بینی لە پێکەوەبەســـتنەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی و سیاسـی لە ناوچەی بارزانەوە بۆ سلێمانی و کەرکووک و هەولێر و دهۆک.

مســـتەفـا بـارزانی توانی بزووتنەوەی چـاکســـازی بـارزان بەو ڕوانگایەی ڕێزی لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردســتان دەگرت، لەگەڵ بزووتنەوەیەکی دیکەی ســیاســی تێکەڵ بکات کە توڕاســی حزب دروســت کردنی هەبوو و ناسـیۆنالیزمی بەشـێوەی مۆدێرن تەفسیر دەکرد. ئینجا ئەوانەی ڕاکێشایە ناو ئەو بزووتنەوەیەی کە خۆی ســەرکردایەتی دەکرد. دواجار لە پڕۆســەی گفتوگۆیەکی فراوانی نـاو کـار و تێکۆشـــانـدا توانی بزووتنەوەی ســیـاســی ڕزگاریخوازی کوردســتان لە ناوچەی ســۆران بلکێنێت بە ڕوانگای سـیاسـی و عەقیدەیی ناسـیۆنالیزمی نەرم و کراوەی چاکسـازیخواز و عەدالەتخواز و پڕ لە لێبووردەیی بارزان . بەو شێوازە بە تەجرەبە و بە

لێزانین مستەفا بارزانی وەردە وەردە لە پڕۆسەی تێکۆشاندا ڕوانگایەکی نوێی بۆ بزووتنەوەی سیاسی لە کوردستان دروست دەکرد.

تێکۆشانی کورد لە ١٩٣٦ تا ١٩٤٦ بەسەرۆکایەتی مستەفا بارزانی و بە مەرجەعییەتی شێخ ئەحمەدی بارزان و هەروەتر بە پشتیوانیی حزبی هیوا کەوتە قۆناغێکی نوێ. لەو قۆناغەدا حزبێکی سیاسی پشتیوانی بارزانی بوو، ئەویش لە دەوڵەتی بە زۆر دروستکراوی عێراق کە لەناو سوپا و لە شارەکانەوە بەردەوام زانیاری دەدایە مستەفا بارزانی. حزبی هیوا لە هەمان کاتدا پردی پەیوەندی بۆ گفتوگۆ لە نێوان مستەفا بارزانی و حکومەتی عێراق و کاربەدەستانی باڵای ئینگلیزی درووست کرد و کەسایەتییەکی شیاوی بە ناوی ماجد مستەفا(فەیسەڵ دەباغ،١٩٩٦) لەو قۆناغەدا بۆناوبژیکردن پێشنیار کرد. بارەگای هەیئەتی ئازادی لە گوندی بارزان بوو و ژمارەیەک ئەفسەری کوردی خاوەن تەجرەبە و خوێندەوار خرابوونە ناو سەرکردایەتی بزووتنەوەکە. لەوێوە بزووتنەوەی بارزان لە بزووتنەوەیەکی ناوچەیی خاوەن عەقیدەیەکی چاکسازی، بە کردەوە لەگەڵ بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی مۆدێرن تێکەڵ بوو کە لەسەر ڕوانگایەکی نوێ، حزبی (هیوا) دروست کرد بوو. کاروانی گشتگیربوون و کامڵبوونی ڕوانگەی مستەفا بارزانی لە پڕۆسەی خەملاندنی ناوەرۆکی ناسیۆنالیزمی ئامانجدار و واقیعبیندا بەو ڕێگایە ئاڵۆزەدا تێپەڕیوە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٦ دا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی، جارێکی دیکەش تووشی شکستی عەسکەری دەبێ. لەو کاتەدا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ئێراندا، لە بەرەنجامی جەنگی جیهانی دووەم ، لە ناوچەی نفوزی یەکێتی سۆڤیەت، کۆماری کوردستان دامەزرا بوو. بارزانییەکان و ئەو سیاسەتمەدار و تێکۆشەرانەی لەناو حزبی هیوا بوون و لایەنگری بارزانی بوون، پاشەکشەیان کرد بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات. لەو پاشەکشەیەدا شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی تەنیا بارزانییەکانیان لەگەڵ نەبوو بەڵکو ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەر و ڕۆشنبیر و شاعیر و تێکۆشەری حزبی، سەرۆک عەشیرەتی نیشتمانپەروەر و شێخیان لەگەڵدا بوو. لە کوردستانی ئازادی ڕۆژهەڵاتدا بووە پشتیوانێکی بەهێزی عەسکەری و سیاسی و ئیداری بۆ کۆماری کوردستان و شەخسی سەرۆک کۆمار کە پێشەوا قازی محەمەد بوو. ئەو هێزە گەورەیە کە داخڵی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو هیچ بەری بە کۆماری کوردستان تەنگ نەکرد و فشاری بۆ دروست نەکرد. بە پێچەوانەوە زۆر بە تەوازوعەوە لەگەڵ کۆماری کوردستان هەڵسوکەتی کرد و پێشەوایی قازی محەمەدی بە پلەیەکی یەکجار بەرز قبووڵ کرد.

لەلای مستەفا بارزانی قازی محەمەد ئەو پێشەوایە بوو کە دەبوو پەیڕەوی لێ بکرێ و لەژێر سەرکردایەتی ئەودا تێکۆشان بەردەوام بێت. بۆیە ئەو هێزە سەربازییەی هەیبوو خستیە خزمەتی قازی و

ئامانجەکانی کۆمار. بە گەیشـــتنی بارزانییەکان و هاوخەباتەکانی ناوچەی سـۆرانیان بۆ مهاباد، پلە وپایەی قازی محەمەد زۆر بەهێزتر بوو. بەو هێزەوە قازی محەمەد لە پیلانی نەیارە کوردەکانی ڕزگاربوو. بۆ نموونە پیلانی محەمەدەمین چیچۆی شکاک کە بارزانی دەستبەسەری کرد و هێنایە مهاباد و لە مزگەوتی گەورەی شـــاردا ڕایگەیاند: هەر کەسێک دژی پێشەوا بوەستێ چارەنووسی وەک چیچۆ دەبێت(گفتوگۆی تایبەتی). بە هەمان شـــێوە ئاغاکانی مامەش و مەنگوڕی لە گوندی نەڵۆس کۆکردنەوە تا واز لە هەڵوێســـتی دوژمنکارانەیان بەرامبەر بە کۆمار بێنن، بەڵام کاتێک ویســـتیان ســـەربزێوی بکەن لەناو بردران. ئاغاکانی ناوچەی مەریوان و ســـەقز بە زەبری چەکی بارزانییەکان تێکشـــکێنـدران. ئەو کـار وهەڵوێســـتـانەی بـارزانی بۆ یەکڕیزی بزووتنەوەی سـیاسـی و چەکداریی کۆماری کوردسـتان بووە تا هیچ کەس لە فەرمـانـی قـازی مـحەمەد لانەدات. هەرئەوەش وایـکـرد پەیوەندییەکی زۆر پتەو لەسـەر بنەمای پێشـەوا و پەیرەو لەنێوان قازی محەمەد و مســتەفا بارزانی دابمەزرێت. ڕۆژێک لە ڕۆژان مســتەفا بارزانی وشـەیەکی نەدەگووت لە سـەنگی قازی محەمەد کەم بکاتەوە، بە پێچەوانەوە هەمیشـە لەژێر فەرمانی ئەودا بووە و بە گەورەیی ناوی هێناوە.

تەجرەبەی کۆماری کوردستان لە مهاباد، توانایی سەربازی مستەفا بـارزانی دەرخســـت. هەر لەوێشـــدا تەجرەبەی قـازی محەمەد لە

دروســـتکردنی حزبی دیموکراتی کوردســـتـان به لای بـارزانییەوە ســـەرنجڕاکێش بوو. بەتـایەبەتی کە تەجرەبەی تـایبەتی خۆی لە بەشـــداریپێکردنی حزبی هیوا دا هەبوو، ئەو ســـەرنجە بە زوویی بیرۆکەی دامەزراندنی حزبێکی نوێی لەلا گەڵاڵە کرد.

مستەفا بارزانی و شێخ ئەحمەد هەڵسـەنگاندنی ئەرێنییان بە ڕامبەر بە کۆمۆنیزم و یەکێتی ســـۆڤیەت هەبوو. جەوهەری دادپەروەری کۆمەڵایەتیان بە پەسـەند دەزانی وئەو دەوڵەتە زلهێزەیان وەک هێزێکی فیکری و ئایدیۆلۆژی دۆسـت تەماشـا دەکرد . هەر لەسـەر بنەمای ئەو ڕوانگـایە ڕووداوە عەســـکەرییەکـانی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتـان بووە دەرگـایەکی تـازە تـا پەیوەنـدیەکی نوێ لەنێوان مســـتەفـا بـارزانی و لێپرسـراوانی سـۆڤیەت و لێپرسـراوانی کۆماری ئازەربایجان دروسـت ببێت . دوو کۆماری تازەپا لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ئێران بە یارمەتی سـوپای سـۆڤیەت دروسـت ببوون. ئەگەر بەراوردێک لەنێوان هەردوو کۆماری کوردســتان و ئازەربایجان بکەین، دەبینین جیاوازییەکی زۆر لەنێوانیاندا هەبوو. فیرقەی دیموکرات کە کۆماری ئازەربایجانی بەڕێوە دەبرد، حزبێکی کۆمۆنیسـت بوو و ناچار بوو پەیڕەوی لە دوو حزبی کۆمۆنیســـتی تر بکـات؛ لە لایەکەوە خۆی بە بەشـــێـک لە حزبی کۆمۆنیســـتی ئێران (حزبی تودەی ئێران) بزانی ولەلایەکی ترەوە ملکەچ و پەیرەوی حزبی کۆمۆنیسـتی ئازەربایجانی سـۆڤییەت بێ کە هاونەتەوەی بوو. ســەرکردەیەکی ســیاســی و دیکتاتۆری بەهێز وەک

باقرۆف سەرکردایەتی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤییەتی دەکرد کە زۆر لە ستالین و بێریا نزیک بووە و زۆر جار وەک سێکوچکەیەکی هێز لە ناو سۆڤیەت تەماشا دەکرا: ستالین، بێریا و باقرۆف.

مستەفا بارزانی داخلی ئەو پەیوەندییە ئالۆزە بوو، سەرنجی سۆڤیەتییەکان و ئازەربایجانییەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا و ئەوانیش بایەخێکی تایبەتییان پێ دەدا. لە ڕاگەیاندنی ئەوسای ئێراندا،مستەفا بارزانی بە کەسایەتییەکی نوێ لە جەرگەی ڕووداوەکاندا دادەنرا و کردار و ڕوانگاکانی لەلای ئەوانەی دژی بوون یان ئەوانەی لایەنگری بوون، بە گرنگی وەردەگیران. ئێستا لە بەڵگە مێژوویییەکانی دەوڵەتی ئێراندا دەردەکەوێ کە ئەو دەوڵەتە بە شاهەوە لەسەر سەلامەتی ئێران مستەفا بارزانیان بە خەتەرێکی جددی دەزانی(بەهرامی ولدبیگی،١٣٩٦ ه.ش). هەر بۆیەش جۆری مامەڵەکردنی عەسکەری و سیاسی شای ئێران لەگەڵ مستەفا بارزانی جیاواز بوو لە مامەڵەی ئەو لەگەڵ لایەنەکانی دیکە. هەڵبەت ڕەفتار و جۆری خۆپاراستنی مستەفا بارزانییش لە دەوڵەتی ئێران، لەسەر ئەوە بنەمایە بوو کە سەرکردایەتی هێزێک دەکات عەقیدەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و ڕوانگایەکی سیاسی نەتەوەیی دیاریکراو و ڕوونی هەیە، لە هەمان کاتدا هێزێکی چەکداری تۆکمەشی لەژێر فەرماندایە. بۆیە پەیوەندییەکان لەنێوان مستەفا بارزانی و شای ئێران لە ڕووداوەکانی کۆتایی کۆماری کوردستاندا، لەسەر بنەمای هێز بەرانبەری بە هێز

بوو كە شــەڕ و گفتگۆ لەگەڵ یەكتر دەكەن. دیدارەكانی بارزانی لەگەڵ شەخسی شا لەسەر بنەمای هێز و بارمتە لە نێوان شای ئێران و مستەفا بارزانیدا بووە. ئەوانە تێكڕا ڕۆلی مستەفا بارزانییان لە سەركردایەتی كردنی ڕووداوەكاندا لە لوتكە نزیك دەكردەوە.

بارزانی لە ساڵی ١٩٤٦ بە مەشورەت لەگەڵ ئەفسەرە كوردەكان و ئەو ڕۆشنبیرانەی لەگەڵی بوون دامەزراندنی حزبێكی نوێ پێشنیاركرد. بۆ ئەو مەبەستەش پەیوەندی دەكات بە پاشماوەی حزبی هیوا و حزبی ڕزگاری و لایەنگرانی حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران لە سلێمانی تا حزبێك بەناوی پارتی دیموكراتی كوردســـتان دامەزرێنن. هەموو لایەنەكان گوێرایەڵی مســـتەفا بارزانی بوون و پارتی دیموكراتی كوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ دامەزرێندرا. ئەو لایەنە سیاسیانیەی لەو حزبە نوێیەدا كۆبوونەوە، بێ ئەوەی مســـتەفا بارزانی ئامادە ببێت ددانیان بە سەرۆكایەتی مستەفا بارزانی هێنا و پێشنیارەكانی ئەویان بۆ هەندێك بنەمای ســـەرەكی لەمەڕ باوەڕەكانی ئەو حزبە چەســـپاند. هەروەها دوو جێگری سەرۆك لە دوو بنەماڵەی ناودار كە مێژوویەكی كۆمەڵایەتی و سیاسی بەرچاویان لە كوردستاندا هەبوو، بە پێشنیاری مســـتەفا بارزانی و بێ ئەوەی مناقەشـــە هەڵگرێ دیاری كران، ئەو دووانەش بریتی بوون لە شێخ لەتیفی كوڕی شێخ مەحمودی حەفید و كاكە زیادی كوڕی حەماغای كۆیە.

کاریگەریی و هێزی مســـتەفا بارزانی هێندە لەناو بزووتنەوەی سیاسی کوردستانی عێراقدا بەرز بوو، کاتێک بەرەو سۆڤیەت ڕۆیشت و زیاتر لە دە ساڵ نەیتوانی پەیوەندی بە پارتەکەیەوە بکات، ئەو حزبە لە ڕێبازە گشـتییەکەی مسـتەفا بارزانی لای نەدا. بارزانی بڕیاریدا لە شـەڕێکی دەسـتەویەخە و مانونەماندا، لە کوردسـتانی عێراقەوە بەرەو یەکێتی شۆڤیەت بڕوات. ئەو ڕووداوە مێژووییە بە داستانی پەڕینەوە لە ڕووباری ئاراس بە ناوبانگە و نووســـەرانی بیانی و هەروەها بەڕێز مەســـعوود بارزانی لەســـەر ئەو بەرەنگارییە ســـەرســـوڕهێنەرە نووسیویانە. جیا لەوانە پێویستە ئاماژە بە هەندێ بەڵگەنامە بکەم کە من بینیوەمە. ڕۆشنبیر و نووسەری بەناوبانگی کوردستانی ئێران ئیبراهیم یونسی لە ساڵەکانی کۆتایی ژیانیدا، لەگەڵ نامەیەک بۆ بەڕێز مەسعود بـارزانی ئەو بەڵگـانەی نـاردبوو. ئەو بەڵگـانە بریتین لە ڕاپۆرت و تەلیگراف و کۆنووسی عەسکەریی کە وزیری بەرگری ئێران لە کاتی پەلامار و شـــەڕ لە دژی بارزانییەکان ئامادەی کردون. لەوانەدا باســـی ئەو شـــەڕانە دەکرێ کە دژی بارزانی کراون ئەوکاتەی بەرەو ئاوی ئاراس دەڕۆیشت. لەوێدا زۆر بە گرنگی و مەترسییەوە باسـی مستەفا بارزانی دەکرێت و حیســـابێکی زۆری بۆ دەکەن. لە بەشـــێک لە شـەڕەکاندا شـای ئێران خۆشـی وەک چاودێر بەشـدار بووە. نووسـەری نـاوبراو گوتبووی؛ ئەو بەڵگـانە لە ڕێی کچی وەزیری بەرگرییەوە بەدەســـتی گەیشـــتوون. ئەو کچە ئەوکات ئەندامی حزبی تودەی ئێران

بووە و ئیبڕاهیم یونسیش وەک ئەفسەرێک سەر بە ڕێکخستنی نهێنی حزبی ناوبراو بووە و لێپرسراوی نهێنی کچەکە بووە. (بەڵگەی بڵاونەکراوەی ئیبڕاهیمی یونسی).

مستەفا بارزانی کاتێک ناچار بوو پاشەکشە بکات و بەرەو یەکێتی سۆڤیەت بڕوات، وەک سەرۆکێکی گەورەی نەتەوەیی بە پەناهەندە بوونی، کەسایەتی کاریزماتیکی بەسەر بزووتنەوەی سیاسی کوردستاندا هەر مایەوە. ئەوحاڵەتە بۆماوەی دوانزدە ساڵ گۆڕانی تێنەکەوت و نەلەقا، هیچ کەسێک نەیتوانی خۆی لە دەوری ئەو نێزیک بخاتەوە. ئەو واقیعە لە شیعر و نووسینی شاعیرە گەورەکانی ئەوکاتیشدا ڕەنگی داوەتەوە.(پیرەمێرد،١٩٤٧ز)

لەو قۆناخەدا لە یەکەمین هەنگاو مستەفا بارزانی لەگەڵ شۆڤێنیزمی ئازەری بە ڕابەرایەتی باقرۆف کەوتە کێشە و ناچاربوو بە توندی بەرامبەر بەو هەڵوێستە شۆڤێنییەکەی باقرۆف بوەستێ. باقرۆف دەیویست بارزانییەکان بتوێنیتەوە و بیانکات بە پاشکۆی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان وبۆ سیاسەتی خۆی لە ئێراندا بەکاریانبهێنێت.

مستەفا بارزانی لە سەرەتای ژیانی سیاسی خۆیدا بەرەنگاری فیکری عوسمانی لە ئیمپڕاتۆری عوسمانی بووەوە، دوایی دژی سیاسەتی ئینگلیز و عەرەبی عێراقی نوێ وەستایەوە، لە کاتی کۆماری مهاباد دا بەرامبەر بە سیاسەت و ئایدیۆلۆژی پان ئێرانیزم بە سەرۆکایەتی شای

ئێران وەستا، لە ئاوارەییدا لە ناو یەکێتی سۆڤیەت دەستە و یەخەی کێشەیەکی فیکری و سیاسی وتەنزیمی بوو لەگەڵ ناسیۆنالیزمی شۆڤێنی ئازەری بە سەرکردایەتی کەسێکی بەهێزی وەک باقرۆف. ئەو هەڵوێستەی دوایی کێشەیەکی زۆری بۆ مستەفا بارزانی وهەوخەباتەکانی دروست کرد.

هەندێک لە پەیڕەوەکانی بارزانی و هەندێکیش لە ئاوارەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە لە ئازەربایجان بوون، کەوتنە ژێر کاریگەری باقرۆف و حزبی کۆمۆنیستی ئازربایجان. ژمارەیەک لەو ئاوارانە لەوانەیە دەوری خەراپیشیان بینیبێ بەڵام بارزانی زۆر بە هێمنی ئەو قۆناغەی سەرکردایەتی کرد و سەرەنجام توانی یەکڕیزیی پەیرەوەکانی خۆی کە لە کاروانی پەڕینەوە لە ئاراس بەرەوە سۆڤیەت لەگەڵیدا بوون بپارێزێت. بارزانی لە سۆڤییەت فشارێکی زۆری بۆ هێنرا وهاوخەباتەکانی بە ناو یەکێتی سۆڤیەتدا پەرت و بڵاو کران و لێکدی دوورخرانەوە بە خودی مستەفا بارزانیشەوە، بەرەو کۆمارەکانی دەوروبەری ئازەربایجان و تاجیکستان و ئۆزبەکستان ڕەوانە کران. تەنانەت نەیاندەهێشت بە ئاسانی یەکتر ببینن. مستەفا بارزانی سەرباری هەموو سەختییەکان، ڕۆل و ڕێی خۆی ون نەکرد و لەوماوەیەدا سەرکردایەتییەکی هێمن و جدی بارودۆخەکەی کرد. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بە وردی کەوتە توێژینەوە لەسەر کۆمۆنیزم لە کردەوە و بیرکردنەوە وسیستەمی سیاسیدا.

بارزانی لەو ماوەیەدا هەوڵێکی زۆری دەدا تا دەوڵەتی سـۆڤییەت ڕێگە بـدات پەیڕەوەکـانی دەرس بخوێنن و زانکۆ تەواو بکەن. هەر وەک خۆی لە نامەیەکدا داوا لە کاربەدەستانی سۆڤێتی دەکات ئاسانکاری بکەن تـا ئـاسـتی زانسـتی و لێهـاتوویی پەیڕەوەکـانی بەرز ببێتەوە. سـەرەنجام هەموو ئەو پێشـمەرگانەی لەسـەرەتادا نەخوێندەوار و ژمارەیەکی کەمیشـیان کۆڵە خوێندەوار بوون، توانییان خوێندنی زانکۆ و پەیمانگا و دکتۆرا تەواو بکەن. دوای دوانزە سـاڵ کاتێک گەڕانەوە کوردسـتانی عێراق، هیچ کەسێکیان تێدا نەمابوو کە ئاسـتێکی بەرزی زانکۆی نەخوێندبێ یان پەیمانگایەکی دیاریکراوی تەواونەکردبێ، بە خودی بـارزانیشـەوە. بـارزانی کـاتێـک گەڕایەوە کوردسـتـان تێکۆشـەرەکانی هاوڕێی لەسـەر هەمان عەقیدە و باوەڕی پێشـوو مابوون، ئینجا بە مەدەنییەتێکی نوێ و خوێندنی بەرز و پسـپۆری تایبەتی. لە گەڕانەوەیدا بۆ نیشتمان سوپایەک لە پسپۆر و خویندەواری لەگەڵ خۆی هێنایەوە. لەوەشـدا مسـتەفا بارزانی پابەندی ئەوبنەمایە لە بزووتنەوەی چـاکسـازیخوازی بـارزان بوو کە پەروەردەی بـاش و فێربوونی زانسـت وچاوکراوەیی و بەرزکردنەوەی شـارەزایی، مافی هەموو کەسێکە.

دوازدە سـاڵ ئاوارەیی مسـتەفا بارزانی و پەیڕەوەکانی لە یەکێتی سۆڤیەت لەسەر سێکوچکەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراو دەڕۆیشت :یەکەم ڕیکخستنیان واتا یەکدی ون نەکردن و مانەوەی پەیوەندیی لە نێوانیان.

دووەم پاراستنیان، واتا بزر نەبن و تیکەڵ بە کۆمەڵگای سۆڤییەتی نەبن و نەکەونە ژێر هەرەشە و تەماح. سێیەمیشیان فێربوون و خوێندن. بەم شێوەیە ئەوەی کە من دیقەتم داوە ڕێکخستن و پاراستن و فێربوون، ئامانجی ئەو دوازدە ساڵەی مستەفا بارزانی لە سۆڤییەت بووە ئەوەش ئاستی توانایی تێکۆشەرەکانی زۆر بەرز کردەوە.

مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٥٨ و لە ئەنجامی کودەتای سوپای عێراق لە ی١٤ تەموز گەڕایەوە کوردستان. ئەو وەک سەرۆکێک خۆی پاراستبوو، بۆ ئاستێکی باڵای زانین و دونیا دیتەیی وخوێندەواری بەرز بووبووەوە،کەسێک گەڕایەوە ناو کوردستان کە لە گفتوگۆ و باسی ئایدیۆلۆژی کە ئەوکات زۆر باو بوو، بەتایبەتی لە ناو هەردوو حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان و شیوعی عێراق هەروەها لە ناو لایەنگرانی عبدالکریم قاسم و ڕۆشنبیرانی پەرتوو بڵاوی کوردستان، بارزانی خاوەنی ڕوانگایەکی کامڵ وبە تەجرەبە و قاڵبووەوە بوو لەسەر دیموکراسی، کۆمۆنیزم، دەوری حزب و پارتی دیموکراتی کوردستان. هەروەها لە ڕۆلی خۆی وەک سەرۆکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی ئاگادار بوو. ئەو ڕوانگایەی بارزانی ڕوانگا کاملەکەیە کە پێیدەگوترێ ڕێبازی بارزانی. ئەو ڕێبازە مێژووی شەست ساڵی لە بزووتنەوەی سیاسیدا بەکردەوە لە یەک کەسدا دەرخستبووکە بریتی بوو لە ڕۆلی فیکری و سیاسی و چەکداریی مستەفا بارزانی. بارزانی بیروباوەڕەکەشی هەڵێنجراوە لەو مێژووە کە

بەرهەمەکەی خودی شەخسیەتی مستەفا بارزانییە . بۆیە بۆ داهاتووی کوردستان بزووتنەوەی چاکسازی بارزان گرنگیەکی مێژووی زۆری هەیە.(مسعود بارزانی هەمان سەرچاوە ب ٢).

بەشی هەژدەهەم

دەرەنجامێک لە بزووتنەوەی بارزان

لە بەشـــەکـانی پێشـــووی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بەخێرایی بـاســـم لە کەســـایەتییەکـانی بنەمـاڵەی شـــێخەکـانی بـارزان کرد کە لە شـــێخ عبدالڕحمانەوە دەستپێدەکات، شێخ عبدالسلامی یەکەم، شێخ محەمەدی بارزان، شـێخ عبدالسـلامی دووەم (شـێخی شـەهید) و دوا پێشـەوای ئەم بنەماڵەیە شێخ ئەحمەدە کە بە خودان بەناوبانگە.

بنەماڵەی بارزان لە بنەچەکەیاندا نە ســـەیدن و نە بۆ هیچ نەتەوە و تیرەیەکی دیکەی دەرەوەی کوردســـتـــان دەگەڕێنەوە، بەڵکو کوردی خـاڵســـن. مەســـعودی یەکەم کە پیـاوێکی زاهید و ئـاشـــتیخواز و

خێرخوازبووە و لە بنەماڵەی میرەکانی ئامێدیە. ڕۆژگارێک بەرەو دۆڵی بارزان ســـەرهەڵدەگرێ و لە گوندی هەڤنکا لە نزیک بارزان ماڵێک بۆخۆی دروســـت دەکات و هەر لەوێش ژن دێنێت. نەوەکانی مەســـعودی یەکەم ڕوویان لە مەلایەتی کردوەو و لە کۆتایی ســـەدەی هەژدەهەمدا ڕوویان لە ســـۆفییایەتی کرد. شـــێخەکانی بارزان دەبنە نەوەی مەســـعودی یەکەم. بە دیاری کراوی لە شـــێخ عبدالرەحمانی کوڕی شـــێخ تاجەددینەوە شـــێخایەتی دەســـتی پێکردوە، ئەو بنەماڵەیە بە وەرگرتنی تەریقەتی نەقشبەندی داخلی قۆناخێکی نوێ بوون. مەبەست لە قۆناغی نوێ لە ژیانی شـــێخ عبدالڕحماندا لە مەولانا خالیدی نەقشبەندی نزیک دەبێتەوە و دەبێتە خەلیفەی ئەو. مەولانا خالید بەسەر خەلیفەکانیدا دەگەڕا و دەسەڵات و تەریقەتی پێدەدان. پێش ئەوەی مەولانا خالید شـــێخی بارزان بناســـێت، ئەوانە خۆیان بە موریدی ســـەید تەهای نەهری زانیوە و ســـەرەتـــای تەریقەتەکەیـــان لەو وەرگرتوە. شـــێخ عبدالســـلامی یەکەم لە تەکیەی نەهری و لەبەر دەســـتی ســـەید تەها خوێندوویەتی. هەڵبەت هاوتەمەنی شـــێخ عبیداللەی نەهری بووە و لە خوێندندا پێکەوە بوونە.

مەولانا خالید دوای گەڕانەوەی لە هیندســـتان و ئێران، لە ناوچەکانی کوردســـتان خەلیفەی خۆی دروســـت دەکردن و ڕاســـپاردەی پێدەدان و لێی دەپێچـــانەوە. خەلیفەکـــانی مەولانـــا خـــالیـــد ڕابەری نـــاوچەیی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و عیرفـــانی نوێ دەبوون کە بە نـــاوی

نەقشبەندی ناسراوە. تەکیەی نەهری سەید تەهای کوڕی شێخ عبدالله دایمەزراندبوو، ئەویش بووە پەیرەوی مەلانا خالیدی نەقشبەندی. سەید تەها باوکی شێخ عبیدالله‌ی نەهری یە. گوایە مەولانا خالید لە بارزانەوە سەردانی نەهری کردووە. هەروەها سەید تەها بە داخڵبوونی بە تەریقەتی نەقشبەندی گوڕ و تینێکی تازەی بە بزووتنەوەی عیرفانی ناوچەی بارزان و بادینان و نەهری داوە.

شێخەکانی بارزان، تەکیەی بارزانیان لەسەر شوێنەواری مزگەوتی بارزان ئاوەدان کردەوە. بارزان لەو کاتەدا تایبەتمەندی ئیتنیکی خۆی هەبووە. هەندێک سەرچاوە دەڵێن ژمارەی موسڵمانەکان لە گوندی بارزان زۆر کەم بووە. ژمارەی ماڵەکانی مەسیحی و جوو بەیەکەوە زیاتر بوونە لە ماڵە موسڵمانەکان. پەیوەندی نێوان پەیرەوانی ئەو سێ ئایینە لەناو گوندی بارزان هەر لە کۆنەوە پەیوەندییەکی ئارام و لەسەر بنەمای یەکتر قبووڵکردن و ڕێزگرتن لە داب و نەریتی دینەکان و پێکەوە ژیان بووە. مەلا تاجەددین مزگەوتی بارزان وەردەگرێ وئاوەدانی دەکاتەوە و هەندێک بەشی لێ زیاد دەکات و دەیکات بە مەڵبەندێکی دینی و عیرفانی. بۆیە ژمارەیەکی زۆر فەقێ و سۆفی لە ناوچە دوورەکانەوەبۆ خوێندن دەچوونە بارزان. ماوەیەک شێخ عبیدالله‌ی نەهری لە مزگەوتی بارزان دەرسی خوێندووە. دوای ئەو

شـێخ عبدالسـلامی یەکەم ماوەیەکی زۆر لە بەردەسـتی سـەید تەها لە گوندی نەهری پێگەیشتووە و خوێندویەتی.

چیرۆک و داسـتانی زۆر لەسـەر لێهاتوویی و چالاکی و نزیکی شێخ عبدالسەلامی یەکەم لەگەڵ سەید تەهای نەهری هەیە. سەید تەها بە ڕادەیەک متمانەی پێ دەکات کە لە بەڕێوەبردنی کاروباری مزگەوتی نەهری و حوجرەدا دەسـەڵاتێکی زۆر بە شـێخ عبدالسـلام دەدات . ئەو گرنگیپێدانەش جۆرێک لە ئێرەیی لە ناو کەسوکاری سەید تەها دروست کردوە. تەنانەت دەڵێن لای خودی شـێخ عبیدوالڵەی نەهریش بەرامبەر بە شـــێخ عبدالســـلامی یەکەم کاردانەوە هەبووە. ئەوە دەبێتە مایەی بێزارکردن و تەنگاوکردنی و تەنگ پێهەڵدەچنینی شـــیخ عبدالســـلام، ســـەرەنجام خوێندنەکەی لەوێ بە پەلە تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە بارزان.

هەر لەوکـاتەوە پەیـوەنـدی نـێـوان بـارزان و تەکـیەی نەهـری، شـێخەکانی بارزان و شـێخەکانی نەهری (هەر وەک هەردوولا ناویان ناوە) پەیوەندی نێوان شـێخ و مورید بووە. نەهرییەکان خۆیان بە شـێخ زانیوە و بارزانییەکان خۆیان بە موریدی شـێخەکانی نەهری و ماڵی سەید تەها زانیوە و ئەو پەیوەندییە تا ئەم ڕۆژگارەش هەر بەردەوامە.

تەریقەتی نەقشبەندی لە ڕێی شێخ عبدالڕحمانەوە لە تەکیە و مزگەوتی بارزان پێگەیاندنی فەقێ و مەلای نوێ دەکاتە بەرنامەی خۆی. توراسی بارزان لە کەلەپوری سێ دین پێکهاتووە و دانیشتوانەکەی پەیڕەوانی سێ دین بوون. ئەوە خسوسیەتێکی تایبەتی دایە تەکیەی بارزان. شێخەکانی بارزانیش باشترین و واقیعبینترین ڕابەرانی ناو گوندی بارزان بوون. ئەوانە لە پەروەردە کردنی لایەنگرانی خۆیاندا ئەو تەبایی و یەکترقبوولکردنەی ناو بارزانیان قووڵ کردەوە. هەروەها بە ئەندازەیەکی ئەوتۆ لێکدانەوە و تەفسیر و مانای دینی- عیرفانیان بۆ دۆزییەوە کە خودی دانیشتوانی گوندەکە بە هەرسێک دینەکانیەوە، شێخی بارزانیان بە شێخی خۆیان دەزانی. بۆ نموونە موسڵمانەکانی ناو گوندی بارزان شێخەکانیان بە شێخی خۆیان دەزانی، ئەوا مەسیحییەکان پێیان وابوو شێخەکان نوێنەری مەسیحن و لە پلەی قەشە یان کەشیش مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن و بە شێخیان دەگوت شیخ النصاری. جووەکانی بارزان مزگەوت و تەکیەی بارزانیان بە کەنشتی خۆیان دادەنا، شێخەکانی بارزانیان بە حاخامی خۆیان دەزانی. واتا لە یەک کاتدا شێخەکانی بارزان شێخ و حاخام و قەشە بوون. ئەوە دەوری کۆمەڵایەتییان بووە. ئەو واقیعە ڕۆڵێکی زۆری هەبوو لە دروستبوونی باوەڕی بەرابەری دینەکان لە عەقیدەی بارزاندا، شخەکان تەفسیرێکی ئەوتۆیان دەکرد کە هیچ دینێک ئەفزەڵیەتی بەسەر ئەوی تردا نەبێ. باوەڕی شێخەکانی بارزان

وابـوو پەیـڕەوانـی هەمـوو دیـنەکـان بـۆیـان هەیە شـــانـازی بە بیروباوەڕەکانی خۆیان بکەن، بەڵام لە وردەکاری بیروباوەڕی دینی خۆیـان ئەگەر تونـدوتیژی و ڕقهەڵگرتن بەرامبەر بە پەیرەوانی دینەکانی دیکە هەبوو ئەوە پێویســتە ئەو بەشـــە لە باوەڕی دینی خۆیان بقرتێنن و بـاوەڕەکـانی خۆیـان پـاک بکەنەوە. بە جۆرێکی ئەوتۆ ئەو ئیســـڵاحە بکەن کە تەنیا ئەو لایەنە لە باوەڕی دینییان لە کاروباری ڕۆژانە و لە ویژدانی خۆیـانـدا بڕوێننەوە و کـاری پێ بکەن کە پێکەوەژیـان و یەکترقبووڵکردن و ڕێزی مرۆڤی لێ بکەوێتەوە. (گفتوگۆی تایبەتی)

مانای ناوی بارزان عیبرییە و پێش هاتنی بنەماڵەی بارزانی هەر ئەو ناوەی هەبووە. بارزان وشـەیەکی کوردی نییە و زۆربەی شـارەزاکانی گونـدی بـارزانیش ئەم ڕایەیـان هەیە. ئەو نـاوە عیبرییە بە نـاوی ژنەچاکیک و "قدیســـة"یەکی یەهوودییە (١٥٩٠-١٦٧٠) کە ناوەکەی "ئاسـینات بارزانی" بووە. ئاسـینات لەسـەڕ ئایینی یەهوود نووسـراوی هەیە و شارەزای تەورات و تلمود و میدراش و قبالە بووە و کچی حاخام ســـەمۆئیلی کوڕی نەتنیـل هلێڤی بـارزانی بووە. تەکیەی بـارزان مێژوویەکی سـەرنجڕاکێشـی هەیە. سـەرەتا کەنیشـتی جووەکان بووە، دوایی بە مروری زەمان کەنیسەیەکی مەسیحییان لە تەنیشتی کەنیشتەکە دروســـت کردوە و دواجـار مەلا عبداللەی نەوەی مەســـعودی یەکەم مزگەوتێکی لێ زیاد کردووە. بە ڕۆژگار وردە وردە لەســـەر بناغەی

هەرسـێک پەرسـتگاکە، شـێخەکانی بارزان تەکیەیەکیان هەڵچنیوە کە جێی قبووڵی هەر سێک دینەکە بووە.(اسیناث بارزانی،ویکیبیدیا)

موسـڵمان و جوو و مەسـیحییەکانی بارزان تایبەتمەندییەکی نوێیان لەو بیر و باوەڕەدا وەرگرت، بەوەش لە ناوچەکانی دیکە جیادەکرانەوە، ئەویش عەقیدەکەیان بوو کە وردە وردە و نەوە بۆ نەوە قووڵتر دەبووەوە و دەبووە پەروەردە و باوەڕی کۆمەڵایەتییان. هەر بۆیە لە بارزان جوو و مەسیحی قەت ناوچەی خۆیان بە جێ نەهێشت و مانەوە. لە کۆتاییدا داخیلی بزووتنەوەی بـارزان بوون و خۆیـان بە بـارزانی دادەنـا. لەم ئاسـتەدا عەقیدەی "بارزانیبوون" کەوتە سـەرەوەی مەسـیحیبوون و جووبوون و موسـڵمانبوون. بوو بە عەقیدەیەکی نوێ کە پەیڕەوانی هەموو دینەکان بە لەبەرچاوگرتن و پەیرەوکردنی بنەما مرۆییەکانی دینی خۆیان، هەندێک مەبدەئی نوێ بە بیروباوەڕەکانیانەوە زیاد بکەن کە تەبایی، بەرابەری، هاوکاری و پێکەوە ژیان لەنێوان پەیرەوانی ئایینەکاندا دروست بکات .

ئەوەی باسـم کرد یەکەم بەردی بناغەی عەقیدەی بارزانە کە دوایی بزووتنەوەی چاکسـازی دینی و کۆمەڵایەتی لێ دروسـت بوو و لە ئەنجامدا بووە بزووتنەوەیەکی سـیاسـی و ڕزگاریخوازی کوردسـتانی. لەم کتێبەدا مەبەستم نووسینەوەی مێژووی بارزان نییە بەڵکو کارکردنە

لەسەر بنەماکانی دروستبوونی ئەو عەقیدە یان باوەڕە کۆمەڵایەتی و چاکسازییەی لە دواییدا پەڕییەوە ناو بزووتنەوەی سیاسی و لەوێشەوە بۆ ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان هات. بۆیە کاری من لەم کتێبەدا پتر هەڵێنجانی دەرەنجامە. بۆ هەڵێنجانی ئەو دەرەنجامانەش پێویستە بە بەڵگە قسە بکەم. هەوڵمداوە بەدوای سەرچاوەکانی ئەو بیروباوەڕانەدا بگەڕێم، چونکە هیچ بیر و باوەڕێک نە دێتە خەونی هیچ کەسێک ونە لە ئاسمان دێتە خوارەوە و نە دەرەنجامی ئیبداعی شێخێک یان مەلایەک یان زانایەکیشە. بەڵکو دەبێ بەرهەمی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی بێت. ئەو پرۆسە کۆمەڵایەتییەش پێویستە لە سەر زەوی و لە ژیانی مرۆڤەکاندا هەبووبێت. ڕێگاکانی پەڕینەوە و بڵاوبوونەوەی بۆ ناوچەیەکی تر لە ڕێی کەسەکان یان بزووتنەوەکان دیاری بکرێت کە چۆن گەیشتووەتە هەر ناوچەیەک. ئەگەر ئەو بیروباوەڕانە بڕوای نوێی پێوە زیاد کرابێ، دەبێ دیراسەی بکەین، داخوا لە ئەنجامی چ بارودۆخێکدا و بە ڕابەری چ جۆرە کەسانێک هەندێک باوەڕی نوێ لەو ئەقیدەوە زیاد کراوە.

شێخ عبدالرحمن بارزانی (شێخی یەکەم) لە نێوان کوڕی (مەلا مەحمود) و برایەکەی (عبدالسلام)، ئەوا شێخ عبدالسلامی بە شایستەتر زانی. ئەوە بوو شێخایەتی لە براوە بۆ برایەکی تر گواسترایەوە. شێخ عبدالسلامی یەکەم لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی مەولانا خالید کە بزووتنەوەی نوێی نەقشبەندی بوو لە کوردستاندا، کارێکی زۆری کرد

و هەوڵیدەدا پەیرەوەکانی خۆی لە بارزان و دەوروبەر بە بیر و باوەڕی نوێ ڕابێنێت. سەر و سیمای ئەو عقیدە نوێیە وەک سەرەتا لە کاتی شێخ عبدالسلامی یەکەم دەرکەوت.

دوای مردنی شێخ عبدالسلام، کوڕەکەی کە ناوی محەمەد بوو جێی باوکی گرتەوە. شێخ عبدالسلام هەوڵی دا پێش مردنی خۆی، محەمەدی کوڕی پێبگەیەنێت. لە تەکیەی بارزان و نەهری پێی خوێند، دوایی ناردیە لای مەلا و تەکیەکانی دووری دەڤەری بارزان، وەک: ڕواندز، ئاکرێ، کۆیە و چەند شوێنێکی تر. بەو پێیە پازێک لە ژیانی شێخ محەمەد وەک شێخی داهاتووی بارزان هاویشترا، شێخێک لە ناوچەی کرمانج نشینەوە ئاشنای عیرفان و زانیاری دینی و باری کۆمەڵایەتی ناوچەی سۆران بوو.

شێخ محەمەدی بارزان لە قۆناغی کۆتایی خوێندنیدا، ماوەیەکی زۆر لە کۆیە ماوەتەوە. ئەوکاتە کۆیە جوغزی کارتێکردنی فراوان و قووڵی گفتوگۆی بیر و باوەڕەکانی نەقشبەندی مەولانا خالیدی بوو. لە هەمان کاتدا ناوچەی سلێمانی وسورداش (شێخەکانی سەرگەڵو) ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە مەولانا خالیدەوە هەبووە، بەتایبەتی شێخ ئەحمەدی سەرداری سەرگەڵو. ئەو دۆخە وایکرد مەولانا خالید زیاتر لە هەموو جێگایەک متمانە بە تەکیەی سەرگەڵو و شێخەکانیان بکات و هەموو

بیر و باوەڕەکانی لەوێ بە دەرس بڵێتەوە و ڕێو شوێنیان بۆ ئایینده بخاته بەرچاو.

مەولانا خالید لە تەکیەی سەرگەڵوپێشنیاری بەردەوامبوونی شێخایەتی بە پێی لێهاتوویی و توانایی تا حەوت نەوەی تر کرد. بەو نیازە کە لە نەوەی حەوتەمدا دەبێ بزووتنەوە دروست ببێت و کۆتایی بە شێخایەتی بهێندرێت. واتا بیر و باوەڕی عیرفانی و دینی و ئیسلاحی مەولانا خالید لە چوارچێوەی تەکیە و تەسەووف و خوێندنی علومی دینی بگوازێتەوە بۆ ناو ژیانی ڕۆژانە و ببێتە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی. جەوهەری کاری مەولانا خالید و کاریگەری لەسەر کوردستانیش لەوەدایە.

مەولانا خالید ڕێچکەیەکی دانا تا لە دوای خۆی شێخەکان پەیوەندیان لەگەڵ بزووتنەوە عیرفانی و دینی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران بمێنێتەوە. ئەوە بوو کاتێک بزووتنەوەی بابی دروست بوو یەکێک لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی بابی بەناوی بەهائوڵڵا هاتە بەغدا. بەهائوڵڵا لە ڕێی نەقشبەندییەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ شاری سلێمانی و لە تەکیەی خالیدی جێگیری دەکەن. دوای ئەوەی پەیڕەوانی شێخ مارفی نۆدێ هەندێک کێشە لە ناو شاری سلێمانی، لە ئەنجامی بیروباوەڕەکانی بەهائوڵڵا دروست دەکەن و نیازی کوشتنی

بەهائوڵڵایان دەبێ. بۆیە شـێخەکانی نەقشـبەندی و تەکیەی سـەرگەڵو دەیگوازنەوە بۆ گوندی سەرگەڵو.

بیر و باوەڕی مەولانا خالید بە هاتنی بەهائوڵڵا بۆ سـلێمانی و سـەرگەڵو گوڕوتینێکی دیکەی وەرگرت. گفتوگۆ و ڕوویـاڕوویی لە نێوان نەقشـبەندی و قادری گەرمتر بوو. ئەو تەکیە و خانەقایانە زیاتر پەڕوباڵیان گرتبوو کە داخیلی بزووتنەوەی نوێی نەقشـەبەندی بووبوون و بیروباوەڕەکانیان بووبووە بیر و باوەڕی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

شـاری کۆیە مەرکەزی گەرمی ئەو گفتوگۆیانە بوو. یەکێکی دیکە لە مەرکەزە کاریگەرەکانی ئەو کۆڕ و باسـانە شـێخەکانی سـەرگەڵو بوون کە هەموو ئەو گفتوگۆ و موناقەشـانەیان دەگەیشـتە دەسـت. لەو کاتەدا شێخ محەمەدی بارزان لە کۆیە دەیخوێند. من تا ئێستا نەمتوانیوە سەرچاوەیەکی زارەکی یان نووسین بە دەست بێنم کە شێخ محەمەد لە شاری کۆیە چەند لەگەڵ ڕابەرەکانی بزووتنەوەی نەقشبەندی بە مەیلی بەهائوڵڵایی تێکەڵ بووبێت، بەڵام گومانم لەوەدا نییە کە هەموو تەکیە و مزگەوتەکانی کۆیە بەشـێک بوون لە موناقەشـەکە. بۆیە بیر و باوەڕە نوێیەکـانی شـــێخ محەمەد کـاریگەریەتی قۆنـاغی خوێنـدن لە شـاری کۆیەی پێوە دیارە. ئەو بە قووڵی بیروباوەڕەکانی نەقشـبەندی، بابی، شـێیخیە و بەهائییەی پێگەیشـتووە و وێدەچێ لێیانی هەڵێنجابێ و بیر و باوەڕی خۆی پێ دەوڵەمەندتر کردبێ. هەربۆیەش پاش کۆچی

دوایی شـــێخ عبدالســـلامی یەکەم کە شـــێخ محەمەد شـــوێنی گرتەوە، قۆناغێکی نوێی چالاک لە ڕووی بیروباوەڕی چاکســـازی لە تەکیەی بارزان دەستپێکرد.

شـــێخ محەمەد هەڵگری توراســـی گوندی بارزان بوو و خۆی لەوێ گەورە بـووبـوو. هەروەهـــا تەجرەبە و عـیـرفـــانـی تەکیەی نەهری کاریگەرییەکی زۆری لەســـەری هەبووە چونکە لەوێش خوێندبووی. قۆناغی کۆتایی خوێندنیشـــی لە کۆیە بوو. ئەم ســـێ کوچکەی بارزان- نەهری- کۆیە دەتوانێ زەمینەی تێگەیشـــتن لە بیروباوەڕەکانی شـــێخ محەمەدی بارزان بڕەخسێنێت. شێخی گەنج لە ڕۆژگاری خۆی کاری پەروەردە و بڵاوکردنەوەی بیرو بـــاوەڕی نوێی خســـتە قۆنـــاغێکی ئەوتـۆوە کە بە خـیـرایـی لە کـاری تەکـیـەیـی و مەلایەتـیـدا بـۆ بزووتنەوەیەکی چاکسازی کۆمەڵایەتی گۆڕدرا.

شـــێخ محەمەدی بارزان ئیدیعای هیچ دینێکی نوێی نەدەکرد بەڵام نەیدەشـاردەوە ئیسـڵاحکردنی دین لە بیر و باوەڕی توند و تیژ پێویستە. توندوتیژیی وەک جیاوازی نێوان ژن و پیاو، دژایەتی نێوان میللەتان و ئایینەکان، هەروەها چاککردنی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری ئامانجی باوەڕەکانی ئەوە. شێخ محەمەد تەکیەی بارزانی لە تەکیەیەکی سۆفیانەوە گـۆڕی بـۆ پەروەردە کـردن و دەخـالەت کـردن لە کـاروبـاری

دانیشـتوان، پەیڕەوەکانی خۆی بە بیر و باوەڕی نوێ ڕاهێنا کە بریتی بوو لە:

١- بەرابەریی ژن و پیاو وەك مرۆڤ. ئەوەی لە بیروباوەڕی نوێی شێخ محەمەددا دووپات دەکرایەوە، مرۆڤەکان هەموو بەرابەر و پیرۆزن و مافی یەکسـانیان هەیە. هەر لەو ڕوانگەیەشـەوە سـتەم کردن لە ژنان قەدەغە کرا. ژن لەو سـەردەمەدا بە دەگمەن بۆی هەبوو بە ئـازادی هاوسـەری خۆی هەڵبژێرێ چونکە کەسـوکار و بنەماڵە و عەشـیرەت بڕیاریان بۆدەدا. شـێخ کردیە بڕیار کە دەبێ هەر ژنێك خۆی بڕیاری چارەنووسـی خۆی بدات. لە ناوچەکانی تریشـدا هەر پیاو و ژنێك کە سـتەمیان لێ کرابا دەیانتوانی خۆیان بگەیەننە بارزان و لەوێ لێك مارە دەکران و جێگایان پێ دەدان و دەبوونە پەیڕەوی نوێی عەقیدەی بارزان، وەك هەر بارزانییەکی تر مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا.

٢- ڕزگـارکردنی مرۆڤ لە دەسـت باوەڕ و ئەرکە قورسـەکانی ڕۆژانە. فتوای نوێی دەرکرد کە پەیڕەوانی بارزان لە هەموو ئایینەکان، دەتوانن لەو کارە عیبادییانەی کە ڕۆژانە کاتیان زۆر دەگرێت چاکسازی بکرێـت، بە مەرجێك یارمەتی پێگەیشتن و چاککردنی زیاتری بۆ مرۆڤ بدات. چونکە مرۆڤی پاک و باش(ئینسـانی سـاڵح) ئامانجی چاکسـازی

بنەڕەتی بوو. وا لێکدەدرایەوە کاری پەرستنی ڕۆژانە بۆ ئەوەیە مرۆڤی ساڵح و چاك دروست بکات. لەو زەمانە کە مرۆڤی چاك بە پەروەردە و تێگەیشتن دەکرێ دروستبکرێت، لە کاری ڕۆژانەدا دەکرێ چاودێری بکرێت، ئیتر پێویست ناکات ئەرکی قورس و دەستوپێگیری بۆ دیاری بکرێت چونکە ئەوە دووری دەخاتەوە لە کارکردن و باوەڕبەخۆبوون و پەیوەندی کۆمەڵایەتیی مرۆڤدۆستانە.

٣- کۆتاییهێنان بە سیستەمی ئاغایەتی و داگیرکاریی زەوی. شێخ بڕیاریدا کە مرۆڤەکان بەرابەرن و لەو بەرابەرییەشدا ئاغا و جوتیار جێگای نامێنێ. بەڵکو هەموویان خاوەنی زەوین و زەوی بۆ هەمووانە. ئەوەش بووە بنەمایەك بۆ بیروباوەڕی کاری هاوبەشانە لە گوندەکانی بارزان. دواتر لە زەمانی شێخ عبدالسلام و شێخ ئەحمەددا کاری هەرەوەزی و هاوبەش چووە قۆناغێکی نوێوە. ئەو ئیسلاحە کۆتایی بە دەسەڵاتی ئاغاکان هێنا و جوتیارەکان بوونە خاوەنی زەوی خۆیان. هەندێك لە ئاغاکان هەر خۆیان ئەو بیروباوەڕەیان قبووڵ کرد و بوونە جەنگاوەر و موورید و تێکۆشەری زۆر بەناوبانگی بزووتنەوەی بارزان. ژمارەیەکی کەم لە ئاغاکان یاغی بوون وچوونە ناو عەشیرەتەکانی ناحەزی بارزان و کەوتنە بانگەشە و دەنگۆ لە دژی شێخ محەمەد و بزووتنەوەی بارزان. ئەو یاغییانە شێخیان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە

گوایە دەســـتکاری ئایینی کردووە و بیروباوەڕی پیرۆزی کۆمەڵایەتی و ڕەسەنی کوردەواری تێکداوە و بیروباوەڕی نوێی داهێناوە.

٤- پاراســـتنی ژینگە بنەمایەکی تری بزووتنەوەی بارزان بوو کە ڕووەك و ئاژەڵی دەگرتەوە. شـێخ محەمەد بڕینی دار و درەختی قەدەغە کرد و وای کرد ڕێز لە ژینگە بگیرێت و تەنیا بە قەدەر پێویست درەخت ببڕدرێنەوە و ئاژەڵ و زیندەوەر لەناو نەبردرێن. ئەو ئاژەڵ و پەلەوەر و حەشـــەراتانەی بەرهەمیان بۆ خواردنی مرۆڤ هەیە، پێویســـت بوو بە ئەسپایی و لەسەرخۆیی و بەبێ ئازاردان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. وەك دۆشینی مەڕ و مانگا یان دەرهێنانی هەنگوین لە شانە و پورەی هەنگ. هەروەها پاراســـتنی ئەو خشـــۆك و مێش و مەگەزانەی لە دەوروبەری مرۆڤ دەژین بە هەمان شـێوە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرا. بۆ نموونە شـێخ محەمەد کوشتنی ماری ڕەشی قەدەغە کرد. چونکە ئەو مارە لە ناوچەی بارزان ژەهراوی نییە. ئەو مارانەی ژەهراوین وئەو ئاژەڵانەی دڕندەن وەك گورگ، کاتێک کە هەرەشـــە بێت، بە ئەندازەی پێویســـت دەکرێ بکوژرێ. بەڵام نـابێ بە جۆرێك ڕاوبکرێن کە کۆتـایی بە وەچەکـانیـان بێت. لە بڕینی دار و درەختیشـــدا ڕێنوێنی تایبەتی دەدا. بۆ نموونە داری بەڕوو بەو ئەندازەیە دەبێت هەڵپەردێورێ و چڵ و گەڵاکانی لێ بکرێتەوە کە بۆ کشـــتوکاڵ و مەڕوماڵات و دروســـتکردنی خانووبەرە پێویســـتە.

دواتر چیا و لێرەوار و شـــاخەکانی بارزان وایان لێ هات کە وەك باخ تەماشا دەکران.

٥- قووڵکردنەوەی پەیوەنـدیی نێوان پەیڕەوانی بـارزان لە هەموو ئایینەکان. واتا بایەخدان بە پەروەردەکردنی پەیڕەوەکان، قووڵکردنەوەی بیروباوەڕە نوێیەکانیان، ڕێزگرتن لە کەلەپوری کۆنیان، یەکخســتنی کەلەپوری ئـایینی و هزری و کۆمەڵایەتییـان لەگەڵ بیروبـاوەڕی نوێ. ئەو ڕێنوێنییـانە وای کرد بـارزانییەکـان، کە پێیـان دەگوتن "مللەت" یـا "تـابع" تـایبەتمەنـدیی نوێیـان هەبێت وەك مرۆڤدۆســتی، ڕێزگرتن لە ئافرەت، پابەندی، جەنگاوەری، خۆپاراستن، ناوچە پاراستن و ملکەچی بۆ شێخ.

٦- پەروەردەکردنی بانگخوازان، واتە ئەو کادرانەی عەقیدەکە بڵاو دەکەنەوە ئامادە بکرێن. ئەوەش خۆی لە ڕێکخسـتنەوە و پەروەردەکردن و بایەخدان بە خەلیفە و یاریدەدەرەکانی دەدیتەوە. بیروباوەڕەکە دەبوو فێری دانیشـــتوانی گوندەکان بکرێ. لەو کارەدا پشـــتی بە کارگێڕیی و زانایی مەلا مەحمودی کوڕی شێخ عبدالرحمان بەستبوو. مەلا مەحمود پێی دەگوترا "سەیدا" کە جگە لە سەرپەرشتیکردنی کاروباری عەقیدەیی و دەرسـپێدان، سـەرپەرشـتی تەکیە و پەیڕەوەکانیشـی دەکرد. لە هەمان

کاتدا چاودێری کاروباری ناوماڵ و دۆخی گوندەکانیشـــی دەکرد.بۆیە زۆربەی کارەکانی عەقیدەیی و ئیداری کەوتە دەستی سەیدا .

٧- تیپ و سـیمای شـایسـتە بە بیروباوەڕە مرۆڤایەتییەکەیان بدرێت. ئەوە پێویستی دەکرد هەموو پەیڕەوانی بزووتنەوەی بارزان هاوبەش بن لە بـاوەڕبەیەکتـرکـردن، مـرۆڤـدۆســـتـی، ڕێـزگـرتـن لە ئـافـرەت، هاوکاریکردن، باوەڕ بە هاوبەشـــیی زەوی بۆ هەمووان، ئامادەیی بۆ بەرگری لە پەیڕەوانی بارزان، بە پیرۆززانینی سـەرزەمینی بارزان کە نابێ غەدر و خیانەت و ستەمی تێدا بکرێت و کاری پێچەوانەی ڕەوشتی لێ بکرێت. هەر بۆیە لە ناوچەی بارزاندا تا ئێســـتاش جۆرێك پیرۆزیی هەیە کە مرۆڤ لەوێدا متمانە و ئاسـایش و دڵنیایی هەبێت. بە ماوەیەکی کورت پەیڕەوەکانی بارزان، شـێخ محەمەدیان بە ئەندازەیەك دەپەرسـت کە هەندێک لە پەیڕەوەکانی پێیان دەگوت تۆ "مەهدی"ت. شـــێخ لەو قسەیە زۆر پەست و قەڵس دەبوو و هەوڵێکی زۆری دەدا ئەو ناولێنان و وەسفە نەخرێتە پاڵ ناوی ئەو.

شـــێخ محەمەد هیچ کارێکی تایبەتی بۆ ناســـاندنی خۆی وەك مەهدی نەکردبوو. لەلایەکی ترەوە ژمارەیەك لە پەیڕەوەکانی لەوەش تێپەڕین و پێیان دەگوت سیفاتی "ئیلاهی"ت تێدایە. واتا تۆ دەتوانی واسیتەی نێوان عەبد و خودا بیت. لەوەشیاندا شێخ محەمەد دیسان بەرەنگاری هەندێک

لە پەیڕەوەکـانی بووەوە و پێی وابوو بە هەڵە لە بیروبـاوەڕەکـانی گەیشـــتوون. کاتێک دەپرســـین چ هۆکارێك وایکرد کە "مەهدییەت" و "ئیلاهییەت" بخەنە پـاڵ شـــێخ محەمەد؟ هەنـدێـك کەس لەوانەی مێژووەکەیان بە گێڕانەوە پێگەیشتووە دەیگەڕێننەوە بۆ سادەیی خەڵکەکە و بەربڵاویی نەخوێندەواری و زاڵبوونی جەهل.

لە گوندەکانی بارزان کاری هاوبەش و هەرەوەزی، خۆراک و جێگای حەوانەوە بۆ هەمووان دەســـتەبەر دەکرا. لە کاتێکدا ئەوە لای مرۆڤی ســـادە خەیاڵێك بووە و وایاندەزانی تەنیا کەســـانی نزیك لە خودا دەتوانن بەو کارە عادیلانە هەڵســـن. خەڵکی ســـادە مرۆڤی باش و ســـاڵحی لەو بابەتەیان نەدیتبوو. دەڵێن ئەوە بوو هۆکاری بە مەهدی و ســـیفاتخودایی زانینی شێخ محەمەد.

یەکێـك لە ســـەرکردەکـانی بڵاوکردنەوەی بیروبـاوەڕی مەهـدییەت وسیفاتی ئیلاهی بۆ شێخ محەمەد، کەسێك بوو بە ناوی "مەلای مەزن" کە یەکێك لە خەلیفەکـانی شـــێخ محەمەد بوو و پلەی مەلایەتی هەبوو. مەلای مەزن زۆر خۆی بە چالاکی پەیڕەوانی بارزانەوە ماندو دەکرد و قسەی زۆر دەڕۆیشت. هەر بۆیە کاتێك ئەو گوتی شێخ محەمەد مەهدییە، ژمارەیەکی زۆر لە پەیڕەوانی بارزان باوەڕیان پێی کرد. کار گەیشـــتە ئاستێك کە شێخ محەمەد لە بەرامبەر مەلای مەزن و پەیڕەوەکانی وەستا و گوتی: من مەهدی نیم. ئەوان لە وەڵامیدا گوتیان: تۆ مەهدی و خۆت

واشـــكرا ناكەيت چونكە يەكێك لە ســـيفەتەكانى مەهدى ئەوەيە كە خۆى بشارێتەوە. هەندێك لەو پەيڕەوانە گوتيان تۆ سيفەتى "ئيلاهى"شت هەيە. خۆ ئەوانەى كە لە مێژوودا ســـيفەتى خوداييـــان هەبووە خۆيـــان دەرنەخستووە و خۆيان شاردوەتەوە.

بيروبـــاوەڕى مەهـدەوى لە بزووتنەوە كۆمەڵايەتييەكـــانى جيهـــانى ئيســـــلامى بە تـــاموبۆى مەزدەكى، مێژووى خۆى هەيە كە دەكرێ شوێنەوارى لە بارزانيشدا ببينين. سەركردەكانى مەزدەكى بەناو و جێگا و پەيامى جياجياوە، گشت بيروباوەڕەكانيان وەك ئەو بيروباوەڕانەيە كە شـــێخ محەمەدى بـــارزان لەو نـــاوچەيە بڵاوى كردووەتەوە. ئەوانيش سيفەتى ئيلاهييەت و مەهدييەتيان دەدرايە پاڵ. هەندێك لەو سەركردانە ئەو ناولێنانەيان قبووڵ بوو و هەندێكى تر پێيان وابوو ســيفاتى ئيلاهييان هەيە. بەڵام ئەوەى كە زۆر سەرنجڕاكێشە، شێخ محەمەد خۆى بەرامبەر ئەو ناولێنانە وەستاوەتەوە و هەرەشـەى لە لايەنگرانى خۆى كردووە كە ئەگەر لەو بيروباوەڕەيان پاشگەز نەبنەوە ئەوە من بارزان بەجێدەهێڵم.

لەو مناقەشـــەيەدا شـــێخ كە ديتى پەيڕەوەكانى گوێى بۆ ناگرن، گوندى بارزانى بەرەو گوندێك بەناوى "بيێ" بەجێهێشـــــت و ماوەيەكى زۆر لەوێ مايەوە و گۆشـەگيرى هەڵبژارد. بەڵام دواى ماوەيەك پەيڕەوەكانى چوون دەخيلى بوون و گوتيان ئێمە لە بيروباوەڕى خۆمان پاشـــــگەز بووينەوە و تۆش بگەڕێوە تەكيەى بارزان. شـێخ محەمەد كە دەگەڕێتەوە

تەکیەی بارزان دەبینێت مەلای مەزن و پەیڕەوەکانی، هێشـــتا لەســـەر بیروباوەڕی خۆیان بەردەوامن. ئەوەبوو پێیگوتن ئەمجارە ئەگەر بڕۆم ناگەڕێمەوە بارزان. دوایی ڕووی لە مەلای مەزن دەکات و پێی دەڵێت: یان تۆ و لایەنگرانت لە بارزان بڕۆن یان من دەڕۆم. مەلای مەزن بۆ ڕاگرتنی گەورەیی شـــێخی بارزان، خۆی و پەیڕەوەکانی کە بڕوایان بە مەهدییەت و ئیلاهییەتی شـــێخ محەمەدی بـارزان هەبوو، بـارزانیـان بەجێهێشت و ڕوویان لە ناوچەی سۆران کرد.

مەهدەویەکان لە نزیک شـــەقڵاوە لەســـەر ڕووبار شـــوێنێکیان کڕی و کردیانە گوندی خۆیان کە ئێستاش لە نزیك دەربەندی شـــەقڵاوەیە. لەوێ دەســتیان بە کار و ژیانی هاوبەشـــی خۆیان کردەوە بەڵام تێکەڵی خەڵکی ناوچەکە نەدەبوون و لەســـەر بیروباوەڕی مەهدەوییەت و ئیلاهیبوونی شـــێخ محەمەدی بارزان بەردەوام بوون. ئەوان بەو نییەتەوە دەژیان کە شـــێخ محەمەد ڕۆژێك پێیان بڵێت بگەڕێنەوە و ئێوە ڕاســتن. بەڵام شـــێخ لەســـەر بڕیاری خۆی بەردەوام بوو کە نابێت بگەڕێنەوە تا ئەو کاتەی بیروباوەڕی خۆیان نەگۆڕن. دەڵێن زیاتر لە ســـاڵێك لە نزیك شـــەقڵاوە مانەوە و پیشـــەی دەســـتی و کشـــتوکاڵیان دەکرد و خۆیان دەژیاند. ئەو دیاردەیە جێی ســـەرنجی دانیشـــتوانی شـــەقڵاوە و گوندەکانی دەوروبەر بوو. بەڵام مەهدەوییە مەلاییەکان (بۆ مەلای مەزن) بە باتینییەت و تەقییە خۆیان دەپاراست. یەکێک لە مەلاکانی شـەقڵاوە لەگەڵیان ئاشـنا دەبێت و بیروبـاوەڕەکـانیـان پەســـند دەکـات. بەڵام مەلای مەزن و پەیڕەوەکـانی

خۆیان دەرناخەن و بۆ ناو خۆیان ڕێگای نادەن و ناهێڵن ماڵی خۆی بێنێتە ناو ماڵی بارزانییە مەهدەوییەکان. دەڵێن هەر لەو ساڵەدا بارزانییەکان و گوندەکانی دەوروبەر توشی نەخۆشی تاعون دەبن. ژمارەیەکی زۆر منداڵی بارزانییەکان بەو نەخۆشییە دەمرن. یەکێك لە مردووەکان کوڕی مەلاکەی شەقڵاوە دەبێت. کاتێك کوڕی مەلای شەقڵاوە و منداڵی بارزانییەکان لەڕێوڕەسمێکدا دەبەنە گۆڕستان و بەخاکیان دەسپێرن، مەلای شەقڵاوە دەستێك گوڵ و ڕیحانە لەبەر پشتێنی خۆی دەنێ و دەچێتە ناو بارزانییەکان و دەڵێ: بە کردەوە منتان قبووڵ نەکرد بەڵام ئێستا خۆشحاڵم کە خوێنمان تێکەڵ بوو و منداڵی من لەگەڵ منداڵی ئێوەدایە. ئەو لە ڕێی مەرگی منداڵەکەیەوە پردی نزیکبوونەوە لە بارزانییەکانی دەروست دەکرد.

دوای دوو ساڵ مەلای مەزن هەواڵ بۆ مەلا مەحمود (سەیدا) دەنێرێت کە دەیانەوێ بگەڕێنەوە و با شێخ لێیان خۆش ببێت. شێخ محەمەد ڕازی نابێت و دەڵێ نابێ بگەڕێنەوە. لە ئەنجامی تکای سەیدا مەلا مەحمود، هەروەها بەپێی ئەو دەسەڵات و پێگەیەی لە تەکیەی بارزاندا هەیبوو، ڕێگا بە خۆی دەدات بە مەلای مەزن بڵێت خۆت و بارزانییەکانی دیکە بگەڕێنەوە بارزان. شێخ محەمەد لە تەکیە دانیشتبوو و دەیگوت نابێ ئەوانە بگەڕێنەوە. دیمەنێکی زۆر تراژیک لە گەڕانەوەی بارزانییە مەهدەوییەکان لە شەقڵاوەوە بۆ بارزان دەگێڕنەوە. کاتێك لە ناوچەی بارزان نزیك دەکەونەوە، شێخ محەمەد پەیامیان بۆ دەنێرێت کە

نەگەڕێنەوە. ئەوان دەڵێن بڕیارمان داوە بگەڕێینەوە و دەبێ لێمان خۆش بیت. سەیدا مەلا مەحمود فەرمانیان پێ دەدات لە گەڕانەوە بەردەوام بن. لە چەند قۆناغێکدا ئەو پەیامەی شێخ محەمەدیان چەند جار پێ دەگات کە نەگەڕێنەوە ، بەڵام ئەوان و سەیدا مەلا مەحمود لەسەر بڕیاری گەڕانەوە سور دەبن. بارزانییە مەهدەوییەکان کاتێك دەگەنە نزیك گوندی بارزان، لە تەکیەی ئەو کاتدا، پەنجەرەیەکی بچووك وەك کونێك هەبووە کە بەرەو ڕێگا دەیڕوانی. هەندێك جار خواردن و داری سوتاندنیان بۆ ناو تەکیە لەوێوە داخیلی ژوورەوە دەکرد. کاتێك مەهدەوییەکان زانیان شێخ ڕێگەیان نادا لە دەرگەوە بچنە ژوورەوە، لە دیوی دەرەوەڕا لە بەردەمی کونەکە لەسەر چۆک دادەنیشن. لە پێشەوەیان مەلای مەزن دەڕوات و دوای ئەو پەیڕەوان و منداڵەکانیان بە ڕیز دێن. مەلای مەزن لە بەردەمی کونەکە چۆك دادەدات و سەر دادەنەوێنێت و داوای لێخۆشبوون دەکات. یەك بە یەك هەموو بارزانییەکانی تر کە لە شەقڵاوە ڕا گەڕابوونەوە بە ڕیز تا دوا کەس بەدوای یەکدا چۆك دادەدەن و سەر دادەنەوێنن و لە شوێنی خۆیان هەڵناستن تا شێخ لێیان ببوورێت. شێخ کە ئەمە دەبینێت لێیان خۆش دەبێت.

ئەم چیرۆکەم بەو نیازە گێڕایەوە تا بزانین پەیوەستبوون و باوەڕبوون بە عەقیدەی بارزان، چەند قووڵ بووە. لە هەمان کاتدا عەقیدەکە لق وپۆپ و بواری تەفسیریشی تێدابووە. چونکە ئەوە سروشتی هەموو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئایینییە کە بڵاودەبێتەوە، تەفسیری

تێدەکەوێت و لایەنگران گروپی تایبەتی خۆیان بەپێی تەفســیری خۆیان دروســت دەکەن. ئەو دیاردەیە لە بزووتنەوەی هەقەشــدا هەبووە. سۆفییەکان لە تەفسیردا لە شێخ یاخی دەبوون و پێیان دەگوترا"شێت". سۆفی شێت بۆی هەبوو هەموو شەتەحاتێک بڵێ و هەر ڕەفتاری بە مێشکیدا هات ئەنجامی بدات.

یەکێك لە هۆکارەکانی بیرکردنەوە و بۆچوون لەبارەی مەهدەوی بوون وسیفات ئیلاهی بوونی شێخ محەمەدی بارزان، بیروباوەڕە مرۆڤایەتییەکانی ئەو بوون. ئەو دەیگوت دەبێ پەیڕەوان باوەڕیان بە بنەما عەقیدەییەکانی خۆیان پتەو بێت، بەڵام پێویستە خۆیان بپارێزن بۆ ئەوەش هەر کە لە ناوچەی بارزان دووردەکەونەوە نابێ بە ئاسانی خۆیان ئاشکرا بکەن، تا پەلامار نەدرێن و نەکوژرێن. کاتێك تەنیا نیین و لەگەڵ خەڵکی دەرەوەی بارزان دان، دەبێ بیروباوەڕەکە بشارنەوە و پەیامی نێوان موریدەکان بۆ کاروباری ڕۆژانە بە نهێنی بێت تا بێگانە تێینەگات. ئاوها شێخ محەمەد، تەقییەی کردە یەکێك لە شێوازەکانی کاری پەیڕەوانی بارزان. کەواتە تەقییە و باتینییەت وەك هەر بزووتنەوەیەکی دیکەی مەزدەکی لە ناو کۆمەڵگای ئیسلامیدا، کەوتە ناو بزووتنەوەی بارزانیش. ئەم قسەیە بەو مانایە نییە پەیڕەوانی بارزان لە

[١٦] واتا خۆپاراستن لەدەست ئەوانەی لەبیروباوەڕی تۆ نین و پەلامارت دەدەن

ئایینی ئیسلام دەرچووبن. نەخێر، ئەوان چاکسازییان لە ئایینی ئیسلامدا دەکرد.

چاکسازی بارزان زۆر پێشکەوتووتربووە لە چاکسازی بزووتنەوەی بابەکی خوررەمدین کە لە چەند ناوچەیەکدا لەسەر دەستی عارف و ڕابەرە کۆمەڵایەتییە مەزدەکییەکان ئەنجامدەدرا. من لە بەشەکانی بزووتنەوە جیاجیاکانی دەرەوەی کوردستان، باسم کرد کە جۆرێکی تر لە ئیسلام یان لەم عەقیدەی مسوڵمانبوون کەوتە ناو پاشماوەی ئیمپراتۆریی ساسانی. ئەویش چاککردنی ئایینی ئیسلام و موتەربەکردن و دەوڵەمەندکردنی بە بیروباوەڕی مرۆیی و مێژوویی مەزدەکی و زەردەشتی بوو.

ئەم ڕەگە لە توڕاسی مێژوویی فەرهەنگی ساسانی لە ناو بزووتنەوەی بارزان،هاوشێوەی ئەو فەرهەنگەیە کە بزووتنەوەی هەقە لە ناوچەی سورداش پەیڕەوی لێ دەکرد. ئەوەش نیشانەی ڕەسەنی و درێژبوونەوەی مێژوویی بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی و چاکسازیی ئایینییە لە کۆمەڵگاکانی پاشماوەی ئیمپراتۆریی ساسانی. کاری بانگخوازی واتا کەسانێکی شارەزا و باوەڕپێکراو کاری پەروەردە کردنی عەقیدەیی خەڵك لە گوندەکان و ناوچە دوورەکان بە ئەستۆ دەگرن. بۆ ئەوەی بیروباوەڕی بارزان بڵاوببێتەوە و لە کوردستاندا بێتە سەرتاپاگیر،

بـانـگـخـوازی وەک مـیـکـانـیـزمـی بـڵاوبـوونەوە و پەروەردە کـردن بەکاردەهات.

ڕاکردنی هەندێک لە ئاغاکانی ناوچەی بارزان بۆ ناو عەشیرەتەکانی دەروبەر، عەقیدەی بارزانی وەک هەرەشـە لەسـەر بەرژەوەندییەکانیان نیشـان دەدا. ئاغا ڕاکردووەکان و ئاغا و شـێخەکانی دیکەی دەوروبەری بارزان، شـێخ محەمەد و پەیڕەوانی بارزانیان تەکفیر کرد. پێیان دەگوتن کـافر و لە ئـایین لایـانـداوە و گوایە ئـایینێکی نوێیـان هێنـاوە. ئەو پڕوپاگەندەیە بە تایبەتی دوای شـەڕی سـورچییەکان دژی بارزانییەکان، چووە ناو قۆناغێکی نوێ. دواتر سـورچییەکان و شـێخەکانی لۆلان بەڕابەرایەتی شـێخ ڕەشـیدی لۆلان، کەوتنە شـەڕ لە دژی بارزان. شـێخ ڕەشید پێی وابوو لەناوبردنی بارزانییەکان غەزایە. ئەو دەیگووت ئەگەر بارزانییەکان لەناو ببردرێن و عەقیدەکەیان لەسەرچاوەوە بکوژێندرێنەوە شـەریعەت و داب ونەریتی کۆمەڵایەتی لە ئەمـانـدا دەبێـت(گفتوگۆی تایبەتی).

شـەڕی نێوان سـورچییەکان و بارزانییەکان، لە ڕووداوێکی زۆر سادەوە دەستپێکرد. من لێرە تەنیا ئاماژەیەکی پێ دەدەم. شێخ محەمەدی سـورچی کە برادەر و هاوڕێی فەقێیایەتی شـێخ محەمەدی بارزان بووە، لە ئاکرێ و کۆیە و ڕواندز خوێندوویەتی، نەقشـەبەندی بووە، زۆر لە بیروباوەڕەکانی شـێخ محەمەد نزیك بووە. هەڵبەت نەك بەو قووڵییەی

شـــێخ محەمەدی بـارزان و بـاوەڕەکـانیشـــی نەکردە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، بەڵام دەیهێشـــت ئەنـدامـانی بنەمـاڵە و عەشـــیرەتەکەی (سورچی) ببنە پەیڕەوی بارزان و ئەوەش بەلایانەوە پرسێکی هەستیار نەبوو. ڕووداوێك لە ناو ماڵی شـێخەکانی سـورچیدا ڕوویدا بوو. کوڕی شـــێخ کە ناوی حافز بووە، حەز لە ژنی یەکێك لە موریدەکانی خۆیان دەکـات. داوا لە مێردەکەی دەکـات ژنەکەی (ڕەشـــێ) بۆ تەڵاق بدات. مێردی ڕەشێ (محەمەد شەریف) ڕازی نابێت و دەڵێت ئەو دەستدرێژییە قبووڵ ناکەم. شـێخ حافز گوێ ناداتە محەمەد شـەریف، بە ڕەشـێ دەڵێت جێی بهێڵە و وەرە لەگەڵ مندا بژی. بۆیە بێ مارەکردن و بێ تەڵاقدان ڕەشـێ دێنێ و لەگەڵی دەژی. لە سـاڵی یەکەمیشـدا دەیباتە کوێسـتانەکانی نزیك بارزان. محەمەد شەریف سکاڵای خۆی دەباتە لای شێخ محەمەدی بارزان. شـــێخ محەمەد ئەو کارەی بە دەرچوون لە بنەمای ڕەوشـــتی و دەســـتدرێژیکردن دەزانێت. بۆیە بە دوو تابعی بارزانی دەڵێت بڕۆن حـافز و ڕەشـــێ بهێننە ئێرە، چونکە ئەوانە لە بیروبـاوەڕی بـارزان دەرچوون و مورتەدەن. ئەو دوو تابعە، دوو پەیڕەوی توندڕەو دەبن کە وەك فەرمانی خودا ســـەیری فەرمانی شـــێخ محەمەد دەکەن. دوو تابعە بارزانییەکە کە دەگەنە کوێســـتان بە حافز دەڵێن شـــێخ محەمەد داوات دەکات و پێشمان بکەوە. حافز و ڕەشێ پەیڕەوی لە فەرمانی شێخ دەکەن و پێشـــیان دەکەون. لە ڕێگادا دوو بارزانییە تانعە توندڕەوەکە پێکەوە ڕاوێژدەکەن و یەکێکیان دەڵێ: مەگەر شێخ نەیگوت حافز مورتەدە؟ خۆ

مورتەد دەبێ بکوژرێ. ئەوەی دیکەیان دەڵێت: ئەی نەیگوت بیانهێننە ئێرە؟ دیارە مەبەستی کوشتن نییە. ئەوەی یەکەم دەڵێت با بیکوژین و تەرمەکەی ببەین. بە بردنی تەرمەکە داوای شێخ جێبەجێ دەکەین، بەڵام هەر لێرەوە فرمانەکە جێبەجێ دەکەین ئەویش کوشتنی مورتەدە. بۆیە لە دواوەڕا بە خەنجەر لە پشتی حافز دەدەن و دەیکوژن. ڕەشێ بە زیندویی لەگەڵ تەرمی حافز دەبەن بۆ بارزان. کاتێك شێخ محەمەد دەزانێت زۆر پێی ناخۆش دەبێت و دەڵێت ئێوە لە بڕیاری من تێنەگەیشتوون.

ئەو ڕووداوە بووە مایەی شەڕ لەنێوان سورچییەکان و بارزانییەکان و دوژمنایەتییەکی دوور و درێژی لێ کەوتەوە. شێخەکانی سورچی دوای چەند شەڕێك سکاڵایان بردە لای محەمەد سدیق کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و دنەیان دا کە تۆڵەیان بۆ لە شێخەکانی بارزان بکاتەوە. لەگەڵ ئەو ڕووداوەدا لە ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانیی ئەوکاتدا کە لەبەردەستی مندا هەیە، هەمان ڕووداو بە ڕاپۆرت دراوەتە قایمقامی ئاکرێ و والی موسڵ و والی بەتلیس. لەو ڕاپۆرتانەدا شێخ محەمەد بە کافر لە قەڵەم دەدەن، گوایە بزووتنەوەیەکی نوێی درووستکردووە و ئایینێکی نوێی ڕاگەیاندووە و خەریکە فەساد لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بڵاو دەکاتەوە(بارزان لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، زانکۆی جیهان٢٠٠١٩). هەموو ئەوانە وای کرد دارودەستەی عوسمانییەکان لە موسڵ و بەتلیسەوە بکەونە ژێر کاریگەریی ئەو ڕاپۆرتانەوە. سەرەنجام ئاغاکانی دەوروبەری بارزان و تەکیەکانی سورچی و لۆلان و بریفکان

دژی بارزانییەکان دەستیان بە شەڕ کرد. توندبوونی ئەو شەڕانەش لە ڕاستیدا لەسەر عەقیدە بوو نەك شەڕی خێڵەکی.

بارزانییەکان زۆر بە ئاسانی دەیانتوانی خۆیان لە دەست شێخ و عەشیرەتەکانی دەوروبەر بپارێزن. محەمەد سدیقی کوڕی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری بەو دەسەڵاتەی کە هەیبوو کەوتە شەڕی بارزانیەکان. ئەوبە پشتپێبەستن بە دامودەزگای عوسمانی لە موسڵ و ئەو قسە ڕۆیشتوویەی لەسەر عەشیرەت و تەکیەکانی دەوروبەری بارزان هەیبوو، توانی بە هێزێکی زۆرەوە هەڵبکوتێتە سەر بارزان. شێخ محەمەد بڕیاری دا بەرامبەر محەمەد سدیق بەرگری نەکات و بارزانی بەرەو ڕواندز بەجێهێشت.

چەند ساڵ پێش ئەو هێرشەی محمد سدیقی نەهری بۆ سەر بارزان، شیخ محمدی بارزانی دەستبەسەر کرد و تەسلیمی والی بەتلیسی کرد. بۆ ماوەی دوو ساڵ شێخ لە بەتلیس بە دەستبەسەری مایەوە. لەو کاتدا شێخ محەمەد خۆی ئامادە دەکات تا بچێتە نەهری. شێخ عبدالسلامی کوڕی کە ئەوکات گەنج بووە و جەنگاوەرێکی شارەزا بووە، بە باوکی دەڵێت ئەگەر بچی لەوانەیە بتگرێت و بتکوژێت یان نەهێڵێ بگەڕێیەوە. بۆیە پێویستە نەچی، ئەگەر هەر دەچی دەبێ ئێمە بە چەکدارێکی زۆرەوە لەگەڵت بێین. شێخ محەمەد وەڵامی دەداتەوە: من بەوپەڕی تەوازوعەوە دەچم، نابێ هیچ چەکدارێکم لەگەڵ بێت.

شـــێخ حەوت موریـد لەگەڵ خۆی دەبـات و بەرەو نەهری بەڕێ دەکەوێ. دوای ئەو عبدالســـلامی کوڕی دڵی بەرایی نادات، بە هێزێکی زۆرەوە دوای دەکەوێت و لە گوندی کانی بۆت دەگاتە شـــێخ محەمەد. شـــێخ محەمەد بە شـــێخ عبدالســـلام دەڵێت ئەگەر تۆ لەگەڵ من بێی من دەگەڕێمەوە، چ دەقەومێت با بقەومێت. سەرەنجام شێخ عبدالسلام بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بارزان. خاکەڕایی و ملکەچی بۆ تەکیەی نەهری وەك موریدێک و ڕێزگرتن لە مێژووی هاوبەش، شێخ محەمەد بە تەنیا دەباتە نەهری. محەمەد ســـدیق خۆی پێشـــوازی لێ ناکا و وەك دیل مامەڵەی لەگەڵ دەکات و لە مزگەوتێك لە خوار ماڵەکەی خۆی دایدەنێت.

محەمەد سدیق دوو سۆفی خۆی دەکاتە پاسـەوان تا لەماوەی مانگێکدا بزانن شـێخ محەمەد باوەڕ و ڕەفتارەکانی چۆنن. ئەو هەڵوێسـتەی محمد ســـــدیق دەبێتە مـایەی نـاڕازیبوون و ڕەخنەی بنەمـاڵەی نەهری و موریدەکانی. بۆیە هەندێکیان دەچنە لای محەمەد ســـدیق پێیدەڵێن تۆ غەدر دەکەی، ئەمە شـــێخێکی بەڕێز و خـاوەن بیروبـاوەڕە، خۆی هاتووەتە ئێرە، ئەو هاتنەی بەو تەوازوعە جۆرێکە لە موریدایەتی دەنا دەیتوانی نەیەت. محەمەد ســـدیق گوێ ناداتە ئەو قســـانە. دوای مانگێك هەردوو سـۆفییەکانی خۆی بە جیاجیا بانگ دەکات و لێیاندەپرسـێت: ئایا شـێخ محەمەد ڕۆژوو دەگرێ؟ نوێژ دەکات؟ یەکێك لە سـۆفییەکان دەڵێت من نەمبینیوە ڕۆژوو بگرێت و نوێژ بکات، بەڵام هەمیشە لە خەڵوەتدایە. ئەوەی دووەمیان دەڵێت من بینیومە نوێژدەکات و ڕۆژوو دەگرێت و لە

خەڵوەتیشـــــدایە. محەمەد ســـــدیق بۆ ئەوەی یەکلای بکـاتەوە، دەڵێـت هەردووکتـان بۆ دەرخســـتنی ڕاســـتی تەڵاق بخۆن. هەردووکیـان بۆ ڕاستیی قسەی خۆیان تەڵاق دەخۆن.

محەمەد ســـــدیق دەگـاتە ئەنجـامێـك کە تەڵاقی هەردووك ســـۆفی کەوتووە،چونکە نازانێت کامیان ڕاستە. لە کاتێکدا هەردووک سۆفییەکە زۆر جێی باوەڕی ئەو بوون. ڕاسـپاردەیەك دەنێرێت بۆ شـێخ محەمەد، پێیدەڵێت: ئەم حاڵەتە هەیە و کام لەو دوو ســۆفییەی من ڕاســت دەکەن. شـــێخ محەمەد دەڵێت هەردووکیان ڕاســـتدەکەن! ئەوەی کەوا تەڵاقی خواردووە کە من نوێژ نـاکەم و ڕۆژوو نـاگرم و هەر لە خەڵوەتـدام، ڕاست دەکات و تەڵاقی ناکەوێت. ئەوەی دیکەشیان کە سوێندی بەتەڵاق خواردووە کە من نوێژ دەکەم و ڕۆژوو دەگرم و لە خەڵوەتدام، ئەویش ڕاسـت دەکات و تەڵاقی ناکەوێت. محەمەد سـدیقی نەهری سـەری لەو نهێنییە دەرناچێت و بڕیاردەدات شـــێخ محەمەد بە دیلی ڕادەســـتی والی بەتلیس بکات. ئەوەیان یەکەم گیرانی شێخ محەمەد بوو کە بۆ ماوەی دوو ســاڵ لە بەتلیس گلدرایەوە و دەسـتبەسـەر بوو. بەڵام لەوێش بە مانەوەی خۆی کار لە دەوروبەرەکەی دەکات و پەیڕەوانی نوێ بۆ بیروباوەڕەکەی پەیدا دەکات. والی بەتلیس لە دوای دەنێرێت و داوای لێبوردنی لێ دەکات و بەڕێزەوە بە دەســـتەیەکی کاربەدەســـتانی حکومەتی و پیاو ماقوڵان دەیگەڕێنێتەوە بارزان. هەروەها والی بەتلیس بڕێکی دیاریکراو پارەی زێڕ وەك دیاری بەناوی ئاستانە و سوڵتان پێشکەشی شێخ دەکات. شێخ

محەمەد پارەکە وەرناگرێت و دەڵێت پێویستمان بەپارە نییە و سوپاستان دەکەم کە ڕێگە دەدەن بگەڕێمەوە بارزان. تەنانەت بۆ بەڕێکردنم ئەو دەستەیەش پێویست ناکات، من لەگەڵ موریدەکانم دەگەڕێمەوە. دواتر هەر بۆ ڕێزنان لە بڕیاری والی یەك دانە سکەی زێڕ هەڵدەگرێت و ئەوەی دیکەیان بۆ والی دەگەڕێنێتەوە. دوای دوورکەوتنەوە لە بەتلیس، ئەو سکەیەش دەبەخشێت. (گفتوگۆی تایبەتی).

کاتێک شێخ محەمەد دەگەڕێتەوە بارزان، هەیبەت و توانایی قسە و بیروباوەڕەکەی لە بڕ نەکەوتبوو. بارزانییەکان لە زیادبووندا بوون. کاریگەریی باوەڕ و سامی شێخ بەسەر پەیڕەوەکانییەوە زیاتر ببوو. شەڕپێفرۆشتنی سورچی و لۆلانییەکان و نەهرییەکان بەردەوام بوو. ئەو جارەیان بە هەماهەنگی لەگەڵ داموودەزگای عوسمانی لە موسڵ و قەزاکانی ئاکرێ و دەوروبەری بارزان شەڕێکی قورس لە دژی بارزانییەکان دەست پێ دەکەن. شێخ محەمەد بڕیار دەدات لە بارزان پاشەکشە بکات و بچێتە ڕواندز. ماوەی دوو ساڵ لە ڕواندز دەبێت. لەو ماوەیەدا دەستدرێژییەکی زۆر دەکرێتە سەر بارزانییەکان و بیروباوەڕ و دا هاتەکانیان. محەمەد سدیقی نەهری بەناوبانگ بووە بە پیاوێکی ماڵپەرستی زاڵم، تاڵانێکی زۆر لە بارزان و گوندەکانیان دەکات و دەستدرێژی دەکاتە سەر خەڵك. ئەوە وا دەکات دوای ساڵێک

بـارزانییەکـان چەك کۆبکەنەوە و خۆیـان ڕێکبخەن و بچنە لای شـــێخ محەمەد و داوای لێ بکەن ڕێگە بدات نەهرییەکان و عەشـــیرەتەکانی دیکە لە ناوچەی بارزان دەربکەن. شـێخ محەمەد ڕێگە نادات. لە ســاڵی دووەمـدا شـــێخ ڕازی دەبێـت بە ئەنـدازەی بەرگریکردن لە خۆیـان بەرەنگاریان ببنەوە، بە مەرجێک خەڵك نەکوژرێت و تەنێ داگیرکەران دووربخەنەوە. بارزانییەکان بەو خۆڕێکخســـتنەی دروســـتیان کردبوو دەست دەکەن بە شـەڕ لە دژی لایەنگرانی محەمەد سدیق ولە شـەڕێکی کورتـدا دەیـانشـــکێنن و خۆی بەدیـل دەگرن و دەیهێنن بۆلای شـــێخ محەمەدی بـارزان. ئەویش دەڵێـت چونکە کوڕی شـــێخ عوبەیـدوللای نەهرییە و ئەوان شـــێخی ئێمەن، ســەرباری ســتەمەکەی، بە ڕێزەوە تا نەهری بیبەنەوە و ئازادی بکەن.

شـــێخ محەمەدی بارزان ســەرباری ئەوەی بەشـــێك لە بارزانییەکان چەکیـان بۆ بەرگری کردن لە خۆیـان هەڵگرتبوو بەڵام ئەو هیچ بنەمـایەکی دانەهێنـابوو کە بـارزانییەکـان بکـاتە جەنگـاوەر و نـاوچەی بـارزان بپـارێزن. شـــێخ بڕوای بە بڵاوکردنەوەی بیروبـاوەڕەکەی و زۆرێتی پەیڕەوەکانی و ڕێگەی ئاشـــتییانە بۆ دانوســـتان هەبووە و زۆر ئاشـــتیخوازانە و دوور لە توندوتیژی دەیویســـت عەقیدەی بارزان بڵاو بکاتەوە.

دوای ماوەیەک شـــێخ محەمەد جارێکی تر لەلایەن والی موســـڵەوە دەســتگیرکرا. کە ئازادکرا دوای ماوەیەکی کەم لە ســاڵی ١٩٠٢ کۆچی دوایی کرد. ئەوکاتە بیروباوەڕەکەی زۆر بە فراوانی لە ناوچەی بارزان بڵاوببووەوە و ژمـارەیەکی زۆر یـار و یـاوەر و موریـدی هەبوو کە بیروبـاوەڕەکەیـان بـاش وەرگرتبوو و لە ڕێکخســتنێکی دیـاریکراودا بەردەوام پەیڕەوەکانی بارزانیان لەسەر ئەو باوەڕە پەروەردە دەکرد.

دوای کۆچی دوایی شـــێخ محەمەدی بارزان، بنەماکانی بزووتنەوەی بارزان وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئیســـڵاحی کامڵ ببوو. واتا ســـەر و ســـیمای ئایندەی ئەو عەقیدەیە دەرکەوتبوو و خەڵکێکی زۆر بـاوەڕی پێی هێنـابوو. لەنـاو ئەو خەڵکەی بـاوەڕیـان پێی هێنـابوو ژمارەیەکی زۆر لە موریـد و خەلیفەی بە توانای بۆ دروســت بووبوون، ئەوانە جیا لەوەی بیر و باوەڕکەیان بڵاودەکردەوە و فەرمانەکانیان جێ بەجێ دەکرد، لە هەمان کاتدا جەنگاوەری چالاک و چاپوک بوون بۆ بەرگری کردن لە بارزان.

لەوکاتەی شـــێخ محەمەد کۆچی کرد، ســـەرەتای خۆڕێکخســـتنی عەشیرەتەکانی دەوروبەر بوو، بە تەکیەکانی سورچی و لۆلانیشـەوە کە نەهێڵن بزووتنەوەی بارزان و بیر و باوەڕەکانی لەوە زیاتر بڵاوببێتەوە. ئەو عەشـــیرەتـانەی لە ڕووی جوگرافییەوە دراوســـێی بـارزان بوون زۆرترین شـــەڕ و کوشـــتاریان لە بارزانییەکان کردووە. دەکرێ لەوانە

باسی عەشیرەتی زێباری، ڕێکانی و برادۆستی بکەین. لە عەشیرەتەکانی سۆرانیدا عەشیرەتەکانی دەشتی هەولێر تا دەگاتە کوردستانی ئێران، هەروەها هەموو عەشیرەتەکانی بادینان کۆکرانەوە و هەموویان لە لێدان و کوشتاری بارزانییەکان بەشداربوون. ئەو هێرشە هەمەگیرەی عەشیرەتەکان بە هاندان و فەرمانی دامودەزگای عوسمانی بوو.

لە سەردەمی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا عەشیرەتەکان هان دەدران تا کۆتایی بە بزووتنەوەی بارزان بهێنن، پاساویان ئەو چاکسازییە بوو کە لە دابونەریتی کۆمەڵگا و دین دا دەیکرد. کەواتە عوسمانییەکان وەک کوشتاری ئێزیدییەکان و ئاسوریەکان و ئەرمەنییەکان مامەڵەیان لەگەڵ بارزانییەکان دەکرد و بە هەمان باوەڕ و بۆ هەمان ئامانج دەستیان کردبوو بە کوشتاری یەکجارەکی بارزانییەکان و تێکدانی ناوچەکەیان.

لە بارودۆخێکی وەها سەختدا کە بارزان دوو جار شەڕ و فەرمانی گشتی بینیبوو، لە سەردەمی شێخ محەمەد زەبرێکی زۆر بەر گوندەکان و پەیڕەوانی بارزان کەوتبوو. شێخ عبدالسلامی دووەم، کوڕە گەورەی شێخ محەمەد شوێنی باوکی گرتەوە. شێخ عبدالسلام دەرفەتی خوێندنی تەنیا لەلای باوکی بووە. بەو بارودۆخی شەڕ و ئاوارەییەی کە لە بارزان زاڵ بوو، هیچ بواری نەبوو بۆ خوێندن لە بارزان دوور بکەوێتەوە. شێخ عبدالسلام لە دە ساڵی کۆتایی تەمەنی باوکیدا زۆربەی کاروباری

چەکداری و ئیداری و بەرگریکردن لە بارزانی سـەرکردایەتی دەکرد. هەربۆیە زۆرجار باسی کردووە کە بەخت و بارودۆخی سەختی بارزان ڕێگەی نەدا چاک بخوێنێت و لە سـەرچاوەکانی عیلم و عیرفان، بەو ئەندازەیە کە خۆی دەیویست ئاگاداربێت(صدیق الدملوجی). سەرباری ئەوەش شێخ عبدالسلام بنەماکانی فیکری باوکی و بزووتنەوەی بارزانی نەک هەر وەرگرتبوو بەڵکو زۆر بە داهێنانەوە جێبەجێی دەکردن. هەروەها خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێز بوو بۆ ڕابەری کردنی بارزان.

شـێخی گەنج توانی هەموو خەلیفە و یاوەرەکانی باوکی کۆ بکاتەوە و بەشـێوەیەکی زۆر زانایانە سـەرکردایەتییان بکات. هەروەها مەلا مەحمود (سەیدا) بە درێژایی ژیانی شێخ محەمەد دەوری گرنگی ئیرشاد و ڕێنوێنی و پەروەردە و بەڕێوەبردن و ڕدێنسـپیاتی نـاو تەکیە و پەیڕەوانی بارزانی دەبینی. لە زەمانی شـێخ عبدالسـلامی دووەمیشـدا هەمان دەوری دەبینی. جیا لە سـەیدا ژمارەیەکی زۆر کەسـایەتی تر لە گوند و شـارۆچکەکانی سـەر بە دەڤەری بارزان هەڵکەوتبوون و کاری خۆیان دەکرد.

شێخ عبدالسلام کە دەستی بەکار کرد، وەک ڕابەرێکی دینی، سیاسی، سـەربازی و ئیداری هاتە مەیدان. شـارەزاییەکی زۆری لە چارەسـەری کێشـەکـان و بەرەنگـاربوونەوەی دوژمنـان و بەڕێوەبردنی گونـد و نـاوچەکـانی سـەر بە بـارزان هەروەهـا پەیڕەوکردنی کردەیی

ڕاسپاردەکانی شێخ محەمەد لەخۆی نیشان دا. بۆ جاری یەکەم هەوڵی دا کۆتایی بەو دوژمنایەتیە بهێنێ کە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە عەشیرەت و تەکیەکانی دەوروبەر هەبوو. هەروەها هەوڵی دا لەگەڵ شێخی سورچییەکان ئاشت ببێتەوە و دڵنیاییەک بە شێخ ڕەشیدی لۆلان بدات بۆ ئەوەی واز لە دوژمنایەتی بێنیت و هەست بە هەرەشە نەکات لەلایەن بارزانییەکانەوە.

محەمەد سدیقی نەهری کە ئەو هەموو خەراپەی بەرامبەر بە بارزان کردبوو کاتێ مرد، شێخ عبدالسلام نامەی سەرەخۆشی بۆ سەید تەهای کوڕی نارد کە لە ڕەواندوز دەژیا و پێشنیاری بۆ نارد کە یەکتر ببینن و ئاشت ببنەوە. هەروەها بۆی دووپات کردەوە کە ئەوان هەمیشە خۆیان بە موریدی تەکیەی نەهری دەزانن و قەت ئەو مێژووە لە بیر ناکەن کە سەید تەهای یەکەم و شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بۆ پەیوەندی نێوان بارزان و نەهری دروستیان کردووە.

سەید تەها لە زاهیردا بە پیر بانگەوازەکەی شێخ عبدالسلامەوە چوو، بەڵام لە کردەوەدا کاتیک بۆ جارێکی تر هێرش کرایەوە سەر بارزان ، پشتی لەو ئاشتییە کرد. ئەو لە هێرشی عوسمانییەکان بۆسەر بارزان بەشداربوو. ئەوکات ماڵ و منداڵی شێخ محەمەد دوای کۆچی دوایی کردنی لەبەر ئەو فەرمان و شەڕەی لە سەردەمی شێخ عبدالسلام بۆ جاری یەکەم کرایە سەر بارزان لە چیاو دۆڵەکانی بارزان خۆیان

شاردبوەوە، ئەوە سەید تەها بوو کە خێزانی شێخ محەمەدی لە گوندێک لە دەوروبەری بارزان بە منداڵەکەیەوە کە مستەفا بارزانی بوو، ناسیەوە و ڕادەستی عوسمانییەکانی کردن و بە دیل بردیانن بۆ موسڵ. هەر لەو شەڕەدا شێخ ڕەشیدی لۆلان خۆی بەشدار بووە(گفتوگۆی تایبەتی).

شـــێخ عبدالســـلام بایەخکێکی زۆری بە بەردەوامبوونی پەروەردە و بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕەکانی بارزان دەدا کە شـــێخ محەمەد بنیادی نـابوون، توانی ئەو بیروبـاوەڕە بپـارێزێت و پەرەی پێبدات. هەنـدێک ڕێنوێنی لە سەردەمی شێخ عبدالسلام دەرچوون، یەکێک لەوانە زوهد و گۆشـەگیری قەدەغە کرد. بە ژمارەیەک لە موریدەکانی کە گۆشـەگیریان هەڵبژاردبوو، ڕایگەیاند کە لە عەقیدەی بارزاندا گۆشـەگیری نییە. شـێخ لە هێرشێکی توندا دەستی بە پاککردنەوەی ناوچەی بارزان لە ئاغاکان کرد. ئەو ئـاغـایـانەی هەوڵیـان دەدا هیچ ڕێنمـایی و ڕاســـپـاردە و ئیسـڵاحاتێک سـەرنەگرێت. هەروەها ئەوانەی دەسـتیان لە هێرشـکردنە ســـەر بارزان و ئاوارەکردن و گیرانی شـــێخ محەمەد و گرتنی ناوچەی بـارزانـدا هەبوو. زەوی بە هەموو جوتیـارەکـان درا و پەرە بە کـاری هەرەوەزی بۆ بەرهەمهێنان و پێکەوەژیان درا. هەموو بنەماکانی شـــێخ محەمەد جەختیان لەسەر کرایەوە کە دەبێ جێبەجێ بکرێن. ئەنجوومەنی گوندەکان و ناوچەکانی دروســـت کرد . ئەو ئەنجومەنانە کاروباری خەڵکیـان بەڕێوە دەبرد. جەختێکی زۆری لەســـەر فراوانکردن و جێبەجێکردنی بیری یەکســـانی و بەرابەری نێوان ژن و پیـاو کرد و

ئاسانکردنی ژیانی بۆ پەیڕەوەکانی کردە کاری سەرەکی خۆی. فەرمانی دا کە هەموو بارزانییەکان فێری هونەری جەنگاوەری بن، واتا ببن بە جەنگاوەری شـــارەزا و چاپوک. بۆ ئەو مەبەســتەش پێویســتە چەکیان هەبێ و خۆیان لەســـەر بەکارهێنانی ڕابێنن تا جەنگاوەری چاک و نیشانەهەڵگریان لێ دروست ببێت. هەروەها فەرمانی دەرکرد پێویستە هەموو جەنگاوەرێکی بارزانی مەلەوان وئەســـپ ســـوار بێت. ئەو هونەری جەنگاوەرییە بۆ کاتی شەڕ پێویست بوو، چونکە لە شەڕەکاندا بە هۆی زۆری ڕووبارەکانی ناوچەی بارزان، جەنگاوەر و خێزانەکانیان توشی کێشەی گەورە دەبوون. بۆیە دوای ڕاسپاردەکانی شێخ عبدالسلام ئیتر جەنگاوەری و مەلەوانی و ئەســپســواری لە پێویســتییەکانی ژیانی پیاوانی جەنگاوەری بارزان بوو.

شێخ عبدالسلام بارزانی دەورێکی زیاتری بە ژنان دابوو، بڕیاری دا کاروباری ماڵ و بەرهەمهێنان، ئیدارەکردنی پێداویســـتییەکانی ژیانی ماددی بدرێتە دەســت ژنەکان. چونکە پیاوەکان بەشـــی هەرە زۆریان بۆ پـارێزگـاری کردن لە بـارزان دەبوو لە بەرەنگـاری و جەنگـدابن. لە دانیشـتن و کۆبوونەوەکانی تەکیەدا ژنان وەک پیاوان بەشـدار دەبوون و شـان بە شـانی پیاوەکان دەوری ئیرشـاد و بڵاوکردنەوەی بیر و باوەڕیان دەبینی.

شـێخ عبدالسـلام بە پێچەوانەی شـێخەکانی پێش خۆی، تەنیا لە تەکیە دانەدەنیشـــت. جیا لە کاری عیرفانی و ڕێنوێنی و پەرەپێدانی بیر و باوەڕەکەی، وەک مولانا خالیدی نەقشـبەندی بەردەوام لە جموجۆڵدا بوو بۆ دیداری گوندەکان ، عەشـــیرەتەکان ، تەکیەکان ، کەســـایەتییەکان و ئایینەکان لە ســـەفەردا بوو. مەبەســـتیشـــی ئاگاداری بوو لە هەموو کاروبارەکان و ڕوونکردنەوەی بیروباوەڕی خۆی بۆ هەموو لایەک و دروستکردنی هەماهەنگی بوولە نێوانیاندا.

شـــێخ عبدالســـلام نەک هەر لەگەڵ ســـەید تەهای نەوەی شـــێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، ئاشـــت بووەوە بەڵکو پەیوەندیشـــی بە شـــێخ عەبدولقادری گەیلانی کوڕی گەورەی شـێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کرد، کە ئەوکات لە ئیســتانبوڵ دەژیا. شـێخ عبدالقادر یەکێک لە ڕۆشـنبیر و سـەرکردە گەورەکانی کورد و لە هەمان کاتدا لە شـۆڕشـی مەشـروتە و گۆڕانکارییەکانی تورکیای عوســمانیشــدا بەشــدار بوو. ماوەیەکیش ســەرۆکی پەرلەمان یان مەجلیســی ئەوکاتی عوســمانی بوو، کە دواتر گرتیان و لەسێدارەیان دا.

شـــێخ عبدالســـلام هەوڵی دا شـــێخ عەبدولقادر ببینێ، لە هەمان کاتدا ئاگای لە بیر و باوەڕە نەتەوایەتییەکانی بێ و لێی فێر بێت. دەیویست لە بیری نەتەوەیی ئاگادار بێت کە لەوکاتدا لەناو ڕۆشـــنبیرانی کوردی

ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە ئەستانبوڵ هەبوو. شێخ عبدولقادری نەهری (گەیلانی) و نەوەکانی میری بەدرخان و ژمارەیەکی دیکەی کەسایەتییە بەناوبانگەکانی ئەوکات، لە بابەتی شەریف پاشا لە دەوربەری شێخ عبدالقادر کۆببوونەوە وچالاک بوون. شێخ عبدالسلام پەیوەندی بە ئەوانەوەهەبووە و نووسین و بڵاوکراوەکانی ئەوانی بۆ دەهات. (الدملوجی،١٩٥٢م)

پەیوەندی لە نێوان شێخ عبدالقادر و شێخ عبدالسلام بەردەوام بووە. شێخ عبدالقادر بە شێوەی تایبەتی خۆی هەوڵی دەدا بیر و باوەڕی ناسیۆنالیستی و باوەڕی نەتەوەخوازی کە لە ئەوروپاوە هاتبوو و لە تورکیا بوژابووەوە بگاتە شێخ عبدالسلام بارزانی. شێخ عبدالسلامیش زۆر بە تینوێتییەوە ئەو بیر و باوەڕانەی وەردەگرت. هەربۆیە یەکێکی تر لەو مەبدەئە گرنگەکانەی بە عەقیدەی بارزانەوە زیادی کرد بیروباوەڕی نیشتمانی و نەتەوەیی بوو. شێخ عبدالسلام ئەو تەجرەبەیەی تێکەڵی عەقیدەکەی خۆی کرد. پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ سەرکردەکانی مەسیحی، ئەرمەنی، ئاشووری و کلدانی کردەوە. لەوکاتدا مارشەمعون کە سەرکردەی مەسیحییەکانی کوردستان بوو، زیاتر لە کوردستانی ڕۆژهەڵات (ئێران) دادەنیشت و هەندێک ناوچەی نفوزی لە کوردستانی عوسمانیش هەبوو، شێخ پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ دروست کرد. ئەو عەقیدە یەکسانیخوازەی کە لە بارزان هەبوو، وای کردبوو کە لە لای مەسیحییەکان، بەتایبەتی لە لای مارشەمعون بە

چاوێکی ڕێز و دۆستانەی پر لە باوەڕەوە تەماشای بارزان و بەتایبەتی شێخ عبدالسلام بکات. (مسعود بارزانی١٩٩٧)

پێدەچێ گفتوگۆی عەقیدەیی لە نێوان شێخ عبدالسلام و مارشەمعون و سەرکردەکانی دیکەی مەسیحی هەبووبێت. لەگەڵ جووەکانیش بە هەمان شێوە گفتوگۆ و باوەڕ بەیەکدیکردن بەردەوام بووە. شێخ تەمای ئەوەی لە سەردا بوو هاوپەیمانێتییەکی ستراتیژیی لەگەڵ مەسیحییەکانی کوردستان ببەستێت و لەو ڕێیەوە پشتیوانی و بڕوای ڕوسیا بۆ کوردستان ڕابکێشێ. دەیویست ئیتیحادێکی کۆنفیدرالی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا لەگەڵ مەسیحییەکان ببەستێت و دەوڵەتێک بۆ کورد و مەسیحییەکان دوور لە جیاوازی ئایینی و نەتەوەییان پێکبێنێ.

شێخ عبدالسلام زۆر ئیعتمادی لەسەر مارشەمعون بووە. مارشەمعون لە کاتی شەڕەکانی بارزان و لێقەومانیاندا زۆر بێمنەت و باوەڕبەخۆبووانە بەهانای بارزانییەکان و بەتایبەت شێخ عبدالسلامەوە چووە. لە ساڵی ١٩٠٨دا کە شێخ عبدالسلام لە ئەنجامی تێکشکانی سەربازی ناچاربوو بارزان جێ بهێڵێ، زیاتر لە ساڵێک لەلای مار شەمعون دەمێنێتەوە، چونکە عوسمانییەکان داوایان دەکرد. مار شەمعون بۆ ئەوەی بیشارێتەوە جلی قەشەی لەبەر شێخ کردبوو و لە ماڵی خۆی شاردبوویەوە. لەم ڕووەوە چیرۆکێکی زۆر سەرنجراکێش و تراژیک هەیە.

شێخ عبدالسلام بارزانی، پەیوەندی لەگەڵ ڕووسیا هەبووە و سەردانی تبلیسی کردووە. ئەو بەڵگەنامانەی کە لەبەر دەستدان(مسعود بارزانی) نیشان دەدەن کە لەگەڵ نوێنەری قەیسەری ڕوسیا باسی ڕوانگا و پڕۆژەکانی خۆی کردووە کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بە بەشداری مەسیحییەکان پێشکەشی کردوون و هەوڵیداوە سەرنجی ڕوسەکان ڕابکێشێ. هەروەها هەوڵی داوە لە ڕێی ئەو گەڕیدانەی هاتوونەتە کوردستان، سەرنجی بەریتانیا ڕابکێشێ کە ئەوکات دژی عوسمانییەکان لە جموجۆڵدا بوو. هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو پشتیوانی کوردستان بکەن و ببێت بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. تەنانەت لەگەڵ قەشەی بەناوبانگ و ڕۆژهەڵاتناس دەبلیو. ئای. ویگرام باسی پڕۆژەکەی خۆی کردووە. کاتێک ویگرام سەردانی کوردستانی کردووە، لە بارزان سەردانی شێخ عبدالسلامیشی کردووە. لە کتێبەکەی خۆیدا بە دوور و درێژی باس لە گفتوگۆکانی خۆی و شێخ دەکات. هەروەها باسی چۆنییەتی ژیان و عەقیدەی شێخ عبدالسلام و سیستەمی ژیان لە دەڤەری بارزان دەکات. لەوێدایە کە ویگرام دەڵێ شێخ عبدالسلام بە منی گوتووە پەیامی ئەو بدەم بە کەنیسەی کانتینبری و کاتۆلیکی بەریتانی، پێیان بڵێم کە ئەو دەیەوێ سەردانی بەریتانیا بکات، بۆ ئەوەی سەرنجی بەریتانیا ڕابکێشێت بۆ یارمەتیدانی کوردستان تا ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. ئەو دەوڵەتە دەتوانێ بەرژەوەندی بەریتانیا دابین بکات. (ویگرام،٢٠١٠م)

بەم پێیە بزووتنەوەی بارزان لە ســـەردەمی شـــێخ عبدالســـلام لە چوارچێوەی نـاوچەی بـارزان لە ڕووی فیکری و ئـامـانجەوە فراوانتر بوو و پەلی هاویشـتە دەرەوەی ئیمپراتۆریی عوسـمانی. کەواتە دەتوانین بڵێین بیری نەتەوایەتی و ڕزگـاریخوازی لە لایەن شـــێخ عبدالســـلام بارزانییەوە تەنیا لەســـەر بنەمای ڕزگارکردنی نەتەوە نەبووە، بەڵکو لەسـەر ڕزگارکردنی نەتەوە و چاکسـازی ئایینی و کۆمەڵایەتی بووە کە بە شـــێوەیەکی قووڵ لە نـاوچەی بـارزان دەســـتی پێ کردبوو. ئەو بزووتنەوە چاکسازییە ئایینییە دەیویست تێکڕای کۆمەڵگەی کوردستانی بگۆڕێ بۆ کۆمەڵگایەکی ئارام و بەرابەر و یەکســـان. لە هەمان کاتدا ڕزگـاریخوازی و نەتەوەپەرســـتی لەســـەر بنەمـای ئەو بیروبـاوەڕە کۆمەڵایەتییـانە ڕۆنـابوو. نەتەوە خوازی شـــێخ عبدالســـلام جۆرێکی تایبەتییە، ڕەســـەنایەتی وڵاتەکەی زۆر پێوە دیارە و توانایی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیشی لەگەڵدایە.

شـــێخ عبدالســـلام لە کاروباری بەڕێوەبردنی تەکیە و جێبەجێکردن و دابەزانـدنی عەقیـدەی بـارزانـدا ئیعتمـادی ســـەرەکی بە مەلا مەحمود (ســـەیدا) بوو. کاتێک مەلا مەحمود کۆچی دوایی کرد، کوڕەکەی کە ناوی مەلا عەبدولڕەحمان بوو، وەک باوکی هاتە مەیدان و تواناییەکی لە باوک زیاتری لە خۆی نیشـاندا ئەویش تێگەیشـتنی قوڵتر لە عەقیدە و بەڕێوەبردن و توانـای جەنگـاوەری بوو. لە دواییـدا بە مەلای مەلا مەحمود ناسرا.

مەلای مەلا مەحموود لە ســـەردەمی شـــێخ عبدالســـلامدا هاوکاری باوکی(ســـەیدا) بووە. جارێک لە دانیشـــتنێکدا مەلا مەحمود بە شـــێخ عبدالسلام دەڵێ عبدالڕەحمان زۆر ماندوم دەکات. شێخ عبدالسلامیش بە توڕەییەوە ڕوودەکـاتە مەلای مەلا مەحمود و پێی دەڵێ: بۆ تۆ نـازانی نابێ کەس سەیدا ماندو بکات؟ سەیدا بۆ شێخ ڕوون دەکاتەوە کە مەبەستم لەوەیە مەلا عبدالرحمان لە من زیاتر دەزانێ بۆیە لە مناقەشـەدا هەمیشـە من کورت دێنم و لە زانین و بەڕێوەبردندا لە من زاناتر و بە تواناترە. دوای مردنی مەلا مەحمود، مەلا عەبـدولڕەحمـان واتـا "مەلای مەلا مەحموود" دەبێتە جێی بـاوەڕی شـــێخ. جێگـای بـاوکی گرتەوە کە قیـادەکردنی عەقیـدەیی و ئیـدارەکردنی تەکیەی بـارزان بوو.ئەو بووە سەیدای دووەم دوای سەیدای یەکەم(باوکی).

مەلای مەلا مەحمود لەســـەر دەســـتی بـاوکی لە خوێنـدن و زانینی عیرفانی و عەقیدەییدا مەودایەکی زۆری بڕیبوو. لە عەقیدەدا توانایەکی زۆری هەبوو، بۆیە شەخسیەتێکی هەبوو لەگەڵ شێخ عبدالسلام بیری لە پەرەپێـدانی کۆمەڵایەتی و عەقیـدەیی دەکردەوە و بـاوەڕێکی زۆری لە بواری پەرەپێدانی بیرو باوەڕدا بەخۆی هەبوو. هەروەها جێی متمانەی هەموو خەلیفەکانی شێخ عبدالسلام بوو. هەربۆیە پەروەردەکردنی برا و منداڵەکانی شێخ عبدالسلام یان ئەوەی پێی دەگوترێ بنەماڵەی شێخەکانی بـارزان خرایە دەســـتی مەلای مەلا مەحمود، ئەوەش بە فەرمـانی ڕاستەوخۆی شێخ عبدالسلام بووە.

شـــێخ عبدالســـلام بنەماکانی بیروباوەڕەی بارزانی پەرەپێدا، لە عەقیـدەوە بۆ جێ بەجێ کردن، لە جێبەجێ کردنەوە بۆ ڕزگـاری نیشتمانی ونەتەوەیی. لە ساڵی ١٩١٣ شێخ عبدالسلام بە پیلانێک خرایە کەمین و گیرا. هەڵبەت شـــێخ عبدالســـلام لە گەڕانەوە لە ئورمییەوە بۆ بارزان بە ناوچەی واندا تێدەپەڕێ. لەو کاتەدایە کە عوســـمانییەکان دیارییان بۆ ســـەری شـــێخ دانابوو. هەموو ناوچەکەیان تێگەیاندبوو کە شێخ عبدوالسلام بارزانی بە کوژراوی یان بە زیندویی بگەیەننە دەستیان و لە بەرانبەردا پارەیەکی زۆریان پێ دەبەخشـرێت. کوێخایەک بە ناوی سـۆفی عەبدوڵڵای گەنگەچین فێڵ لە شـێخ دەکات و لە گوندەکەی خۆی داوەتی دەکات، ئینجا دەستبەسـەری دەکات و ڕادەستی عوسمانییەکانی دەکات. (ایوب بابو بارزانی،١٩٨٠م)

شێخ عبدالسلام ساڵی ١٩١٤ چەند مانگێک لە موسڵ زیندانی کرا و دوایی لە ســـێدارە درا. بە لە ســـێدارەدانی ئەو بۆ جاریکی تر بارزان تووشـــی کارەســـات بووەوە. قۆناخێکی ســـەخت بووە، جیا لەوەی عوسمانییەکان و ئاغاکان و شـێخەکانی دەوروبەر پەلاماری بارزانیان دایەوە، هەموو ئەو ســیســتەمەیان تێکدا کە شـــێخ عبدالســـلام و باوکی دایانمەزراندبوو. لەوە زیاتریش ماڵ و منداڵی بارزانییەکانیان تەفروتونا و پەرت و بڵاوی گونـدەکـانی دەوروبەری بـارزان و شـــێروان کرد.

لەوانەیە لە مێژووی ١٥٠ ساڵەی بنەماڵەی بارزانیدا، هیچ کاتێک ئاوها بێدەسەڵات و مەزڵومانە نەکەوتبنە بەر پەلاماری دووژمنەکانی خۆیان، چ دوژمنی نەتەوەیی بووبێ وەک عوسمانییەکان یان دوژمنی کۆمەڵایەتی بووبێ وەک ئاغاکان، یان دووژمنایەتی عەقیدەیی بووبێ وەک شێخ و مەلاکانی دەورووبەری بارزان. (الدملوجي١٩٥٢)

لەو بارودۆخە سەخت و پڕ کارەساتەدا بوو کە شێخ عبدالسلام وەسیەتەکانی خۆی لای مەلای مەلا مەحمود کردوە. سەرپەرشتیکردنی خێزانەکان و دەربازکردنیان و ڕێبەریکردنی بزووتنەوەی بارزان بە شێوەیەکی کاتی بەو دەسپێرێ. هەروەها داوای لێ دەکات شێخ ئەحمەدی برا بچووکی شێخ عبدالسلام کە جێی باوەڕی خۆی بووە، پێبگەیەنێت و دوای پێگەیشتنی وەک شێخی بارزان پشتیوانی لێ بکات.

مەلای مەلا مەحموود لە ماوەی سیانزدە ساڵدا (١٩١٣-١٩٢٦) لە بارودۆخێکی سەختدا وەسیەتەکەی شێخ عبدالسلامی شەهیدی بە جێ گەیاند. هەوڵی دا پەیوەندی لەنێوان موريد و لایەنگرانی بارزان پتەو بکاتەوە. کاتێکی زۆری بۆ پەروەردە کردنی منداڵەکانی بنەماڵەی بارزان، چ منداڵەکانی شێخ محەمەد یان منداڵەکانی شێخ عبدالسلام بۆ "شێخ ئەحمەد" تەرخان کردبوو. چونکە شێخ ئەحمەد لەو بارودۆخە سەختەدا هیچ دەرفەتێکی لە پێش نەبوو لە دەرەوەی بارزان بخوێنێ، هیچ کەسیش لە بارزان و بنەماڵەدا نەمابوو کە ئەو باوەڕە بە ڕێکوپێکی

بۆی بگوازێتەوە. تەنیا مەلای مەلا مەحمود هەبوو. بۆیە مەلای مەلا مەحمود تاکە مامۆستای شێخ ئەحمەد بووە کە دوای شێخ عبدالسلام توانی زۆر زانایانە و ئەمینانە شێخ ئەحمەد پێ بگەیەنێ. ئەوەش لە ڕووی عەقیدەیی و ئیدارییەوە بوو کە وەک ڕابەرێکی عیرفانی ئیسڵاحخواز بۆ بزووتنەوەی بارزان ئامادەی کرد.

دوای سیانزدە ساڵ لە ئیعدام کرانی شێخ عبدالسلامی دووەم، ئەوکاتەی شێخ ئەحمەد پێگەیشت، لە دوو دانیشتندا کە پێی دەگوترێ دانیشتنی "سەری موسەکان" لە ساڵی ١٩٢٦ و دووەمیان لە ساڵی ١٩٣٢ کە وەک کۆنگرەی بارزانییەکان بوو، مەلای مەلا مەحمود وەسیەتی شێخ عبدالسلامی ئاشکرا کرد. لە ڕاستیدا بەیعەتی بە شێخ ئەحمەد کرد بەڵام شێخ ئەحمەد ئەوەندە خۆی بە قەرزداری ئەو دەزانی و لە ژێر کاریگەری مامۆستاکەیدا بوو، پێداگری دەکرد کە مامۆستاکەی خۆی لە جیاتی ئەو ڕابەرایەتی بارزان لە ئەستۆ بگرێت. ئەوەش کەمێک حەساسیەتی لەناو برا گەنجەکانی شێخ ئەحمەد دروست کرد. لە بارودۆخێکی پڕ لە کێشە و گوماناویدا کە لە ڕاستیدا زیاتر حەساسیەت و ئیرەیی پێبردن بوو، لە کارەساتێکدا مەلای مەلا مەحمود کوژرا. بە کوژرانی مەلای مەلا مەحمود بزووتنەوەی بارزان مامۆستایەکی گەورە و کەسایەتییەکی کاریگەری لە دەست چوو. لە هەمان کاتدا شێخ ئەحمەدی بارزان هێشتا پێویستییەکی زۆری بە مامۆستاکەی خۆی بوو، زۆر پێویستی بوو کە سەیدای دووەم، سەیدای کوڕی سەیدا، واتا مەلا

عبدالڕحمانی کوڕی مەلا مەحمودی کوڕی شـێخ عبدالڕحمان (شـێخی یەکەم) لە پشـتی بێت. ئەگەر مەلای مەلا مەحمود نەفەوتابا بزووتنەوەی بـارزان لە ڕووی دەوڵەمەنـدی فکر و ڕێکخســتن و پێشــکەوتنەوە قۆناخێکی گەورەتری بەخۆوە دەبینی. (گفتوگۆی تایبەتی)

دوای کوژرانی مەلای مەلا مەحمود، برای بچووکی شـێخ ئەحمەد بە ناوی مەلا مستەفا پێی نایە مەیدانی چەکداری و پەیوەندییەکانی ناوخۆ و دەرەوەی بزووتنەوەی بارزانی فراوانتر کرد. ئەو قەت مەلا نەبووە تەنیا ناوی "مەلا مســتەفا" بووە. لە قۆناغە ســەختەکەی بارزاندا، ئەو لەگەڵ دایکی لە ژێر ڕیعـایەتی خـاڵە گەورەکەیدا بوو کە نـاوی ئەحمەداغـای بێرســیاڤ بوو. ئەحمەداغا یەکێک لە کەســایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو بزووتنەوەی بارزان بوو. هەمیشــە پشــتیوانی شــێخ محەمەدی بارزان بووە و لە سەرکەوتنەکانی ئەوکات و زەمانی شێخ عبدالسلامیشدا ڕۆلی سەرەکی بینیوە.

مســتەفا بـارزانی (مەلا مســتەفا) زۆر زوو وەک فەرمـاندەیەکی چەکداری، ســەرکردایەتی چەکداری هەموو بزووتنەوەی بارزانی گرتە ئەستۆ. لەو بوارەدا شارەزایی و لێهاتوویەکی بێوێنەی نیشان داوە. مەلا مســتەفا جێمتمانەی شـێخ ئەحمەد بوو و لە فەرمانی شـێخ دەرنەدەچوو. دوای ســاڵی ١٩٣٢ مەلا مستەفا وەک ســەرکردەیەکی سـیاسـی توانایی

خۆی نیشـــان داوە. ئەو زیاتر لە ڕوانگای ســیاســی و چەکداری شــێخ عبدالســلامی شــەهید نزیک بووە، بۆیە بزووتنەوەی بارزانی تێکەڵ بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی سەرانسەری کوردستان کرد. لە کردەوەدا بنەماکانی بزووتنەوەی بارزانی کردە بناغەی قۆناغی نوێی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی کوردستان.

مســتەفا بارزانی لە بزووتنەوەی ســیاســیدا هەوڵی دەدا خۆی لەگەڵ ڕەزامەندی شــێخ ئەحمەد بگونجێنێت. ســەرباری ئەوەش جاروبار ناڕەزایی شــێخ دەردەکەوت. لەو حاڵەتانەدا بارزانی دەکەوتە بارێکی نــاخۆش و خێرا بە هەڵوێســتەکــانی خۆیــدا دەچووەوە و هەوڵی دەدا باڵانســەکە ڕاســت بکاتەوە و ڕەزامەندی شــێخ بە دەســتبێنێ. مەنتقی جیاوازییەکە لەوەدا بوو کە بارزانی قۆناغێکی نوێ و ســەرکەوتووی لە سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەی سیاسی دەستپێکردبوو و گەڕانەوەی تێدا نەبوو. لەو قۆناغە ســیاســییەدا، بارزانی ئامانجەکانی بزووتنەوەی بارزانی بە دەســتکاریی و وردەکاری دەخســتە ناو باوەڕە نەتەوەییەکانی بزووتنەوەی ســیاســی و ڕزگاریخوازی کوردســتان. ئەو دەســتکاری و ئاڵۆزییە سیاسییە بۆ ڕابەرێکی سادە و ڕاشکاوی وەک شێخ ئەحمەد بە ئاســانی قوت نەدەدرا. ســەرباری هەموو جیاوازییەکان، ســەرکەوتنی مســتەفا بارزانی ئەوەندە ڕوون و مەزن بوو کە هیچ کاتێک شــێخ ئینکــاری لێ نەدەکرد. ئەوەش بەمــانــای ملدان بوو بە واقیعێکی نوێ بەتایبەتی لە دواساڵەکانی ژیانی خودانی بارزاندا.

لە ســـاڵانی ١٩٥٨- ١٩٦٧دا بـارزانییەکـان دوای چەنـدین ســـاڵ ئـاوارەیی، گەڕابوونەوە گونـدەکـانی خۆیـان و خودانیش نـاوبـانگێکی کوردســـتانیی پەیدا کردبوو. خودان ســـەردانی زۆر شـــار و تەکیە و خانەقای دەکرد. بە تایبەتی چووە ســـەردانی خانەقای نەقشـــبەندی لە کەرکوک. لە سلێمانیش بە وردی دیداری لەگەڵ کەسایەتییە کۆمەڵایەتی و عیرفانییەکان هەبووە. چووە دیداری ناوەندی ڕابەرایەتی بزووتنەوەی هەقە لە کەڵکەســـماق. ئەوســـا گەڕایەوە و لە بارزان نیشـــتەجێ بوو و جارێکی تر دەســـتی دایەوە ڕێکخســـتنی کۆمەڵایەتی بارزان. ئەو بنەما عەقیدەییەکـانی توند و دەوڵەمەندتر کرد و جەختێکی زۆری لەســـەر پەرەپێدانی ژیانی ئیشـــتراکییانەی گوندەکانی ناوچەی بارزان دەکرد. یەکێک لە بڕیارە بوێرانە و پڕ ماناکانی ســـەبارەت بە ژنان بوو. شـــێخ بڕیاری دابوو ژن لە هیچ حاڵەتێکدا نابێ بکوژرێ یان ســـزا بدرێت. تەنـانەت ئەگەر کێشـــەکە لە ڕووی ژیـانی کۆمەڵایەتی و خێزانییەوە زۆریش حەســـاس بێت. ئەو دەیگوت ئەم حاڵەتانە کێشـــەی فەردی و کۆمەڵایەتین و چارەسەری خۆیان هەیە.

خودان ســـەبارەت بە ئایینەی عەقیدە و بزووتنەوە چاکســـازییەکەش کەڵکەڵەی بارودۆخی ســـاڵانی ســـییەکانی لە مێشـــکدا هەبوو. بۆیە بۆ مـاوەیەکی کەم بیری لە خەلیفەیەک بۆ دوای خۆی کردەوە، بەڵام دوای ســـێ مانگ لێی پاشـــگەز بووەوە و هیچ کەســـی تری بۆ شـــێخایەتی دوای خۆی ڕانەســـپارد. لەو ســـێ مانگەدا "خورشـــید خورشـــید"ی خوارزای

خۆی ڕاسـپاردبوو کە وەک تاقیکردنەوە، جێنشـینی شـێخ بێت. لەو بڕیارەشـیدا ڕاسـپاردەی دایە بارزانییەکان، بە بنەماڵەی خۆشـییەوە کە بچن و بەیعەت بە خورشید بکەن و ڕێنوێنی لێ وەربگرن.

دوو هۆکار بوونە مایەی شـکسـتی خورشـید و پاشـگەزبوونەوەی خودان: یەکەمیـان تووندڕەوی و بەرزەفڕیی خورشـید بوو، کە بوو بەهۆی ئەوەی خودان بە بڕیـارەکەی خۆیـدا بچێتەوە. دووەمیشـیـان هەڵوێسـتی مسـتەفا بارزانی بوو کە بە هیچ شـێوەیەک خەلیفایەتی خورشـیدی قبووڵ نەدەکرد. بڕیارەکەی خودان لە سـاڵی ١٩٦٥ بوو. دوای دوو سـاڵ خودان بە نەخۆشـییەکی کت و پڕ کۆچی دوایی کرد. خورشـید بە پشـتیوانی شـێخ عوسـمانی کوڕە گەورەی خودان، لە جموجۆڵی خۆی بەردەوام بوو، بەڵام بە کزی. تەنـانەت لە سـاڵانی ڕاگواستندا لە ئۆردوگای قوشتەپە، بە کاری ئیرشـادی خۆیەوە خەریک بوو. ئەویش لە سـاڵی ١٩٨٣و لە ئەنفالی بارزانییەکاندا بێسـەروشـوێن کرا. لە دوای ڕاپەرینەوە ئیتر کچەکەی خورشـید (زوبەیدا) لە گوندی شرێ ڕابەرایەتی بیروباوەڕەکانی باوکی دەکات.

خودان وەک بڕیارێکی نەقشـبەندییانە کە ڕاسـپاردەی مەولانا خالید بووە، لە پێنجەمین شێخدا کۆتایی بە خەلیفایەتی هێنا. ئەوەش مانای کامڵ بوون وپەسـندەییە بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سـیاسـییەکەی مسـتەفا

بارزانی. وەک دیارە دوائامانجی نەقشـبەندییەکان گۆڕانە لە شـێخایەتی خـانەقـاوە بۆ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی ئـامـانجەکـانی بێنیتەدی.

مستەفا بارزانی لە شۆڕشی ئەیلولدا دەستی بە چاکسازی کۆمەڵایەتی و شـەریعەتی کرد و هەوڵی دا بیروباوەڕە یەکسـانخوازییەکانی عەقیدەی بارزان بخاتە ناو تەونی کۆمەڵگای کوردســـتانی. هەروەها ناوچەی بارزان لەو ســـاڵانەدا کەمێک بوژانەوە وگەڕانەوەی پەیڕەوەکانی بۆ زادگـایـان بە خۆیەوە بینی. لـەو ئـارامیـەدا هەنـدێـک هەوڵ و تەقەلای جیاواز بۆ لێکدانەوەی جۆراوجۆر لە عەقیدەکە سـەریان دەجوڵاند، بەڵام خێرا پاشەکشەیان کرد.

مستەفا بارزانی لە سـاڵی ١٩٧٩ کۆچی دوایی کرد. ئیدریس بارزانی و مەســـعود بارزانی پێکەوە کاروباری بارزانییەکانیان لە ئاوارەیی و کوردستاندا سـەرپەرشـتی دەکرد. ئیدریس بارزانی بە شـێوەی سـەرەکی ئەو ئەرکەی لە ئەستۆ بووە. دوای شۆڕشی ئێران لە هەمان ساڵدا، بوار بۆ گەڕانەوەی ئاوارە کوردەکان بۆ ناو کوردســـتانی ڕۆژهەڵات لەبار بوو. لەو پڕۆســـەیەدا زۆربەی بارزانییە ئاوارەکانیش لە چەند شـــارێکی ئەو دەڤەرەدا گیرســـانەوە. بەشـــەکەی ناو وڵات لە چەند ئۆردوگایەکی

زۆرەملـێ لە پـارێـزگـای هەولـێـر کـۆکـرابـوونەوە. بـزووتـنەوەی ڕزگـاریخوازی کوردســـتـان کـاتێـک گوڕێکی تری هـاتەوەبەر، بارزانییەکان وێڕای تێکۆشـەرانی تری کوردسـتان لە ڕیزی پیشـەوەی تێکۆشاندا بوون. لەبەر ئەو ڕۆلە، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٣ حکومەتی عێراق هەشـــت هەزار بارزانی لە ئۆردوگای زۆرەملێی قوشـــتەپە و دەوروبەری هەولێردەســـتگیر کرد و لە کردەوەیەکی کۆکوژیدا ئەنفالی کردن.

لە سـەرەتای سـاڵی ١٩٨٧ ئیدریس بارزانی کتوپڕ کۆچی دوایی کرد. بارودۆخی بارزانییەکان بەرەو ســـەختی و نالەباری دەچوو. مەســـعود بارزانی بە تەنیا ئەرکی ســـەرکردایەتی و ڕێنوێنی بارزانییەکانی کەوتە ســـەرشـــان. هەڵبەت من نامەوێ باســـی ســـەرکردایەتی کردنی پارتی دیموکراتی کوردسـتان و بەرەی کوردسـتانی لەلایەن مەسـعود بارزانی بکەم، چونکە تەرکیزی من لەسەر بزووتنەوەی بارزانە.

نێچیرڤان بارزانی کوڕی گەورەی ئیدریس بارزانی ســـاڵی ١٩٨٧ هاتە ناو کاری سیاسی، بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٩٠ وەک سەرکردەیەکی گەنج ڕۆلی دەرکەوت. ئەویش لەسـەر ڕێبازی باوکی بایەخی سـەرەکی بە کـاروبـاری ڕێکخســـتنەوەی بـارزانییەکـان دەدا. بەتـایبەتی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ و ڕزگاربوونی کوردســـتان، بۆ جارێکی تر ئازادی

ڕووی گەشـــی خۆی نیشـــانی بارزانییەکان دایەوە. نێچیرڤان بارزانی لە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی ناوچەی بارزان، ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو. ئەو بە قووڵی لە عەقیدەکە حاڵییە و بایەخێکی زۆر بە گەشـــاندنەوە و بڵاوکردنەوەی دەدات.

لە ســـــاڵی ٢٠٠٠وە ئـــاوەدانکردنەوەی نـــاوچەی بـــارزان، وەک پڕۆســـــەیەکی مونەزەم بەردەوامە. ئێســـــتا تا ڕادەیەکی باش ئاوەدان و گەشـــە. بارزانییەکان دوای زیاتر لە بیست ســـاڵ دووری لە ســـەرزەمینە پیرۆزەکەیـــان، ئێســـــتـــا خـــانوویـــان لەســـــەر واری بـــاوک و بـــاپیریـــان هەڵچنیوەتەوە، بەڵام ئەو گەرم و گوڕییەی جـــاران لە جیلی ئێســـــتـــادا بەرامبەر بە عەقیدە میژووییەکەیان لە کورتی داوە. جیاوازی چینایەتی خۆی بەسەر کۆمەڵگایەکی خۆجێیی سەپاندوە کە سەد و هەشتا دەرەجە پێچەوانەی نیزامەکەی شـــێخی شـــــەهید (عبـدالســـــلامی دووەم) و فەرمانەکانی خودانە. دە ســـاڵ بەر لە ئێســـتا ســـەرۆک مەســـعود بارزانی بۆی گێڕامەوە: لە ســـــەرەتای ســـییەکانی ســـــەدەی ڕابردوودا، ڕۆژێک نوێنەری یاســـــایی خودان(مەلا یەحیا) لە شـــــاری ئاکرێ دەچێتە لای خودان. ســـەفتەیەک ســـەنەدی ڕەشـــی کۆمپیالەی هێنابوو و بۆ خودانی باس کرد کە ئەوانە تاپۆی تۆمارکردنی هەموو دەڤەری بارزانە لەســـــەر جەنابت. خودان پرســـی: بۆ لەســـــەر من تاپۆ کراوە؟ نوێنەرەکەی دەڵێ: ئـــاخر بڕیـــاری حکومەتی عێراقە هەموو زەویەکـــان دەبێ خـــاوەنیـــان هەبێت. خودان دەڵێ: من خاوەنی ئەو زەویانە نییم، ئەوە موڵکی هەموو

مللەتە. نوێنەرەکەی دەڵێ: ئەگەر تۆ قبووڵ نەکەی بە ناوی ئاغاکانی جاران تۆمار دەکرێن. چونکە ئەمە قانونە و زەوی بێ خاوەن نابێ. خودان کەمێک دادەمێنێ و دەڵێ: ئەوە موسەلەمە من خاوەن نییم و قەت موڵکم ناوێ، بەڵام لە تۆ دەپرسم؛ فەرز بکە بۆ پاراستنی ئەم موڵکانە کە هیی خەڵکن، هاتم و ئەم پێشنیارەم قبووڵ کرد، باشە زەمانەت هەیە لە داهاتودا نەوەکانی من زوڵم لە میللەت نەکەن؟ نوێنەرەکەی وەڵام دەداتەوە: هیچ زەمانەت نییە ئیلا پابەندبوونیان بە عەقیدەی جەنابت وەڵامی پرسیارەکەی تۆ دەداتەوە. خودان تاپۆکان لە نوێنەرەکەی وەردەگرێ، چەرخی ئەستێوبەرد لە بەرۆکی خۆی دەردێنێ، بە دەستی خۆی ئاگریان دەدات و ڕادەوەستێ تا چاک بسوتێن، ئینجا بە هەردوو پێ دەچێتە سەر خۆڵەمێشەکە و بە نوێنەرەکەی دەڵێ: تۆش بگەڕێوە لە ئاکرێ و لەلای حکومەت وەک منی لێ بکە.

هەر لەسەر دۆخی نیزام و پێوەرەکانی عەقیدە، پیرێکی شێخەکانی بارزان بە نیگەرانییەوە دەیگوت: ئەو حاڵەتەی ئێستا هیچ باش نییە و زەرەرمان لێ دەدات. هەر لە یادی ئەنفالکردنی بارزانیەکاندا، ئەمساڵ لەسەر مینۆمێنتی شەهیدەکانیان، سەرۆکی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان ئیدریس بارزانی زوو زوو جەختی لەسەر بنەماکانی عەقیدەی بارزان و ڕێنوێنییەکانی خودان دەکردەوە. ئەو پێی وابوو دەبێ بگەڕێنەوە سەر ئەو بنەمایانە و بەپێی پێشکەوتنی ڕۆژگار، پەرەیان پێ بدرێ و دەوڵەمەند بکرێن.

بزووتنەوەی بـارزان ڕادەی توانـایی کۆمەڵگـای کوردســـتـان بۆ گۆڕانکاری و وەرگرتن دیاردەی نوێ لە هەموو بوارەکان نیشان دەدات. شـــێوازی پێـداچوونەوە و چـاککردنی هەر بەشـــێـک لە فەرهەنگی کوردســـتـان لە مێژووی تەکوینی خۆیـدا قـاڵ بووەتەوە و جێی خۆی گرتووە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا نیشـــانـدراوە چ هۆکـارێکی نـاوخۆیی و دەرەکی ڕۆلی گرنگی لە دروســـتبوونی بـاوەڕەکـانی ئەم کۆمەڵگایەدا گێڕاوە، بۆچی نیزامی باوەڕەکانی کۆمەڵگای کوردســـتان لە ناوخۆیدا نەرم و لێبووردەیە و جیاوازی وەردەگرێ و لەناو خۆیدا مامەڵەی لەگەڵ دەکات. ئەوەش نیشـــان دەدات کۆمەڵگای کوردســتان خاوەنی بنەمایەکی فەرهەنگیی ئەوتۆیە کە بـــاوەڕی نوێ وەردەگرێـت و ڕیفۆرم قبوڵ دەکات. ئەوە لایەنی زیندوی کۆمەڵگای کوردستانە.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستان لەسـەر ئەو بنەمـا مێژوویيە دروســـت بووە بۆیە بە خێرایی لەگەڵ مـافەکـانی مرۆڤ و بەهـا بەرزەکـانی نێودەوڵەتی تێکەڵ دەبێت. نـاســـیۆنـالیزمی ڕەسەنی کورد لەسەر بنەمای رزگاری و ئازادی بۆ هەموو پێکهاتەکانی کوردستان دروست بووە.

مســـتەفا بارزانی توانی جەوهەری باوەڕەکانی بزووتنەوەی بارزان بخاتە ناو فکری ناسـیۆنالیسـتی کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەی،

میراتی مێژوویی تێکۆشـــانی کورد دیراســـه بکات و به کردەوه لەگەڵ ئەزموونی خۆی بیگونجێنیت و تێکۆشـــانی کورد له نـاوچەگەریی و بیروبـاوەڕی ســـەلەفیی و بەرچـاوتەنگی قورتـار بکـات. ئەوەش دەسـکەوتێکی چارەنووسـساز بوو بۆ داهاتووی کوردستان وسیستەمی باوەرەکانی.

پێرستی سەرچاوەکان:

١. مسعود البارزانی، (١٩٩٧) البارزاني والحركة التحررية‌الكردية

٢. جلال ایجادی، (١٣٩٨ه.ش) مذهب شیعه ریشه از خودبیگانگی ایرانیان

٣. ویکی شیعه، بکتاشیه، https://ckb.wikipedia.org/wiki ، وەبەدەستهێنانەو ١٥-٠٧-٢٠١٩

٤. دانشنامەی فروغ اسلامی، باطنیه لقب اسماعلیه و قرامطه، وەبەدەستهێنانەوە، ٢٠١٩

٥. رسول جعفریان، (١٣٥٨ه.ش) تاریخ تشیع در ایران

٦. برنارد لویس، (١٣٦٢ ه.ش) تاریخ اسماعیلیان

٧. مرتضی عموئی (٢٠١٧) در مرز سنت و مدرنیته

٨. امیر فرهنگ ایمانی، (٢٠٠٦) عنقای بقا در قاف وفا

٩. هاشم کاکەیی، (٢٠١٢) مێژووی بزووتنەوەی بابی و بەهاییەکان

١٠. مەلا عبدالکریمی مدرس، (١٩٨٣) یا دی مەردان ب ١

١١. مارتین وان برون سن، (١٣٨٣ه.ش) اغا، شێخ، دولت

١٢. مرگور ارومیه، سید طه نهری، www.tyrgor.blogfa.com ، وەبەدەستهێنانەوە ٢٠١٩

١٣. ویکیپیدیا، اسیناث بارزانی، وەبەدەستهێنانەوە ٢٠١٩

١٤. ایوب بارزانی، (٢٠٠٢) المقاومة الكردية للاحتلال

١٥. محەمەد ڕەسوڵ هاوار (١٩٩٠) شێخ مەحمودی قارەمان و دەڵەتەکی خوارووی کوردستان

١٦. نەوزاد یەحیا باجگر، (٢٠١٩) بارزان و زێبار لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا

١٧. صدیق الدملوجی، (١٩٥٣) امارة بهدینان الکردیة

١٨. سیسیل جی. ادمونز، (١٣١٢ه.ش) کردها، ترکها و عربها

١٩. جەلالی میرزا کەریم، کتێبێکی دەستنووس

٢٠. بەڵگەی بڵاونەکراوەی ئیبراهیمی یونسی

٢١. برنارد لویس، (١٣٦٢ه.ش) تاریخ اسماعیلیان

٢٢. رحیم رئیس نیا، (١٣٥٨ه.ش) از مزدک تا بعد

٢٣. کارن ارمسترانگ، (١٣٨٥ه.ش) تاریخ خدا باوری

٢٤. م. پرمون، (١٣٥٤ه.ش) درامدی بر سیر اندیشه در ایران

٢٥. م. پرمون، (٢٠١٣) بابک خرمدین

٢٦. علی میر فطروس، (١٣٥٨ ه.ش) جنبش حروفییه

٢٧. دکتر حسین صابری، (١٣٨٨ ه.ش) تاریخ فرق اسلامی

٢٨. دکتر یعقوب اژند، (١٣٦٩) حروفیه در تاریخ

٢٩. حمید فلاحتی، (١٣٨٩) تحلیل عقاید شیخیه در بسترسازی بابیت و بهائیت

٣٠. نورالدین چهاردهی، (١٣٦٣ ه.ش) نورباب کیست و سخن او چیست؟

٣١. فرانتس کۆمۆن، (٢٠٠٨) نهێنییەکانی ئاینی میترایی

٣٢. دو وی مینگ، مایکل ستریک من، فرانک ڕینۆڵ، (١٣٩٢ ه.ش) ایین های: کۆنفوسیۆس، دائۆ، بودا

٣٣. کارن ارمسترانگ، (١٣٩٢ ه.ش) بودا

٣٤. مارتین ور مازرن، (١٣٨٣ ه.ش) ایین میترا

٣٥. بهمن انصاری، (١٣٦٨ ه.ش) زرتشت و زرتشتیان

٣٦. ابن الندیم، (١٩٩٤) الفهرست

٣٧. دکتر حسن مفتخری، (١٣٨٦ ه.ش) حیات فکری مانویان در قرون نخستین اسلامی

٣٨. ابوالقاسم اخته، (١٣٩٧) فلسفه اعتقادی مزدک، جست وجوی عدالت در دنیای باستان

٣٩. استاد سعید نفیسی، (١٣٨٤ ه.ش) بابک خرمدین دلاور اذربایجان

٤٠. فریدون جنیدی، (١٣٥٩ ه.ش) فضل بن شادان نیشابوری و نبرد اندیشه‌ها در ایران پس از اسلام

٤١. جون س. کیست. (٢٠١٠) تاریخ الیزیدیین

٤٢. محمد کریم زنجانی اصل، (١٣٨٣ ه.ش) اندیشه سیاسی ایرانی از حلاج تا سجستانی

٤٣. دکتر حسین صابری، (١٣٨٨) تاریخ فرق اسلامی (٢)

٤٤. حمید فلاحتی، (١٣٨٩) تحلیل عقاید شیخیه در بسترسازی بابیت و بهائیت

٤٥. ایرج بهرامی، (١٣٧٨) اسطوره اهل حق

٤٦. دکتر یعقوب اژند، (١٣٦٩) حروفیه در تاریخ

٤٧. ویکی شیعه، سید کاظم رشتی،fa.wikishia.net ، وەبەدەستهێنانەوە ٢٠١٩

٤٨. محبوبه اسماعیلی، نزهت احمدی، (١٣٩٤ه.ش) تحلیل گفتمان مهدویت ده عصر شاه اسماعیل و شاه طهماسب

٤٩. بیاد صدمین سال شهادت نابغه دوان، قرةالعین، (١٣٦٨ه.ق)

٥٠. دانشنامه جهان اسلام، اکبر ثبوت، بهاالدین نقشبند،rch.ac.ir/article/details?id=12045، وەبەدەستهێنانەوە ٢٠١٩

٥١. دایرةالمعارف اسلامی، شرح حال حضرت مولانا شاه عبدالله غلامعلی دهلوی، tn1.blogfa.com , ، وەبەدەستهێنانەوە ٢٠١٩

٥٢. مەلا عبدالکریمی مدرس، (١٩٨٣) یادی مەردان، بەرگی یەکەم

٥٣. دانشنامه جهان اسلام، شهباز محسنی و فاطمه رحیمی، خالد نقشبندی، irch.ac.ir/article/details/8340 ، وەبەدەستهێنانەوە ٢٠١٨ ،

٥٤. كلوديوس جيمس ريج. (٢٠٠٨) رحلة ريج

٥٥. مستەفا عەسكەری، (٢٠٠٨) ئاوڕدانەوەیەک لە بزووتنەوەی هەقە

٥٦. دبليو. اى. ويگرام، (٢٠١٠) مهد البشرية

ناوەڕۆک

دەروازە	3
بەشی یەکەم **مەزدەیەسنا و پێشینەیەکی مێژوویی**	٧
بەشی دووەم **ئایینی میترایی**	٢٣
بەشی سێیەم **ئایینی زەردەشتی**	٣٣
بەشی چوارەم **ئایینی مانی**	٤٣
بەشی پێنجەم **مەزدەکی بامدادان** **داهێنەری عەقیدەی چاکسازی.**	٥٧
بەشی شەشەم **سەرزەمینی ساسانی** **لە سەد ساڵەی یەکەمی فەرمانڕەوایی ئیسلامدا**	٧٣
بەشی حەوتەم **بابەکی خورەمدین**	٨٣
بەشی هەشتەم **بزووتنەوەی ئیسماعیلی و دەرهاویشتەکانی**	١٠٩
بەشی نۆیەم	١١٧

حروفییە و نوقتەوییە	
بەشی دەیەم **بزووتنەوەی شێیخیە**	١٣٩
بەشی یانزەهەم **بزووتنەوەی بابی**	١٤٧
بەشی دوانزەهەم **بزووتنەوەی نەقشبەندی**	١٦١
بەشی سێزدەهەم **ڕیشەکانی عەقیدەی بزووتنەوەی هەقە**	١٨٧
بەشی چواردەهەم **پێشـــینەیەکی مێژوویی بۆ تێگەیشـــتن لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بارزان**	٢٠٧
بەشی پازدەهەم **فراوانکردنی چاکسازی و ڕێکخستنی ناسیۆنالیزمی کوردی (کوردایەتی)**	٢٥٥
بەشی شازدەهەم **شێخ ئەحمەدی بارزان**	٢٦٩
بەشی حەڤدەهەم **کەسایەتی مستەفا بارزانی چۆن پێگەیشت؟**	٢٨٧
بەشی هەژدەهەم **دەرەنجامێک لە بزووتنەوەی بارزان**	٣١٣

بزووتنەوەی بارزان ڕادەی توانایی کۆمەڵگای کوردستان بۆ گۆڕانکاری و وەرگرتنی دیاردەی نوێ لە هەموو بوارەکان نیشان دەدات. شێوازی پێداچوونەوە و چاککردنی هەر بەشێك لە فەرهەنگی کوردستان لە مێژووی تەکوینی خۆیدا قاڵ بووەتەوە و جێ خۆی گرتووە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا نیشاندراوە چ هۆکارێکی ناوخۆیی و دەرەکی ڕۆلی گرنگی لە دروستبوونی باوەڕەکانی ئەم کۆمەڵگایەدا گێڕاوە، بۆچی نیزامی باوەڕەکانی کۆمەڵگای کوردستان نەرم و لێبووردەیە و جیاوازی وەردەگرێ و لەناو خۆیدا مامەڵەی لەگەڵ دەکات. ئەوەش نیشان دەدات کۆمەڵگای کوردستان خاوەنی بنەمایەکی فەرهەنگیی ئەوتۆیە کە باوەڕی نوێ وەردەگرێت و ڕیفۆرم قبوڵ دەکات. ئەوە ڕووە زیندووەکەی کۆمەڵگای کوردستانە.